# دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن

**لە تاقیکردنەوەیەکی دیموکراسییانەدا**

کۆمەڵێ فاکت و بۆچوونی نێو کۆدیدارەکان

هێمن هەورامی

# دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن

## لە تاقیکردنەوەیەکی دیموکراسییانەدا

کۆمەڵێ فاکت و بۆچوونی نێو کۆدیدارەکان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

هێمن هەورامی
دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لە تاقیکردنەوەیەکی دیموکراسییانەدا
پێداچوونەوەی: هێمن مەهدی نەقشبەندی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٦٧
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٨٠٥ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، تریسکە ئەحمەد

# کۆنگره و
# زامنکردنی داهاتووی نەتەوەیەک

## پارتی هەردەم چاوی لە داهاتووە

رۆژنامـــەی (باس) لە ژمـــارە (٢٤)ی رۆژی ٢٠١٠/١٢/٢١ ئەم دیمانە پڕ وردەکـارییـەی لەگـەڵ (هێـمن هەورامی) ئەنجـام دا سـەبارەت بە رەوشی کۆنگرەی (١٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە دەسپێکەکەی بەم شێوەیە هاتووە:

هێمن هەورامی گەنجترین ئەندامی ستافی ئێستەی سەرکردایەتیی پارتی، لە یەکەمین دیمانەی رۆژنامەوانیدا پاش کۆنگرە، ڕاشکاوانە وەڵامی ئەو پرسیارە قورسانە دەداتەوە، کە کۆنگرەی ١٣ی پارتی بەدوای خۆیدا هێنا، بەتایبەتیش ئەو سەرنجانەی پێوەستن بە ڕێژەی زۆریی ئەندامانی ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە سەرکردایەتی، بەپێی ریزبەند لە کۆنگرەی دەیەمدا هوشیار زێباری گەنجترین ئەندامی سەرکردایەتی بووە، لە کۆنگرەی یازدەدا نێچیرڤان بارزانی، لە کۆنگرەی دوازدەش مەسروور بارزانی، لە کۆنگرەی سێزدە هێمن هەورامی بەگەنجترین ئەندامی سەرکردایەتی دەرچووە.

* با لە هەڵسەنگاندنی کۆنگرەوە دەست پێ بکەین، وەک ئەندامێکی گەنج و وەک یەکێ لە سەرکەوتووان بۆ سەرکردایەتی، کۆنگرەی سێزدەت پێ چۆن بوو؟

– بەگشتی زۆر سەرکەوتوو بوو، چونکە پێوەرەکانی سەرکەوتنی کۆنگرەکە کۆمەڵێ شتن، یەکەم لە رووی هاتنی ئەندامانی کۆنگرەوە، لە رووی هەڵبژاردنیانەوە، لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، کۆنگرەیەکی

سەرکەوتوو بوو، هاوکات ئاستی حزبیبوونی ئەو کادیرانەی بۆ ئەندامێتیی کۆنگرەی سێزدەمی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆیان کاندید کردبوو، هەروەها ئاستی خۆشەویستییان لەنێو خەڵکدا لای بنکەی حزبی پارتی، خاڵی یەکلاکەرەوە بوو، ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەوانەی دەرنەچوون، کادیری باشی حزبی نەبوون یان کادیری خۆشەویست نەبوون. تەوەری دووەمی سەرکەوتنی کۆنگرە ئەو گفتوگۆ چڕوپڕە بوو، کە لەنێو لێژنەکانی کۆنگرە و دواتریش لەبارەی ڕاپۆرتی لێژنەکانەوە ئەنجام دران، لەم بارەوە لەناو کۆنگرە ڕای جیاواز هەبوو، بەڵام هەموو ئامانجەکان بەو ئاراستەیە بوون، کە هەڵسەنگاندنێکی باش بۆ قۆناغی ئێستەی پارتی بکرێ و ئامانجێکی ڕوون بۆ داهاتووی پارتی دەستنیشان بکرێ و میکانیزمێکی باشیش بۆ چۆنیەتیی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بهێنرێنە دی. جگە لەوانەش لە هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتیی تازەی پارتیدا، ئێمە پێکهاتەیەکی باشمان هەیە، کە نوێنەرایەتیی سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکانی خەڵکی کوردستان و ناوچە جوگرافیاییەکانی ئەم هەرێمە دەکا، لە ڕووی ئیداری و تەکنیکیشەوە کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بوو، پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان کەمتر لە سەعاتێکی خایاند، کە ئەمەش یەکێکە لە مۆدێرنترین سیستەمەکانی جیاکردنەوەی دەنگ و یەکەمین جاریشە لە کوردستان حزبێکی سیاسی بەم کارە هەستێ.

* هەندێ لە ڕۆژنامەکان پێش کۆنگرە و دوای کۆنگرەش باسیان لە بوونی تەکەتولات لەنێو پارتیدا کرد، ئاخۆ لەنێو کۆنگرەدا هیچ هەست بەم دیاردەیە کرا؟

– بەشێک لە سەرکەوتنی کۆنگرەکە کراوەیی و شەفافییەکەی بوو لە ڕووی وەشانکردنی ڕووداوەکانی نێوی و ئەو وتارانەی کە هەبوون، لە وتارەکەی سەرۆک بارزانی و لە وتارەکەی جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانیشدا کە جێگری سەرۆکە، زۆر بەڕوونی وەڵامی ئەو خاڵە درایەوە کە ئەمە جگە لە

خواست و ئاواتێکی ڕەشبینانەی پڕ لە کینەی کۆمەڵێک خەڵکی تر، هیچی تر نەبووە، چونکە ماڵی بارزان زۆر لەوە گەورەترن تا خەڵکێ بەوە تۆمەتباریان بکەن، تەکەتول لەنێویاندا هەبێ، یان لەنێو پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بگرە هەمووان کوتلەی جەنابی سەرۆک و پارتی دیموکراتی کوردستانن، بۆیە لەم کۆنگرەیە جگە لە ڕێز و خۆشەویستی و برایەتی و دەست لەنێو دەستی یەکتری، چ دۆخێکی ترمان بەدی نەکرد.

* لێکۆڵینەوە لە بانگهێشتن نەکردنی نوێنەرانی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرە گەیشتە کوێ؟

– لێکۆڵینەوە بەردەوامە، بەڵام هەروەکو لە لێدوانەکەی جەنابی سەرۆک و دواتریش لە لێدوانی کاک نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی پێ درا، مەسەلەکە هیچ مەبەستێکی سیاسیی لە پشتەوە نەبووە، بەپێچەوانەوە پارتی هیواخوازی ئەوەیە پێوەندیی ئەرێنیی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی کوردستاندا هەبێ، لەوانەش برادەرانی گۆڕان، پێمان خۆش بوو بانگهێشتنەکە لە کاتی خۆیدا پێیان گەیشتبا و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە و هەر کاتێ ئەنجام دەرکەوت، ڕادەگەیەنرێ.

* لەم کۆنگرەیەدا گەنجترین ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانیت، دەمانەوێ بزانین چۆن گەیشتی بەم ئەنجامە و دەنگی پتر لە نیوەی ئەندامانی کۆنگرەت بەدەست هێنا؟

– شانازی بەوەوە دەکەم، کە لە بنەماڵەیەکی هەژاری کوردپەروەرەوە فێری کوردایەتی و پارتایەتی بوومە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ـەوە لەسەر هەڵوێستی سیاسیی پارتییانەی بنەماڵەکەمان، ئاوارەی ئێران بووین، لە تەمەنێکی زۆر منداڵیی خۆشمەوە، کادیرێکی چالاکی یەکەتیی قوتابیان و لاوانی کوردستان

بووم، ئەو کاتە لە شاخ بووم و لە دوای ڕاپەڕینیش لە کاری ڕێکخراوەیی لە یەکەتیی قوتابیان بەردەوام بوومە، پاشان لە ڕێکخستنە حزبییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کارگێڕی ڕێکخراوەوە بۆ بەرپرسی ڕێکخراو و ئەندامی ناوچە دەستم پێ کرد، دوای دەرچوونم لە زانکۆی سەلاحەدین لە کۆلێجی زمان بەشی ئینگلیزی، بەهەمان شێوە پەرەم بەکاری سیاسی و ڕێکخراوەیی و ڕاگەیاندن داوە، دواتریش بە شانازییەوە ئەوە ماوەی ٦ ساڵە وەکو کادیرێکی چالاکی ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە خەبات و تێکۆشانی خۆم بەردەوام بوومە. هەردەم فەلسەفەم لە ئیشکردندا ئەوە بووە کە خزمەت بکەم بەبێ ئەوەی پێم وابێ کە کرێدتی ئەو خزمەتە بۆ کێ دەچێ، هەوڵم داوە پێوەندییە جەماوەرییەکانی خۆم فراوانتر بکەم، نەمویستووە خۆم و ڕای خۆم بسەپێنم، لەخۆبووردەیی لە کار و پەروەردەی خێزانی و حزبیم بۆ من جێی شانازییە و حەز دەکەم زۆر بە ڕاشکاوی بڵێم ڕۆڵ و کاریگەریی کاک مەسروور بارزانی لە پێگەیاندنی سیاسییانەی ئێمە، زۆر گەورە بووە و هەموو کات برایەکی گەورە و ئازیزمان بووە.

* دەگوترێ ئەگەر هێمن هەورامی سیگناڵێکی لەلایەن بنەماڵەی بارزانییەوە پێ نەدرابێ، ئەو سەرکەوتنەی بەدەست نەدەهێنا.. ڕاستە؟

– مەسەلەکە پێدان و پێنەدانی سیگناڵ نییە، بگرە ئەوەیە کە ئێمە کادیری پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستانین، لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانی خۆمان هەر ئەرکێکمان پێ سپێردرابێ، جا ئەرکی حزبی بووبێ یان ئەمنی، بەجێمان گەیاندووە و لەم قۆناغەشدا ئامادەین وەکو بەشێ لەو هەڤاڵانەی تر شان بدەینە بەر ئەو ئەرکە مێژووییەی کە ئێستە کەوتووەتە سەرشانی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەمە لەم چوارچێوەیەدا بووە و ئەگەر پشتگیرییەکی تەواوی خەڵکی کوردستان و ئەندامانی پارتیشمان لە پشت بووبێ، حەتمەن پشتگیریی ماڵی بارزانی گەورەترین شەرەفە و جێی شانازییە.

* دەرچوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کادیرانی ئاژانسی پاراستن بۆ سەرکردایەتی کە ئێوەش یەکێکن لەوان، لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ، خۆتان چۆن لێکی دەدەنەوە؟

– بەشبەحاڵی خۆمان بەو شێوەیە سەیری ناکەین، ئێمە کادیری پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان بووین، کە ئەرکی جۆرەوجۆرمان بەپێی پێویستی و قۆناغە جیاجیاکان پێ سپێردراوە، بەپێچەوانەشەوە رەنگە من لەسەر ئاستی پارێزگەی سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجە و شارەزوور، وەک یەکێ لەو کادیرانەی کە تازە پێ گەیشتوون، ئەم ئەرکەمان پێ سپێردرابێ، بەپێچەوانەی شوێنی ترەوە، نەگوتراوە ئەوانە کادیری ئاژانسن و دەبێ هەر بێنە پێشەوە، بگرە دەرفەت درا بەئەندامانی کۆنگرە و ئەندامانی کۆنگرەش لەسەر ئاستی توانا و متمانەی خۆیان بەم کادیرانە، دەنگیان پێ داون و لەسەر ئەم بنەمایانە هەڵبژێردراون، نەک لەسەر بنەمای دەزگەیەکی دیاریکراو.

* دەرچوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی نوێی پارتیش، لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ؟

– بەپێچەوانەوە ئەوانیش وەک هەر ئەندامێکی تری پارتی دیموکراتی کوردستان، مافی خۆیانە مومارەسەی کاری حزبی بکەن، ئەوان ئەندامی بنەماڵەی بارزانین و جەنابی سەرۆکیش لە وتارەکەیدا زۆر بەڕوونی باسی کرد، کە ڕێبازی بارزانیی نەمر دەبێ لەسەر بنەمای دەستکەوتی مێژوویی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ ئەحمەدی بارزان بنرخێنرێ، نەک لەسەر بنەمای تر. بنەماڵەی بارزانی بنەماڵەیەکی زۆر گەورەیە و ئەوانیش مافی خۆیانە وەکو ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستان مومارەسەی ئەو مافەی خۆیان بکەن و خۆشیان کاندید بکەن، جا دەنگیان دەدەنێ یان نا، ئەوە بۆ

مومارەسەکردنی پرۆسە دیموکراسییەکەی نێو کۆنگرە بەجێ هێڵراوە و پێویستیشە ڕێز لە دەنگی ئەندامانی کۆنگرە بگیرێ و ئەوانەشی کە متمانەی ئەندامانی کۆنگرەیان بەدەست هێناوە، پیرۆزباییان لێ دەکەین.

* پێشبینی دەکرا، ئەندامانی ناو کۆنگرە ١٣٠٠ کەس بن و دواتر دەرچوو زیاتر لە ١٥٠٠ کەسن؟

– ١٥٢٣ ئەندام بووە و ڕێژەیەکی زۆر بەهەڵبژاردن دەرچوون، سەرەتا لە کۆنفرانسی لق و لێژنە ناوچەکان و دواتر لە دیاریکردنی چەند کادیرێک لە لقەکان و مەکتەب ناوەندییەکان و سکرتاریەتەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان، ئەوانیش بەهەڵبژاردن بوو. ئەو کادیرانەی بە تەزکیە نێردران ڕێژەیەکی زۆر کەم بوون، رەنگە سێیەکی تێکڕای ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆنگرە بووبن، ئەمەش بەپێی میکانیزمێ بووە کە کۆی سەرکردایەتیی پارتی، لەسەری کۆک بوون.

* دەرچوونی ٥ ئافرەت بۆ سەرکردایەتیی نوێی پارتی، گۆڕانکارییە لە دیدی پارتی یان وەک هەندێ دەڵێن ڕازاندنەوەیە؟

– نەخێر بۆ ڕازاندنەوە نییە، چونکە ئێمە پێشتریش ئەو گفتوگۆیەمان کردووە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەنێو قۆناغێکی تازە، کاری سیاسی و جەماوەریی خۆی دەکا و ئەمەش پێویستی بەئیش لەسەر کردنێکی زیاتر هەیە، ئێمە دەمانویست لەم کۆنگرەیەدا پارتی بتوانێ بە یەکسانییەکی ڕەگەزی، دەرفەت بەکادیری ئافرەت بدا، ئەمەش لەسەر بنەمای تواناکانی خۆیان بێ و هاوکات مافیش بدرێ بەئەندامانی کۆنگرە، ئەوە بوو لە کۆی ١٤٠ پاڵێوراو بۆ ئەندامی سەرکردایەتی ١٧یان ئافرەت بوون، لەم ژمارەیەش پێنجیان دەرچوون، دووانیان بەدەنگی خۆیان و سیانیان بە کۆتا، لە ڕاگۆڕینەوەکانیشدا لەسەر خاڵەکانی پەیڕەو، گفتوگۆیەکی زۆر و چڕوپڕی

چەند سەعاتی لەبارەوە کرا، ئامانجەکە ئەوە بوو کە ئەمە بکرێتە میکانیزمێ بۆ کرانەوەی زیاتری پارتی و ڕێخۆشکاری بۆ کادیرانی ئافرەت تا بەشداریی ژیانی سیاسی بکەن و بگەنە ناوەندی بڕیاری سیاسی لەناو پارتیدا و هاندانێک بۆ ئافرەتانی تریش بێ تا ڕوو لە پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن و ئافرەتانی نێو پارتیش چالاکیی سیاسی و جەماوەریی باشتر بنوێنن.

* بەو پێیەی کە خۆشت لە ڕاگەیاندندا کارت کردووە، چ هەڵسەنگاندنێکت بۆ ڕاگەیاندنی پارتی هەیە لە ماوەی ڕابردوودا؟

– وەکو ڕای تایبەتیی خۆم، راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغێکی پێشووتر ڕۆڵێکی باشی بینیوە، بەڵام کەموکووڕیش هەبووە وەکو هەر خاڵێ لە خاڵەکانی تری ژیانی سیاسیی پارتی، راگەیاندنی پارتیش دەیتوانی ڕۆڵێکی گەورەتر بگێڕێ و بتوانێ پەیامی سیاسیی پارتی و سەرۆک بارزانی بگەیەنێتە خوێنەر و بینەر و گوێگرانی کەناڵە جیاوازەکانی میدیای پارتی، ئێستە پارتی سێ دروشمی نوێی بەرز کردووەتەوە، یەکێ لەوانە نوێبوونەوەیە، ئەگەر مەبەستمان لە نوێبوونەوە کۆمەڵێک خاڵ بێ، ئەوا دەبێ نوێبوونەوە لە گوتاری ڕاگەیاندنی پارتیشدا هەبێ، بەو ئاراستەیەی کە متمانەی زۆرترین خەڵکی کوردستان بەدەست بێنێتەوە، ئەوەش لە رێگەی راگەیاندن و پێدانی داتای زیاتر بەخەڵکی کوردستان، لە ڕێی کرانەوەی زیاتر لە رووی میدیاییەوە دەکرێ، بەکورتی دەبێ لە دوای کۆنگرەوە، کەناڵەکانی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، میکانیزمێ بگرنە بەر کە خەڵکی کوردستان بۆ زانینی زانیاریی نوێ و بیستنی پەیامی سیاسی و گەیاندنی رەخنە و پێشنیازەکانی خۆیان، پەنا بۆ کەناڵی تر نەبەن.

* هەندێک ڕۆژنامە بانگەشەی ئەهلیبوون دەکەن و واش نییە، هەست دەکرێ پشتیوانیی حزبییان هەیە؟

– راستـه، رەنگە رۆژنامـەیەک لەلایەن برادەرێکەوە پشـتیـوانـیی هـەبێ، یان لەلایەن کـەسێکی سـەر بەحـزبەوە یان لە دەزگـەیـەکەوە نزیک بێ، بـەڵام وەکو پارتی کە بڕیاری فەرمی دڕابێ پشـتیـوانیی رۆژنامـەی سێبەر بکات، شـتی وا نییە.

* لە رێژەی دەرچووان بۆ سەرکردایەتیی نوێ، بەشێ لە کادیرانی کەرکووک ناڕازین؟

– بەپێـچەوانەوە، دوو کادیری زۆر بـاش (کاک د. کـەمـال کەرکووکی و کـاک سـەلاح دەلۆ) بەهـێنـانی دەنگێکی بـاش لە کـەرکـووک دەرچوون، بێگومـان حەزیشمـان دەکرد ژمارەیەکی زیاتر دەرچوونایە، جەنابی سـەرۆکیش ئاماژەی بەوە دا کە خۆزگە ئەنجامەکان مـونسیـفانەتر بووایە، ئەمـەش بەڵگەی ئەوەیە کە لەم کۆنگرەیەدا ئەندامـانی کۆنگرە چەند ئازادانە و بێ هیچ دەستـوەردانێ بڕیاری خۆیان داوە.

* پشک و پشکداری (موحاسەسە) نەبوو؟

– بەهیچ شێوەیەک نە پشـک و پشکداری، نە بڕیاری پێشوەختە، نە لیست و لیستکاری هـەبووە، هـەموو بڕیارەکان بڕیاری ئەندامانی کۆنگرە بووە.

* وەک ئەندام سـەرکـردایـەتیـیـەکی گـەنج، پێت وایە دید و بیرکردنەوەی ئەندامی پارتی لە دەنگدان بە سەرکردایەتییـەکەی خۆی، گۆڕاوە؟

– شێوازی گفتوگۆ لەنێو لێژنەکاندا بەتایبـەتی لەنێو لێژنەی پرۆگرام و پەیڕەو و لێـژنەکانی تردا، لەو بەشـدارییـە فـرەیەی ئەندامـە گـەنجـەکانی نێو پارتـی بەبیـر و بۆچوونی جـیـاوازەوە، بۆ دەوڵەمـەندکـردنی رەشنووسـی ئەو راپۆرتانەی کـە ئامـادە کرابوون، بۆ رەخنـەگرتن لە شێوازی داڕشـتنەکەی و

هێنانە پێشەوەی شێوە و شێوازی جیاوازتر، کە بە قەناعەتی خۆیان لەگەڵ قۆناغی ئێستە دەگونجێ، ئومێدێکی زۆری بەخشییە هەموو لایەکمان، بەوەی کە ئەندامانی پارتی ئاستی هۆشیاریی سیاسی و حزبیی خۆیان زۆر پێش خستووە.

* زۆر باس لەوە دەکرێ کە لەمەودوا لە کەرکووک و سلێمانی، پارتی بە قورسایییەکی زیاتر کار دەکا و دەچێتە نێو جەماوەرەوە، میکانیزمەکە یان بەرنامەکە چۆنە؟

– ئێمە دان بەوەدا دەنێین، کە دەنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سنووری کەرکووک و سلێمانی، لە ئاستی تمووحی پارتی و جەماوەرەکەیدا نەبوو، تەنانەت لە ئاستی قوربانیدانی پارتی لەو سنوورەشدا نەبووە، دانپێدانان بەو کەموکوورییەشدا بەشێکە لە چارەسەر، ئێستەش بەرچاومان روونە و دەزانین کەموکووڕی لەو ناوچانە هەیە، ئەوە رەنگە لە شێوازی ئیشکردنی ئێمە و رێکخستنەکانی ئێمەدا بووبێ، بەڵام وەک جەنابی سەرۆک گوتی: دەبێ پارتی لەنێو خەڵکی کوردستاندا پەرت و بڵاو بێ، پارتی حزبێکە کە پشت و پەناگەی جەماوەری کوردستان بووە، بۆیە بۆ ئێستە و داهاتووی سیاسیی پارتی، دەبێ پەیڕەو و پرۆگرامەکەی و سەرکردایەتی و بزاڤە سیاسی و رێکخراوەیی و جەماوەرییەکەی و گوتاری ڕاگەیاندنیشی لە چوارچێوەی ئەوەدا بن، کە ئێمە بتوانین متمانەی زۆرترین دەنگدەری کوردستان بەلای پارتیدا ڕابکێشین و ئەمەش مافی پارتییە، تا ببێتە حزبی زۆرینەی رەها لە کوردستان و بتوانێ ئەو بەرنامە سیاسی و خزمەتگوزاری و ئابوورییەی، کە هەیەتی بۆ پەرەپێدانی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی باشتر، جێبەجێ بکات. لەبارەی کەرکووک و سلێمانیشەوە، ئێمە بەهەموو شێوەیەک ئەو بابەتە رەت دەکەینەوە کە ناوچەی قەڵەمڕەوی پارتی نەبێت، بگرە لە زاخۆوە تا مەندەلی دەبێ کاری سیاسیی پارتی بەوپەڕی هێزەوە تێیدا بەردەوام بێ و کادیرانی پارتی لە خەڵک و

خواستەکانی نزیک بن، بۆ هیچ بستێکی کوردستان ئەو هەقە بەهیچ کەس نادەین، کە بڵێ ئەوە ناوچەی قەڵەمڕەوی پارتی نییە، چونکە پارتی لەنێو خەڵکەوە هاتووە و بۆ خەڵکیشە.

* ڕەوشی کۆنگرە و دوای کۆنگرە بەئاراستەی ئەوەیە، کە چاوخشاندنەوە بە ڕێککەوتنی ستراتیجی و دروستکردنی هاوپەیمانیی تر بێ؟

– لەنێو کۆنگرەشدا لە چەند خاڵێکدا، ڕێککەوتنی ستراتیجیی نێوان یەکێتی و پارتی، جەختی لێ کرایەوە، ئێمە لەو چوارچێوەیەدا سەیری ڕێککەوتنی ستراتیجیی دەکەین، کە چەند سوودی بۆ خەڵکی کوردستان هەبووە، قازانجێ زۆری بەخەڵکی کوردستان و پێگەی هەرێم گەیاندووە، لەسەر ئاستی هاوکێشەی ناوخۆی عێراق و هەرێمایەتیش، بەپێچەوانەوە زیانێکی ئەوتۆی نەبووە، بۆیە پێمان وایە لە ئێستە و داهاتوویەکی نزیکیشدا، بەردەوامیی ئەم ڕێککەوتنە بۆ یەکڕیزیی نێومالّی خەڵکی کوردستان پێویستە، هاوکات پارتی دەرگەی کراوەیە و ئامادەیە پێوەندییەکی ئاسایی و باشتری لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی تری کوردستان هەبێت.

* هەڵبژاردنی پارێزگەکان بەڕێوەیە، پێت باشە پارتی بە یەک لیست بەشدار بێ یان بە لیستی سەربەخۆ؟

– من بەشبەحاڵی خۆم وەک هێمن هەورامی، پێم باشە پارتی بە لیستی جیاواز بەشدار بێ، بەلام بەو مانایە نییە کە لە دابەشکردنەوەی دەسەلات و پۆستی پارێزگەکاندا، ئەو کاتە نەکەوینە جۆرە ڕێککەوتنێ لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان.

* لە دادگەکاندا پارتی هەندێ کێشەی یاساییی لەگەڵ چەند

رۆژنامـــەیەکـدا هـەیە، هـەندێ ئەمــە بە داخــراویی ئەو حـزبـە لێک دەدەنەوە؟

– نەخێر مەسەلەکە داخراوی نەبووە، پارتی هێزێکی گەورەی کوردستانە و لەسەر کۆمەڵێک گۆڕەپانی سیاسی، تێکۆشان و بەردەوامیی خۆی هەیە، بەڵام بەداخـــەوە ئـەوەی بینیـــمـــان لە ژمـــارەیێ رۆژنـامـــە و کـــۆوارەوە، کـــۆمـــەڵە ناوزڕاندنێکی (تەشـهیر) زۆر خراپ بەرامبەر بە سیمبول و سەرکردەکان و مێژوو و ئێستەی پارتی کرا، بۆیە پارتی وەک هەقێکی یاساییی خۆی، ئەوەی پیادە کردووە کە چۆن پارێزگاری لە خۆی بکا.

* لە کۆنفرانسەکاندا باس لەوە کرا، کە پارتی ئاماری دروست و ڕاستی ئەندامانی خۆی بەهەڵە لا بووە، بۆ لەمەودوا چی دەکرێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە؟

– لەسەر ئاستی ڕێکخستنەکانیش نوێبوونەوە دەکرێ، پارتی حزبێکە هێز و متمانەی زۆرینەی خەڵکی کوردستانی هەیە، بۆ ئەمەش دەبێ قەوارەی ڕاستەقینەی ڕێکخستنەکانی خۆمان بزانین و لەگەڵ دەنگە مسۆگەر و لایەنگر و دەنگە دوودڵەکان جودایان بکەینەوە، بۆیە سەرکردایەتیی نوێی پارتی لە بەردەم ئەرکێکی تازەدایە تا پێداچوونەوەیەکی ورد بە لیستی ئەندامانی ڕێکخراو و ناوچە و لقەکانی هەموو هەرێمی کوردستان بکا، دەبێ ئێمە لە ڕێی میکانیزمێکی تری خزمەتگوزاری و گەیاندنی پەیامی سیاسیی خۆمانەوە، هەوڵ بدەین زۆرترین دەنگی ئەوانەش کە پشتیوانیی لە لایەنە سیاسییەکانی تری کوردستان دەکەن، بۆ لای خۆمان ڕاکێشین وەک مافێکی سروشتیمان.

* دەکرێ بڵێین پرۆسەی نوێبوونەوە و گەنجبوونەوەی پارتی دەستی پێ کراوە؟

– ئەوە خواستێکی زۆری ڕێکخستنەکانی پارتی و جەماوەرەکەی بووە، کە خوێنی تازە بێنێتە نێو سەرکردایەتی و جۆری بیرکردنەوەی پارتی بەرامبەر بە گەنجی کوردستان، جۆرێ لە نوێبوونەوەی تێدا بکرێ، چونکە ئێستە بەپێی کۆمەڵێ داتا کە لە بەردەستی ئێمەدا هەن: ٦٣٪ی خەڵکی کوردستان تەمەنیان لە خوار ٣٠ ساڵییەوەیە و بەپێی ڕاپۆرتێکی تواناسازیی لاوانیش: نزیکەی یەک ملیۆن و ٧١١ هەزار کەس، تەمەنیان لە نێوان ١٥ بۆ ٣٥ ساڵدایە، واتە هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆری گەنجە و ئەمەش بزوێنەری جۆرێ لە بزووتنەوە سیاسییەکان و کاری سیاسییە لە هەرێمی کوردستاندا. بۆیە پارتی لە چوارچێوەی ئەو مافە سروشتییەی خۆی دەبێ پرۆژە و بەرنامەیەکی باشی بۆ چۆنێتیی مامەڵەکردن و ئیشکردن لەسەر ئەم گەنجانە هەبێ، هاتنە پێشەوەی ڕێژەیەکی زۆری گەنج بۆ سەرکردایەتیی پارتی کە لە بنکەی حزبەوە هاتبن، بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە پارتی تەنیا بە قسە باس لە هێنانە پێشەوەی گەنج ناکا، بگرە بەکرداریش گەنجی هێنایە ناو بازنەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی و چۆنێتیی نوێکردنەوەی بیر و بۆچوونی پارتی بەرامبەر بە گەنجانی کوردستان.

* بەڵام دەنگە نارەزاکانی گۆڕەپانی کوردستانیش هەر زۆرینەیان گەنجن؟

– گەنجانی کوردستان هاووڵاتییانی ئاسایی ئەم هەرێمەن، خواستیان هەیە، پێداویستییان هەیە، دید و ئومێدیان هەیە، ئێمەش دەڵێین پارتی دیموکراتی کوردستان بەم پرۆگرامە تازەیە و سەرکردایەتیی ئێستەیەوە، دەبێ لە ئاست خواست و ماف و داخوازی و ئامانجەکانی گەنجانی کوردستاندا بێ، تا گەنجان متمانە بە پارتی بکەن بەوەی کە پارتی ئەو هێزەیە لە ڕێی حوکمڕانیی خۆی و کاری سیاسیی خۆیەوە، دەرفەت دەداتە گەنج نەک تەنیا بۆ کاری حزبی و حوکمڕانی، بگرە بۆ ئەوەی دەرفەتی کاری بۆ فەراهەم بکات، ژیانێکی باشتری بۆ دابین بکا و سەردەمێکی وای بۆ

برەخسێنێ کە گەنج لە هەرێمی کوردستاندا بکرێ وەک هاووڵاتییەکی ئاسایی ئومێدی بەوە هەبێ کوردستان ئەو وڵات و نیشتمانەی خۆیەتی، کە تێیدا دروست دەبێ.

* ڕۆڵی کاک مەسروور بارزانی لە چوارچێوەی حزب دەمێنێتەوە یان دێتە نێو حکوومەتیش؟

– ئەوەندەی من ئەو شەرەفەم هەبووە، کە وەکو قوتابییەک لە خزمەتیدا بم و لە بەردەستیدا پەروەردە بووبم، کاک مەسروور خاوەنی بیر و بۆچوونێکی زۆر قووڵە بۆ هەموو بابەتە سیاسی و ئیدارییەکانی کوردستان، ئومێدیش دەکەین و ڕەنگە ئەوە داواکارییەکیش بێ، کە کاک مەسروور ڕۆڵێکی سیاسیی باڵاتر ببینێ.

* لەنێو ئەندامانی سەرکردایەتیی نەوەی پێشوو، هیچ نیگەرانییەک هەیە لە سەرکەوتنی گەنجان بۆ نێویان؟

– بەپێچەوانەوە لە سەرکردایەتیی پێشوو کۆدەنگییەک لەسەر ئەوە هەبوو، کە پارتی پێویستی بەخوێنی تازە هەیە و ئێمەش وەک بەشێ لەو خوێنە تازەیە هاتین خۆمان کاندید کرد، بەڵام هاتنی خوێنی تازە بەمانای دەرهێنانی خوێنە کۆنەکە نییە، بگرە ئێستە هاوسەنگییەک لە سەرکردایەتیی تازەی پارتیدا هەیە لە ڕووی ئەزموون و کاری پێشووتر و ئەزموونی سەرکردایەتیدا، هەروەها لە رووی توانا و ئەدا و ستایلی تازەتریش، ئەم نەوە تازەیەی ئێستا هاتووەتە نێو سەرکردایەتی و هەردووکیشیان پێکەوە دەبنە ئەو وزەیەی کە پارتی دەیەوێ بیخاتە گەڕ تا بتوانێ ببێتە حزبی زۆرینەی ڕەهای خەڵکی کوردستان.

## مەسەلەی باڵ باڵێن لەناو پارتی
## خەونێکی هەرگیز بەدی نەهاتووی نەیارانی پارتی و
## دوژمنانی نەتەوەی کوردە

ژمارە (١٢)ی بەهاری ٢٠١١ کۆواری (سیروان) لەسەر سێزدەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان و چەند پرسێکی تری ئەمڕۆی ناوچەکە، (رەحمان شکور) ئەم دیمانەیەی لەگەڵ (هێمن هەورامی)دا ساز دا:

* تا چ رادەیەک کۆنگرەی سێزدەمینی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆنگرەیەکی جۆرەکی بوو، وەک لە نێوەندەکانی پارتیماندا بەر لە بەستنی کۆنگرە پێشبینی دەکرا؟

– بەزۆر پێوەر کۆنگرەیەکی جۆرەکی بوو، بەشداریی ئەکتیڤانەی هەڤالان و پێشبڕکێیەکی دیموکراسییانە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە و سەرکەوتنی رێژەیەکی بەرچاوی کادیری گەنجی ناو رێکخستنەکان، لە هەموو شوێنێکی کوردستان هەر لە سەرەتاوە سیمایەکی رۆشنی جۆرەکیبوونی کۆنگرەی هێنایە ئارا. لەناو کۆنگرەشدا بەشداریی ئەو رێژە زۆرە لە باڵیۆز و نوێنەری وڵاتان و تێکرای بەرپرسانی سیاسی و حکوومەتی لە عێراق و برووسکەیەکی زۆری چەندان وڵات و پارتی سیاسیی ناسراوی دنیا، یەک لە خاڵەکانی تری جۆرەکیبوونی کۆنگرە بوو. لە رووی گفتوگۆی چڕوپڕی ئەندامانی کۆنگرە لەناو لێژنەکان و دواتریش لە گفتوگۆی ڕاپۆرتی لێژنەکان و ئاستی فیکری و ئەرگیومێنتی هەڤالان لەناو گفتوگۆکان، دیسان یەک لە خاڵەکانی تری جۆرەکیبوونی کۆنگرە بوو. دواتر لە پرۆسەیەکی

دیموکراسییانەی شەفافدا هەڵبژاردنی سەرکردایەتی و هاتنی وزە و خوێنێکی تازە بۆ جەستەی پارتی، تا شان بەشانی ئەزموونی زۆری هەڤاڵانی دێرین لە سەرکردایەتی، پێکەوە دەست لەناو دەست، پارتی بەرەو سەرکەوتنی زیاتر ببەن، تەواوی ئەمانە جۆرەکیبوونی کۆنگرەی زیاتر کرد. لە رووی ئیداری و تەکنیک و مەراسیم و پرۆگرامەکانیشەوە، کۆنگرەی ١٣ نەک هەر زۆر جۆرەکی بوو، بگرە جۆرە داهێنانێک بوو. جگە لەوانەش شەفافیەتی کۆنگرە لە گواستنەوەی ڕاستەوخۆی وتارەکان و گفتوگۆکان و کاری لێژنەکان بۆ خەڵکی کوردستان، ئەمەش داهێنانێکی تری پارتی بوو.

* یەکێک لە بەرهەمەکانی کۆنگرە تاوتوێکردن و پەسندکردنی پەیڕەو و پرۆگرامێکی نوێ بوو بۆ پارتی، بەڕێزتان ئەم پەیڕەو و پرۆگرامە چۆن دەنرخێنن و تا چ ڕادەیەک بە شیاو و پێویستی دەزانن بۆ ئەم هەلومەرجەی ئێستامان؟

– پارتی هەردەم بەوە ناسراوە کە خوێندنەوەیەکی باش بۆ کۆی گشتیی بارودۆخ دەکات، لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی باش تێ دەگات و هاوکێشەکان بەچاوێکی روونی واقیعی دەخوێنێتەوە. لەم سۆنگەیەوە پارتی لەناو کۆنگرەی ١٣ گفتوگۆی چڕی زۆری کرد لەسەر بوونی پرۆگرامێک، کە وەڵامگۆی قۆناغی ئێستای کوردستان و پێشکەوتنەکانی بێت و بۆ قۆناغی داهاتووی پاش کۆنگرەش، ئەو پرۆگرامە وەک بەرنامە و نەخشەڕێگە و ماستەرپلانێک بێت بۆ دید و بەرنامەی پارتی لەسەر هەموو ئاستەکانی ناوەخۆ و هەرێمایەتی و نەتەوەیی و تەنانەت نێودەوڵەتیش. وەک پەیڕەویش شتی باش تاوتوێ و پەسند کراوە، بەجۆرێ لە ژیانی ناوەخۆییی پارتی و لە پەیکەری ڕێکخستنی پارتی جۆرێک ئاراستە بکرێ کە بتوانێ ئامانج و پرۆگرامی پارتی چالاکانەتر بە هاوولاتییان بگەیەنێ و هەوڵ بدات لە رووی ڕێکخستنەوە بەجۆرێک خۆی ڕێک بخات و کار بکات کە متمانەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان مسۆگەر بکات.

* باست لە متمانەی زۆرینە کرد، کاک نێچیرڤان بارزانی لە وتارەکەیدا ئەو خاڵەی وروژاند و دواتر راڤەی تری بۆ کرا، بەڕای ئێوە ئەو راڤانە لە چییەوە بوون؟

– جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی وتارێکی زۆر بەهێز و گرینگی پێشکێش کرد، لە وتارەکەیدا، جەنابیان ئاماژەی بەوە کرد، کە پارتی مافی ئاسایی خۆیەتی، کار بۆ ئەوە بکات، متمانەی زۆرینەی رەهای خەڵکی کوردستان بەدەست بهێنێت. جەنابیان ئەم پەیامەی بۆ هەڤالان و کادیر و ئەندام و لایەنگرانی پارتی بوو، تا بە هەموومانەوە بەجۆرێک کاری پارتایەتی بکەین، بتوانین متمانەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بەدەست بهێنین. ئەوانەی راڤەی تریان بۆ ئەم بەشەی وتارەکەی جەنابیان کردووە، پێم وایە یان بەهەڵە لە بابەتەکە گەیشتوون، یان بە ئەنقەست و هەنجەتگرتن هەر حەزیان کردبێت کەمێک رەنگی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی کۆنگرەی ١٣ی پارتی کاڵ بکەنەوە.

* ئەی بەشداریی ئافرەتان چۆن بوو؟

– وەک پێشتر باسم کرد، پارتی هەردەم خوێندنەوەیەکی واقیعی بۆ کۆمەڵگەی کوردستان دەکات. یەک لە ئەرکە سیاسییە گرینگەکانی پارتی ئەوەیە بەشداریی ئافرەتانی کوردستان لەهەموو پرۆسە سیاسی و ئیداری و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان کاراتر بێت، چونکە ئێمە وەک حزبێکی دیموکراتیی جەماوەری، باوەڕێکی قووڵمان بەپرەنسیپی (هاووڵاتیبوون) هەیە، دیموکراسییەتیش بەبێ بوونی هەلی یەکسان بۆ بەشداریکردنی (هاووڵاتی) بەبێ لە بەرچاوگرتنی ڕەگەزی نێر و مێ یان لایەنی مەزهەبی، ئەتنیکی یان هەر جۆرە تایبەتمەندییەکی تر، ناکرێ پێی بگوترێ دیموکراسی. لەم سۆنگەیەوە ئێمە باوەڕێکی قووڵمان بەماف و یەکسانیی ئافرەتان هەیە و دەبێ لەسەر بنەمای تواناکانیان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا بەشدار بن. لەناو کۆنگرە بەشدارییەکی بەرچاو هەبوو هەم لە رووی ژمارەی بەشداران و هەم لە

رووی ئاست و چۆنێتیی گفتوگۆ و رەخنە و پێشنیاز و گەلاڵەکردنی پرۆگرام و پەیڕەوی پارتی و لە هەڵبژاردنی سەرکردایەتیش بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو توانرا ٥ هەڤاڵی ئافرەت بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێردرێن و هەڤاڵێکی ئافرەتیش بە یەدەگ دەرچوو.

* بێگومان هەڵبژاردنی سەرکردایەتیی نوێی پارتی لە کەشێکی زۆر دیموکراسی و ئازاد و شەفافدا بەڕێوە چوو، بەهەمان شێوەش سەرجەم کار و چالاکییەکانی کۆنگرە، کەچی هەندێک لایەن و میدیای بەناو ئەهلی و سەربەخۆ بەپێچەوانەی ئەو واقیعەوە دەدوێن و ئاماژە بەململانێ و باڵ باڵێنی نێو کۆنگرەکە دەکەن، وەڵامتان بۆ ئەو میدیا و لایەنانە چییە؟

– مەسەلەی باڵ باڵێن لەناو پارتی، خەونێکی هەرگیز بەدی نەهاتووی نەیارانی پارتی و دوژمنانی نەتەوەی کوردە. وروژاندنی ئەو جۆرە قسە و قسەڵۆکانە بۆ گەرمکردنی بازاڕی فرۆشی هەندێ بڵاوکراوە و ململانێی شاراوەی ساردی هەندێ کەس و لایەنی شکستخواردووی سیاسیی ناوەخۆیە، کە بەهیچ پێوەرێکی سیاسی و دیموکراسییانە و متمانەی هاووڵاتییان، ناتوانن بگەنە ئاستی بەرزی پارتی و ماڵی بارزان، بۆیە دێن ئومێد و خواستە نزمەکانیان بەهەواڵ و شیکردنەوەی هەواڵ و بەناوی ریپۆرتاج و شرۆڤەی سیاسییەوە بەخوێنەرانی کوردستانی دەفرۆشنەوە. تەنیا ئەوەندەیان پێ دەڵێم کە پارتی هێزێکی گەورەی بەرفراوانی کوردستانە، بیر و بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ئەوەی کام میکانیزمی رێکخستن یان جەماوەریی باشتر، خزمەتی بەرنامە و پرۆگرامی پارتی دەکات، بەڵام ئەم بیر و بۆچوونە جیاجیایانە بۆ ئەوەیە، کە چۆن زیاتر پارتی پێ بەهێزتر بکرێت و چۆن زیاتر بنەماکانی رێبازی بارزانیی نەمر، بە هاووڵاتییانی ئازیزی کوردستان بگەیەنرێ. ئەو بڵاوکراوانەش لەمێژە متمانەی رۆژنامەوانیی پرۆفیشناڵیان لەدەست داوە و ئێستاش ناسنامەی راستەقینەیان لای هەموو کەس ئاشکرایە.

* کاری پێشینە کامەیە کە سەرکردایەتیی نوێی پارتی لە بەرنامەیدایە، بەجێی بگەیەنێت بۆ پراکتیزەکردنی دروشمەکانی کۆنگرەی (نوێبوونەوە و دادپەروەری و پێکەوەژیان) بەهەمان شێوە بڕیار و ڕاسپاردە گرینگەکانی تری کۆنگرە؟ ئاخۆ پێتان وا نییە کە ئەو واقیعە بووبێتە هۆی بەجێهێشتنی ئەرکێکی قورس لە ئەستۆی کۆنگرە و سەرکردایەتیی نوێی پارتیدا؟

– کاری پێشینەی ئێمە جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەیە و ئامادەکارییە بۆ هەڵبژاردنی لق و ناوچەکان و دواتریش هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگەکان. جگە لەوەش بەهێزترکردنی پێوەندیی حزبی و سیاسیمان لەگەڵ هەموو هێز و لایەنانی سیاسیی کوردستان، بۆ باشتر یەکخستنی ناوماڵی کورد و یەک هەڵوێستی لە مەسەلە ستراتیجییەکانی پێوەست بە هەرێمی کوردستان. هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی پەرلەمانتارەکانمانەوە لە لیستی کوردستانی، بەدواداچوونێکی زیاتر و چالاکانەتر بۆ جێبەجێبوونی بەرنامە و بەڵێنەکانی لیستی کوردستانی هەبێت. پارتی هیچ کات لە واقیعی قورس خۆی لانەداوە و هەردەم چووەتە ژێر باری ئەرکە قورسە دیموکراسی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستانەوە. بێگومان سەرکردایەتیی هەڵبژێردراوی ئێستای پارتی بەهەموو هێز و توانایەکییەوە، لەبەر ڕۆشنایی ڕێنوێنییەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی و جەنابی جێگری سەرۆکدا، ئەوەی بۆ خێر و خۆشیی خەڵکی کوردستان و تەبایی و پێکەوەیی و پاراستنی دەستکەوتە نەتەوەییەکانمان لە عێراق و جێبەجێبوونی ١٩ خاڵەکەی کۆبەندی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بێت، درێغی ناکات.

* باستان لە تەبایی کرد، بەیاننامەکەی ٢٠١١/١/٢٩ی گۆڕان تا چەندە بەو تەباییە ناکۆکە؟

– بەداخـەوە ئێـمـە چاوەڕێ بووین لاپەڕەیەکی نوێ لەگـەڵ بـرایانی گـۆڕان بکەینەوە و بـانگهێشـتنیـان بکـەین بۆ گفـتوگـۆی شـەفاف، تا زیـاتر خـزمـەتی یەکـڕیزیی خـەڵکی کـوردسـتـان بکات. بەڵام ئەوەی گـۆڕان لەو بـەیاننامـەیەدا خسـتـیـیە ڕوو، بەتـایبـەت بابەتی هـەڵوەشـاندنەوەی پەرلەمـان، ئەمـە نەک ئێـمـە بگرە هـەمـوو هێـز و لایەنـانی سـیـاسـیی کـوردسـتـان، زۆرینەی هـەرە زۆری خـەڵکی کـوردسـتـانیش ڕەتیـان کـردەوە. گـۆڕان دەیتـوانـی داوای کـێشـانەوەی متـمـانە لە حکوومـەت بکات، بەڵام هـەڵوەشـانەوەی پەرلەمـان، ئەوە ڕێوشـوێنی یاسـاییی خـۆی هـەیە. ئەوەی ئەوان کردیان بۆ گـۆڕینی ئەو سـیسـتـەمە بوو کە بەهـەڵبـژاردن و شــەرعـیــەتی خــەڵک دروسـت بووە، نەک گــۆڕانێـک لەنـاو ئەم سـیسـتـەمەدا. ئێـسـتـاش گـۆڕان دەتوانێ داوای لێبووردن لە گەلی کـوردسـتـان بکـات و سـوور بێت لەسـەر بەرنـامـەی ئـۆپۆزسـیـۆنـانەی خـۆی، تا وادەی هەڵبـژاردن دێتـەوە پاش نزیکەی ٢ سـاڵی تر. ئێـمـە هـەمـوو کـات بۆ قـازانجی خـەڵکی کوردسـتـان، پێویسـتـمان بەدیالۆگ و یـەکتـر قبـووڵکردن و ڕێزگـرتن لە یاسـاکـانی گـەمـەی دیموکـراسی هـەیە. ئەوەی بـرادەرانی گـۆڕان بەتایبـەتی لووتکەی دەسـەڵاتی گۆڕان لەو بەیاننامـەیەدا کـردیان، دژی ئەو تەبایییـەیە کە خـەڵکی کـوردسـتـان دەیەوێ. ئێمـە لە پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـان ڕێز و خۆشەویستـیمان بۆ بنکەی جەماوەریی گۆڕان هەیە، بە بەشێکی دانەبڕاوی میللـەتی خـۆمـانیـان دەزانـین و ڕەنگە خـەڵکێک بـەهـۆی گرفـتێکی ئیداری یان ناعـەدالـەتییـەکـەوە لێرە و لەوێ، دەنگی بـەوان دابێت، بەڵام من دڵنیـام بنکەی جــەمــاوەریی گــۆڕان، هـەرگـیــز بۆ ئەوە دەنگی بـەوان نەداوە پـەرلەمـــان هـەڵوەشێننەوە.

* بەگـشـتـی چـۆن دەڕواننە داهـاتووی پارتیـمـان بـەتایبــەتی و کوردسـتـان بە گشتی لەبەر ڕۆشنـاییی ئەنجامەکانی سـێزدەمین کۆنگرەی پارتیدا؟

– پارتی هـەمـوو کـات گـەشبـینە، بە وره و هێز و گوڕ و تینەوە، لە خـزمـەتی

خـەڵكی كوردسـتـان و دۆزە ڕەواكەیدا سـیـاسـەت و خزمـەتی كـردووە. نە لە سـەركەوتندا بۆغرا و نە لە شكستدا بێ ئومێد بووە. ئێمە زۆر گەشبینین و هەنگاو لە دوای هەنگاو بەرەو سەركەوتنی گەورەتر دەڕۆین.

* پەیامـتـان بۆ ڕێكخـستنەكانـی پارتی و جەماوەری خـۆڕاگر و كوردپەروەری خـانەقین و مـەندەلی و تێكڕای ناوچە دابڕاوەكانی تری كوردستان چییە؟

– پەیامی ئێـمـە ڕێز و خـۆشـەویسـتی و پێـزانینێكی زۆرە، بۆ خـەڵكی قـــارەمـــانی ئەو نـاوچانـە، كــە هەردەم لە هێــڵی پێــشــەوە بوون، لـە ڕووبەڕووبوونەوەی عـەرەباندن و بـەعـسـاندن و ئاوارەیی و شـەڕی تیـرۆر و بەڕووداوەسـتـانـەوەی ئەو شـۆڤـێنیـیـانەی، كـە تا ئێـسـتـاش بە ئەقڵـیـەتی نەهێشـتنی كورد مامـەڵە لەگەڵ ئەو ناوچانـەدا دەكەن. دڵنیـایان دەكـەین كە جـەنابی سـەرۆك بـارزانی و پارتی و هەمـوو لایەنانی هاوپەیمانمان، بەردەوام كـاركردن بۆ گێڕانـەوەی ئەو ناوچانە بۆ سـەر هەرێمی كـوردسـتـان، لە یەكەم خاڵەكانی كاری سیاسی و گفتوگۆكانمان دەبێت لەگەڵ حكومەتی عێراق و لایەنەكـانی پێـوەندیداردا. ئازاری ئێـوە بـە ئازاری خـۆمـان دەزانین و هەمـوو كـوردسـتـانیش بە قـەرزاری قـوربانـی و تێكۆشـان و نەبەردی و نەبەزینی ئەو ناوچە پڕ لـە سـەروەرییـانەمـان دەزانین. داواشم ئەوەیە كۆواری "سـیـروان" لە گواستنەوەی ڕاستییەكان و شیكردنەوەی بابەتییانەی ڕووداوەكان بەردەوام بێت و ببێتە ئاوێنەی خەڵك و بارودۆخی ناوچەكە و گواستنەوەی كەموكووڕیی ناوچەكە بۆ بەرچاوی لایەنانی پێوەندیدار.

## هەندێ بە ئاواتەوەن ئەو کێشانەی لە شوێنانی تر هەن
## لەناو پارتیدا بیدۆزنەوە

لە ژمارە (٩)ی کۆواری (ڕێچکە) لەسەر رەوشی ئێستای کوردستان و ڕووداوەکانی ١٧ی شوباتی شاری سلێمانی و دەوروبەری و خۆپێشاندانەکانی تونس و میسر و چۆنێتیی بەڕێوەبردنی کارەکانی کۆنگرەی ١٣ی پارتی و پێوەندییەکانی سەرکردایەتیی کورد لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوە، هەریەکە لە پەیامنێران (یادگار و سەلاح) ئەم دیمانەیان لەگەڵ (هێمن هەورامی) ساز داوە:

* پێناسەیەک بۆ هێمن هەورامی، کێیە و کەی و لە کوێ لەدایک بووە؟

- من ناوم هێمن هەورامییە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٦ی شاری هەڵەبجەی شەهیدی سنووری ناوچەی هەورامانم، لە تەمەنێکی منداڵییەوە لە ئاوارەیی، لە ئێرانەوە پێوەندیم بە یەکەتیی قوتابیانی کوردستانی ئەو کاتەوە کردووە، کادیرێکی چالاکی ئەو ڕێکخراوە بووم، دواتریش لە ڕێکخستنەکانی پارتی پلە بەپلە هاتم تا لە کۆنگرەی سێزدە هەڵبژێردرام بەئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ئەوە شەرەفێکی گەورە بوو بۆ من لەم کۆنگرەیە بە گەنجترین ئەندامی سەرکردایەتی پارتی هەڵبژێردرام، لە رووی خوێندنیشەوە دەرچووی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینم، بەشی زمانی ئینگلیزی ساڵی ١٩٩٨.

* سەرەتای هاتنە نێو کاری سیاسیت دەگەڕێتەوە بۆ کەی و چۆن هاتیتە نێو ئەو کایەیەوە؟

– لە ڕاستیدا ئێمە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و پارتی پەروەر گەورە بووین، باوکم یەکێ بووە لە کادیر و پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول و لە شۆڕشی گوڵانیش لە ڕێکخستنە نهێنییەکان کاری کردووە، من لە تەمەنێکی زۆر منداڵییەوە هاوکار بووم لە نووسینی بەشێک لە ڕاپۆرتە نهێنییەکانی ئەو کاتەی ڕێکخستنە نهێنییەکان و گەیاندنیان، دواتر بوومە ئەندام و کادیری یەکەتیی قوتابیان و لاوانی کوردستان لە شاخ، یەکەم وانەی کوردایەتی و خۆشەویستی نیشتمان و پارتایەتی بە شانازییەوە لەو ڕێکخراوەوە فێر بووم.

* چۆنێتیی کاندیدکردنت بۆ پۆستی سەرکردایەتیی پارتی لە کوێوە سەرچاوەی گرت؟ بەبۆچوونی تۆ بەپێویستت زانی کە سەرکردایەتیی پارتی پێویستی بەگەنجی زیاترە؟

– کۆنگرەی سێزدە کۆنگرەیەکی زۆر نەوعی و سەرکەوتوو بوو بۆ پارتی، داهێنانێکیش بوو لە کاری سیاسی لە کوردستان و لە کاری حزبی و پەیکەری ڕێکخستنی حزبێکی سیاسیی گەورەی وەک پارتی، کاندیدکردنی ئێمەش لەسەر بنەمای ئەو دروشمە مەرکەزییە بوو، کە پارتی دیموکراتی کوردستان ئێستا بەرزی کردووەتەوە، ئەویش دروشمی نوێبوونەوەیە. ئەم نوێبوونەوەیە هەم لە رووی فیکرەوە، هەم لە رووی هێنانی خوێنی تازەوە بۆ ناو جەستەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەو چوارچێوەیەشدا بوو، ئێمە پێمان وابوو رەنگە بتوانین، ببینە هۆکارێکی هاوکارتر بۆ هێنانەدی و پیادەکردنی ئەم دروشمی نوێبوونەوەیە، بۆ ئەوەی بتوانین وەکو خوێنێکی تازە شان بەشانی مامۆستاکانمان، برا گەورەکانمان، سەرکردە خاوەن ئەزموونەکانی ترمان لە سەرکردایەتی، پێکەوە ببینە ئەو وزە تازەیەی کە پارتی پێویستییەتی بۆ لەخۆگرتنی راستییە تازەکانی هەرێمی کوردستان و زیاتر گەیاندنی پەیامە

سیاسییەکانی پارتی بۆ جەماوەری کوردستان.

* لەسەر رووداوەکانی وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەتی میسر و تونس، چۆن ئەو رووداوانە هەڵدەسەنگێنی؟

– ئێمە پێشوازی لە ڕای جەماوەر دەکەین، پێشوازی لە هەر سەرکەوتنێک دەکەین، کە دیموکراسییەت و ئازادییەکان بەدەستی بێنێ، ئێمە نەتەوەیەکین ئێش و ئازارێکی زۆرمان بەدەست نەبوونی ئازادی و دیموکراسییەوە چەشتووە، ئەو ڕاپەڕینەی ئەمڕۆ میسر و تونس دەیکات، هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ کردوویەتی، بۆیە ئێمە لە هەرێمی کوردستان پشتیوانی و پێشوازیی خۆمان بۆ سەرکەوتنی رای خەڵک لە هەر شوێنێک بێ، دەردەبڕین، بەڕێگەچارەی دیموکراسی و ئازادییەکانی، چونکە سەرکەوتنی دیموکراسی و ئازادی لە هەر کوێیەکی دنیادا، بە قازانجی بزووتنەوەی خەڵکی رزگاریخوازی کوردستان دەشکێتەوە.

* زۆرتان باس لە نەوعییەتی کۆنگرەی سێزدە دەکرد، ئاخۆ وردەکارییەکانی کۆنگرە چی بوو، ئاخۆ نەوعییەتی کۆنگرەی سێزدەی پارتی چی بوو؟

– بەڵێ ئەو کۆنگرەیە لە کۆمەڵێ لایەنەوە نەوعی بوو، پێش هەموو شتێک لە شێوازی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە لە سنووری لق و ناوچەکاندا، کادیرە حزبییەکان لەسەر بنەمای عەشیرەتگەری و ناوچەگەری، دەنگیان بەئەندامانی کۆنگرە نەدابوو، ئەمە ئاماژەیەکی زۆر گرینگ بوو کە لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوویی بۆ گفتوگۆکردن لەناو کۆنگرە هەڵبژێردرابوون، ئەمە بەو مانایە نییە ئەوانەی کە هەڵنەبژێردرابوون، لە ئاستی ئەو توانایەدا نەبوون، بەپێچەوانەوە مەبەستەکە ئەوەیە کە ململانێیەکی دیموکراسییانە لەناو ڕێکخستنەکانی پارتی هەبوو بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە، ئەمە

میکانیزمێکی نەوعی بوو، دووەم ئەو گفتوگۆیانەی لەناو لیژنەکانی کۆنگرە کرا، زۆر چڕوپڕ بوون، بەشدارییەکی زۆر چالاکی تێکڕای ئەندامانی کۆنگرەی تێدابوو، چ لەناو لیژنەکان و چ دواتریش لە گفتوگۆکردن لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەکان، هەستت دەکرد ئاگایەکی سیاسیی قووڵ لە پشتی گفتوگۆکردن و رەخنەگرتن و پێشنیازکردنەکانن، بەو ئاراستەیەی کە چۆن بتوانرێ پارتی بەهێزتر بکرێ، پارتی بە گوڕ و توانایەکی باشترەوە بێتەوە ناو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان، بتوانرێ ئەو پەیامانەی هەیەتی، ئەو بەرنامە سیاسییانەی کە هەیەتی، بێنێتە دی. لە روویەکی تری نەوعییەوە، کۆنگرەکە لە کۆبوونەوەیەکی سیاسیی زۆر گەورەی عێراقی و کوردستانی و ناوچەیی و هەرێمیش دەچوو، ئامادەبوونی زۆربەی هەرە زۆری سەفیرەکانی ناو بەغدا وەک نوێنەری وڵاتانی خۆیان لەناو کۆنگرە، ئامادەبوونی سەرکۆمار و سەرۆکی وەزیران و سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و زۆرێ لە وەزیر و نوێنەری هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە، ئەمە بۆ خۆی دیسان پەیامێ بوو بۆ ئەوەی سەنگی پارتی، کە سەنگێکی بەهێزی سیاسییە لە ناوچەکە، حزبێکە دەتوانین بڵێین یەکێکە لە بەهێزترین حزبە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش، جگە لەوانە خاڵێکی تری نەوعیی ئەو شەفافێتییە بوو لە کۆنگرەکەدا، بۆ نموونە وەشانکردنی راستەوخۆی بەشێکی زۆری وتارەکانی جەنابی سەرۆک و کاک نێچیرڤان و ئەو بابەتانەی لەنێو کۆنگرەدا باس دەکران، خاڵێکی تر لە رووی ئیداری و تەکنیکەوە داهێنانێکی باش کرا، کە ئەم کۆنگرەیە لە ڕووی تەکنیکی و ئیدارییەوە، ئامادەسازییەکی زۆر جوان و رێکوپێکی بۆ کرابوو، نموونەیەکت بۆ باس کەم لە رووی تەکنیکییەوە ئەو سیستەمەی لە جیاکردنەوەی دەنگەکان هێنران و بەکار هێنران، زیاد لە هەزار و پێنجسەد کارتی دەنگدان بوو کە بۆ پەنجا و یەک ئەندامی سەرکردایەتی و نۆ ئەندامی یەدەگ بەکار هێنرا، بە کەمتر لە سەعاتێک جیاکردنەوەی بۆ دەنگەکان کرد، ئەمە داهێنانێکی تازە بوو، یەکەم جارە حزبێکی سیاسی بتوانێ ئەم داهێنانە بکات، جگە لەمەش دواجار هەڵبژاردنی

ئەندامانی سەرکردایەتی دیسانەوە لەناو کۆنگرەدا ڕەنگدانەوەیەکی ئیجابیی هەبوو، بەوەی کە کۆمەڵێ هەڤاڵ هەڵبژێرن، پێکەوە هەموومان شان بەشانی یەکتر دەست لەناو دەست، کە نوێنەرایەتیی هەموو چین و توێژەکانی هەرێمی کوردستان، ئێستا لە سەرکردایەتیی پارتیدا هەیە؛ لە رووی تەمەنەوە خەڵکانی زۆر بەئەزموونمان لەناو سەرکردایەتیدا هەیە، خەڵکانی گەنج و خوێنی تازەمان لە سەرکردایەتیدا هەیە، بۆیە پێکەوە ئەم بابەتانە دەتوانن پێمان بڵێن کە نەوعیببوونی کۆنگرەکەی سەلماند.

* لە دوای هەڵبژاردنی هەموو کۆنگرە و ڕێکخراو، تەنانەت سەندیکاکانیش، ئەو کەسانەی کە دەنگ ناهێنن و دەرناچن، گلەیی و گازەندەیەکی زۆر دەکەن لە میدیاکانەوە، هۆکاری بێدەنگیی ئەو کاندیدانەی کۆنگرەی سێزدە کە دەرنەچوون چی بوو؟ ئاخۆ لەم کۆنگرەدا کەموکووڕی نەبوو وا ڕەخنەیان نەبوو لە بەڕێوەبردنی کۆنگرەکە؟

– نەخێر وەک ئینگلیز دەڵێ هیچ شتێ بێ کەموکووڕی نییە، ڕەنگە هەندێ کەموکووڕیی بچووکی تەکنیکی و ئیداری لەملا و لەولا هەبووبێ، نزیکەی ١٤٢ هەڤاڵ خۆی هەڵبژاردبوو بۆ سەرکردایەتی، ٥١ هەڤاڵ دەرچوون، دیموکراسییەتیش ئەمەیە، مەرج نییە هەموو ئەو برادەرانەی کە دەرنەچوون کادیری باش نەبووبن، ئەوانەشی کە دەرچوون بەمنیشەوە کادیری باش بووبین. هەموو پارتییەکان شانازی بەوەوە دەکەین کە ڕێبازی بارزانی مەرجەعی فیکریی ئێمەیە، پێوەستبوونی ئێمە بەبڕیارەکانی حزبەوە، بە سیاسەتی حزبەوە، بەو مەرکەزیەتەی لەناو حزب هەیە، ئێمە بەشانازییەوە باسی دەکەین و کولتووری پەروەردەبوونی ئەندامانی پارتی ئەوە بووە، کە بۆ پۆست و پلە و پایە کاری پارتایەتی نەکەن، چونکە لەلای ئێمە پارتایەتی کوردایەتییە، لە ڕێبازی بارزانیی نەمرەوە ئەوە فێر بووین، کە پارتی دیموکراتی کوردستان، هیچ کاتێ سیاسەت و شۆڕش و کوردایەتیی لە

پێناوی ئەوەدا نەکردووە، دەسەڵات وەربگرێ، ئێمە ویستوومانە متمانەی خەڵکی کوردستانمان هەبێ و نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان بکەین، کە هەموو ئاوات و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان بێنێتە دی، ئەمە بۆ ئێمە بناغە بوو نەک ئەوەی کە هەڤاڵێک چی پلە و پۆست و پایەیەکی هەبێت، بۆیە دەبینین هەموو ئەو هەڤالانەی کە بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردنیان کرد بۆ سەرکردایەتی، ئەوانەی دەرچوون و ئەوانەی دەریش نەچوون، پێکەوە دەست لەملانەی یەکتر بوون، کۆنگرەکەیان بەسەرکەوتوویی کۆتا هێنا.

* لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا دەیان جار لە میدیا و ڕاگەیاندنەکانەوە بەتایبەتی لە رۆژنامە و کۆوار و هەندێ جار لە رادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانیشدا باس لە جۆرە ناکۆکییەک و ململانێیەکی سیاسی لەنێو بنەماڵەی بارزانیدا هەیە، وەڵامی تۆ چییە بۆ ئەو دەنگۆیانە؟

– بێگومان پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبێکی زۆر گەورەیە، زیاتر لە نیو ملیۆن کەس لە هەڵبژاردنی لێژنە ناوچەکان و لقەکان بۆ دیاریکردنی ئەندامانی کۆنگرە دەنگیان داوە، بێگومان هەموو ئەندامانی پارتی وەک یەک بیر ناکەنەوە، بیروباوەڕی جیاوازیش لەنێو پارتیدا هەیە، بەڵام بیروباوەڕە جیاوازەکان لەسەر ئەوەی کە چۆن پارتی بەهێزتر بکرێت، چۆن مەرجەعیەتی ماڵی بارزانی بەهێزتر بکرێ، بەڵام ئەوەی هەندێ خەڵکی نەیار یان هەندێک خەڵکی داخ لە دڵ ئاواتی بۆ دەخوازن، دێن ئەم ئاواتخواستنەی خۆیان لە چوارچێوەی هەندێک بەداخەوە هەواڵی رۆژنامەنووسی بێ یان جۆرە شیکردنەوەیەکی سیاسییانە بێ، ئەمە بۆ خۆی بچووکیی ئاستی تێگەیشتنی ئەو مرۆڤانەمان پیشان دەدات، ئەوان گەر بگەڕێنەوە بۆ مێژوو وەکو جەنابی سەرۆک لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێ دا، ماڵی بارزان ماڵێکی گەورەیە، ئێستا زیاد لە هەزار کەس دەبن، بەڵام هەم وتارەکەی کاک نێچیرڤان بارزانی و

سەرۆک مەسعوود بارزانی وەڵامێکی دەمشکێن بوو بۆ هەموو ئەوانەی بەئاواتەوەن ئەو کێشە ناوەخۆییانەی لە شوێنانی تر هەن، لەنێو پارتیدا بیدۆزنەوە.

* لە دوای بوونتان بە ئەندامی سەرکردایەتی جۆرە جووڵە و چالاکییەکی جۆرەوجۆرت تێدا دەبینرێ لەملا و ئەولا بۆ بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار، ئەمە لە سایەی ئەو بەڵێن و وتانەتان بوو کە دەتانگوت پارتی پێویستی بەخوێنی تازەیە و دەتانەوێ ئەو خوێنە تازەیە و تواناتان بەکردار بسەلمێنن؟

– سەردانی من بۆ ناوچەی هەورامان بە فەرمانی سەرۆک بارزانی بوو نەک دەستپێشخەریی من بووبێ وەک هێمن، جەنابی سەرۆک ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆری بۆ ڕۆڵی خانەقای بیارە هەیە، سەبارەت بە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی تریش، ئێمە سەرکردایەتی لەوەدا دەبینینەوە چەندێ نزیک بین لە خەڵکی خۆمان، چەندێ دەتوانین گفتوگۆ لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا بکەین، چەندێ دابەزینە ناو جەماوەر، چەندێک نزیک بین لە هەڤاڵان، چەندێ گوێ بگرین لە تاک بەتاکی خەڵکی کوردستان، ئاڵوگۆڕی بیروڕای سیاسییان لەگەڵدا بکەین، گوێ لە ڕەخنە و پێشنیازەکانیان بگرین، ئەرکی سەرکردایەتیبوون ئەوەیە کە لە هاووڵاتییانی خۆمان نزیک بین، ئەرکی سەرکردایەتییە کە تێکەڵی خەڵکی کوردستان بێ، گوێ لە ڕەخنە و بیر و بۆچوونەکانیان بگرین و بۆ سەرکردایەتیی خۆمانی بگوازینەوە تا لە وەرگرتنی بڕیارە سیاسییەکانی خۆماندا، ڕەنگدانەوەی بیر و بۆچوونی جەماوەر و چین و توێژە جیاجیاکانی خەڵکی کوردستانی تێدا بێ.

* لە دوای شەڕی ناوەخۆوە، پارتی لە سلێمانی و دەوروبەری بەغیاب دەبینرێ وەکو پێویست ئەرکەکانی جێبەجێ نەکردووە، لەبەرئەوەی سنووری دەسەڵاتی ئەو نەبووە، نەیتوانیوە هەم پڕۆژە

خزمەتگوزاری و هەم سەردانی کۆمەڵایەتی و تەنانەت کۆڕی فیکری و رۆشنبیری و سیاسیشی وەکو پێویست جێبەجێ بکات، بەڕای تۆ چی بکرێ لەو سنوورە بۆ زیندووکردنەوەی پارتی و گەڕانەوەی جەماوەر بۆ لای خۆی؟

– جارێ ئێمە باوەڕمان بەوە نییە دەنگەکانی پارتی مردبێت، تا پێویستییان بەزیندووکردنەوە هەبێت، ئێمە بۆ هیچ بستێکی خاکی کوردستان، ئەو مافە بە کەس نادەین بڵێت ئەم ناوچەیە نابێت ناوچەی چالاکیی پارتی بێت، لە زاخۆوە تا خانەقین و هەر شوێنێکی خاکی کوردستان، بە ناوچەی چالاکیی پارتی دیموکراتی کوردستانی دەزانین، بەڵام با ئێمە ڕاستگۆ بین بەداخەوە شەڕێکی نەگریسی ناوخۆ تووشمان بوو، چارەسەرکردنی هەموو برینەکان کارێکی ئاسان نەبووە، بەسوپاسەوە ئێستا ئێمە ڕێککەوتنێکی ستراتیجیمان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەیە، ئێستا هەموو ئیداراتی حکومەتی هەرێم تا ئاستێکی زۆر یەکیان گرتووەتەوە، بۆیە هەندێ کەموکووڕیی ئیداری لەو سنوورەدا هەیە، دەبێ ئەوانەی دەسەڵاتی ئیدارییان لەو سنوورەدا بەدەستە، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، دەبێ ڕۆحیەتی ڕێککەوتنی ستراتیجی دابەزێتە خوارەوە، نەک تەنیا لەسەر ئاستی سەرکردایەتیدا بمێنێتەوە، دڵنیاین لای ئێمە و یەکێتیش ئەو متمانەیە بەیەکتری هەیە، کە بتوانین هەنگاوی جیدیتر بۆ شۆڕبوونەوەی ڕۆحی ڕێککەوتنی ستراتیجی بۆ ئاستی ڕێکخستنەکان و ئیدارات بنێین، بەڵام لە ڕووی ئەوەوە پارتی بۆ پڕۆژە ناکات، پارتی جارێ وەکو حزب ناتوانێت بەدیلی ئیدارات بێت، پڕۆژەی ئیداریی هەبێت، بەڵام لە ڕووی کاری جەماوەرییەوە، لە ڕووی گێڕانی کۆڕ و سیمینار و نزیکبوونەوە لە خەڵک و گوێبیستبوون لە داخوازییەکانی خەڵک، ئەگەر نەمانکردبێ تا ئێستا ئەوە کەموکوڕییەکە لە ئێمەدا بووە نەک لەوەی کە خەڵکێک ڕێگر بووبێ.

* ئێوە هەموو کات پارتی دیموکراتی کوردستانتان وەک پارتی

دایک ناساندووه، سلێمانیش وەکو ڕۆڵەیەکی ئەو دایکە بەمەڵبەندی ڕۆشنبیری ناسراوە، ئێستا نەیاران هەوڵ دەدەن ئەو مەڵبەندی ڕۆشنبیرییە بکەن بەمەڵبەندی ئاژاوەگێڕی، ئێوە وەکو سەرکردایەتیی پارتی چی چارەسەرێکتان لایە تا سلێمانی لەو پیلانە ڕزگار بکەن؟

– ئێمە وا سەیری ململانێی سیاسی ناکەین، هەر لایەنێک ویستی بە ئاراستەیەکی توندتر ململانێی سیاسی بکا بەرەو ئاژاوەگێڕی بڕوات، سلێمانی شارێکی پێشکەوتووی هەرێمی کوردستانە، بۆیە هەموومان شانازی بە شاری سلێمانییەوە دەکەین، من ئەوەندە دەڵێم دەبێت ململانێ سیاسییەکان لە چوارچێوەی گەمەی دیموکراسیدا بێت، دەبێ ڕێزی یاساکانی ئەم گەمەیەی تێدابێ، ئێمە دەمانەوێ ململانێیەکی سیاسیی ڕێکوپێک، لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانە بکەین کە، لە خەیاڵدانی خۆیاندا پێیان وایە، ڕەنگە بتوانن لە ئێمە زیاتر خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەن، هەر ململانێیەکی سیاسی لە چوارچێوەی گەمەی یاسایی و گەمەی دەستووریدا بێت، بەپێی یاسا و دەستووری هەرێمی کوردستان بێ، ئێمە پێشوازیی لێ دەکەین، ئامادەین گفتوگۆی لەگەڵدا بکەین گەر بیەوێ ئەو گفتوگۆیە بکات، بەڵام هەر لایەنێکی تر، هەر کەسێکی تر لەژێر ناوی هەر لایەنێکدا بێت، بیەوێ ئەم ململانێ سیاسییە بۆ توندوتیژی و فەوزا دروستکردن بەرێت، ئەوە لە کوردستان یاسا هەیە، وەک چۆن لە فوتبۆڵدا کارتی سوور و زەرد هەیە، لە گەمەی دیموکراسیشدا کارتی سوور و زەرد هەیە، ئێمە ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆرمان بۆ هەموو ئەو جەماوەرە خۆشەویستەی سلێمانی و دەوروبەری هەیە، کە دەنگیان بە ئێمە نەداوە، ئێمە لە داواکارییەکانی ئەوان تێ دەگەین، ڕەنگە کەموکورتییەکی ئیداری و ناعەدالەتییەک لێرە و لەوێ، بووبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان لە ئێمە زویر بن، دەنگیان بە ئێمە نەدابێ، ئێمە پێیان دەڵێین ڕێز و خۆشەویستیمان بۆتان هەیە، لە داواکارییەکانیشتان تێ دەگەین، پێشتان دەڵێین ئێمە دەتوانین بەرنامەی چاکسازی پێشکێش بکەین،

ئێمە هەڵگری بەرنامەی چاکسازیین، نەک خەڵکی تر، ئێوەش دەنگتان بەلایەنی تر نەداوە، تا داوای هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سیاسی و پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان بکات، بۆیە ئێمە بەچاوی ڕێزەوە سەیری داواکارییەکانی ئێوە دەکەین، ئێمە ئەگەر ڕەخنەیەکیشمان هەبێت، لە ئێوەمان نییە، لەو کەسانەمان هەیە کە هاتوون سواری شەپۆلی ناڕەزاییەکانی ئێوە بوون، بۆ قۆستنەوەی سیاسی دێن، جووڵەی جەماوەری ئێوە دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی هەندێک سیاسەت و ڕق وکینەی شەخسیی خۆیان بەرامبەر بە لایەنەکانی دەسەڵات بڕێژن، لەبەر ئەوە نە خەڵکی کوردستان و نە شاری سلێمانی و نە یاسا و ڕێساکانی هەرێمی کوردستان، ڕێگە بەوە دەدەن، هیچ هێز و لایەنێک باری سەقامگیریی هەرێمی کوردستان تێک بدات، یان بەرەو ئاژاوەگێڕی و فەوزا دروستکردنی بەرێ.

* دەرکردنی بەیاننامەکەی گۆڕان لە ئان و ساتێکی نەگونجاودا، کە ڕەنگدانەوەیەکی ناڕەزای پارتە سیاسییەکان و جەماوەری کوردستانی لێ کەوتەوە، کە داوای هەڵوەشاندنەوەی هەرسێ سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان دەکات، هۆکاری دەرکردنی ئەو بەیاننامەیە لە ئێستادا بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

– دیسان دەڵێم ئێمە هەموو جەماوەری گۆڕان لە دەرکردنی ئەو بەیاننامەیە بە بەرپرس نازانین، ئێمە ئەو بەیاننامەیە بەوە دەزانین کە لە حەلقەیەکی بچووکی هەندێک خەڵکی ناو گۆڕان دەرچووە، ڕەنگە بە ئاگاداریی زۆرێک لە هەڵسووڕاوە دیارەکانیان و کوتلەی پەرلەمانییان و ئەوانیش نەبووبێ، لە ڕووی کاتەوە دەیانویست لاساییی ڕووداوەکانی میسر و تونس بکەنەوە، پێیان وابوو کوردستانیش میسر و تونسە، بەڵام ئەو بەیاننامەیە هێندەی بۆ دروستکردنی تەنگژەیەکی سیاسی بوو لە کوردستان بۆ ئەوەی تەنگژە ناوەخۆییەکانی بەشێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕانی پێ بشارنەوە،

شتێکی تری ئەوتۆ نەبوو، ئەوان دەیانتوانی ئەو خاڵانەی یەکەم تا پێنجەمیش باس بکەن، بەڵام داوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان نەکەن، دەیانتوانی داوای دەست لەکارکێشانەوەی حکوومەت بکەن، چونکە ئەمەش بەشێکە لە ململانێی سیاسی لە چوارچێوەی گەمە دیموکراسییەکەی کە باسم کرد، لە گەمەی دیموکراسیدا دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لە ململانێی بەردەوامدان، بۆیە کە دەگوترێ کەسێک نەیارتە بەرامبەرت رادەوەستێ نایەوێ تۆ ببی، دەیەوێ خۆی ببێت، ئەمە زۆر ئاساییە، ململانێیەکی زۆر سروشتییە، کۆمەڵگە بەمە پێش دەکەوێ، بەڵام ئەوان داوای هەڵوەشاندنەوەی کۆی سیستەمەکە بکەن، ئەمە جێگەی پرسیارە لەسەر نیەتی ئەوان، دەرکردنی ئەو بەیاننامەیە بۆ شاردنەوەی شکستە ناوەخۆییەکانی خۆیان بوو، ئەو بەڵێنانەی نەیانتوانی بیهێننە دی، کە پێش هەڵبژاردنەکان دەیانگوت ئێمە زۆرینە بەدەست دێنین و حکوومەت پێک دێنین، بەڵێنی پلە و پارە و بەرزکردنەوەی مووچەیان کردبوو بۆ خەڵک، کە نەیانتوانی بەڵێنەکەیان بەسەربەرن، دوایی بەتەنیا لیستی فراکسیۆنی کوردستانییان بەجێ هێشت، بەتەنیا چوونە مفاوەزات لە بەغدا، لەوێش شکستیان هێنا، نەیانتوانی بەشێک بن لە کرداری سیاسی و پۆست بەدەست بێنن، لە هەڵبژاردنی یەکەتیی مامۆستایان و کارمەندانی تەندروستی و ئەندازیارانی کشتوکاڵیش دەنگەکانی گۆڕانمان بینی، کە چۆن لە دابەزیندا بوون، بۆیە تاک کەوتن و لە رووی دەروونییەوە پاڵەپەستۆیەکی بۆ خستنەوە، بەدروستکردنی ئەزمەیەک رای خەڵکی کوردستان و رای گشتیی لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەو ئەزمەیە بەرن و شکستە ناوەخۆییەکانی خۆیانی پێ بشارنەوە.

* هەموو کێشە و دژایەتی و ناکۆکییەک چارەسەرەکەی بەگفتوگۆ و دیالۆگ و دانیشتن دەبێت، هۆکاری رازینەبوون بەدانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵ گۆڕاندا دەگەڕێتەوە بۆ چی؟

– حەز دەکەم ئەو پرسیارە لەوان بکەیت، بەشێک لەوان، ناڵێم هەموویان

هیوادارم بگەڕێنەوە سەر بەئاگابوونی سیاسی، بەوەی ئێمە هەموومان رۆڵەی میللەتێکین، چ بزووتنەوەی گۆڕان چ ئێمە چ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، هەموومان کوڕی هەرێمی کوردستانین، نە لە ئاسمانەوە داباریوین و نە لە زەویشەوە هەڵتۆقیوین، دوای دەیان ململانێی سیاسی دیسان هەموومان هەر لە کوردستان دەمێنینەوە، بۆیە جگە لە ڕێی گفتوگۆ و دانیشتن و ململانێیەکی سیاسیی ئارامەوە بڕوا ناکەم هیچ ڕێگەیەکی ئاقڵانەی تر هەبێ.

* دوای بەستنی کۆنگرەی سێزدەی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەرچوونی بەرەنجامەکان، چیتان پێیە بۆ خەڵکان و کەوادیر و جەماوەری خۆتان لە سنووری سلێمانی و دەوروبەری پێشکێشیان بکەن؟

– من دەگەڕێمەوە بۆ لێدوانێکی کاک نێچیرڤان بارزانی، بەوەی کە رەنگە میکانیزمی ئیشی ئێمە لە سنووری پارێزگەی سلێمانی، میکانیزمێکی سەرکەوتوو نەبووبێ، بۆیە ئێمە هێشتا لە قۆناغی دیراسەتکردنین، خاڵە لاوازەکانی خۆمان دەستنیشان بکەین، زۆر بەجورئەتەوە بەدانان بەوەی کە گرفتێک نیوەی چارەسەرەکەیە، ئێمە دان بەوەدا دەنێین کە گرفتێکمان هەیە، رەنگە گرفتەکەش لە میکانیزمی ئیشکردندا بووبێت، بۆیە ئێمە لە قۆناغی ئەوەداین، کە چۆن بەرەنجامی کۆنگرەی سێزدە لە هەموو کوردستاندا، رەنگ بداتەوە بە سلێمانیشەوە.

* هەرچییەک بۆ شەهیدان بکرێت ناگاتە بری دڵۆپێک خوێنی ڕژاویان بۆ کوردستان، شەهیدانی سنووری سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان گلەیی و گازەندەیەکی زۆریان هەیە، کە لە هەموو مافێکی یەکەی نیشتەجێبوون و زەوی تا ئێستا سوودمەند نەبوون، بە چی پاداشتیان دەدەنەوە؟

– ئێمە با تۆزێک ڕاستبین بین، ڕەنگە گرفتە ئیدارییەکانی سنووری پارێزگەی سلێمانی و مانەوەی بەشێک لە دوو ئیدارەیی لە هەندێک ناوەند، دانەبەزینی رۆحی رێککەوتننامەی ستراتیجی بۆ هەموو ناوەندەکان، ئەمانە بەشێک بوون لە هۆکارەکان، نەک هەمووی، بەڵام ئێمە بەدڵنیاییەوە ئەو هەڵوێستانەمان زۆر بەگرینگی باس کردووە، وەکو جەنابت ئاماژەت پێ کرد هەرچییەک بکەین ئێمە ناتوانین پاداشتی دڵۆپە خوێنێکی شەهیدێکی قارەمانی خۆمان بدەینەوە، بەڵام هەوڵ دەدەین ئەوەی لە توانای پارتیدا بێت بیکەین، چونکە ئێمە هیچ کاتێک ئاسوودە نابین ئەگەر خانەوادەیەکی شەهید بەبێ خانوو یان بێ پاداشت بێت.

* پێوەندیی ئێستای سەرکردایەتیی کورد لە چی ئاستێکدا دەبینیت؟

– لە ئاستێکی باشدایە، پێوەندییەکە بە پێوەندییەکی ئیجابی دەزانین چونکە هەرێمی کوردستان قورساییەکی سیاسیی خۆی هەیە، ئەو دەستپێشخەرییەی سەرۆکی هەرێم بەپێکهێنانی حکوومەتی عێراق و هێنانی هەموو لایەنەکان بۆ سەر مێزی گفتوگۆ، دیسان هێندەی تر وەزنی سیاسیی هەرێمی کوردستانی پەرە پێ داوە، ئێستا گەر سەیری وەزعی هەولێر بکەیت، ئێمە نۆزدە کونسوڵگەمان لەناو شاری هەولێر هەیە، ئەمەریکاش ئەمساڵ کونسوڵییە لە هەولێر دەکاتەوە، وەفدێکی دیپلۆماسیی زۆر کەم کە بێنە بەغدا، دێنە هەولێریش هەتا دواین لێدوانی وەزیری دەرەوەی ئیمارات کە هاتە هەولێر گوتی سەردانی من بۆ بەغدا بەبێ هەولێر سەردانێکی ناتەواو دەبوو، ئەمە بۆ خۆی مانای ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان پێوەندییەکی باشی لەگەڵ دەرەوەدا هەیە.

## ئالۆزییێن کوردستانێ
## بەرنامێ نووبوونێ  د ناڤ پارتیدا گیرووکر

د هەڤپەیڤینەکێدا ل گەل رۆژنامەیا ئەڤرۆ ژمارە (٧١١) رێکەفتا (٢٠١١/٥/٢٩) ئەندامێ جڤاتا سەرکردایەتییا پارتییا دیموکراتا کوردستانێ هێمن هەورامی بەحسێ بەرنامێ پارتی بۆ نبوونەڤێ و گەنجان د کەت و بەرسڤێ ل سەر چەند پسیارێن رۆژنامەیا ئەڤرۆ ل دور رەوشا کوردستانێ و چاکسازییان د دەت. ئەڤ هەڤپەیڤینە ل رێکا پەیامنێر و نڤیسکار (ڤەگێر سەعدولا) هاتە کرن.

* ئالۆزیێن ل سلێمانیێ دروست بووین، ب رەنگەکی ژ رەنگان کاریگەرییەکا نێگەتیڤ ل سەر پەیوەندیێن پارتی و ئێکەتیێ دروست کریە؟

– رووداێن سلێمانیێ د چاڤەرێکری نەبوون و ب مخابنی ڤە ژ ئەنجامێ خراب خواندنا هاوکێشا سیاسییا دەڤەرێ برادەرێن ئۆپۆزسیۆنێ هندەک حساباتێت خەلەت هەبوون کو بشێن گوهرینێن هندەک دەڤەرێن دی یێن رۆژهەلاتا ناڤین ل کوردستانێ کوپی کەن بگەهنە هندەک ئارمانجێن خو یێن سیاسی، ب باوەرا مە نوکە ئەو قوناغ یا دەرباز بووی و ب سەرکەفتیانە هەموو ئالی و ب تایبەتی برادەرێن ئۆپۆزسیۆنێ باش د هندێ گەهشتن کو ب رێکا توندوتیژیێ نەشێن دانوستاندنەکا باش و مودێرن ل سەر ناکوکیێن سیاسی ل کوردستانێ د گەل دەستهەلاتێ بکەن و ل دور کاریگەرییا وی بارودوخی ل سەر پەیوەندیێن پارتی و ئێکەتیێ ب باوەرا من چ کاریگەری نەکریە.

* دانوستاندن د ناڤبەرا پارتێن ئۆپۆزسیۆنێ و دەستهەلاتێدا گیروو بوون، ئاخۆ خالا لاواز ل کیرێیە یان بێژین ئەگەر چ نە کو ئەڤ دانوستاندنە گیروو بن؟

– ل دەستپێکا رووداتان و بەری رووداتان ژی هەموو دەمان مە وەکو پارتیا دیموکراتا کوردستانێ و وەکو ئالیێ سەرکەفتی د هەلبژاردناندا دیالۆگ رەت نەکریە و چ دەمان ل سەر ملێن مە نەبوویە کو بێژن دیالوگ یا گیروو بووی و زێدەتر برادەرێن ئۆپۆزسیۆنێ ئەگەر بوون دیالۆگ پاش بکەڤیت، ژبەرکو مە هەموو دەمان یێ گوتی ئەم د ئامادەینە بۆ دیالۆگێ و مە مەرج نینن، لێ ئەم مەرجێن پێشوەخت ژی ژ ئۆپۆزسیۆنێ قەبوول ناکەین.

* گەلەک بەحسێ چاکسازیێ هاتە کرن و بۆ خەلکی بێزار بوون دروست بوو، ئاخۆ تو نابینی کو پێنگاڤێن بەر ب چاکسازیێ د هێنە هاڤێتن گەلەک د کێمن و بلەز ناهێنە هاڤێتن؟

– بابەتێ چاکسازیێ پروسەیەکا بەردەوامە و وەسا نینە کو تو بێژی دێ دەمەکێ دەستپێ کەم و دەمەکێ دەستا ژێ بەردەم و دەمەکێ دی دەستپێ کەمەڤە، دیتنا مە وەکو پارتی بۆ چاکسازیێ ئەوە کو چاکسازی ب بلندکرنا دروشمان ناهێتە کرن، چاکسازیی ب نەفەسکا هێمنانە و هەبوونا ئاشتییا کومەلایەتی و دیالۆگێ د ناڤ کومەلگەهێدا د هێتە کرن، پرۆسەیا چاکسازیێ ل کوردستانێ ئیرادەیا سیاسی د ڤێت، گەلو ل کوردستانێ ئیرادا سیاسی بۆ بجهئینانا چاکسازیێ هەیە یان نە، ئەز د بێژم یا هەی، ژبەرکو چاکسازی پشکەک بوو ژ بەرنامێ سەرۆکی یێ هەلبژاردنان بۆ سەرۆکاتییا هەرێمێ و پشکەک بوو ژ پرۆگرامەکێ بەردەوامێ سەرۆکێ هەرێمێ بۆ سەرۆکاتییا هەرێما کوردستانێ و بەری رووداتێن تونس و مسرێ ژی جەنابێ سەرۆکێ هەرێمێ داخواز ژ هەموو ئالیێن سیاسی کر کو ب نڤیسین هاریکار بن و پشکداریێ بکەن کا چ تشت پێدڤی نە بۆ چاکسازیێ ل هەرێما کوردستانێ،

ژبەرکو ل کوردستانێ چاکسازی ب پارتی و ئێکەتیێ ب تنێ ناهێته کرن و ب پارتی و ئێکەتیێ و ئۆپۆزسیۆنێ ژی ناهێته کرن، بەلکو ئەڤە پروسەیەکا نیشتیمانییە د ڤێت هەموو کەس تێدا پشکدار بن. ژ بلی ئیرادا سیاسی پرۆسەیا چاکسازیێ دەستنیشانکرنا ژێدەرێن کێم و کاسیان د ڤێت و نوکە مەزنترین کێماسی د وەلاتێ مەدا پەیکەرێ ئیداری و گەهاندنا خزمەتگوزارییانە کو خەلکی گازندە ژێ هەبن، یا سێیێ ژی چاکسازیکرنێ پێدڤی یا ب هندێ هەی هندەک یاسایێن نوو دەر بکەڤن و هندەک یاسا ژی بهێنە هەموار کرن، بۆ نموونە یاسایا دەستەیا نەزاهێ ل کوردستانێ یا دەرکەفتی و نوکە پێدڤیە دەستەیا نەزاهێ بهێتە دروستکرن، یا دوویێ ژی کاراکرنا دیوانا چاڤدێرییا دارایی ل کوردستانێ، دیوانا چاڤدێریا دارایی دەمەکێ دێ هێتە کاراکرن کو یاسایا وێ بهێتە هەموار کرن، ژ بەر کو ئەو یاسایا ئەو ل سەر کار د کەن بۆ سزادانا فەرمانبەرەکێ دەولەتێ یا سالا ١٩٤١و ئەو نەشێن فەرمانبەرەکێ سزا بدەن هەتا رازیبوونا وەزیری وەرنەگرن، دیسان مە ل کوردستانێ پێدڤییا ب یاسایا کەسبا نەیا مەشروع هەی هەتا کو حکوومەت یان دەولەت ب یاسایێ ماف هەبیت بێژیتە کەسەکێ وەرە تە د ماوێ سالەکێ یان دوو سالان دا دو ملیون دولار چەوان پەیدا کرن، ئەڤە ژی ب رۆژەکێ و حەفتییەکێ و هەیڤەکێ ناهێتە کرن، لەومان هەکە پروسەیا چاکسازیێ ل دروشمان و ژ موزایدێن سیاسی دوور بێخین، چاکسازیێ پێدڤی یا دەمی و ئیرادێ و یاسایان هەیی.

* د هاتە گوتن بەری روودانێن سلێمانیێ پەیوەندیێن پارتی د گەل ئێکگرتوویا ئیسلامی تا رادەیەکی د باش بوون، لێ پشتی ڤان رووداناں پەیوەندیێن پارتی ل گەل ئێکگرتوو د چ ئاستدانە؟

– ئەم ل پارتی دیموکراتیی کوردستان هەموو دەمان خوازیارین هەبوونا پەیوەندیێن باش بووین د گەل هەموو هێز و ئالیاندا و چ دەمان مە نەڤیایە ئەم دەستپێشخەر بین کو ئەڤ پەیوەندییە د باش نەبن، بەلکو هەموو دەمان

خوازیارین پەیوەندیێن باشین و ئەڤە ستراتیجا راستەقینەیا پارتییە، لێ ب راستی بۆ مە نەیا چاڤەرێکری بوو کو ئێکگرتوویا ئیسلامی کەفتە د بازنەیەکێ هەڤرکییدا کو ئەوان ب خۆ حساباتێن تەمام بۆ نەکر بوون، ژبەرکو ئەم و ئێکگرتوویا ئیسلامی و کومەلا ئیسلامی ل سەر گەلەک پرسان د رێککەفتی بووین و هەتا نها ژی ئەو ئەندامن د هەڤالبەندا فراکسیۆنێن کوردستانیدا، مە چاڤەرێ د کر هەکە وان بەرنامەیەک هەیە د چارچوڤێ پروسەیا دیموکراسیدا ل پەرلەمانێ کوردستانێ بێژن، نەک بهێن ل دووڤ هندەک حساباتێن خەلەتێن هندەک ئالیێن دی یێن ئۆپۆزسیۆنێ بکەڤن.

* د پرۆگرامێ خۆ یێ نوودا پارتی گەلەک تەکەستێ ل سەر گەنجان دکەت، چ بەرنامە بۆ خزمەتکرنا گەنجان ل بەر دەستە؟

– مە وەکو پارتیا دیموکراتا کوردستانێ هەموو دەمان دیتنەکا راستەقینە یا بۆ کومەلگەهێ خۆ هەبووی، نها ب باوەرا مە گەنجان رۆلەکێ کاریگەر یێ د کومەلگەهێ مەدا هەی و ل دووڤ هندەک ئامارێن نەتەوەیێن ئێکگرتی نێزیکی ٦٨٪ ژ ئاکنجییێن هەرێمێ ژییێ وان د بن ٣٠ سالییێدایە، ئانکو رێژەیەکا زور د کومەلگەهێ مەدا گەنجن، لەومان پێدڤیە پشکداریا سیاسی یا گەنجان یا دیار بیت د بریارێن سیاسی و ژیانا حزبایەتی و سیاسییا هەرێما کوردستانێدا، مافێ گەنجانە کو دەستێ وی بگەهیتە خواندنێ و پشتی خواندنێ ژی دەلیڤا کاری بۆ بهێتە پەیداکرن و ب ژیانەکا شەرەفمەندانە بژیت و بشێت پاشەرۆژا خو ل سەر ئاڤا بکەت، ئەڤەیە دیتنا مە کۆ ژ روویێ پشکدارییا سیاسی و ئیداری و بەخشینا ئومێدەکا باشتر بۆ نها و پاشەرۆژا گەنجان مە وەکو پارتی رۆل تێدا هەبیت، پەیاما مە ژی ل کونگرەی هەر ئەڤە بوو و هەکە تو بەرێخو بدەیە هەلبژاردنا سەرکردایەتییا پارتی رێژا ژیی د ناڤ سەرکردایەتیا پارتیدا ٥٠ سالە ئانکو ٥٠ سال ژییەکێ ناڤینە کو هەم بسپورە و هەم گەنجە ژی، لێ د ناڤ پارتیدا ناهێتە گوتن ئەڤە گرووپەک گەنجن و گرووپێ دینە، ئەم هەموو ئێک دەنگین و تەمامکەرێن ئێک

ڕێبازین ئەڤێن ژیێ وان ل مە مەزنتر خەلکێ پسپوڕن و ماموستایێن مەنە و ژیێ خو یێ گەنجایەتی یێ بۆ ڤێ حزبێ تەرخان کری و ب پسپوڕییا وان ل گەل هێزا گەنجان مە د ڤێت پارتی بکەینە ئەو ئامراز کو خزمەتا نها و پاشەڕۆژا خەلکێ کوردستانێ پێ بکەین.

* د هێتە گوتن کو ڕێژەیەکا باش ژ گەنجان چوونە د ناڤ جڤاتا سەرکردایەتییا پارتیدا، لێ ل مەکتەبا سیاسی گەنج کێم دەرکەفتن و پتریا وان هەر یێن بەرێ بوون هاتنە هەلبژارتن؟

– نەخێر بابەت ب وی ڕەنگی نینە، ژبەرکو د ناڤ پارتیدا هەڤڕکییا جیلان نینە، ئەم د بێژین ئەم هەموو ئێک دەستین چ ئەڤێن ب ژیێ ڤە ل مە مەزنتر و چ ژی ئەم وەکو جیلێ گەنج و بابەت ئەو نینە ل مەکتەبا سیاسی بی یان ل جڤاتا سەرکردایەتیێ بی د ناڤ پارتیدا هەموو برادەرێن سەرکردایەتیێ پشکدارن د دانا بوچوونێ و دروستکرنا بۆچوونێ و بڕیارێدا و ئەز وەسا نابینم کو گەنج نەچنە د ناڤ مەکتەبا سیاسیدا، بەلکو بەروڤاژی د ناڤ مەکتەبا سیاسیدا برادەرێن گەنج یێن هەین.

* ئێک ژ دروشمێن پارتی د کونگرێ سێزدێدا نووبوون بوو، د شەش هەیڤێن بوریدا چ بەرنامە کەفتیە کاری بۆ نووبوونێ د ناڤ پارتیدا؟

– ئێک ژ بنەمایێن نووبوونێ د ناڤ پارتیدا نامەرکەزیبوونا دەستهەلاتا ڕێکخستنێ و دەستهەلاتا سیاسییە د ناڤ پارتیدا، بۆ نموونە دروستکرنا جڤاتا سەرکردایەتییا پارێزگەهان و کوم نەکرنا هەموو دەستهەلاتان د دەستێ سەرکردایەتییا مەکتەبا سیاسیدا وەکو ڕەنگەکێیە ژ نوویبوونەڤێ د ناڤ پارتیدا، لێ ب مخابنی ڤە ئەم د سەروبەندێ بجهئینانا بەرنامێ نوویبوونەڤێدا بووین، بارودوخێ کوردستانێ بەر ب ئاقارەکی بر، لەومان

ئەولەوییەتا مە ل هەیڤێن بوری بۆ پاراستنا جێگیرییا هەرێما كوردستانێ و رێگرتن بۆ ژ هندێ كو نەهێلین كوردستان بەر ب ئاقارەكێ ئالۆز بچیت، ب ئانەهیا خودێ د دەلیڤەیەكا نێزیكدا پشكەك ژ بەرنامێن نیبوونەڤێ ژ روویێ كرداری ڤە دێ دروست بن.

* پارتی چەوان شیایە هەڤسەنگییەكێ د پەیوەندیێن خودا د گەل (ب د پ) ل باكورێ كوردستانێ و حكوومەتا ئەردوگانیدا دروست بكەت؟

– بابەتێ پەیوەندیێ ل گەل (ب د پ) ب تایبەتی نینە بەلكو دیتنا مە یە بۆ چەوانییا چارەسەركرنا پرسا كوردی ل توركیا و نها هەموو ئالی یێن گەهشتینە وێ باوەریێ كو هەبوونا رۆلێ كوردان ل توركیا ناهێتە ئینكار كرن و پەیوەندیێن مە ل سەر بنیاتێ رێزگرتنێنە و پەیوەندیێن حكوومەتا هەرێمێ و توركیا پەیوەندیێن باشن و ل سەر بنیاتێ بەرژەوەندیێن هەڤپشكن و ئەم ب وێ سیاسەتا ڤەكریا ئاك پارتی و ب تایبەتی سەروک وەزیری بەرامبەر پراسا كوردی ل توركیا و بەرامبەر ب پێشڤەبرنا پەیوەندییان د گەل حكوومەتا هەرێما كوردستانێ و عیراقێ گەلەک ب بلند د نرخینین و ئەم ب چاڤێ رێزێ و ستایشەكا زور ڤە بەرێخو د دەینە ڤێ رۆلێ ئەردوگانی وەكو سەروک وەزیر و ب باوەرا مە سەركەفتنا مەنتقێ دیموكراسیێ و دیالۆگا ئاشتییانە د ناڤ پێكهاتێن توركیادا و نوێنەراتیكرنا كوردان د چارچوڤێ پرۆسەیەكا دیموكراسیدا ل توركیا د بەرژەوەندییا توركیا ب خودایە لەومان هەر لڤینەكا سیاسی كو ببیتە ئەگەرێ زێدەتر خزمەتكرنا پروسەیا دیموكراسی و ئێكدو قەبوولكرنێ و بەر ب پێشچوونا بارودوخێ كوردان ل توركیا ئەم پێشوازیێ لێ د كەین.

## ڕێبازی بارزانی تەنیا لە چوارچێوەی کاری حزبییانەی پارتیدا کورت ناکرێتەوە و لێکیش نادرێتەوە

ژمارە (١٨)ی ڕۆژی ١٥ی نیسانی ٢٠١١ کۆواری (شۆک) سەبارەت بە پرسە هەنووکەییەکان و بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان، لەلایەن (دیار هەورامی)یەوە ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ (هێمن هەورامی)دا ساز دا:

* ئێوەش و زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی زۆر باسی ڕێبازی بارزانی دەکەن، ئاخۆ ئەگەر قوتابخانەیەک یان ڕێبازێ هەیە، بۆچی پارتی نەیتوانیوە تا ئێستا تیۆرەکانی ئەم ڕێباز و قوتابخانەیە، پراکتیزە و تیۆریزە بکا و بیانناسێنێ بەخەڵک و جەماوەری خۆی؟

– ڕێبازی بارزانیی نەمر، کوردایەتییە، بەو مانایەی کە چوارچێوە سیاسییەکەی بۆ خزمەتی بیری نەتەوەیی کورد و چارەسەری دۆزی خەڵکی کوردستانە لەسەر بنەمای ئیرادەی نەتەوەیی، دادپەروەری و یەکسانی، ڕێز لە بەرامبەرگرتن و قبووڵکردنی ئەوی تر و پێکەوەژیان لە بنەما سەرەکییەکانی تری ئەم ڕێبازەن. ڕێبازی بارزانی ناکرێ تەنیا لە چوارچێوەی کاری حزبییانەی پارتی-دا کورت بکرێتەوە، یان لێک بدرێتەوە، چونکە ئەم ڕێبازە ڤێرجنێکی بەرفراوانترە بۆ خەباتی سیاسییانەی خەڵکی کوردستان. کەسانی دەرەوەی پارتی لە تێکۆشانی سیاسیی خۆیان بۆ دۆزی ڕەوای خەڵکی کوردستان باوەڕیان بەبنەماکان بووە، پاراستنی ئیرادەی سەربەخۆییانەی تاکی کوردستان و خۆبەدەستەوەنەدانی مەرام و کار و پلانی هێزە ئەنتی

کوردییەکان، پێکهێنەرێکی تری ڕێبازی بارزانییە. دیالۆگ و ڕێگەچارەی ئاشتییانە و هزری ناتوندوتیژی، بەشێکی گرینگ و سەرەکیی ئەم ڕێبازەیە لە تێڕوانین بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و ململانێکان، لە بەرامبەر ئەو جووڵە و کارانەی کە لە ڕێگەی هێزەوە پەلاماری کوردستانی کردبێتە ئامانجی خۆی و هەوڵی سڕینەوەی کوردی دابێ. بەرەنگاری و بەرخودان و شوناسی نەتەوەیی، لە خەسڵەتەکانی تری ئەم ڕێبازەن.

* لە دوای کۆنگرەوە پارتی پێکهاتەی هەرەمیی خۆی گۆڕی، دەنگۆی ئەوە هەیە کە دانانی بەرپرسی لقەکان بەسیستەمێکی جیاواز دەبێ تا دەگاتە بەرپرسی ناوچەکانیش، ئەمە چ حیکمەتێکی تێدایە؟

– دانانی بەرپرسی لقەکان پاش دیراسەکردنیان بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی دادەنرێ. بۆ بەرپرسی ناوچەکان و ستافی لقەکان، بەهەڵبژاردن دەبێ. لە پەیڕەوی پەسندکراوی کۆنگرەی ١٣ هاتووە کە سەرکردایەتیی پارتی بۆی هەیە سەرکردایەتیی پارێزگەکان دروست بکات، ئەمەش بەو مەبەستەی کە جووڵەی سەرکردایەتیکردنی ڕێکخستنەکان و ئاراستەکردنیان، تەنیا ستوونی نەبێ، بگرە ئاسۆییانەش بێت.

* بە ڕای تۆ باشترین میکانیزم بۆ هەستانەوەی پارتی لە دەڤەری سلێمانی چییە؟

– پارتی لە سلێمانی نەکەوتووە و ناشکەوێ تا پێویستی بەمیکانیزم هەبێ بۆ هەستانەوە، دەکرێ میکانیزمی کاری باشتر بگرێتە بەر بۆ فراوانکردنی کاری ڕێکخستن و چوونە نێو جەماوەر و زیاتر شیکردنەوەی پەیڕەو و سیاسەت و جیهانبینیی پارتی و تێڕوانینی بۆ مەسەلەکانی ڕۆژ. بەداخەوە ڕەنگە لەم ڕووەوە هەموومان لە ئاستی پێویستدا نەبووبین و لەلایەن

ڕکابەرەکانمانەوە کارێکی فراوانتری دژەپارتی کرابێ و وێنایەکی ناڕاستیان لەسەر پارتی دروست کردبێ و لە بەرامبەریشدا جووڵەی کاری سیاسی و ڕێکخستن و ڕاگەیاندنی ئێمە لە سلێمانی لەو ئاستە نەبووبێ کە پارتی وەک ئەوەی هەیە نمایش بکرێ، نەک وەک ئەوەی کە نەیار و ڕکابەرە سیاسییەکانمان چۆن دەیانەوێ لە سلێمانی وا وێنای بکەن. پێوەندیی پارتی و خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری، تەنیا بە هەڵوێستێکی سیاسییانەی پڕ لە ڕق و کینەی ئەم و ئەو ناپێورێ.

* ئەو نائارامییەی سلێمانی بەشێوەیەک کاریگەری لەسەر ئێرەش هەیە کە پایەتەختی هەرێمە، تا چەندە کار لە پێگەی سیاسیی هەرێم دەکات لە ڕوانگەی ئەو کونسوڵگەرییانەی کە لێرە هەن؟

– بەداخەوە لە بریی پەنابردن بۆ میکانیزمە دیموکراسییەکان و سیپەکانی دەنگدان، لە ڕێگەی پشێوی نانەوە و توندوتیژی خستنەوە و تێکەڵکردنی خواستی سیاسییانەی خۆیان بەخواستە ڕەواکانی خەڵک تێکەڵ کردووە. وڵاتانی دنیا وردتر لە بابەتەکان دەڕوانن و گوێ بە چیرۆکی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتی ئێرە نادەن. پێوەر لای ئەوان پرۆسە دیموکراسییەکە و فەراهەمی ئازادییەکان و گەشەسەندنی ئابووریی هەرێم و سەقامگیریی ئەمنی و پێکەوەژیان و بوونی ئاسۆی ڕوونی داهاتووی هەرێمەکە و سەروەری و دەسەڵاتی یاسایە. ئەو ڕووداوە نەخوازراوانەی سلێمانی، کاریگەری ئەوتۆی نەکردووەتە سەر بایەخ پێدانی وڵاتانی دنیا بە هەرێم، بەپێچەوانەوە گرینگی پێدانەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و گفتوگۆی حزبەکان و ئەو پرۆسە چاکسازییەی کە سەرۆک بارزانی ڕای گەیاندووە، بەر لە ئۆپۆزسیۆن بەرنامەی هەبووە و بەدیوێکی پۆزەتیڤانەی پرۆسەی دیموکراسیی کوردستانی دەزانن. وەک بینیتان هەر لەم سەروبەندەدا بوو کە سەرۆک وەزیرانی تورکیا هات و کونسوڵییەی وڵاتەکەی بە فەرمی کردەوە. هاتنی ١٨ باڵیۆزی وڵاتان لە

نەورۆز بۆ هەولێــر، كــردنەوەی نوێنەرایەتیی یەكـەتیی ئەورووپا لە هەولێــر، كۆنگرەی لاوانی دیموكراتی جیهـان بە بەشـداریی نوێنەرایەتیی لاوانی ٣٦ وڵات لە هـەولێــر، رەنگە لەو نموونـانە بن، كـە بڵـێین كـاری ئۆپـۆزسـیـۆن لە بەردەركی سـەرای سلێـمـانی كـاریگەرییـەكـەی نەگـەیشـتـووەتە شـەقـامی "سالم"یش نەك هەولێر.

* ئەو ئـەقـڵــەی كــە پەنا دەبات بۆ بـەردوەشـــاندن، كـــارە یان كـاردانەوەیە؟ لـە كـاتێكدا رۆشـنـبـیـران دەڵێن: دەسـەڵات گـوێ لە جـەماوەر دەگرێ بەڵام وەڵامەكانی زیاتر زارەكین، نەك پراكتیك؟ ئاخۆ لە كوردستاندا ئۆپۆزسیۆنی تەندروست هەیە؟

– با ئێمـە دوور لە تەپوتۆزی دۆخی ئێستا، وردبینانە لە پێوەندیی دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیـۆن بڕوانین. ئێمـە لە قـۆناغێكداین كە قـۆناغی گـواسـتـنەوەیە لە سیسـتـەم و دەسـەڵاتێكی ئۆتۆكراتییانەی شـۆڤێنیـزمی نەتەوەیی سـەردەسـتی بەعسـییـانە بۆ قـۆناغی دیموكراسـییـەت. سروشـتی قـۆناغی گـواسـتـنەوەش وەهایە كە زۆرێ لە چەمكە سـیـاسـیـیـەكان مـانای تەواوی خـۆیان بەدەسـتـەوە نادەن، یان لە هـزر و پراكــتـیكدا كــورت دەهـێنـێ، بۆیە هـەم تێگەیشـتن لە دەسـەڵات و لە كـاری ئۆپۆزسـیـۆن، رەنگە هـەبێ بەڵام لە پـراكتیكدا بەداخـەوە كـەمـتـر سـیـمـاكـانی دیارن. ئۆپۆزسـیـۆنی ئێـمـە رەنگە باوەڕی بە گـەمـەی دیموكراسـی هـەبێ، بەڵام لە رووی كولـتووری دیمـوكراسـییانە و گـرتنە بەری مـیكانیزمـە دیموكراسییەكان، كەموكورتییـەكی زۆریان پێوە دیارە. هیوامـان ئەوەیە لە بریی بەرد زمانی دیالۆگ، ئاشتییانە ململانێ و كێبەركێی سیاسـی بكەن، تا جـیـاوازییـەكـانمان بۆ یەكتـرخـوێندنەوە و دۆزینەوەی خـود بێ، نەك پێمان وابێ بەسرینەوەی یەكتری دەتوانین خودی خۆمان ببینین.

* سـەربـەخـۆیی پێـدانی هەندێ ناوچـەی كـوردسـتـان لـەسـەر چ بنەمـایەكـە؟ بۆ نموونە هەڵەبـجـە و زاخـۆ، مـەترسی و دووبەرەكی

یان ناوچەگەرێتیی لێ ناکەوێتەوە؟

– ئەوەندەی ئێمە ئاگەداربین، ئامانج لەو بڕیارە، کورتکردنەوەی ڕێگەیەکی درێژە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریی زیاتر، خێرایی لە بڕیار و جێبەجێکردنی بودجە و کەمکردنەوەی بیرۆکراسییەت. ئەگەر ئەم ئامانجانەی لێ بکەوێتەوە ئیدی بۆ ناوچەگەری و دووبەرەکیی لێ دەکەوێتەوە. لە ڕووی دانیشتوان و فراوانبوونی شوێنی نیشتەجێبوون، بەرفراوانییەکی زۆر لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە و دابەزاندنی دەسەڵاتەکان و شێوە لامەرکەزییەک بۆ ئیرادەی ئەو ناوچانە بە قازانجی هاووڵاتییانیان دەبینم.

* وەک ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی، کرانەوەیەکی باشت هەیە لەگەڵ گەنج و قوتابی، لەم کار و ئەزموونەتدا گەیشتوویتەتە چ بڕوایەک سەبارەت بە خەون و توانا و ئازارەکانی گەنجان؟

– پارتی سەرمایەیەکی مرۆییی گەنجی بەرفراوانی هەیە لە هەموو کوردستان، پێمان وایە بوونی کۆنتاکتی بەردەوام لەگەڵ توێژی گەنجان، ئاڵوگۆڕی بیروڕا و گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵیان، بەرچاوڕوونییەکی زیاترمان پێ دەدات لە زانینێکی وردتری خواست و بۆچوون و بەرایییەکان و پێداویستییەکانیان و گەیاندنیشیان بە سەرکردایەتیی سیاسیمان، هەروا ڕەنگدانەوەی ویستی گەنجان لە بڕیارە سیاسی و ئیدارییەکاندا. گەنجانی ئێمە لەم ڕێگەیەوە دەبینن کە دەنگیان بیستراوە، بیروڕایان بەهەند وەردەگیرێ و بەشدارن لە پرۆسەی سیاسی و ئیداریی کوردستان.

* پارتی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە خۆپێشاندانەکان هێمن بن، ئاشتییانە بن، دەنگۆی ئەوە هەیە پارتی ڕێگرە لە خۆپێشاندان لە هەولێر؟ ئەمە ترسە لە کورسی و دەسەڵات یان چی؟

– پارتی لەمەشدا لە بەردەم ئەو وێنە شێوێنراوەدایە کە ڕکابەرە سیاسییەکان بۆیان دروست کردووە. لە ساڵی ٢٠١٠ ئەگەر هەڵە نەبم ٢٩ خۆپێشاندان لە هەولێر بووە، پارتی پشتی بەجەماوەری کوردستان ئەستوورە، بۆیە نە لە کەس ترساوە و نە لە کەسیش دەترسێ. پارتی بەکودەتا دەسەڵاتی وەرنەگرتووە تا لێی بترسێت و لە بنەڕەتیشەوە خەباتی پارتی بۆ کورسی و دەسەڵات نەبووە. ئەم قسەیەشم بۆ پێداهەڵدان نییە، لای ئێمە بەرنامەی ڕێبازی بارزانیی نەمر، سەروەریی کوردستان و خۆشگوزەرانیی خەڵکی کوردستان و ئاسوودەییان و دڵنیایی لە داهاتوویان گرینگە، بەڵام چەند هێزێکی سیاسیی پێی ناوێ بە میلۆدی ئەوان خەڵکی هەولێر هەڵپەڕن یان سیناریۆی بەردەرکی سەرای سلێمانی لە هەولێر دوور لە ڕێوشوێنی یاسایی دووبارە بکەنەوە، ئەوە پارتی نییە ڕێگری بکا، بگرە لە هەولێر یاسا سەروەرە و پارێزگا و وەزارەتی ناوەخۆ ڕێگە بە شتی نایاسایی نادات.

* بۆنی شەڕی ناوەخۆ لە هەندێ کەناڵ و ڕاگەیاندنەوە دێت، ئێوە وەک پارتی چ هەوڵێکتان هەیە بۆ سڕینەوەی ئەم کولتوورە؟

– هیوادارین هەموو لایەک لە ئاست بەرپرسیارێتیی دۆخەکەدا بن، ئاشتیی کۆمەڵایەتی کوردستان و ڕەخساندنی کەشێکی هێمنتر بۆ ململانێی سیاسی و زمانی دیالۆگ و ئەرگیومێنت و دژەئەرگیومێنت لە ڕاگەیاندنەکانی هەموو لایەک ڕەنگ بداتەوە. دەبێت هەموو کات ئەوەمان لە یاد بێ، خۆ بڕیار نییە یەکتری پاکتاو بکەین تا ڕاگەیاندنەکان بەوجۆرە کاری پێ بکرێ. بەداخەوە ئەوەی لە میدیای ئۆپۆزسیۆنەوە دەیبینین، زمانی پاکتاوکردن، سڕینەوەی یەکتر، بێ ئومێدکردنی تەواوەتیی خەڵکی بەرامبەر بەئێستایە. ئێمە پابەندی بڕیارەکەی سەرۆک بارزانین بەهێورکردنەوەی دۆخەکە و ئومێد دەکەین برایانمان لە ئۆپۆزسیۆن بەهەمان نەفەسی هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی مامەڵە بکەن و واز لە سیاسەتی گرژترکردن و فراوانکردنی درزی ناو خەڵک بهێنن.

* دوای چەندان دانیشتن لەگەڵ گۆڕان–دا هیچ بەرەنجامێک دیار نییە، ئاخۆ ئەمە لەو سۆنگەیەوەیە کە ئامادەیی چاکسازیتان نییە یان ئەوان داوا لەسەر داوا، دانیشتن دوای دانیشتن داواکارییەکانیان زۆرتر دەبن؟ ئەمە چۆن لێک دەدەیتەوە؟

– چاکسازییەکانی سەرۆک بارزانی، بە کەسەوە پێوەست نییە، تا بڵێین ئامادەیی هەیە یان نییە، فیکری دەوڵەتی یاسا و هەڵبژاردنی ئازاد و سەروەریی یاسا و خۆنەسەپاندن لەسەر خەڵکی، لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە لە ١٩٩١/٣/٢٠ لە کۆیە خۆی مانیفێست کرد و بە پراکتیکیش کاری لەسەر کردووە، لە کۆنگرەی ١٣ زۆر جیدییانە لەسەر نوێبوونەوە و چاکسازی لە سیستەم و ئیدارە وەستاین و بە روئیایەکی روونەوە هاتینە دەرەوە. بۆیە بەڕاشکاوی دەڵێم: بەرنامەی چاکسازیی سەرۆک بارزانی، دوور و نزیک پێوەندیی بە گۆڕان یان لایەنێکەوە نەبووە، لە ٢٠١١/١/١٠ لە کۆبوونەوەی لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان، سەرۆک بارزانی بە فەرمی داوای لە لایەنە سیاسییەکان کرد، بە نووسین هەر لایەنە و روئیای خۆی بۆ دیاریکردنی دیاردەکانی گەندەڵی دەستنیشان بکا و ڕێگەچارەش پێشنیاز بکەن، تا لەگەڵ بەرنامەکەی سەرۆک بارزانیدا ببێتە بەرنامەیەکی بەرفراوانی نیشتمانی بۆ شەڕی دژەگەندەڵی و چاکسازی. ئێمە لەگەڵ گفتوگۆداین و پێمان وایە هەزار رۆژی گفتوگۆ لە یەک سەعاتی ناخۆشی و توندوتیژی باشترە، بۆیە لەگەڵ گفتوگۆین و دڵنیاین لە بەرەنجامدا هەر لە رێگەی گفتوگۆوە گرفتەکان چارەسەر دەبن.

* وەک پارتی خوێندنەوەتان بۆ سیاسەتی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی چییە؟

– پارتی خوازیاری پێوەندیی ئاسایی و سروشتییە لەگەڵ هەر هێز و لایەنێکی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و پارتی بەچاوی دوژمن سەیری هیچ

هێزێکی سیاسیی کوردستان ناکات تا ئەو کاتەی ئەو هێزانە لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوەییی باڵای خەڵکی کوردستان بن و بەقازانجی دوژمنانی کورد نەشکێنەوە. ئەو دوو لایەنەش دوو هێزی کوردستانن و تەقدیرمان بۆیان هەیە و ئەگەر هەر تێبینی و ڕەخنەیەکمان لەسەریان هەبووبێ بۆ قازانجی کوردستان، ئەوا بە ڕاشکاوی لە پێوەندییە دووقۆڵییەکان پێمان گوتوون تا کاتی سازدانی ئەم دیمانەیە ئێمە و یەکێتی و ئەو دوو لایەنە بەڕێزە، لەسەر مەسەلە نەتەوەیییەکان هاوڕا و هاوهەڵوێستین و لە بەغداش پێکەوە لە سەنگەرێکین.

# بەیاننامەیەک
# کۆپیکردنی ئەزموون.. گەڕانەوە بۆ دواوە

## خەڵک بۆ ئەوە دەنگی نەداوەتە بزووتنەوەی گۆڕان بەیاننامەیەک دژ بەهەرێمی کوردستان دەربکات

لە مێژووی ٢٠١١/١/٣١دا (عوسمان باشقالی) لە پرۆگرامی (NERIN) لە کەناڵی ئاسمانیی (زاگرۆس) بۆ تاوتوێکردن و خوێندنەوەی رەهەندە جیاجیاکانی بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان، کە لە ٢٠١١/١/٢٩ دەرچووە، هەستا بە میوانداریی (هێمن هەورامی):

* بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان لە کات و ساتێکدا هاتووە، کە شەقامی کوردی تووشی پرسیار کردووە، بەوەی بۆچی لەم کات و ساتەدا بەیاننامەیەکی وایان ئاراستە کردووە؟ لە کاتێکدا کوردستان لە قۆناغێکی هەستیاردایە و لە ململانێیەکی تونددایە لەگەڵ بەغدا، هاوکات واقیعی ئێرە زۆر لەوەی میسر و تونس جیاوازە، کەواتە بە ڕای جەنابت، هەڵبژاردنی ئەم وەختە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

– بە ڕای من مرۆڤ دەبێ بەپێی وردەکارییەکانی شرۆڤەی سیاسی، ئەو هەڵوێستە سیاسییانە شی بکاتەوە کە بزووتنەوەیەکی سیاسی وەری دەگرێ، یان لە شێوازی وەرگرتنی بڕیارە سیاسییەکانیەوە، یاخۆ ئەو بەیاننامانەی کە دەری دەکات. ئیدی لەم چوارچێوەیەوە دوو خاڵی زۆر گرینگ هەن، بۆ شیکردنەوەی هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم بەیاننامەیە لەلایەن برادەرانی بزووتنەوەی گۆڕان–ەوە، یەک لەو خاڵانە مەسەلەی کاتە، کە بۆچی دەستنیشانی ئەم کاتە کراوە، پاشانیش لە ڕووی کۆنتێکستەوە (سیاق)

بۆچی ئەم بڕیارە وەرگیراوە. گەر بێتو ئێمە ئەم دوو دۆخە شی بکەینەوە، بۆمان روون دەبێتەوە، دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە لەلایەن برایانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە بۆ کۆمەڵێ خاڵ دەگەڕێتەوە: یەکێ لە خاڵە گەورەکان، شکستی گەورەی بەشێ لە سەرکردەکانی گۆڕانە لە کاری سیاسیدا، بەشێکی تر لە هۆکارەکان بریتین لەوەی ئەمان نەیانتوانی ئەو بەڵێنانە بهێننە دی، کە بەدەنگدەری خۆیان دابوو، تا بتوانن دەسەڵات بگرنە دەست یان ئەو ئامانجانەی هەیانە بەجێی بگەیەنن، ئەمە بەشێکە لەو هۆکارانە لە پشتەوەی دەرچوونی بەیاننامەکە هاندەر بوون. بۆیە بەردەوامیی ئەو شکستانەی خۆشیان و بیرکردنەوە لە چۆنێتیی پەردەپۆشکردنی تێکشکانەکان، ناچاری کردن بەم شێوازە و بەم زمانە لە کاتێکی وادا هەستن بەدەرکردنی بەیاننامەیەک. خاڵێکی تری پاڵنەر بە ڕای من لە رووی کاتەوە، پێوەندیی بەسەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بوو، بەتایبەتی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆک بارزانی، کە توانی گرێکوێرەیەکی زۆر گەورەی سیاسی لە عێراقدا بکاتەوە، لە کاتێکدا ئەم کارە بە ئەمەریکا و ئەوروپا و وڵاتانی تری دنیا نەکرا، جەنابی سەرۆک بارزانی لە دەستپێشخەرییەکدا لایەنە سیاسییە عێراقییەکانی هێنایە پایەتەختی هەرێمی کوردستان و لە هەولێر کۆی کردنەوە، ئاراستەیەکی سیاسی بۆ چۆنێتیی چارەسەرکردنی گرفتە سیاسییەکانی عێراق داڕشت، ئەمەش بەشێ بوو لەو سەرکەوتنانەی هەرێمی کوردستان لە سایەی سەرۆکێکدا هاتە ئاراوە، کە بزووتنەوەی گۆڕان تا سەر ئێسقان دژایەتیی چۆنێتیی هەڵبژاردنی جەنابی سەرۆکیان کرد، لەلایەکی ترەوە بەبڕوای من سەرکەوتنی کۆنگرەی سێزدەی پارتی دیموکراتی کوردستان و باسکردنی مافی چارەی خۆنووسین و هاتنەوە ئارای پارتی بە هێز و گوڕێکی زیاترەوە، بە یەکگرتوویی و تۆکمەییەکی واوە، کە بتوانێ بە شێوازێکی جیاوازتر و پێشکەوتووانەتر دەست لەناو دەستی سیاسەت بکات، ئەمە یەکێ بوو لە هۆکارەکان کە بزووتنەوەی گۆڕان بەتایبەتیش بەشێ لە سەرکردەکانیان بەرگەی ئەو

سەرکەوتنانەی پارتی دیموکراتی کوردستانیان نەگرت. خاڵێکی تری گرینگ کە هۆکار بووە لەوەی بزووتنەوەی گۆڕان یان سەرکردەی بزووتنەوەی گۆڕان لەم دۆخەدا بێ پرسکردن بەبنکەی جەماوەریی خۆی، بێ گەڕانەوە بۆ بەشێ لە هەڵسووڕاوانی و بێ ئاوڕدانەوە و ڕاوێژ بە فراکسیۆنەکەی لە پەرلەمانی کوردستان، بەیاننامەیەکی ئاوا بەم شێوەزارە زبر و توندە دەربکا، بێگومان بۆ ئەو شکستانە دەگەڕێتەوە، کە لەم دواییانە لە کۆمەڵێ هەڵبژاردنی ناو هەرێمی کوردستاندا ڕووبەڕوویان بووەوە، بەتایبەت هەڵبژاردنی سەندیکاکانی مامۆستایان و کارمەندانی تەندروستی و ئەندازیارانی کشتوکاڵ، بەسەرنجدان لەو دەنگانەی بزووتنەوەی گۆڕان لەو هەڵبژاردنانەدا هێناویەتی، پاشەکشەیەکی بەردەوامیان تێدا دەبینرێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە تەنیا ساڵ و نیوێک بەسەر هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٩/٧/٢٥دا تێ پەڕیوە، کە تێیدا چوونە ژێر باری کۆمەڵێک بەڵێن کە بەخەڵکی خۆیان دابوو، بێ ئەوەی بتوانن بیهێننە دی، بۆیە ئەم پاشەکشێیەی بەسەرداهات، بەڕای من خاڵێکی تریش هەیە لە هۆکارەکانی پێوەست بەدەرکردنی بەیاننامەکە لە رووی کاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە زۆر گرەویان لەسەر ئەوە کرد، ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی یان هەڵبوەشێننەوە یان لاوازی بکەن یاخۆ بە ئاقارێکی تریدا بەرن، بەڵام بەپێچەوانەی خواستی ئەوان کەوتەوە، ڕێککەوتنی ستراتیجیی نەک هەر مایەوە، بگرە لە دواین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی هەردوولا، بەشێوازێکی زۆر شەفافانە قسە لەسەر چۆنێتی مشتوماڵکردنەوە و بەهێزکردن و دابەزاندنی زیاتری ڕێککەوتنی ستراتیجی کرا بۆ نێو ڕێکخستنەکان و جەماوەری هەردوولا. هاوکات مەسەلەی گۆشەگیری و کەنارگیریی سیاسی خودی سەرکردەی گۆڕانیش، پاڵنەر بوو بەیاننامەیەکی وا دەربکات، هۆکاری گۆشەگیریی بەشێ لە سەرکردەکانی نێو بزووتنەوەی گۆڕان، مەسەلەی ئەو هەڵوێستە پۆزەتیڤە بوو کە برایانی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی لەناو هاوبەندی لیستە کوردستانییەکان بەرامبەر بە مەسەلە نەتەوەییەکان نواندیان، کە سەنگێکی سیاسیی زیاتری

بەهەرێم دا، یەکگرتوویی ماڵی کوردستانی لە چۆنێتیی ئەداکردنی سیاسەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا پتەوتر کرد، لە هەمان کاتدا خۆتەریککردنی گۆڕان و بەتەنیا دابەزینیان یان دانوستاندنکردنیان و شکستهێنانیان لە بەغدا، بە ڕای من بەشێکی ترە لەو هۆکارانەی بوونە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لەم ساتەدا بەیاننامەیەک بەو شێوەزارە توندە دەربکات.

* بەقسەکانی جەنابتاندا دەردەکەوێ کە سەرکردایەتی بێ گەڕانەوە بۆ بنکەی جەماوەریی خۆیان ئەم بەیاننامەیەیان دەرکردووە، ئاخۆ دەتوانین بڵێین باڵێک لەنێو بزووتنەوەی گۆڕاندا هەیە، کە بەم زمانە توندە قسە دەکا، لە بەرامبەریشدا باڵێ هەیە بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان لە بەرچاو دەگرێ؟

– گەر شرۆڤەی بەشێ لە هەڵوێستەکان بکرێ، واتە گەر بەوردەکارییەوە سەرنجی شێوازی هەڵبژاردنی ئەو دەستەواژانە بدرێ، لە کاتی قسەکردنی ئەواندا ڕێچکە دەبەستن، ئەوا هەست دەکرێ جیاوازییەکی زۆر لە نێوان بنکەی جەماوەریی بزووتنەوەی گۆڕان و بەشێ لە سەرکردە و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەکەدا هەیە. ئێمە ڕێزێکی تایبەتیمان بۆ جەماوەری بزووتنەوەی گۆڕان هەیە، ڕەنگە لە ئەنجامی کەموکورتییەکی ئیداریی ئێرە و ئەوێ، وەک ئەلتەرناتیڤێک بۆ پارتی و یەکێتی، یاخۆ نەبوونی جۆرێ لە بەرنامەی چاکسازی لە وەختێکی دیاریکراودا، دەنگیان بە بەشێ لە بەرنامەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دابێ، بەڵام پێمان وانییە بزووتنەوەی گۆڕان ئەو دەنگانەی بۆ ئەوە پێ درابێ، کە بەم شێوازە بێت بەیاننامەیەک دژ بەهەرێمی کوردستان دەربکات، چونکە بەیاننامەکە بەزمانی هەڵوەشانەوە و هەڵتەکاندن قسەی کردووە، ئەو بەیاننامەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە دەستووری و نیشتمانی و دەستکەوتە نەتەوەییە گەورەکانی هەرێمی کوردستان دەرچووە، پێمان وانییە بەشێکی زۆری جەماوەری گۆڕان لەگەڵ ئەم جۆرە بڕیارانە بن، چونکە جەماوەری ئەوانیش بەشێکن لە خەڵکی هەرێمی کوردستان، بگرە

بەشێکی خۆشەویستی خەڵکی کوردستانن، نە لە ئاسمانەوە داباریون و نە لە زەویشەوە هەڵتۆقیون، ئەوانیش بەشێکی زۆری مەینەتییەکانی کوردستانیان کێشاوە، تا ئەم دەستکەوتانەی پێ بێتە دی، بۆیە من هەست دەکەم بزووتنەوەی گۆڕان لە بەرامبەر گۆشەگیرییەکی سیاسیی زۆر گەورەدایە و بەشێ لە هەڵسووڕاوەکانیشیان بەداخەوە سوودی نێگەتیڤانەیان لەو هەست و سۆزە سیاسییە بینیوە، کە بنکەی جەماوەری گۆڕان لە هەڵبژاردنەکاندا بەلیستی گۆڕانی داوە.

* لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەم بەیاننامەیە ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤانە لەسەر بنکەی جەماوەریی گۆڕان دادەنێ، ئاخۆ لە داهاتوودا ئەو کاریگەرییانە نێگەتیڤ دەبێ و کار لەسەر ڕێژەی دەنگدانیان دەکا لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کوردستان و عێراقدا، بەوەی کە ڕەنگە ڕۆژێک جەماوەرەکەیان هەڵوێست لە دژیان وەربگرن؟

– تا ڕادەیەکی زۆر لەوە دڵنیاین کە ئەمە گۆڕانی تووشی گۆشەگیریی سیاسی کردووە، ڕووبەڕووی دابڕانێکی گەورەتری کرد، چونکە گەر سەیری دێرە دواییەکانی بەیاننامەی گۆڕان بکرێت، داوای پشتیوانی لە هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەکا، بەپێچەوانەوە ئەوان نەک پشتیوانیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیان بەدەست نەهێنا، بگرە ئەو لایەنانە ڕەنگدانەوەیەکی توندیان بەرامبەر ڕاگەیاندن. گەر تەماشای بەیاننامەی کۆبوونەوەی ١٩ حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بکەین لەگەڵ جەنابی سەرۆک بارزانی، بە ڕوونی دەردەکەوێ بزووتنەوەی گۆڕان بەم هەڵوێستەیان، خۆیان لە کۆی گشتیی ناوماڵی هەرێمی کوردستان دابڕی و هەڵوێستێکی نێگەتیڤانەیان لە مێژووی خۆیان تۆمار کرد، پێمان وانییە بنکەی جەماوەریی بزووتنەوەی گۆڕان و بەشێ لە هەڵسووڕاوە وریاکانیان، کە لە خەمی سەقامگیریی هەرێمی کوردستاندان و بۆ گۆڕینێکی پۆزەتیڤانەی دۆخی سیاسیی ئەم هەرێمە، چوونەتە نێو بزووتنەوەی گۆڕان، هەڵوێستی

نێگەتیڤانەی بەشێ لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕانیان لا پەسند بێت.

* بۆ دنیا دەرکەوت کە هەڵبژاردن لە کوردستان، پرۆسەیەکی دیموکراسی بوو، بە ڕای زۆرینەی چاودێران کە لێرە ئامادە بوون، هەموان پرۆسەکەیان بە دیموکراسی لە قەڵەم دا، بە ڕای ئێوە ئۆپۆزسیۆن تا چەند لە پرۆسەی دیموکراسی تێ گەیشتووە و چۆن رەفتاری لەگەڵدا دەکا، لە کاتێکدا بەیاننامەیەک دەردەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی لە ئێستادا هەیە، کەچی هەموو لایەکیش دەزانین پاش سێ ساڵی تر هەمان پرۆسە دووبارە دەبێتەوە و دەرفەتیش بۆ هەموو کەس و لایەک والایە؟

– بزاڤی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان پێکهاتووە لەو هێزانەی کە لە دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستانن، لەگەڵ بەشێک لەو هێزانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسیین، با بەدەرچوونی ئەم بەیاننامەیە بەرچاومان لێڵ نەبێ، پرۆسەی دیموکراسی بەبێ بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی جیدی جێی خۆی ناگرێ، ئەم پرۆسەیە یەک پاکیجە، ئەوە نییە بڵێیت کەمێ و تۆزێ دیموکراسی هەیە و ئەوی تری نییە، دیموکراسی یان هەیە یان نییە. یەکێ لە بەها هەرە سەرەکییەکانی دیموکراسییەت، ئازادی و یەکسانی و دادپەروەرییە. میکانیزمەکانی پرۆسەی دیموکراسی مەسەلەی هەڵبژاردنە، مەسەلەی ئازادیی ڕادەربڕینە. لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێ ئۆپۆزسیۆن دژ بە سیستەم ڕابوەستێت، سیستەمیش یان دیموکراسییە یان دیکتاتۆریەتە، ڕووبەڕووبوونەوەی سیستەمە دیکتاتۆرییەکان بە هەڵتەکاندن و هەڵوەشاندنەوە و شۆڕش و ڕاپەڕین دەبێ، ئەمەش خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١دا بەشێوەی ڕاپەڕین ئەنجامی دا، لە بەرەنجامی کۆمەڵێ نەهامەتی و قوربانیدانی خەڵکی کوردستان، ئەو شۆڕشەیان دژ بەسیستەمی دیکتاتۆری و سیستەمی تاک حزبی بەرپا کرد، واتە هەرێمی کوردستان بۆ خۆی ئازادیی هێناوەتە ئارا، کەس خێری پێ نەکردووە و کەسیش ئەو مافەی

بەهەرێمی کوردستان نەداوە. هەرێمی کوردستان بەقوربانیدانی خەڵکەکەی ئازادیی بەرهەم هێناوە. ئێستا ئۆپۆزسیۆن بێت مانایەکی تر بۆ دیموکراسییەت دارێژێ، وەک دەڵێن شووتی بەشەرتی چەقۆ، دیموکراسییەت تەنیا وا لێک بدەنەوە، کە هەر ڕای ئەوان لە بەرچاو بگیرێت، ڕایە کەمینەیەکی کەم لە کوردستان و لە دەرەوەی سیستەمە دیموکراسییەکەش، داوای هەڵوەشانەوەی بکەن، ئەمە پرسیارێکی تری زۆر گەورە لەسەر دڵسۆزیی ئەوان بۆ هەرێمی کوردستان نیشان دەدات. من ناڵێم هەموو بزووتنەوەی گۆڕان یان هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان، بگرە دەڵێین بەشێ لە سەرکردە توندڕۆکانی ناو بزووتنەوەی گۆڕان، کە لە ئەنجامی گرێیەکی سیاسی و کەساسیی خۆیان بەرامبەر بە سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی خەڵکی کوردستان و جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە ئێستا ڕابەرایەتیی پرۆسەی چاکسازی و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤی کورد لە هەرێمی کوردستاندا دەکات، ئەمانە ئێستا دەیانەوێ هەموو شتێ لە بناغەوە هەڵتەکێنن و بەشێوازێک بێن دروستی بکەنەوە، کە لەگەڵ خواستی ئەواندا بگونجێ، ئەگینا لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ کە هەڵبژاردن کرا، نەتەوە یەکگرتووەکان دانی پێدا نا، باڵیۆزخانەی ئەمەریکا دانی پێدا نا، هەروا یەکەتیی ئەورووپا و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق دانی پێدا نا و بەفەرمیش سەرپەرشتیی کرد، تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان تێیدا بەشدار بوون، هەموو ئەوانە باس لە پاکێتی و دروستیی هەڵبژاردنەکان دەکەن، کەچی سەرکردەیەکی توندڕۆی نێو بزووتنەوەی گۆڕان دێت بۆ شاردنەوەی شکستەکانی خۆی، یان چاوپێداهەڵنەهاتنی بەرامبەر سەرکەوتنەکانی کوردستان، لە سایەی جەنابی سەرۆک بارزانی، بێت بەتەمابێ کۆی پرۆسەکە هەڵوەشێنێتەوە، بەبێ گرتنە بەری میکانیزمێکی یاسایی یان دەستووری یاخۆ لەو چوارچێوە دەستووری و یاساییانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەن، ئەمە دەرخەری گرێیەکی دەروونیی مێژووییە، کە بەشێ لەم سەرکردە توندڕۆیانەی نێو گۆڕان بەرامبەر بە کۆی واقیعی

هەرێمی کوردستان و بەرامبەر بەدامەزراوە دەستوورییەکان و سەرۆکایەتیی ئێمە هەیانە، ئەمە ناکاتە ئەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان یان هەموو لایەنەکانی تر، هەمان هەڵوێستی سیاسیی وایان هەبێ کە لە تێگەیشتنی بەشێ لە سەرکردە توندڕۆیەکانیاندا هەیە.

* لێرەدا دەتوانین بڵێین تێگەیشتنی ئەم باڵە بۆ ئۆپۆزسیۆن و پرۆسەی دیموکراسی تا ڕادەیەک لاوازە و لە ئاستی پێویستدا نییە؟

– تا ڕادەیەکی زۆر بەشێ لە سەرکردە توندڕۆکانی نێو بزووتنەوەی گۆڕان، یاخۆ ئەوانەی وەک ئەوان بیر دەکەنەوە، دەمامکی خۆیان لادا، بانگەوازی ئەوان بۆ ریفۆرم و چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، تەنیا دەمامکێک بوو بۆ پیلانێکی سیاسی، بەمەبەستی تێکدانی بارودۆخی هەرێمی کوردستان، یان بۆ جۆرێ لە گرتنە بەری سیاسەتی تۆڵەسەندنەوە و داهێنانی توندوتیژیی کولتووری کە لەسەر بنەمای ڕق لە یەکتری بوونەوە و یەکتری نەخوێندنەوە و ترسان لەوی تر بنیات نراوە، من پێم وایە بەشێ لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لە واقیعەکە تێ دەگەن، بەڵام نایانەوێ ڕاستی بۆ خەڵکی تر بڵێن، چونکە گوتەیەک هەیە دەڵێ " دیموکراسی گوتنی ڕاستییەکانە بەخەڵکی". ئەمانە نایانەوێت ڕاستییەکان بەخەڵک بڵێن، ئەگینا گەر ئەوان ڕێزیان لە گەمەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان بگرتایە، ئەوا ئێمە یاسامان هەیە، پەنایان بۆ دەبرد، چونکە بەپێی یاسا ماوەی زەمەنی بۆ پەرلەمانی کوردستان دیاری کراوە، جۆری هەڵبژاردنیش بەهەمان شێوە، زۆرینە لە هەڵبژاردنە دیموکراسییەکاندا دەیباتەوە، چوار ساڵ لە بەردەستدایە تا پرۆگرامی هەڵبژاردنەکەی بخاتە واری جێبەجێکردنەوە، کە زۆرینەی خەڵک دەنگی پێ داون. گەر جێبەجێی نەکرد، ئەوا لە هەڵبژاردنێکی تردا ئۆپۆزسیۆن و ئەم سەرکردە توندڕۆیانەی نێو بزووتنەوەی گۆڕان، دەتوانن خۆیان ئامادە بکەن و لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، زۆرینە بەدەست

بێنن، خۆیان حکوومەت دامەزرێنن، چونکە پرۆسەی دیموکراسییەت و سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، نە موڵکی باوکی ئێمەیە و نە موڵکی باوکی بەشێ لەم سەرکردە توندڕۆیانەی ناو بزووتنەوەی گۆڕانە، پرۆسەی سیاسی موڵکی خەڵکی هەرێمی کوردستانە و دەبێ لە پێناوی یەکڕیزیی خەڵکی کوردستانیشدا هەموومان ڕێز لەم پرۆسە سیاسییە بگرین، بەپێی ڕێساکانی گەمەی نێو ئەم پرۆسە سیاسییە رەفتار بکەین، بەڵام بەداخەوە بەشێ لە سەرکردە توندڕۆکانی نێو بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر بنەمای تیۆری گەمەکان لە ململانێی سیاسیدا، باوەڕیان بەوە هەیە یان سفر یان سەد. ئەوان پێیان وایە بردنەوەی ئەوان بریتییە لە دۆڕاندنی ئێمە، هاوکات ئێمەش لە دۆخێکدا بردمانەوە، ئەوا مانای دۆڕاندنی ئەوان دەگەیەنێ. لە کاتێکدا ئێمە بەوجۆرە سەیری دیموکراسییەت و پرۆسەی ململانێکە ناکەین، ئێمە دەمانەوێ پرۆسەی دیموکراسییەت لە هەموو دۆخەکاندا، خەڵکی کوردستان تێیدا براوە بێت، هەرێمی کوردستان تێیدا خۆشگوزەران بێ، لە پێناو ئێستایەکی باشتر و داهاتوویەکی گەشتردا، ململانێی سیاسی بکەین نەک لەسەر بنەمای تۆڵەیەکی دەروونیی سی چل ساڵی رابردوو، ئێستا بێین کۆی هەموو پرۆسە سیاسییەکە بخەینە ژێر پرسیارەوە.

* کەواتە جەنابت بەگشتی لە هەرێمی کوردستان ئۆپۆزسیۆن چۆن پێناسە دەکەیت؟ لەنێو پرۆسەیەکی دیموکراسیدا، ئەو پێوەندییە لە نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدا چییە؟

– بەهەموو پێوەرەکان ئۆپۆزسیۆن بەشێکە لە تەواوکاری سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئێمە هێشتا قۆناغی رزگاریی نیشتمانیمان بەتەواوەتی تێ نەپەڕاندووە. با روونتر لەم بارەوە قسە بکەین، کۆمەڵگە بەگشتی لە بەردەم سێ دۆخدایە، یان دۆخی دیکتاتۆری و تاکڕەوییە، یان دۆخی وەرچەرخانە بەرەو دیموکراسییەت، یاخۆ دۆخی دیموکراسییەتە.

ئێمە دۆخی یەکەممان تێ پەڕاندووە، ڕاپەڕینێکی مەزنی خەڵکی کوردستان بەرپا بوو، بیریشمان نەچێت یەکەم کەسێک کە داوای دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی و دەوڵەتی دامەزراوەیی و یاسای کرد، جەنابی سەرۆک بارزانی بوو لە شاری کۆیە لە ئاداری ساڵی ١٩٩١، کەواتە ئێمە هەڵگری پەیامی دەوڵەتی یاسا و دامەزراندنی پرۆسەی دیموکراسییەتین لە هەرێمی کوردستان، بەم دۆخەوە ئێستا لە قۆناغی وەرچەرخاندین بەرەو دیموکراسییەت. لە هیچ شوێنێکی دنیادا دیموکراسییەت سیستەمێکی رەها نەبووە، بگرە پرۆسەیەکە لە بەردەوامیدا دروست دەبێ. ئێمە پێمان وایە ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان، بووەتە دەسەڵاتی سیاسیی تەواوکاری دەسەڵاتی سیاسی، چونکە بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە هەموومان ئەو سیستەمە پێک دێنین، کە ناومان ناوە سیستەمی دیموکراسی.

* بێینە سەر بەیاننامەکە و لەسەر بەرەنجامەکانی بوەستین، جەنابت ئاماژەت بە چەند خاڵێ دا، کە بۆ نموونە بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی سەندیکاکانی ئەندازیارانی کشتوکاڵی و مامۆستایان ڕێژەی دابەزیوە و تا ڕادەیەک لە ئاستی پێویستدا نەبووە، لە بەرامبەردا جەنابی سەرۆکی هەرێم و حزبە دەسەڵاتدارەکان سەنگی خۆیان لە هاوکێشەی سیاسیی عێراق و دەستکەوتی رۆژ بە رۆژیان بەرەو باشتر دەچێ، ئەم بەیاننامەیە لە دوارۆژدا ڕەنگدانەوەی چۆن دەبێ لەسەر بنکەی جەماوەریی بزووتنەوەی گۆڕان، بە نەرێنی یان ئەرێنی؟

– بە ڕای من کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر پێگەی سەرکردە توندڕۆکانی نێو گۆڕان لەنێو خودی بزووتنەوەکەدا دەبێ، پرسیارێ زۆریش لەنێو هەڵسووڕاو و کادیرە هۆشیارەکانیاندا دەست پێ دەکا لەسەر ئەدا و هەڵوێستی ئەم سەرکردە توندڕۆیانە، چونکە بەشێ لەو جەماوەرەی دەنگی بەبزووتنەوەی گۆڕان داوە، لە بەرامبەر ناڕەزایی و کەموکوورییەکی ئیداری دەنگی خۆیان

بەوان داوە، بۆیە پێمان وایە لە ئێستا و داهاتوودا بزووتنەوەی ناوبراو گەر بەو شێوازە بەردەوام بێت و تەنیا لەژێر جڵەوی بەشێ لە سەرکردە توندڕۆکانی نێو گۆڕاندا بێت، کە ئاراستەکردنی سیاسیی بزووتنەوەکە بۆ تۆڵەسەندنەوەیەکی کەسیی خۆیان بەرن، یان بۆ کردنەوەی گرێکوێرەیەکی دەروونی خۆیان بێ، پێم وانییە بە قازانجی کۆی بزووتنەوەی گۆڕان بشکێتەوە، هەروەک چۆن کارکردن لەسەر دروستکردنی تەنگژە بەسوود بۆیان ناگەڕێتەوە، چونکە سەرکردە توندڕۆکانی نێو بزووتنەوەکە، دەیانەوێ هەموو جارێک وەک لە ملمالانێی سیاسیدا پێی دەڵێن تەنگژەیەکی بەڕێوەبراو MANAGED CRISIS واتە خولقاندنی تەنگژە، تا لە رێگەیەوە گرێ و تەنگژەکانی خۆیان بشارنەوە و بشیانەوێ دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان بە تەنگژەیێکەوە سەرقاڵ بکەن بۆ ئەوەی لە پێشکەوتنەکانی ڕابگیرێ یان خاویان بکەنەوە. سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی جەنابی سەرۆک بارزانی بەپێی ئەو بەرنامە سیاسییەی لە لیستی ٤٥دا بۆ سەرۆکایەتیکردنی هەرێم هەیبوو، بەرنامەیەکی تۆکمەیە بۆ بەڕێوەبردنی دۆخی سیاسیی کوردستان و یەکخستنەوەی نێوماڵی هەرێمی کوردستان و یەکگرتنەوەی هەموو خاڵ و رەگەزانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا دەبنە هێز بۆ کۆی گشتیی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەزموونی هەرێم بەتەنیا موڵکی هەرێمی کوردستان نییە، ئەزموونێکە بۆ هەموو نەتەوەی کورد، هەر کوردێ لە هەر پارچەیەکی دنیادا بێ، بەچاوی ئومێدەوە سەیری ئەم ئەزموونە دەکا، بۆیە پێم وانییە خەڵکێکی بەویژدان و هۆشیاری هەرێمی کوردستان، بەتەواوی چین و توێژەکانیەوە، بەهەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانیەوە، بە جیاوازیی ئایدیۆلۆجییانەوە، ئەم جۆرە هەڵوێستە ئاژاوەگێڕییانە لەلایەن هەندێ سەرکردەی توندڕۆی نێو بزووتنەوەی گۆڕانەوە، جێی پەسندکردن و رەزامەندییان بێ.

* جەنابت ئاماژەت بەهەڵوێست و هۆشیاریی خەڵکی کوردستان

دا، بەڕای ئێوە هۆشیاریی خەڵک لە هەرێمی کوردستان تا چەند گەیشتووەتە ئاستێکی وا لە چەمکی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات، ئۆپۆزسیۆن و پرۆسەی دیموکراسی و سروشتی ئەو پرۆسەیە تێ بگا، ئاخۆ پێویستە بەرگریی لێ بکەن چونکە بەو پرۆسەیە دەتوانێ هەموو مافەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن وەک هاووڵاتی؟

– تا ئاستێکی باش بەو هۆشیارییە سیاسییەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، گەشبینم، ئەم ڕەتکردنەوە گشتییە میللییە سیاسییە جەماوەرییە بەرفراوانەی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەو بەیاننامەیەی کە سەرکردە توندڕۆکانی نێو بزووتنەوەی گۆڕان دەریان کردووە، بۆ خۆی ئاماژەیە بەو هۆشیارییە سیاسییە، پشتیوانینەکردنی لەلایەن بەشێکی زۆری خەڵکی شاری سلێمانی و ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان، دیسان ئاماژەیە بەو هۆشیارییە، کە خەڵکی کوردستان دەرک دەکەن، دەسەڵاتی سیاسی کامەیە و ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە کامەیە؟ کامەیە جووڵەی سیاسیی ئۆپۆزسیۆن کە لە قازانجی بەرژەوەندیی گشتی بێت؟ چونکە سیاسەت هونەری بەرهەمهێنانی بەرژەوەندیی گشتییە، چۆنێتیی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتییە، ئیدی پێم وایە خەڵکی کوردستان هێندە هۆشیارن، بزانن سیماکانی جووڵەی سیاسیی هەر لایەنێک چەند لەگەڵ ئەو ئاراستەیەدا دێتەوە، کە ببێتە پارێزەری بەرژەوەندیی گشتی. من دڵنیام گەر ئێستا ڕاپرسییەکی گەورە ئەنجام بدرێ، زۆرینەی هەرە زۆری خەڵک، ئەم هەڵوێستە نەرێنییانەی سەرکردە توندڕۆکانی نێو بزووتنەوەی گۆڕان ڕەت دەکەنەوە.

* لە دیداری ئەمشەوی سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ کەناڵی (کەی ئێن ئێن) وا دەردەکەوێ گلەیی لە بێبەشبوونی بزووتنەوەکەیان بکات لە هەموو پۆستە ئیدارییەکان، لە کاتێکدا دوای بەشداربوونیان لە پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردنەکان، بۆ خۆیان بەشدارییان لەو حکوومەتە نەکرد، دواتریش لە بەغدا

هەڵوێستێکی جیاوازیان وەرگرت، چۆن دەڕوانیتە ئەم دژبەیەکانە، ئاخۆ رووی داوە کەسێ سەر بەگۆڕان بووبێ و رێی پێ نەدرابێ یاخۆ دەرکرابێ، ئەو مافانەی نەبووە کە خەڵکێکی تر هەیبووە؟

– بەشبەحاڵی خۆمان لە پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و سەرانیدا زۆر هەوڵمان دا کە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیا نەبنەوە، کاتێکیش لەوان جیا بوونەوە، ئێمە فاکتەرێکی سەرەکی بووین، کە دیالۆگ لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا بالادەست بکەین، تا بە ئاراستەیەکی توندوتیژی کێشەکانی نێوانیان بەچارەسەر نەگەیەنن. ئێستاش بزووتنەوەی گۆڕان خۆیان بەرپرسیارن لە شکستهێنانی بەڵێنەکانی خۆیان، هەر خۆیان ئەوەیان رەت کردەوە بەشێک بن لە نێوماڵی کورد، ئامادە نەبوون لەنێو هاوبەندی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا بن. شاندی هاوبەشی لیستی کوردستانی بە سەرۆکایەتیی جەنابی کاک (د. بەرهەم ساڵح) و (کاک ئازاد بەرواری) پێکەوە چوونە لایان و داوایان لێ کردن، بەشداری لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بکەن، ئەوان رەتیان کردەوە بەشێ بن لەو حکوومەتە، دواتریش بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لە هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان کرد، بەهەموویانەوە هەڵوێستێکی نەتەوەیی بۆ چوونە بەغدا رێک بخەن و بەناوی یەک لیستی نەتەوەییەوە روو لەوێ بکەن، ئەوان لەوەشدا لیستی نەتەوەییی هەرێمی کوردستانیان رەت کردەوە. تەنانەت ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان لە چوارچێوەی لیستی کوردستانی لە پارێزگای کەرکووکدا بەشداریی کردایە، هەرێمی کوردستان دوو کورسیی زیاتری لە کەرکووک مسۆگەر دەکرد، بەڵام بەهۆی سیاسەتی هەڵەی سەرکردە توندڕۆکانی نێو بزووتنەوەی گۆڕان، لەسەر بنەمای رق لێبوونەوە و تۆڵەسەندنەوە، کورد لە کەرکووکدا دوو کورسیی لەدەست دا. بۆیە پێمان وایە بنکەی گۆڕان، هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەکە، ئێستا لە رووی سەرکردەکانی خۆیاندا بوەستن و ئەم پرسیارەیان لێ بکەن: ئێوە بەڵێنی زۆرتان بەخەڵک دا، بەئێمەتان دا، کە نەتاندەتوانی بەدی بێنن،

بۆچی بەرپرسیارێتییەکەشی هەڵناگرن. لەبەر ئەوە تەنیا سەرانی بزووتنەوەی گۆڕان بەرپرسیارن لەو شکستەی تووشیان هاتووە، بەرپرسیارن لەو بەڵێنانەی بۆیان نەهاتووەتە دی، ئەگینا لە هەرێمی کوردستان داوایان لێ کراوە، بەشێ بن لە کۆی گشتی، بەشێ بن لە نێومالی هەرێمی کوردستان، بەلام خۆیان نەیانویستووە، بۆیە دەبێ خۆشیان باجی ئەو بەرپرسیارێتییەی خۆیان بدەنەوە.

* جگە لەوەش گلەییی ئەوەیان کردووە، لە بەغدا هەردوو حزبە دەسەلاتدارەکە ڕێگرییان کردوون؟

– ئەوەش جۆرێکە لە دیماگۆجێتیی سیاسی، کە لە ئەنجامی شاردنەوەی شکستی سیاسیی خۆیان دێت، بۆیە هاتن ئەم بابەتەیان ورووژاند، ئەگینا پێیان گوترابوو کە بەشێ بن لە هاوبەندی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بەلام ئەوان لە کاتێکی دیاریکراودا پاشەکشەیان کرد، ئەو کاتە بوو کە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەستپێشخەرییەکی ڕاگەیاند، ئەوان یەکسەر ڕایان گەیاند کە دەچنە بەغدا و بەتەنیا دانوستاندن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا دەکەن، بێگومان شاندیشیان پێک هێنا بۆ ئەو مەبەستە، بەلام دواتر شاندەکە شکستی هێنا، بەوەی کە نەیتوانی کە کورسی و پۆست بۆ بزووتنەوەی گۆڕان بەدەست بێنێ، ئیتر ئەوە خۆیان باجی ئەو بەرپرسیارێتییە دەدەن، دواتریش نوێنەریان رای گەیاند و چەندان لێدوانیان دا کە ئەگەر بێتو هاوبەندی فراکسیۆنە کوردستانییەکان هەموو کورسییەکانی وەزارەتەکانیان بدەنێ، ئەوان رەتی دەکەنەوە و نایانەوێ لەبەرئەوەی لە فراکسیۆنە کوردستانییەکانەوەیە، بەوەش ئەوان جارێ تر بوونە هۆکاری پەرتەوازەیی نێو مالی کورد، چونکە سەرانی بزووتنەوەی گۆڕان نەیانویست هەموومان لە بەغدا لەسەر مەسەلەکان یەک بین.

* خالێکی تر لەنێو پەرلەمان زۆرجار لە دەزگەکانی ڕاگەیاندنی

خۆیان باسی دەکەن، نوێنەرانی ئەوان دەڵێن هەر پرۆژەیەک ئێمە پێشکێشی بکەین، لەلایەن فراکسیۆنی کوردستانییەوە رەت دەکرێتەوە، بەپێچەوانەشەوە هەر پرۆژەیەک لیستی کوردستانی بیخاتە روو، ئەوان دەنگی پێ نادەن، ئەو پێوەندیی نێوان زۆرینە و کەمینەیە لە پەرلەمانی کوردستان چۆن دەبینی و تا چەند ئەمە بەدیاردەیەکی سروشتیی دەزانی؟ ئاخۆ لە جیهانی دیموکراسیدا شتی وا هەیە کە کەمینە پرۆژە یاسای خۆی بەسەر زۆرینەدا بسەپێنێت؟

– وەک پێشتریش باسم کرد، هەر ململانێیەکی سیاسیی ئاشتییانە لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، لە رێی میکانیزمە یاسایی و دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە، لە رێی دیالۆگ و گفتوگۆی نێو هۆڵەکانی پەرلەمان و پێکەوەدانیشتن، ئێمە ئەمە بەدیاردەیەکی سروشتی دەزانین، بەڵام ئەوەی کە هەر یاسا و پرۆژە یاسایەک بەدڵی کەمینە نەبێت، ئیتر نابێ تێ پەڕێت یان نابێ ئیمزا بکرێ و ناکرێ ئەم پرۆژە یاسایە دەربچێ، ئەمە جۆرێکە لە سەپاندنی دیکتاتۆریەتی کەمینە لەنێو پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، من حەز دەکەم لێرەدا قسەیەکی (برایان لیسینگ) بێنمەوە کە دەڵێ (مەرج نییە ئەوەی تفی لە زنجیر کرد، مرۆڤێکی ئازاد بێ) مەرج نییە لە کوردستانیش ئەوەی باسی گەندەڵیی کرد، بۆ خۆی گەندەڵ نەبێ، یان وەک ریفۆرمیستێک خۆی نمایش بکات. هەرچییەک لە چوارچێوەی پرۆسە دیموکراسییەکاندا بێت لەنێو هۆڵی پەرلەمان، بەدیالۆگ و راگۆڕینەوە، هونەری ئارگیۆمێنت و ئارگیۆمێنتسازی، بتوانن زۆرینە رازی بکەن، ئەمە دەبێتە بەشێک لە دیاردەیەکی سروشتی، بەڵام یەک نموونەم لە هەموو دنیادا بدەنێ، کە حوکمی کەمینە لە پەرلەمانێکی هەر شوێنێکدا دژی زۆرینە وەستابێ، یان پێی وابێ زۆرینە نابێ هیچ یاسایەک تێ پەڕێنێ تەنیا لەبەرئەوەی زۆرینەیە، ئەگەر ئەوان رێز لە رای خەڵکی کوردستان دەگرن، ئەگەر رێز لە تاک بەتاکی هەرێمی کوردستان دەگرن، ئەم زۆرینەیەی پارتی و

یەکێتی لەنێو پەرلەمانی کوردستاندا، زۆرینەیەکە خەڵکی هەرێمی کوردستان متمانە و دەنگی پێ داوە، نە بەکودەتای سەربازی هاتوون، نە لە ئاسمانەوە داباریون، نە لەلایەن دەسەڵاتێکی دەرەکییشەوە سەپێنراون، بەڵام با بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ ڕێزم بۆ بنکە جەماوەرییەکەی، چونکە ئەوانە برا و خوشکی ئازیزی ئێمەن، با ئەوانیش بوێری سیاسییان هەبێ، شەفافانە باس لە هەندێ دۆخی خۆیان بکەن و لە میدیاکانیانەوە باس لە چۆنێتیی خەرجکردنی دارایی خۆیان بکەن، ئەو بڕە پارەیەی کە لە حکوومەتی وەردەگرن، با شەفافانە باس لە سەردانی شاندەکانیان بۆ ئەم وڵات و ئەو وڵات بکەن و ناوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوانەش بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا بکەن، کە لەگەڵ ئەم لایەن و ئەو لایەن ئەنجامی دەدەن.

* ئەم هەڵوێستەی کە لە بەیاننامەکەدا دەریان بڕی، بە ڕای جەنابت کاریگەری نەرێنیی لەسەر ئاستی نەتەوەیی کورد تا چەند دەبێ، ئەگەر بەردەوام بن لەسەر ئەم جۆرە هەڵوێستانەیان؟

– یەکڕیزیی خەڵکی کوردستان ڕووبەڕووی ئەم هەڕەشەیەش دەبێتەوە، چونکە گومانی تێدا نییە، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان لە بەردەم کۆمەڵێ هەڕەشەی جیدیدایە، هێشتا ئێمە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیمان تێ نەپەڕاندووە، هێشتا ٥١٪ی خاکی کوردستان کە ناوچەی دابڕێنراوی ئەم هەرێمەن، نەهاتوونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، هێشتا مەسەلەی کەرکووک یەکلایی نەبووەتەوە، مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا پێویستییان بە گەرەنتیی جێبەجێکردن و پاراستنە، کە دەبێ بەردەوام کاری بۆ بکەین، هێشتا هەڕەشەی تیرۆر لە هەرێم بوون و ئامادەییی هەیە، هێشتا کارکردن لە دەرەوە بۆ لێک ترازانی ماڵی کورد، کارکردنێکی کارایە، بۆیە پێمان وایە هەر جۆرە هەڵوێستێ، هەر جۆرە کردەوەیەک لەلایەن هەر لایەنێکی سیاسییەوە بێ، لەلایەن هەر کەسێکەوە بێت و ببێتە هۆی ئەوەی نێومالی کوردی یەک نەخاتەوە و ببێتە هۆی ناسەقامگیری لە هەرێمی

کوردستـان، بەزیانی ئاسـایشـی نەتـەوەییی هـەرێمی کوردسـتـان دەشکێتـەوە، هـەموو خەڵکی کوردستان، هێز و لایەنە شـۆڕشگێڕەکانی هـەرێمی کوردستان، کـــە ڕەوایـیی سـیــاسـی و ڕەوایـیی دەســتــووریـــان هـەیـە لەناو پـرۆســەی دیموکـراسی و یاسـایی، بەهـەمـوو هێزێکی بەردەسـتـیـانەوە، ڕووبەڕووی ئەو هێرشانە دەبنەوە کە دەکەوێتە سەر ئاسایشیان.

## بەیاننامە حەوت خاڵییەکەی گۆڕان
## سیاسەتکردن بوو لە ڕێی دروستکردنی تەنگژەوە

لە ژمـــــارە (١٥)ی رۆژی ٢٠١١/٢/٢٠ کـــــۆواری (ملـمـــــلانێ) لە ڕێگەی (فـەرەیدوون بێـوار)ەوە ئەم دیمانەیەی لەگـەڵ (هێـمن هـەورامی) سـاز داوە بۆ قسەکردن لەسەر کاردانەوەی بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان:

* بە ڕای ئێوە ئەو هەلومەرج و پاساوانە چی بوون، کە وای کرد لە گۆڕان بەیانێکی لەو جۆرە دەربکات؟

– ئێـمـە ئەو بەیاننامـەیە بە بەیانـنامـەی هـەمـوو جـەمـاوەری بزووتنەوەی گۆڕان–ی نازانین، ئێمە ڕێز و خۆشـەویسـتیمـان بۆ جـەمـاوەری بزووتنەوەی گۆڕان هـەیە، ئەوان بۆ ئەوە دەنگیان بە گۆڕان نەداوە، داوای هەڵوەشاندنەوەی سـیـسـتـەمـی سـیـاسـی و حکـومـەت و پەرلەمـان بکەن. ئەوان دەیانتـوانی لە بەیاننامەکەدا داوای لێستاندنەوەی متمانە لە حکوومەت بکەن. دەکرێ لە دوو روانگەوە سەیری بەیاننامەکە بکرێ: یەکەم– تەوقیت، دووەم– سیاقی گشتیی دەرکردنی بەیانەکەیە. ئێمە پێمان وایە لە ڕووی تەوقیتـەوە ئەو کەسـانەی نێو گۆڕان کـە بەیانەکـەیان دەرکردووە، پێیـان خـۆش بووە ئیـسـتـیـسـمـاری ئەو بارودۆخـە بکەن کە لە تونس و مـیـسر هـاتووەتە ئاراوە، بۆ ئەوەی وا نیـشـان بدەن کـە شـەپۆلێکی نـاڕەزایی هـەمـوو ناوچەکـەی گـرتووەتەوە. واقـیـعـێک بخوڵقێنن بەوەی کە هـەرێمی کوردستانیش هەمان سیستەمی سیاسیی میسر و تونسی هـەیە، دەسەڵاتدارانی کوردستانیش هـەمان دەسەڵاتدارانی میسر و تونسـن و دەبێ لە بەرامـبـەریاندا شـۆڕش و ڕاپـەڕین بکرێ. ئەمـە بۆ خـۆی لە

رووی تەوقـیـتـەوە هەڵەیەکی مـەنـهـەجـیی زۆر گـەورە بوو، کـە ئـەوانەی بەیاننامـەکـەیان دەکرد، کردیان. هـەروەها لە رووی تەوقـیتـەوە پێوەستـە بە شکستی سـەرانی بزووتنەوەی گۆڕان بـەتایبەتی لە مـەسـەلەی دانوستاندنیان لە بەغدا، نەیانتوانی ئەو بەڵێنانـەی کە بە جـەمـاوەرەکـەی خـۆیان دابوو، بۆ ئەوەی بەشێ بن لە پرۆسـەی سیاسی و ئەکتیـڤانـە رۆڵ ببینن، ئەو بەڵێنانە بێننە دی. خاڵێ تر ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆک بارزانی بوو بۆ دەربازکردنی عێراق لەو تەنگژەیەی تێی کەوتبوو. هەروەها سەرکەوتنەکانی پارتی لە هەڵبژاردنی ٧/٣/٢٠١٠ کە توانی زۆرترین کورسی لە پەرلەمانی عێراقدا بەدەست بێنێ. هەموو ئەمانە وایان کرد بەشێ لە برادەرانی بزووتنەوەی گـۆڕان تەحەمـول نەکـەن. خاڵێکی تر پێوەستـە بە پاشـەکشـێکردنی بزووتنـەوەی گۆڕان لەناو چین و توێژەکانی کوردستاندا، بەتایبـەتی لە هـەڵبـژاردنی رێکخـراوەکـانی کـارمـەندانی تەندروسـتی و ئەندازیاران، دەنگەکانی بزووتنەوەی گۆڕان پاشـەکشـێی کردووە. گۆڕان دەیویست سـەرکێشیی بزووتنەوە ئۆپۆزسیۆنـەکانی کوردستان بکا و هەمان بڕیار بدەن کە کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامیش چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکێتی و پارتیدا بکەن. گۆڕان لەمەشدا شکستی هێنا و کۆمەڵ و یەکگرتوو نەکەوتنە شوێن بڕیارەکانی گۆڕان. مانەوەی یەکگرتوو و کۆمەڵ لەناو ئیئتیلافی لیستە کوردستـانییـەکـان کـۆمـەڵێ تەنگژەی ناوەخـۆیی بۆ گـۆڕان دروست کـرد. بەبڕوای من دەرکردنی ئەو بەیاننامـەیە هێندەی سیاسـەتکردن بوو لە رێی دروستکردنی تەنگژەوە بۆ شاردنەوەی کێشە ناوەخۆییەکانی خۆیان، شتێکی تر نەبوو.

* تۆ پێت وایە بەیانەکەی گۆڕان، بەیانێکی ئۆپۆزسیۆنی بوو یان شەخسی و حزبی؟

– نەخێر بەیانێکی ئۆپۆزسیۆنی نەبوو، چونکە لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم، کۆمەڵ و یەکگرتوو ئامادە بوون، هاوکات لە بەیانەکەی سەرۆکایەتیش

دەرکەوت، لایەنە سیاسییەکانی تری لەگەڵدا نین. ئۆپۆزسیۆنبوون لە کوردستان لە ڕێگەی دەستووری و یاساییەوە دەکرێ، نەک بەڕێگەی هەڵوەشانەوە و هەڵتەکاندن.

* تۆ پێت وایە خوێندنەوەی سەرکردەکانی گۆڕان بۆ ڕەوشی ئێستای کوردستان، خوێندنەوەیەکی هەڵەیە یان پاساو و وەڵامەکانی پارتی و یەکێتی، تەنیا بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆیانە؟

– لەو بەیانەدا بینرا کە ئەوە هەڵوێستێکی بەشەخسیکردنی سروشتی ململانێی کەسانی ناو دەستەی گۆڕانە لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا، هێندەی بەشەخسیکردنی ئەم ململانێیەیە، ئەوەندە لە ململانێیەکی سیاسییانەی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات ناچێت.

## هەندێ لایەن پێیان هەرس ناکرێ پارتی رۆڵی سەرەکی و یەکلاکارانەی لە بڕیاری سیاسیی کوردستاندا هەبێ

ژمارە (٣٨)ی مارسی ٢٠١١ کۆواری (وارڤین) بۆ تاوتوێکردنی رووداوەکانی سلێمانی، ئەم دیدارە تایبەتەیان لەگەڵ (هێمن هەورامی) ساز دا:

* ئێوە وەک سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، خوێندنەوەتان بۆ رووداوەکانی سلێمانی چییە؟

– ئێمە ئەو رووداوانە بە نەخوازراو دەزانین، پێمان وایە لە هەرێمی کوردستان پرۆسەی دیموکراسییەت، هێشتا بەتەواوی پێ نەگەیشتووە، میکانیزموە. ئەمەش بەشێکە لە سیماکانی ئەو دیموکراتییەتەی، لە کۆمەڵگە تازەگەشەسەندووەکاندا سەر هەڵدەدەن. ئێمە لە پارتی بڕوامان بەوەیە هەموو هاووڵاتییەک ئازاد بێت و هەر گرووپ و رێکخراوێک مافی خۆپێشاندان و گردبوونەوە و کەمپینی هەبێت، هەتا هەر لایەنێکی تری سیاسی ئەگەر لە هەڵبژاردن نەیتوانی بگاتە دەسەڵات، مافێکی سروشتیی خۆیەتی کە ئۆپۆزسیۆن بێت و هەتا بتوانێت لە رێگەی میکانیزمی سیاسییەوە، لە بەرامبەر ئەو هێزەی هەڵبژاردنی بردووەتەوە راوەستێ، لە رووی فیکر و پرۆژە و ئەجێندای سیاسیشەوە ململانێی سیاسییانەی ئاشتییانە لەگەڵ لایەنەکانی دەسەڵات بکات، بۆ ئەوەی بتوانێ لە گێمی دووەمی هەڵبژاردن دەسەڵات بگرێتە دەست. ئێمە ئەجێندای خۆپێشاندەرانی بەردەرکی سەرای سلێمانی، لە ئەجێندای سیاسیی هەندێک هێزی سیاسی جیا دەکەینەوە. وەک ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رای گەیاند، ئێمە بەجیدی پشتیوانیی تەواو لە داوای رەوای خۆپێشاندەرانی بەردەرکی سەرا دەکەین، بۆ باشترکردنی

ڕەوشی ژیانیان و فەراهەمکردنی دەرفەتی کاری زیاتر و شەفافیەتی زیاتر، لە سیستەمی حوکمڕانی و بنبڕکردنی گەندەڵی، بەڵام بیرمان نەچێت هەندێک هێزی سیاسی هەن، سواری شەپۆلی نارەزایەتیی خەڵک بوون، ئەوەی نەیانتوانی لە هەڵبژاردن و بەمیکانیزمێکی دیموکراسییانە لە هێزەکانی ناو دەسەڵاتی ببەنەوە، دەیانەوێ ئێستا بەسواربوونی شەپۆلی نارەزایەتییەکانی خەڵک ململانێی سیاسیی خۆیان لەگەڵ هێزەکانی ناو دەسەڵات بکەن.

* ئێوە دەڵێن ئەجێندای خەڵک لە ئەجێندای سیاسی جیا دەکەینەوە، باشە تا ئێستا چۆن موخاتەبەی خەڵکتان کردووە؟

– ئێمە لە ڕێگەی کوتلەی خۆمانەوە لە پەرلەمانی کوردستان پشتیوانییەکی تەواومان بۆ ١٧ خاڵەکەی پەرلەمانی کوردستان دەربڕی. لە رووی سیاسیشەوە ئەو هەڵوێستانەی لە سەرۆک بارزانی و لە کاک نێچیرڤانەوە وەرگیراوە و ئەوانەشی لە راگەیاندنی رەسمییەوە باسمان کردووە و لە ڕێگەی کوتلەی خۆمانەوە لە پەرلەمان داخوازییەکانی خۆپێشاندەران بە هەندە وەرگیراون و بەتەواوی پشتیوانییان لێ دەکەین. پێویستە لەسەر حکوومەت لە ماوەیەکی زەمەنیدا وەڵامی پێ بێت بۆ بەشێک لەو داخوازییانەی کە هەن و حکوومەتیش ئەوەندەی ئێمە ئاگەدار بین ئێستا لەسەر ڕێڕەوی ئەوەیە، لە ماوەیەکی زەمەنیدا بتوانێ بەشێک لەو داوایانە جێبەجێ بکات.

* پارتی لە دوای کۆنگرەوە بەرنامەیەکی چڕوپڕی هەبوو بۆ سلێمانی، بەڵام ٢/١٧ رووی دا، ئاخۆ هەست ناکەیت ئەو رووداوە بەرنامەی ئێوەی لە سلێمانی تێک داوە؟

– نەخێر بەپێچەوانەوە، چونکە ئەو رووداوانە ئێمە وای نابینین کە مەبەستی تێکدانی بەرنامەی پارتی بووبێت، ڕاستە لە جیاکردنەوەی ئەجێندای لایەنە سیاسییەکان و ئەجێندای خۆپێشاندەراندا ئێمە نایشارینەوە و هەستیش دەکەین و زانیاریشمان لایە هەندێک لایەن هەن،

هەزمی قـەوارەی پارتی و گـەورەبوونی پارتـی ناکـەن و هـەزمی ئەوە ناکـەن کـە پارتی رۆڵی سـەرەکیی لە بڕیاری سیـاسی لە کوردسـتـان هـەبێت. ناشـتـوانن بێن بە ڕێگەچارەی ئاشـتـیـیـانە و لە ڕێگەی ململانێـیـەکی دیموکراسـیـیـانەی ئاشـتـیـیـانەوە قـەوارەی خـۆیان گـەورە بکەن و هـی پارتـی بچـووک بکەنەوە و دەسـەڵاتی پێ وەربگرن. بۆیە دێن لە ڕێی تـوندوتیـژی و لە ڕێی بەلارێدابردنی خـۆپێـشـاندانـی ئاشـتـیـیـانەی خـەڵک و لە ڕێی خـسـتـنەوەی توندوتیـژی و ململانێـیـەکی ناشـەریفانە دەیانەوێ بێن بەر لە فراوانبـوونی قەوارەی پارتی بگرن.

* کێن ئەو لایەنانە؟

– مـەعلوومـە کێن، هـەر لایەنێک بێت، ئەو لایەنانە لە سنـووری سلێـمـانی لە پرۆسـەی هەڵبژاردن بەرامـبـەر بە ئێمـە دۆڕاون و نەیانتـوانیـوە کورسـیی زیاتر بەدەست بـهـێنن، ئـەم لایەنانە نـەک تەنیـا دژ بـەپارتین، پرسـەکـە ئەوەیە دژ بە بالادەسـتیی لیستـی کوردسـتـانی و بالادەسـتیی یەکێتی و پارتین لە هـەرێمی کوردسـتـاندا . ئەو لایەنانەی کـە خـۆیان بە ئۆپـۆزسـیـۆن دەزانن و پێـیـان وایە دەبێ ئەم سیستەمـە بڕووخێ و نەمـێنێ، ئێستا داوای حکوومەتی ئینتیقالی دەکەن، پێم وایە خەڵکی کوردستان باش دەیانناسن.

* لە بـەیاننـامـەی مـەکـتـەبی سـیـاسـیی پارتـی کـە لەبارەی ڕووداوەکـانی حـەڤدەی شـوباتـەوە دەرچوو، لایەنە ئەمنیـیـەکـانی سلێـمـانی بە کەمتـەرخـەم زانران، هـەندێک ئەمـە بە تۆمـەتدانە پاڵ یەکێتی دەزانن؟

– ئێمـە با ورد بین و بە فـاکت قسـە بکەین، بـەهیـچ جـۆرێک پارتی، یەکێتی وەک حـزب تـۆمـەتبـار نـەکـردووە و پەیامـەکـە ئاراسـتـەی دەزگـای پۆلیس و ئاسـایشی سلێـمـانی کراوە، کە ئەرکی خۆیان بەباشـی جێبـەجێ نەکردووە، وەک ئەرکـە ئیـدارییـەکـە، ئێـمـە دەمـانەوێ دەسـەڵاتی یاسـا سـەروەر بێ و حکوومـەت بەدواداچـوون بکات و داوامـان لـە حکوومـەت کـردووە لێـژنەی

لێکۆڵینەوە دروست بکات و حکوومەتیش لەسەر بنەمای بڕیارە حەڤدە خاڵییەکە، لێژنەی لێکۆڵینەوەی پێک هێنا و دواتر ئەو لێژنەیە رادەستی ئەندامێکی دادگەی تەمییز کراوە و ئێمە چاوەڕوانی ئەنجامی لێکۆڵینەوە دەکەین.

* ئێستا زۆرێک لە دروشمەکانی نێو خۆپێشاندەرانی سلێمانی دژی پارتین؟

– وەکو چی؟

* وەک ئەو دروشمانەی داوای چۆڵکردنی سلێمانی و لەدادگەدانی بەرپرسی لقی چوار دەکەن و کەمپینی " سەرۆک تۆم ناوێت" و چەندان دروشمی تر.

– دیسان ئێمە ئەو داواکارییانە بەداخوازی هەموو خەڵکی سلێمانی نازانین، بەپێچەوانەوە ئەگەر تۆ سەیری راگەیەندراوە رەسمییەکانی ئەنجوومەنی کاتیی بەردەرکی سەرا بکەیت، ئەو داواکارییانەی تێدا نییە، ئەگەر تۆ سەیری لێدوانی خۆپێشاندەرانە ناحزبییەکان و ئەوانەی دەرەوەی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بکەیت، ئەو داواکارییانەی تێدا نییە. بۆیە ئێمە دەڵێین پشتیوانییەکی تەواومان بۆ ئەو داواکارییانە هەیە. ئەو داواکارییانەی کە بەشێکن لە ئەجێندای سیاسی دژ بەئێمە، دەزانین لە کەوادیری ناسراوی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە دێن، هەتا ئەو کاتەی ئەو داوایانە لە چوارچێوەیەکی ئاشتییانە و ناتوندوتیژانەدا بن، ئەو داوایانەش سروشتین و ئێمە دەمانەوێ ئەو داوایانە لە چوارچێوەی دیموکراسیدا بن و خەڵک بڕیار بدات کێ لە حوکم بمێنێت و کێ نەمێنێت.

* هەندێک لە داواکارییەکانی خەڵکی سلێمانی لە ئاستی شار گەورەترن وەک هەڵوەشاندنەوەی حکوومەت و بنبڕکردنی

گەندەڵی، ئاخۆ ئەمانە داخوازیی خەڵکی سلێمانین بەتەنیا یان داوای خەڵکی کوردستانن بەگشتی؟

– با بەفاکت قسە بکەین، سلێمانی ٨٠٠ هەزار کەسی تێدایە، چەند هەزار کەس لە بەردەرکی سەرایە، گەیشتووەتە ١٠ هەزار کەس؟ ئەگەر شەرعیەتی داخوازییەکی ئاوا بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکوومەت بەهێنانە سەر جادەی خەڵک بێت، ئەوان بتوانن پێنج هەزار کەس بێننە سەر جادە، ئێمە دەتوانین نیو ملیۆن کەس بێنینە سەر جادە، بەڵام ئێمە لەوە بووینەتەوە، ئێمە هەموومان باوەڕمان بە چوارچێوەیەکی دیموکراسی هەبووە، لە ڕێگەی ململانێی ئازادیی سیاسی، لە ڕێی پلۆرالیزمەوە، لە ڕێی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و هەڵبژاردنی ئازادەوە، لە ڕێی بەمەرجەعیبوونی خەڵکەوە ڕێک کەوتووین لەسەر ئەو شتانە. بۆیە ئێمە وەک پارتی پشتگیری لە داواکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین، ئەگەر ئەمە داخوازییەکان بن، دەبێ خەڵک بڕیار بدات و خەڵکیش لە هەڵبژاردنی پێشوەخت بڕیار دەدات. بۆیە داوا کراوە لە پەرلەمان و حکوومەت دیراسەی ئەمە بکات، با هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێت، کێ زۆرینەی هێنایەوە و کێ کەمینەی هێنا با ئەوە ببێتە بڕیار.

* لە کاتی ئەم خۆپێشاندانانەدا بارەگاکانی پارتی بوونە ئامانج، لە ڕاگەیاندنەکانی پارتی وا بڵاو کرایەوە کە ئەمە دەستێکی دەرەکیی لە پشتە، تۆ تا چەند لەو بڕوایەدایت، ئەوە دەستی دەرەکیی لە پشت بێت؟

– هەڵوێستی ڕەسمیی پارتی ئەمە بووە: ئێمە چاوەڕێی ئەنجامی لێکۆڵینەوە دەکەین و ناشمانەوێت بکەوینە پێش ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان، چونکە ئەو پرسە تەواو یاساییە و پێویستە بۆ یاسای بەجێ بێڵین.

* بەهۆی ڕووداوەکانی سلێمانییەوە تا ئێستا هەشت کەس کوژراون، لەو هەشت کەسەش تۆمەتی ئەوە دەخرێتە پاڵ

پاسـەوانی بارەگـاکـانی پارتی کـە ئەوان کـوشـتوویانـن و ئەوانی تریش ئاسـایشی یەکێـتیی پێ تۆمـەتبار دەکـرێت. بە ڕای ئێـوە بۆچی پەنجەی تۆمەتبارکردنەکە زیاتر ئاراستەی حزبەکەی ئێوە دەکرێت؟

– نەخێر، پێویستە ئێمە ورد بین لە باسکردنی شتەکان و بە فاکت و داتا قسـە بکەین، بۆ نموونە ئەوەی چەمچەماڵ لیژنـەی لێکۆڵینـەوە دروست بوو، گـوتەبێـژی رەسـمـیی پارتی ئەو بابەتەی روون کـردەوە، کـە لـە بەردەم قایمقامیەت تەقە کراوە و گەرمیان گیانی لەدەست داوە. ئێمـە ئەو پرسـە ناخەینە قالبی یەکێتی و پارتی، ئێمـە دەڵێین حکوومـەت هەیە و دامـەزراوەی یاسـاییـمان هەن و لەسـەر ئاسـتی بالا لیژنە دامـەزراوە و بەگـوێرەی بڕیارە حەقدە خالیـیەکەی پەرلەمان لیژنـەی لێکۆڵینەوە دروست کراوە و پێویسـتە لێکۆڵینـەوە لە هەمـوو رووداوەکان بکرێت و لێکۆڵینەوە لـەگەڵ ئەوانەش بکرێت کە مۆڵەتیـان بۆ خۆپیشاندانی حەقدەی مـانگ وەرگرتبوو، دواتر ئاراسـتەی خۆپیشاندانەکە گۆڕا، چونکە نە شوێنی خۆپیشاندانەکە و نە ئاراستەکەی بۆ بەردەم لقی چوار مۆڵەتی بۆ وەرنەگیرابوو. ئەوانەی پێش خـۆپیشـاندانیش تەحـریزیان کـردووە، هەمـوو ئەمـانە بەگـرتەی ڤـیدیۆیی هـەن و کـادیری ئەو لایەنانە دەرکەوتوون، کە خەڵکیان هان داوە. بەڵام پێشتریش گوتم ئەجێندای سیـاسـیی روون هـەیە و ئەو لایەنانەی ناتوانن لە ڕێگەی دیموکـراسـییـەوە لە پارتی ببەنەوە، دێن جادە دژی پارتی هان دەدەن.

* یانـی تۆ پێت وایە ئەوانەی لە خـۆپیـشـاندانەکـان کـوژراون، هیچیان بەدەست پارتی نەکوژراون؟

– ئێمە حزبین و لە ئێستادا حکوومەت خەریکی لێکۆڵینەوەیە و دەمـانەوێ ڕێز لە یاسا بگرین و دادگە چ بڕیارێکی دا، ئێمە پشتیوانیی دەکەین.

* لە دانیـشـتنی بانگکردنی سـەرۆکی حکوومـەتی هەرێم بۆ

پەرلەمان، ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن رایان گەیاند، لە سنووری هەولێر و دهۆک رێگری بۆ سەرۆکی حکوومەت دەکرێت؟ نموونەیەکی زەقیش کە باس کرا، داخستنی زانکۆ بوو؟

– پێم وایە لە دانیشتنەکەی پەرلەماندا، سەرۆکی حکوومەت باش وەڵامی ئەو پرسەی دایەوە. ئێمە با واقیعی بین و میسالی نەبین، پرسی داخستنی زانکۆ، خودی سەرۆکی زانکۆ بە رەسمی رایان گەیاندووە کە دەوامی زانکۆ هەبووە، قوتابیان خۆیان نەچوونەتەوە یان چ شتێک بووەتە هۆی ئەوەی نەچنەوە، ئەوە سەرۆکی زانکۆ باسی کردووە، بەڵام واقیعێک هەبووە بەداخەوە هەرێمی کوردستان بەقۆناغی شەڕی ناوخۆدا تێ پەڕیوە، پرۆسەی یەکگرتنەوە درێژخایەنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە یەک حکوومەتمان هەیە، بڵێین هەموو شتێک لە سەداسەد لە قاعیدەوە یەکی گرتووەتەوە، با واقیعی بین یەکی نەگرتووەتەوە، بەڵام ئاخۆ هێشتا دوو ئیدارەیی بەکامڵی ماوە، ئەمەش ناواقیعییە، کات و متمانەی دەوێت.

* هەندێک کەس وای دەبینێ خۆپێشاندان لە سلێمانی و ئاهەنگگێڕان لە هەولێر جارێکی تر مۆرکی دوو ئیدارەیی تۆخ دەکاتەوە؟

– ئەمە خواستی بەشێک لەو ئەجێندا سیاسییەیە کە لە سلێمانی سواری پشتی شەپۆلی خۆپێشاندان بوون و تەحریز دەکەن، بەڵام لە هەولێر لەبەر نزمیی ئاستی جەماوەرییان و لەبەر بێ متمانەیی خەڵکی بەو شێواز و میکانیزمە نارەزایەتییە، ناتوانن دوور لە یاسا ویستی خۆیان بسەپێنن، بۆیە دێن ئەو بابەتانە دەوروژێنن، ئەگینا کوردستان یەک پارچەیە، وەک جەنابی سەرۆک گوتی هەرێمی کوردستان بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە و خەڵکی کوردستان ئەم ئەزموونە دەپارێزێت، لەبەر ئەوە شارچێتی لە نێوان هەولێر و سلێمانی بەشێکە لەو ئەجێندا سیاسییەی کە تەنیا ناحەزانی ناوخۆیی و دەرەکی دەیخوازن. لە هەولێر بە ئیمزای بیست حزب ئاهەنگ گێڕدراوە

بەبۆنەی یادی ڕاپەڕینی یازدەی ئادار، ئەو مافەش بە خەڵک بدەن چۆن دەیەوێ تەعبیر لە خۆشییەکانی بکات، ناکرێت کەمینەیەکی کەم ناتوانێ لە ڕێگەی یاساوە راکانی خۆی بسەپێنێ. حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگار لێرە بەئاشکرا رایان گەیاندووە، هەر کەسێک بیەوێ خۆپێشاندان بکات، بەگوێرەی یاسای خۆپێشاندان بیکات و شوێن و ئامانجی خۆپێشاندانەکەی روون بێت لە چوارچێوەی یاسادا بێت، کەس ڕێگریی لێ نەکردووە، بەڵام کەسانێک بێن لە دەرەوەی یاسا بیانەوێ ئیرادەی خۆیان بسەپێنن و رەوشەکە تێک بدەن، من ئەوە بەئێوە دەڵێم ئێوە ئەوە قبووڵ دەکەن، ئێوە پشتیوانیی لێ دەکەن وەک رۆژنامەوان یان هاووڵاتییەک؟

* ئێمە لێرەدا پرسیار دەکەین و هەمان پرسیار دەکەینەوە: ئەوانەی لە سلێمانییەوە قسە دەکەن دەڵێن هەولێر لەژێر پاڵەپەستۆی زەبروزەنگ ناتوانێت خۆپێشاندان بکات؟

– ئەوەش بەشێکە لەو ئەجێندا سیاسییە، نەخێر ئێمە گوتوومانە لە چوارچێوەی یاسا، ئەوە حکوومەت داوای دەکات نەک ئێمە وەکو حزب.

* فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا بەیاننامەیەکی لەسەر رەوشی سلێمانی خوێندەوە و لەو بەیاننامەیەدا تۆمەتی زۆری ئاراستەی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، ئاخۆ بردنە دەرەوەی ئەو پرسە بۆ بەغدا، چ زیانێک لە ئەزموونی هەرێم دەدات؟

– پێمان وانییە سوودی هەبێت و پێشمان وانییە لەتکردنی گوتاری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان لە بەغدا بەسوودی خەڵکی کوردستان بێت. بە ڕای ئێمە هەر هێزێک لە بەغدا یاری لەسەر ئەو پەتە بکات، مێژوویەکی باش بۆ خۆی تۆمار ناکات و ئێمە لە بەغدا کۆمەڵێک دۆسیەی نەتەوەییمان هەیە و نوێنەرایەتیی ئیرادەی خەڵک دەکەین. ئەمەش درێژەپێدانی ئەو ئەجێندا سیاسییەیە و لە کەرکووکیش کردیان و زیانی دوو کورسییان لە کورد دا.

## پارتی دەخوازێ

## سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستان فرەڕەنگی بێ، بە مەرجێ هەمووان بڕوایان بەگەمە دیموکراسییەکە بێ

ژمــارە (٢٨٦)ی رۆژی ٢٨/٣/٢٠١١ی هەفتــەنامــەی (زاری کــرمــانجی) بۆ تیشک خستنە سەر دوایین گۆڕانکارییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و رەوشی ئێستای کوردستان، ئەم دیمانەیەی لەگەڵ (هێمن هەورامی) ساز دا:

* ئەو گۆڕانکارییانەی لە کۆنگرەی ١٣ بڕیاریان لەسەر درا بە چ گەیشتن؟

– کۆنگرەی ١٣ کۆنگرەیەکی جۆری بووە، چ لە ڕووی ناوەڕۆک و فۆرم و بەشداریکردنی میوانەکان و هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە و گفتوگۆکان جۆری بوو، واتە لە هەموو بوارەکان لە ئاستێکی بەرزدا بوو، زۆر بەجیدی لەسەر دروشمەکانی (نوێبوونەوە و دادپەروەری و پێکەوەژیان) قسە کرا، بۆیە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ بارودۆخی سیاسی کوردستان و پارتی و بابەتە دیموکراسییەکان و مەدەنییەکان کرا، لەبەر ئەوەش ئەو پرۆگرامەی کە پەسند کراوە، پرۆگرامێکی گشتگیر و هەمەلایەنە و لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆی کوردستان و هەرێمی و جیهانیدا دەگونجێت، ناڵێین هەمووی، بەڵام تا ڕادەیەکی باش وەڵامدەرەوەی پێداویستییە هەنووکەییەکانی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری هەرێمی کوردستانە، ئیتر لەسەر ئێمە دەوەستێت وەک سەرکردایەتیی نوێ و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە تا چەند بتوانین خاڵەکانی نێو پرۆگرام لە ژیانی رۆژانەی

پارتی و سیاسەتی پارتی، تا کۆنگرەی داهاتوو بەرجەستەیان بکەین، خۆتان دەزانن دوای کۆنگرە کۆمەڵێک پشووی سەری ساڵ و ئەو رووداوە نەخوازراوانەی ئێستا هاتنە پێش، بەڵام لەگەڵ چاودێریکردنی ئەم دۆخەش سەرکردایەتیی ئێمە و مەکتەبی سیاسی، لە کۆبوونەوە بەردەوامن بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنێتیی پیادەکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە لە ژیانی پارتایەتیدا.

* یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرە ئەوە بوو هەڵبژاردن لە ستافی ناوچە و لقەکان بکرێت، ئەمە چی بەسەرهات؟

– ئەوە بڕیاری کۆنگرەیە، بەڵام کۆمەڵێک رووداوی نەخوازراو هاتنە پێشێ، چاوەڕێ دەکەین لە داهاتوویەکی نزیکدا بەپێی هەلومەرجی بابەتی و خودی خۆمان بتوانین ئەو بڕیارەش جێبەجێ بکەین.

* هیچ گۆڕانکارییەک لە سەرەوە کراوە؟ بۆ نموونە گۆڕینی بەرپرسی لقەکان و مەکتەبەکان؟

– بەڵێ لە بەرپرسی لقەکان کۆمەڵێک گۆڕانکاری کراون، بەتایبەتی لە لقەکانی سنووری پارێزگەی سلێمانی، کاک ئەدهەم دەچێتە لقی ١١، لقی چوار کاک هەڵۆ ئەحمەد کوردەیە، بەرپرسی لقی ٢١ی دەوروبەری سلێمانی ئاری هەرسینە، بەرپرسی لقی ١٢ کاک دیاری حوسێنە، بەرپرسی لقی ١٩ی چەمچەماڵ کاک محەمەد هەرکییە، بەرپرسی لقی ٣ محەمەد کەمالە، لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئاڵوگۆڕەکانی تریش.

* خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا چییە؟

– ئەگەر ئێمە تۆزێ بەڕاستی قسە بکەین، ئەوەی لە سلێمانی رووی دا، پێشتر زانیاریمان هەبوو کە دەویسترێت لەلایەن هەندێ هێزی نەخوازراوەوە،

ئاقاری ڕەوایی داواکارییەکانی خۆپێشاندەرانی ڕاستەقینە بەلاڕێدا ببردرێ و بکرێتە خۆراکێکی سیاسی بۆ ململانێ لەگەڵ ئێمە و یەکێتی، هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا، داخوازی ڕەوای خۆپێشاندەران بۆ هێنانە ئارای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نەمانی گەندەڵی و فەراهەمکردنی دەرفەتی کاری زیاتر، بۆ پێداچوونەوە بەهەندێ لایەن لە سیستەمی دەسەڵاتی، تا ئەو کاتەی ئەم داخوازییانە لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی دیموکراسی و خۆپێشاندانێکدا بن کە لە ئاستی بەهێزترکردنی کیانی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان بن، پشتگیری لەو داخوازییانە دەکەین، پێش ئەوەی ئەمە داخوازیی کەسێکی تر بن، ئەمانە داخوازی پارتی بوونە، کە دەبێ لە ئاستی ئەو گۆڕانکارییانە بێ، بەڵام کە لایەنێکی سیاسی دێ بەتایبەتی لایەنی ئۆپۆزسیۆن، سواری شەپۆلی ئەم نارەزایەتییانە دەبن و شوێن ئەوان دەکەون و تۆڵەی سیاسی لە پارتی بکەنەوە، یان قەوارەی گەورەی پارتییان پێ قبوول نەکرێ، بیانەوێ لە ڕێگەیەکی نادیموکراسییانەوە پارتی و یەکێتی یان دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم بچێتە ژێر باری داخوازییە حزبییەکانی ئەوانەوە، بەدەر لە سیپەکانی دەنگدان و بەدەر لە ئالییەتەکانی دیموکراسی، ئەمە قابیلی قبووڵ نییە.

* پێت وانییە ئەم هەلومەرجەی ئێستا لە سلێمانی هەیە، بەپلە یەک یەکێتی و پارتی لێی بەرپرس بن، کە زەوینەسازییەکی وایان کردووە ئەو گەندەڵییەی داوا دەکرێ نەمێنێت و ئەو چاکسازییەی داوا دەکرێ بێتە ئاراوە، بەهۆی بەرپرسانی ئەوانەوە بووبێت؟

– جارێ ئالاهەڵگری چاکسازی و حوکمی دیموکراسی و سەروەریی یاسا و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە کوردستان، سەرۆک بارزانییە کە لە ساڵی ١٩٩١ لە کۆیە داوای دەوڵەتی قانوون و دیموکراسییەتی کردووە، لە پاڵ ئەوە ئێمە پێمان وانییە ئەو بابەتە بگاتە ڕادەیەک خوانەخواستە چارەسەر نەکرێت، چونکە ئەوانیش لەنێو شۆڕش و ڕاپەڕین و خۆپێشاندان، چەمکەکانیان تێکەڵ کردووە، ئێستا داخوازییە ئەسڵییەکانی خۆپێشاندەران لەگەڵ داخوازییە

سـیاسـییـەکـانی ئۆپۆزسـیـۆن تێکەڵ بوونە، بەتایبەتی ئۆپـۆزسـیـۆن دەیەوێ تێکەڵکێشـی بکات، چونکە ئەوانیش تا ئێـسـتـا نازانن ئەمـە شـۆڕشــە یان ڕاپەڕینـە یان خـۆپێـشـاندانە، ئـەگـەر شـۆڕشــە لـە دژی کێ؟ ئەگـەر ڕاپـەڕینە دیسان لە دژی کێ؟ ئەگەر خۆپێشاندانی واقیعییە، خۆپێشاندانەکانی خەڵکی کوردسـتـان، بـەهۆی ئەوەیە کە نارەزاییـیـان هـەیە و مـافی خـۆیانە، یـەکێک لە بنەمـاکـانی دیموکـراسـیـش خـۆپێـشـاندانـە و دەربڕینی ڕایە و کـۆبوونەوە و گـردبوونـەوەیە لە چـوارچێـوەی یاسـا و خـسـتنە ڕووی داواکـارییـەکـان و داخـوازییـەکـانی خـۆیانە. لە پاڵ ئـەوەشـدا حکوومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان نەیشـاردووەتەوە کە گەندەڵی لە هـەرێمی کوردسـتـاندا هـەیە و بەئەرکی خـۆی زانیوە چارەسەری بکات.

* هـەست ناکـەیت کـە چەند سـاڵە ئەو قـسـەیە دووبارە دەبێـتـەوە، بەڵام هـەنگاونان بۆ چارەسەری نییە؟

– منیش لەگـەڵ ئەوەدام هـەنگاونان بـۆ چارەســەرکـردنی گـەندەڵـی لەلایەن دەسـەڵاتەوە لە ئاستی پێویست نەبووە.

* ئەی چی بکرێت کە ئەو هەنگاوە وەک پێویست نەبووە؟

– جێبـەجێکردنی ئەو سـیاسـەتە چاکسـازییـەی کە جـەنابی سـەرۆک ڕای گـەیاند، پێم وابێ جـەنابی سـەرۆک زۆر لەوە زیاتری خـسـتـە ڕوو، کـە دەبێ بەهەمـوومانەوە پشـتگیری لەو پرۆسـەیە بکەیـن، چونکە ئەگەر بەوردی سـەیری پەیامـەکـە بکەین، هـەر لە ڕێکخـسـتنی وەزارەتەکـان و کـاراترکردنـی دیوانی چاودێریی داراییـیـەوە، پەلەکردنی پەرلەمـانی کـوردسـتـان لە پـەسندکـردنی کۆمـەڵێک یاسـا، ئەوەمـان بۆ دەردەخات کە هـەنگاو و مـەبەستی جیدی هـەن بۆ چاکسازی، چونکە یەکێک لە خاڵەکان ئەوەیـە کە پێویستە پەرلەمان پەلە بکات لە بڕیاردان لەسـەر هەندێک خـاڵی زۆر گـرینگ، بۆ نموونـە مـاوەیەکی زۆرە

یاسای کۆمسیۆنی نەزاهە چووەتە پەرلەمان، بۆ پەرلەمان ئیقراری ناکات؟ ئەمە یەکێکە لە پرسیارەکان، دیوانی چاودێریی دارایی کارا نەکراوە، بۆ پەرلەمان بەدواداچوونی بۆ ناکات، ئەمە یەکێکە لە پرسیارەکان، چونکە مەسەلەکە هەر ئەوە نییە تەنیا هەندێ لایەن لێی بەرپرس بن، بگرە هەر کەس و دامەزراوەیەک بەجۆرێک لە جۆرەکان لەو بابەتانە بەرپرسن.

* زۆرجار لە ڕاگەیاندنەکانی پارتی و یەکێتیش باسی بوونی دەستی دەرەکی، یان ئەجێندایەکی سیاسی لە پشت ئەو خۆپێشاندانانەوە دەکرێت، ئێوە گەیشتوونەتە ئەنجامێک کە دەستی دەرەکی لە پشت خۆپێشاندانەکانە؟

– بەدیاریکراوی لە ڕاگەیاندنی پارتی ئەو بابەتە کەمتر وروژێنراوە، هەست دەکەین وایە لە هەندێ شوێن ئەو بابەتە دەورووژێنرێت، بەپێی بڕیارە ١٧ خاڵییەکەی پەرلەمان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی باڵا دروست بووە، ئەندامێکی دەزگەی تەمیز سەرپەرشتیی دەکا، نامەوێ پێش ئەنجامەکانی ئەو لیژنەی لێکۆڵینەوەیە بکەوم، بەڵام هەموو ئەو بەڵگە و گرتە ڤیدیۆییانەی کە هەن، هەموو ئەو زانیارییە پێشوەختانەی کە هەن، دەدرێنە لیژنەی لێکۆڵینەوە، چونکە پرسیارە گەورەکە لێرەیە، کێ لە نائارامیی کوردستان قازانج دەکات؟ ئاخۆ خەڵکی سلێمانی لە نائارامیی کوردستان قازانج دەکەن؟ نەخێر، ئەگەر کوردستان خوانەخواستە بەخەیاڵی خاوی هەندێ کەس، دیسان بەرەو دابەشبوونەوەی سەردەمی شەڕی ناوەخۆ بڕوات، کێ قازانج دەکات؟ نەتەوەی کورد قازانج ناکا، بگرە ئەوانە قازانج دەکەن، کە دەیانەوێ نەتەوەی کورد یەکگرتوو نەبێت و یەکڕیز نەبێت.

* یەکێک لەو چەکانەی هەموو کات هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی کۆمەڵ و یەکگرتوو بەکاری دێنن، پیرۆزییەکانی ئەم نەتەوەیەن، ئاین و پێغەمبەر و فەرمووده و قورئان، ئەمانە بەکار

دێن بۆ وروژاندنی هەستی خەڵک، پێتان وانییە پێویستە ئەو پیرۆزییانە پارێزراو بن و یاسایەک بۆ ئەم بابەتە دەربچێت؟

– ناڵێم ئیشمان لەسەر نەکردووە یان کردووە، چونکە پەرلەمانی ئێمە ئاگەدارە، بەڵام بەر لە هەر شتێک هەر هێزێکی ئیسلامی سیاسی بۆی نییە خۆی بکاتە خاوەنی پیرۆزییەکانی ئەم وڵاتە، بۆی نییە تەواو بەناوی ئیسلامیشەوە قسە بکات، چونکە ئێمە سیستەمێکی دیموکراتی نوێنەرایەتیمان هەیە، ئاینی ئیسلام تاپۆ و موڵکی هیچ کەسێک نییە، چونکە مەسەلەیەکی عەقیدەییی نێوان مرۆڤ و خوایە، ئێمە دەمانەوێ لە هەرێمی کوردستان سیستەمێکمان هەبێت کە ئازادیی پلورالیزمی تێدا بێ، ئێمە لەگەڵ یەکڕەنگکردنی کۆی سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا نین، دەمانەوێت هەموو رەنگەکانی تێدا بن بە ئیسلامی سیاسیشەوە، بەڵام بە مەرجێک هەموومان باوەڕمان بە رێسای یارییەکە هەبێت، پێم وانییە خەڵک ئەوەندە نەزان بن، رابردووی ئەو برادەرانە نەزانن، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٩٣ لە دیمانەیەک لەگەڵ (کوردستانی نوێ) دەڵێ باوەڕم بەدیموکراسییەت نییە، ئێستا ئەگەر باوەڕی بە دیموکراسییەت هەیە، با رای بگەیەنێت باوەڕی پێ هەیە، گەر لەسەر هەمان باوەڕی رابردوویەتی، با رای بگەیەنێ و شەرم نەکات و نەیشارێتەوە، تۆ باوەڕت بە دیموکراسییەت نییە، چۆن بەشدار دەبێ لە ئالییەتە دیموکراسییەکان؟

* قسەیەک هەیە کە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بەهۆی لاوازبوونی پێگەی جەماوەرییان پەنا بۆ ئەم کارانە دەبەن؟

– من ١٠٠٪ لەگەڵ ئەو قسەیەدام، ئەوە ئەنجامی تەحلیلگیرییەکە، بنەمای کۆمەڵێک داتا و زانیارییە کە خەڵکی وشیار دەتوانێ بە ئاسانی بیکا، چونکە سیاسەتکردن، دروستکردنی تەنگژە یان بەرەو لێواری تەنگژەبردنی کۆمەڵگە نییە، بتەوێ و نەتەوێ بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سایکۆلۆجییەتی ئەو مرۆڤەی

کە تەنگژەکە دروست دەکا، سایکۆلۆجییەکەش ئەگەر خوێندنەوەیەکی سیاقی ئەو سایکۆلۆجیایە بکەی، هۆکارەکانی پاڵنەر لە پشت ئەو بڕیارە بکەی، کە ئەو هێزە یان کەسەکە دەیەوێ کوردستان بەرەو لێواری تەنگژە بەرێ، زۆر بەوردی ئەو قسەیەت بۆ ئیسپات دەبێ، بۆ نموونە هەر لە بزووتنەوەی گۆڕان بیگرە، بەیاننامە حەوت خاڵییەکەی ١/٢٩ بەرئەنجامی کۆمەڵێک تەنگژەی ناوەخۆییە، بەڵام تا ئێستا ئەوان نەیانتوانیوە کۆنگرەی خۆیان ببەستن، چونکە ململانێیەکی توند لە نێوان ئەوانەی کە لەنێو یەکێتی هاتوونەتە نێو بزووتنەوەکە و ئەوانی تر کە لە دەرەوەی یەکێتی هاتوونەتە نێو گۆڕان هەیە، تا ئێستا لەنێو بزووتنەوەی گۆڕان سیستەمێک نییە بۆ دابەشکردنی لێپرسراوییەکان، سەرکردەیەک هەیە کە بۆ خۆی دانیشتووە، ئەوانی تر هەمووی هەڵسووڕاون، کەسانێک نین پلەکانی لێپرسراوێتییان جیا بێت، ئەوان پێش ٧/٢٥ بەڵێنی گەورەیان بەخەڵکی دابوو، وەک ئەوەی زۆرینەیەک دەهێنن و کاندیدیان هەبوو بۆ سەرۆک وەزیران. جارێ نەوشیروان مستەفا دەیگوت یەکێتی لەبەر ئەو چووەتە دەرەوە نەک ئەو لە یەکێتی چووبێتە دەرەوە، بەڵام کە بینی ئەو یەکێتییە هەمووی لەگەڵ ئەو نەچووە دەرەوە، نەشیتوانی ئەو دەنگانە بێنێ کە ئەو لە خەیاڵدانی خۆیدا پێشبینیی کردبوو، بۆیە ئێستا ناتوانێ وەڵامی ئەو بەڵێنانە بداتەوە کە بەخەڵکی کوردستانی دابوو، ئەمە بۆ خۆی ئەزمەیەکە، هەڵبژاردنی سەندیکای مامۆستایان و ئەندازیارانی کشتوکاڵ و پیشەوەرانی تەندروستی دەری خست کە ئەمانە لە پاشەکشەیەکی دیاردان، ئەمانەش بەشێکن لە چینی ناوەڕاست لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، کە ئەوان بە چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگە پاشەکشە بکەن، دەردەکەوێت کە بەرەو چ ئاڕاستەیەکی تر دەچن، بۆیە ئەمە بەشێکە لە گەمەی سیاسی، پێی دەڵێن بە تەنگژە تەنگژە خراپەکانی خۆت دەشاریتەوە.

* ئێوە کاتێک ئەم لێکدانەوەیەتان هەیە، پێتان وایە پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و کۆی سیستەمی بەڕێوەبردنی

ئەم وڵاتە، هێــزی بەرەنگاربوونەوەی ئەو تەنگژانەی هەبێت کــە ئەوان دروستی دەکەن؟

– بێگومــان چونکە دامــەزراوەی دەســتــووری لەم وڵاتە، نە بە ئینقــیــلاب هاتووە، نە فەرز کراوە، نە هێزێکی دەرەکیش سەپاندوویەتییە سەر هەرێمی کوردستــان، ئەگەر ئێمە خەڵکی کوردستــان و پرۆسەی دیموکراسی و ئەو شەرعیەتەی کە لە خەڵکەوە دەدرێ، مەرجەع بێت و بنەمای ئەو دەسەڵات و هێــزە بێ کــە بەکــار دەهێنرێ، پێم وایە دامــەزراوەی دەســتــووری ئێــمــە پشتبەستوو بەئەحکامی دەستووری هەرێمی کوردستان و پشتبەستووش بەو شەرعیەتەی کە لە خەڵکەوە وەرگیراوە و ئەو دیموکراسییەتەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، هێزی ئەوەیە، ئیستیعابی ئەو تەنگژانە بکات.

* لە هەندێ کەناڵی ڕاگەیاندن ئەوە بڵاو کرایەوە کە زەوینەیەک ســاز دەکرێت بۆ دانیشتنی سەرکردایەتیی گۆڕان و پارتی و لایەنەکانی تر؟

– مەوقیفی ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوە بووە کە ئێمە هێڵی سوورمان نییە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ هیچ لایەنێک.

* ئەوانیش وا دەڵێن، بەڵام ئەو دانیشتنە بۆ ناگاتە ئەنجام؟

– هەر کاتێک داوا کرابێت یان میکانیزمێکی وا پێویست کرابێت، زۆر ئاساییە بکرێت، بەڵام دەبێ زەوینەکە لەبار کرابێ و بزانرێ دانیشتنەکە لە پێناوی چییە.

* قســـەیەک هەیە کـە ســەرکــردایەتیی گـۆڕان ئەوەندەی ڕقی تایبــەتیــیــان لە بنەمــاڵەی بارزانی هەیە، ئەوەندە کــێــشــەی سیاسییان نییە لەگەڵ پارتی، بۆیە ئامادە نین لەگەڵیان دابنیشن،

ئەمە چۆن لێکدانەوەی بۆ دەکەیت؟

– هەندێ جار مەلامیحی ئەو پرسیارەی کردت، بەجوولەی سیاسیی ئەوانەوە دیارە، بە ئاراستەیەکە کە ئەوە شەڕی کۆنەقینە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم دەیکەن، شەڕێکە بۆ یەکلاییکردنەوەی رابردووە لەگەڵیان، نەک بۆ باشترکردنی ئەوەی ئێستا خەڵکی کوردستان پێویستی پێیەتی.

* ئەو چاکسازییانەی کە باسی دەکەن و جەنابی سەرۆک باسی لێوە کرد، ئەو چاکسازییانە گەر بکرێن، بەرپرسانی پارتیش دەبێ پێوەی پابەند بن، رەنگە زۆریان لە گەندەڵییەکان تێوە گلابن و کۆمپانیایان هەبێ و کۆمەڵێک شت، چاکسازیی ئێوە لەناو پارتی چۆنە؟

– لەگەڵ ئەوەدا نیم بڵێم زۆرێک لە بەرپرسانی پارتی تێوە گلابن یان کۆمپانیایان هەبێت، با بەدیاریکراوی بێت، ئەگەر کەسێک هەیە با ناوەکەی بڵێن زۆر ئاساییە، چونکە دەبێ خەڵکی گەندەڵکار لە خەڵکی پاک جیا بکرێتەوە، دەبێ خەتێکی روون هەبێت، کێ لەناو حکومەت و لایەنەکانی تر گەندەڵە؟ دەبێ هەموومان بە پارتیشەوە، دەبێت پابەندی ئەو بەرنامەی چاکسازییە بین کە جەنابی سەرۆک رای گەیاندووە، کە جەنابی سەرۆک وا هەست دەکات دیوانی چاودێریی دارایی دەبێت کارا بکرێت، دیوانی چاودێریی دارایی هەر تێبینییەکی لەسەر بەرپرسێکی ئێمە هەبێت، ئەوە یاسا هەیە و بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، کە جەنابی سەرۆک داوای تێپەڕاندنی یاسای کۆمسیۆنی نەزاهە دەکات، دەبێت هەموومان پابەند بین لەوەی یاسای کۆمسیۆنی نەزاهە لەسەر هەموومان جێبەجێ دەکرێت.

* بەڵام ئەوە ناشاردرێتەوە ئەو رێژەیە زۆر بێت یان کەم لە دامەزراوەی جیاجیا خەڵک هەبووە دەستیان هەیە لە گەندەڵی؟

– دەتوانم ئەوەندەت پێ بڵێم، پێم وایە ڕێبازی بارزانی کورتی بکەینەوە بۆ یەک وشە، ڕێبازی بارزانی واتە یەکسانی، هەر کەسێک ئەگەر پلەیەکی حزبی و ئەمنی و سەربازی و ئیداریی خۆی، یان نفووزێکی خێزانیی خۆی بەکار هێنابێت بە ڕێگەی نایاسایی، هەر کەسێک لای ئێمە یان لەنێو ئێمە یان بە بۆنەی ئێمە مەوقیعێکی دەستکەوتبێت، ئەو نفووزەی خۆی ئیستغلال کردبێت بە ڕێگەی نایاسایی، پێش هەموو شتێک و کەسێک خیانەتی لە ڕێبازی بارزانی کردووە، بۆیە ڕێبازی بارزانی زۆر لەوە گەورەترە بەهەندێ خەڵک پێوەری بۆ بکرێت، ڕێبازی بارزانی بۆ خەڵکی کوردستانە و دەبێت هەموومان کار بۆ ئەوە بکەین عەدالەتی ڕێبازی مەلا مستەفا چییە، ئەوە جێبەجێ بکرێت.

# ئۆپۆزسیۆنبوون
# مۆدێلێکی جیاواز لە میللەتانی تر

## ئۆپۆزسیۆن بە میکانیزمە دیموکراسییەکان ڕازییە
## بەڵام لە بەرەنجامی ئەو میکانیزمانە قەڵسە

لە ژمارە (٣٧٥١)ی رۆژی ٢٠١١/٤/٢٠ رۆژنامەی (خەبات) لەبارەی رەوشی هەرێمی کوردستانەوە لەلایەن (ئاسۆ عەلی - ئاری مامشەیی) دیمانەیەک لەگەڵ (هێمن هەورامی) ساز درا:

* بۆچی تەنیا پارتی و یەکێتی بەدەم بانگەوازەکەی سەرۆکی کوردستانەوە هاتن و هێزەکانی تری ئۆپۆزسیۆن ئامادەییان نەبوو؟

- بانگەوازەکەی سەرۆک و بەدەنگەوەهاتنی تەنیا پارتی و یەکێتی، ئێمە لەو گۆشەنیگایەوە دەیبینین کە ئەو پرۆژەیەی جەنابی سەرۆک بارزانی رای گەیاندووە بۆ چاکسازی، پرۆژەیەکی نیشتمانییە، بۆیە پارتی و یەکێتی کارێکی باشیان کردووە لەوەی دەستپێشخەر بوون لە پێشوازیکردن و پشتگیریکردنی ئەو پرۆژەیە. لایەنەکانی تریش ئەگەر پشتگیری لەم پرۆژەیە نەکەن، رەنگە خۆیان لە شەمەندەفەرەکە بەجێ بمێنن نەک ئەوانی تر، چونکە ئەم پرۆژەیەی جەنابی سەرۆک بارزانی لە گۆشەنیگا و روئیای خۆیەوە هاتووە، بەرقەرارکردنی زیاتری دەوڵەتی قانوون و پەرەسەندنی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٩١ەوە دەستی پێ کردووە. پێمان وایە پارتی و یەکێتی کارێکی باشیان کرد، کە ئامادەیی خۆیان بۆ پشتگیریکردن لەم پرۆژەیە دەربڕی، بەڵام ئۆپۆزسیۆن ئەگەر بەحەقیقی دەیانەوێ چاکسازی لە هەرێمی کوردستاندا بکرێت و ئەگەر نایانەوێت لە رێی میکانیزمە

نادەستـــووری و نادیموکـراتیـیـەکـانەوە بگەنە دەسـەڵات، دەبێت بێن لە چوارچێوەی ئەو پرۆژە چاکسازییەی جەنابی سەرۆک بارزانی رای گەیاندووە لەسەر مێزی گفتوگۆ بەشدار بن لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە.

* واتە ئەوان ئەم سیستەمە دیموکراسییەیان پێ قبووڵ نییە؟

– بەداخـەوە بەپێی تێگەیشتنی ئێمە، هیوادارین بەو شێوەیە نەبێت کە دیموکـراسـێـتـیـیـان پێ قـبـووڵ نەبێت، بەڵام لە پراکـتـیکدا ئەوەی ئێمە دەیخوێنینەوە ئەوەیە ئەوان میکانیزمە دیموکراسییەکانیان پێ قبووڵە، بەڵام بەرەنجامی میکانیزمە دیموکراسییەکانیان پێ قبووڵ نییە و وەری ناگرن. ئەگەر پێیان قـبـووڵ دەکرێت، ئەوە جەنابی سەرۆک رای گەیاندووە کە چاکسازیی وەزاری بکرێت، دەتوانن بێن لە چوارچێوەی چاکسازیی وەزاری و حکومەتێکی بنکە فراوان بەشداربن و ئەو پرۆژە چاکسازییەی کە جەنابی سـەرۆک بارزانی رای گەیاندووە و ئەو پرۆژە چاکسـازییەی کە ئەوانیش باسـیـان لێوە کردووە بیکەنە ئەجێندایەک بۆ ئەوەی ئەو حکومەتە بنکە فراوانەی کە جەنابی سەرۆک بارزانی باسی کردووە، دەوڵەمەندی بکەن و ئامادەکاری بکەن بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە، بەڵام ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردن دەترسێت، ئەگەر ناترسن فەرموو با بەشداری بکەن.

* جەنابی سەرۆک بارزانی ئامادەیی دەربڕی بۆ حکومەتێکی بنکە فـراوان، بەڵام ئەوان سـوورن لەسـەر هەڵوەشـاندنەوەی حکوومـەت و پێکهێنانی حکومەتێکی کاتیی بێلایەن کـە ئالییەتەکانیان دەستنیشان نەکردووە، ئاخۆ ئەمە روئیایەکی ناڕۆشن نییە؟

– ئێمە پێمان وایە ئەم ڕاکردنە لە شەرعیەتی خەڵک، واتە گەڕانەوە بۆ تەوافوقی حزبی، گەڕانەوەیە بۆ دواوە، ئێمە نامانەوێت بگەڕێینەوە بۆ دواوە،

ئێمە دەمانەوێت کارێک بکەین کە هەموو کات هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی دیموکراسییەکە هەنگاوێک بەرەو پێشەوە بچێت. بۆیە گەڕانەوە بۆ تەوافوقی حزبی و بازدانی بەسەر ئەو رەوایەتییەی کە خەڵک دەیدات بۆ خۆی جۆرێکە لە پاشەکشەکردن لە دیموکراسییەت. بۆیە ئۆپۆزسیۆن ئەگەر راست دەکەن و ئەگەر لەگەڵ چاکسازی و ئەو رەواییەن کە خەڵک دەیدات، دەبێت بەدەم بانگەوازەکەی جەنابی سەرۆک بارزانییەوە بێن و بەشدار بن لە پرۆسەکە، هەموومان ئامادەکاری بکەین بۆ گەڕانەوە بۆ ڕای میللەت.

* ئەی لە حاڵەتێکدا ئەگەر نەهاتن؟

– ئەگەر نەهاتن خۆ ژیانی دیموکراسی لە کوردستان ناوەستێت، چونکە پڕۆژەی چاکسازی کە جەنابی سەرۆک بارزانی رای گەیاندووە بەدەر بووە لە داخوازیی ئۆپۆزسیۆن. بۆ نموونە لە مێژووی ١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١١ جەنابی سەرۆک بارزانی کۆبوونەوەی لەگەڵ هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکاندا کرد، کە ئەم مێژووە پێش رووداوەکانی تونس و میسر و بەیاننامە ٧ خاڵییەکەی بزووتنەوەی گۆڕان بوو، لەو کۆبوونەوەیەدا جەنابی سەرۆک بارزانی پێی ڕاگەیاندن کە هەر لایەنێک ئەگەر پڕۆژەی هەیە با بە نووسین پێشکێشی بکات بۆ ئەوەی هەموومان ئەجێندایەکی چاکسازی دابنێین کە لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی نیشتمانیدا هەموومان تێیدا بەشدار بین. بۆیە ئەم پڕۆژە چاکسازییەی جەنابی سەرۆک چاوەڕێی ئەوە ناکات ئۆپۆزسیۆن چی دەڵێت و چی ناڵێت، ئێمە پێمان خۆشە ئۆپۆزسیۆن بەشدار بێت لە پڕۆژەی چاکسازیی سەرۆک بارزانی و ئەو ئەجێندایەی ئێمە و یەکێتی دەیگرینە بەر لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن هەر بیانەوێت هەموو شتێک رەت بکەنەوە، تەنیا هەر ڕای خۆیان بسەپێنن و بەمەرجەوە بێنە ناو گفتوگۆوە، پێمان وایە ئۆپۆزسیۆن هەڵەی گەورە دەکەن.

* ئۆپۆزسیۆن لە ئێستاوە رەتی دەکاتەوە بێتە ناو حکوومەتێکی

بنکە فراوانەوە لە کاتێکیشدا داوای دەکەن، ئەمە چۆن؟

– بەداخەوە ئەمەش جۆرێکە لە دیماگۆجێتیی سیاسی ئۆپۆزسیۆن بەکاری دەهێنێت. ئەو شێوازە مامەڵەکردنەی ئەوان، کە هەر لە ئێستاوە حکوومەتی بنکە فراوان رەت دەکەنەوە، پرسیارێک لێرەدا دروست دەبێت ئەویش ئەوەیە: باشە بەدیلتان چییە؟ تۆ داوای هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی ئێستا دەکەیت و لەولاشەوە رای دەگەیەنیت کە من بەشدار نابم لە حکوومەتی داهاتوودا. ئیتر پرسیاری هەرە گەورەش لێرەدا ئەوەیە باشە ئەم هەموو فەوزایە لەسەر چییە؟ تۆ کە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوە بیت و بەشداری لە حکوومەتێکی بنکە فراوان نەکەیت، ئیتر بە چ شێوازێک دەتەوێ هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە بچێت؟

* پەنابردنە بەر لایەنی نێودەوڵەتی و جیهان بۆ بارودۆخی هەرێمی کوردستان، ئەمە چی دەگەیەنێت؟ پارتی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمە دەکات؟

– ئەمە دەلالەت لە لاوازبوونی پرۆژەی ئۆپۆزسیۆن و پێگەیانە لەناو هەرێمی کوردستان و دڵنیابوونیانە کە لە رێی پرۆسەیەکی دیموکراسی بەگەڕانەوە بۆ خەڵک ناتوانن ئەجێنداکەیان جێبەجێ بکەن. بۆیە دەیانەوێ لە چوارچێوەی بەنێودەوڵەتیکردنی ئەجێندای ئۆپۆزسیۆن بیانەوێ پاڵەپەستۆیەک لەسەر هێزە سیاسییەکانی ناوەخۆ دروست بکەن. ئێمە لەمێژە ئەو قۆناغەمان تێ پەڕاندووە کە هەرێمی کوردستان بۆ خۆی دامەزراوەی دەستووری هەیە، پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان دەستی پێ کردووە، ئازادییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بە بەرفراوانی هەن، بۆیە پێم وایە بەنێودەوڵەتیکردن یاخۆ پەنابردن بۆ لایەنی نێودەوڵەتی، لایەنی نێودەوڵەتی ئەوەندە بێ زانیاری و بێ هەڵسەنگاندن نین کە تەنیا بەهەڵسەنگاندنێکی لایەنی ئۆپۆزسیۆن بێن تەداخول یاخۆ ئەوەی لە یاسا نێودەوڵەتییەکان پێی دەگوترێت (INTERVENTION) بکەن. چونکە لە عێراق دەستوور هەیە و هەرێمی

کوردستانیش بەشێکی فەرمیی ئەم دامەزراوە دەستووری و فیدراڵییەیە کە لە عێراقدا هەیە، هەر بۆیەش چارەسەرییەکانیشی لە ناوەخۆی خۆیدا دەبێت و بە گەڕاندنەوە بۆ مێزی گفتوگۆ دەبێت. ئێمە پێمان وایە ئەم جۆرە پەنابردنە بەر لایەنە نێودەوڵەتییەکان کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت، چونکە لایەنە نێودەوڵەتییەکان بەچاویلکەی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان تەماشای بارودۆخی هەرێم ناکەن، بگرە بە چاویلکەی دەستووریبوون و یاسابوونی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و بارودۆخی سیاسی و ئەمنیی کوردستان و پێگەی جیۆپۆلیتیکی سیاسی سەیری کوردستان دەکەن. ئەمە جۆرێکە لە نائومێدبوونی ئۆپۆزسیۆن لەوەی کە شکستیان هێناوە، بتوانن لە ڕێی شەقام و وروژاندنی رای گشتییەوە ئەجێندا حزبییەکانی خۆیان بهێننە دی، بۆیە دەیانەوێت دەنگیان بەرزتر بکەنەوە تا بەجۆرێک لە جۆرەکان بیکەنە پاڵەپەستۆ بۆ ئەوەی لێرە دەستکەوتی سیاسیی پێ بەدەست بێنن.

* بەگوێرەی چاودێران کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێی وایە هەرێمی کوردستان دەتوانێت خۆی چارەسەری ئەم بارودۆخە بکات، هەر بۆیەش هیچ دەستوەردانێک ناکەن؟

– هەرێمی کوردستان پێوەندییەکی باشی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە و وڵاتانی زلهێزی نێودەوڵەتی زۆربەی هەرە زۆریان پێوەندییان لەگەڵ هەرێم هەیە، بۆ نموونە جگە لە چین، ئێستا هەر پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کونسوڵگەیان لە هەولێر هەیە، ئەو وڵاتانە بۆ خۆیان هەڵسەنگاندن بۆ هەرێمی کوردستان دەکەن و هەر کردنەوەی کونسوڵییەی ئەو وڵاتانە لە هەرێمی کوردستان، نیشانەی بوونی متمانەی ئەو وڵاتانەیە بەهەرێمی کوردستان و باری ئاسایش و دامەزراوە دەستووری و پرۆسەی دیموکراسیی هەرێمی کوردستانە. بۆیە پێم وایە ئەمە بۆ ئۆپۆزسیۆن، بێجگە لەوەی نواندنێکی شکستخواردووە، هیچی تری ئەوتۆ نەبووە.

* ئەو چاکسازییانەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئێستا بەئەولەوییەتی خۆی دەزانێت، چین؟

- پێش هەر شتێک بەهێزکردنی پرۆسەی دیموکراسییە لە هەرێمی کوردستان. بەهێزترکردنی پێگەی دەسەڵاتی تەشریعی و تەنفیزی و قەزایی لە کوردستان، وەک ئەوەی جەنابی سەرۆک بارزانی ئاماژەی پێ داوە، چالاککردنی دیوانی چاودێریی دارایی لە کوردستان. بەڵام ئەمەش پێویستی بەهەندێک تەعدیلات هەیە، بۆ نموونە یاسای ١٦٣ی سزای فەرمانبەرانی دەوڵەت پێویستی بە تەعدیلکردن هەیە بۆ ئەوەی دیوانی چاودێریی دارایی بتوانێت رۆڵی خۆی زیاتر بگێڕێت. مەسەلەی داواکاریی گشتی، بۆ نموونە ئەوان تا ئێستا بەشێکن لە وەزارەتی داد، بە رای من ئەگەر ئێمە بمانەوێت داواکاریی گشتی سەربەخۆ بێت و رۆڵی چالاکتر بگێڕێت، پێویستە لە وەزارەت و دەسەڵاتی جێبەجێکردن جیا بکرێتەوە. ئەمەش چۆن دەکرێت، ئەوە یاساناسەکانی ئێمە دەتوانن دەوری خۆیان ببینن. مەسەلەی تر لە چاکسازی، دانانی سنوورێکە لە پێوەندیی پارتەکان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە و ئاشکراکردنی سەرچاوەکانی داهاتیان بۆ ئەوەی بتوانین بەپێی یاسای پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، حزبە سیاسییەکان لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، کاری سیاسیی خۆیان بکەن نەک پێوەندی لەگەڵ ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتیان هەبێت و کاریگەری نەرێنیش لەسەر بارودۆخی سیاسیی کوردستان بنێنەوە.

* بەگوێرەی پرۆژە یاسای پارتە سیاسییەکانی عێراق، ئەو پارتانەی سەرچاوەی داهاتیان لە دەرەوەیە، دەبێت هەڵبوەشێنرێنەوە، جەنابی سەرۆکیش داوای دانانی سنوورێکی بۆ پێوەندییەکان کرد، پارتی و یەکێتی هەنگاوی لەو جۆرەیان هاویشتووە؟

– ئێمە پابەندین بەیاسای حزبەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق، یەکەم حزبیش کە ئامادە بێت پشتگیری لەو پرۆژە یاسایە بکات، پارتی دیموکراتی کوردستانە، چونکە ئێمە خۆمان خاوەنی ئەو فیکرەیەین کە ئاساییە گەر پارتە سیاسییەکانی کوردستان پێوەندییان لەگەڵ پارتی سیاسیی ولاتانی تر هەبێت، بەلام نابێت لەگەڵ دەوڵەت بێت، چونکە مەسەلەی بەدامەزراوەییکردن لە کوردستان و بەهێزکردنی دامەزراوەکان، یەکێکە لە خەسڵەتەکانی گواستنەوە بەرەو دیموکراسییەت و دەبێت هەموو دامەزراوەکان دابمەزرێن. مەسەلەی ئەوەی پێوەندییەکانی دەرەوەی حزبێکی سیاسی لە چوارچێوەی ئەو یاسایە بێت، کە لە هەرێمی کوردستان هەیە بۆ ئەوەی تەنیا لەگەڵ حزبەکانی ولاتانی تر بێت، کە ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییە.

* هیچ کەناڵێکی تر جگە لە کەناڵە ڕاستەوخۆکان بەکار هێنراون لەگەڵ حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن؟

– هەموو پێوەندییەکانمان لەگەڵ ئەو حزبانە پێوەندیی ڕاستەوخۆ و فەرمین، بۆیە لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی پێوەندییان لەگەڵدا کراوە و داواشمان کردووە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەین. هیچ کاتێکیش پارتی خەتی سووری بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ هیچ لایەنێکدا نەبووە، ئێمە بەبێ مەرج ئامادەین بۆ گفتوگۆ و مەرجیش لە خەڵکی تر قبووڵ ناکەین. من لێرەدا قسەیەکی جۆن ئێف کەنەدی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا بەنموونە دێنمەوە، کە پرسیاریان لێ کرد ئێوە دانوستاندن لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەت دەکەن، ئەویش گوتی: ئێمە هیچ کاتێک لە ترسان دانوستاندن ناکەین، بەلام هیچ کاتێکیش لە دانوستاندن نەترساوین. پارتیش بەردەوام دەبێت و هیواداریین لایەنەکانی تریش بەدەم بانگەوازەکەی جەنابی سەرۆک بارزانییەوە بێن و بێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ، چونکە هەموومان ڕۆڵەی ئەم ولاتەین و پێویست دەکات لە ئێستا و داهاتووی ئەم ولاتە بەشدار بین و پێویستیشە لە چوارچێوەی ئەرکە نەتەوەییەکانی خۆمان بەرپرسیارانەتر ڕەفتار لەگەڵ

یەکتر و دۆخەکە بکەین، پەنا نەبەینە بەر زمانی توندوتیژی، چونکە خەڵکی کوردستان ئەوە قبووڵ ناکات.

* ئەگەر ئەوان بەردەوام بن لەسەر مەرجەکان، ئێوە گفتوگۆ دەکەن؟

– هەزار ڕۆژی گفتوگۆ باشترە لە سەعاتێکی توندوتیژی. ئەوان دەبێت بگەڕێنەوە بۆ لۆجیکی سیاسی، ئەوان چۆن ئەم مەرجانە دەسەپێنن؟ ئاخۆ زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستانیان لەگەڵدایە یان نا؟ نەخێر لەگەڵیاندا نین، لە هەڵبژاردنەکاندا، هی پەرلەمانی کوردستان و عێراق و سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان، زۆرینە نین بگرە کەمینەن، جگە لەوەش ئاخۆ بەرپرسیاری نەتەوەیی و نیشتمانیی ئێستا ئەوە لە کەسمان قبووڵ دەکات بێین بەمەرج گفتوگۆ بکەین؟ ئەمەش قابیلی قبووڵ نییە، بۆیە ئۆپۆزسیۆن بۆ پێگەی خۆی باشتر دەبێت، بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ، چونکە ئەگەر ئەوان پێیان وابێت لە ڕێی پاڵەپەستۆ و لە ڕێی کوشتنی کات و لە ڕێی سەپاندنی مەرج و بەرزکردنەوەی سەقفی داواکارییەکانیان، دەتوانن باز بدەن بەسەر میکانیزمە دیموکراسییەکان و لە ڕەوایەتی خەڵک بدەن و بێن لە ڕێی تەوافوقی حزبییەوە دەستکەوت بەدەست بێنن، ئەوە پێم وایە حیساباتێکی هەڵە دەکەن.

## کێشەی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە

## خۆیان لە قەوارەی راستەقینەیان بەگەورەتر دێتە پێش چاو

لە ژمارە (٧٢٧)ی رۆژی ٢٠١١/٥/١ رۆژنامەی (هاوڵاتی) بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی هەرێمی کوردستان و کاری ئۆپۆزسیۆن، (دانا رەزگەیی) ئەم دیدارە رۆژنامەوانییەی لەگەڵ (هێمن هەورامی) ساز دا:

* پارتی چۆن لە رەوشی ئێستای هەرێمی دەڕوانێت؟

– بەداخەوە ئەوەی لە سلێمانی هاتە ئاراوە، رەوشێکی نەخوازراو بوو، هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن هەوڵی ئەوەیان دەدا، ناڕەزاییەکانی شەقام لە سلێمانی بۆ قازانجی سیاسیی خۆیان و کورتکردنەوەی گەیشتنیان بەدەسەڵات بقۆزنەوە. هەڵبەت مەرامی ئەسڵیی هەر هێزێکی سیاسی، گەیشتنە بەدەسەڵات و ئەمەش مافێکی سروشتییە، بەڵام قسە لە میکانیزمی گەیشتنەکەیە. ئێمە لە کوردستان پاش کۆتاییهێنان بەرژێمی دیکتاتۆری بەعس، لەناو پرۆسەی گواستنەوەین بەرەو دیموکراسییەت، بۆیە پلورالیزمی سیاسی و هەڵبژاردن و سیپەی دەنگدان، ئەوە یەکلایی دەکاتەوە کێ لە دەسەڵات بێت، چونکە هیچ شەرعیەتێک لە سەروو ئەو شەرعیەتەوە نییە، کە خەڵک دەیدات. پێمان وایە ئۆپۆزسیۆن لە رووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان، نەیانتوانی بیسەلمێنن کە پشووی دیموکراسییان درێژە و بەگەڕانەوە بۆ خەڵک و هەڵبژاردن بەمەرامی خۆیان بگەن، بۆیە پەنایان بۆ دروستکردنی تەنگژە برد و دەیانویست لە رێگەی تەوافوقی حزبی، دەستکەوتی سیاسی بەدەست بێنن یان ئیرادەی خۆیان بەسەر لایەنەکانی

دەسـەڵاتدا بسـەپێنن. پێـمـان وایە بۆ ئەوەی هەرێمی کـوردسـتـان هـەنگاوی باشتر بچێتە پێش، دەبێت هەموومان بگەڕێینەوە بۆ زمانی دیالۆگی سیاسی و دوورکەوتنەوەی ئۆپـۆزسـیـۆن لە توندوتیـژی و دروسـتکردنـی تەنگژە و چوون بەدەم بانگەوازەکـەی سـەرۆک بارزانیـیـەوە و رێککەوتن لەسـەر نەخـشـەڕێی کۆتاییـهێنـان بەم تەنگژەیەی لە سلێمـانی دروسـت بوو. هەمـوو لایەنـەکان لە چوارچێوەی هەسـتکردن بە بـەرپرسـیـارێتیی نەتەوەیی و نیشـتـمـانی و ئەرکە دیموکراسییـەکان، جگە لە دیالۆگ و یەکتر قبـووڵکردن و گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک و سیپەی هەڵبژاردن، پەنا بۆ میکانیزمی تر نەبردرێت.

* پارتی بۆ رێگە نادات لە هەولێر خۆپێشاندان بکرێت؟

– ئەم پرسـیـارە دووبارەکردنەوەی تۆمـەتێکی ناڕاسـتی ئۆپۆزسـیـۆنە و هەق بوو پرسـیـارەکە لەسـەر بنەمـای زانیاری و بەدواداچوونی رۆژنامـەوانیی خۆتان بووایە، هەق بوو پرسیارەکەتان بەو شێوەیە بووایە کە بۆ لە هەولێر بەوجۆرەی ئۆپۆزسیۆن دەیەوێ خۆپێشاندان ناکرێ، نەک ئەوەی بۆ پارتی رێگە نادات. لە سـاڵی ٢٠١٠ لە هەولێر ئەگەر هەڵە نەبم ٢٩ خـۆپێشـاندانی جیاجیـا ئەنجـام دراون، هەمـوویان لە چوارچێوەی یاسـا بـوون، بەڵام لایەنەکـانی ئۆپۆزسـیـۆن بیـانـەوێت بەدەر لە رێوشـوێنی یاسـایی، تەنیـا بۆ تێکدانی رەوشـی ئاوەدانی و سـەقـامگیـری پایەتەخت و سـەپاندنی ئیـرادەیەکی نێگەتیـڤانەی خـۆیان و دژ بەئیـرادەی خەڵکی هەولێر، بیانـەوێ دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی ببەن، ئەوە خـەڵکی هەولێـرە رێگە بە ئۆپۆزسـیـۆن نادەن سـەروەریی یاسـا و حکوومـەتی هەرێمی کوردستـانە رێگە بە کاری نایاسایی نادات. خەڵکی هەولێر گەر نارەزاییـیەکی هەبێت یان هەڵوێسـتی تری هەبێت، ئەوا لە رێگەی هەڵبـژاردنـەکـانەوە دەری دەبڕێت و خـۆیان رێگەی خۆیان دەزانـن و پێویسـتییان بـەوە نییـە ئۆپۆزسیـۆن رێچکەیان بۆ دیاری بکات.

* ئەگەر خەڵک داوا بکات، ئێوە سلێمانی چۆڵ دەکەن وەک پارتی؟

– خۆزگە پرسیارەکەی بەڕێزتان دەقیقتر بووایە، پاشان مەبەست چییە لە چۆڵکردن؟ ئاخۆ چۆڵکردنی بارەگاکانە یان خاڵیبوونی سلێمانییە لە بیروباوەڕی پارتی؟ چونکە پارتیبوون بیروباوەڕە، کەواتە چۆن دەتوانی خەڵکی شارێک لە بیروباوەڕێکی سیاسیی دیاریکراو مەحرووم بکەیت، یان چۆن دەکرێت بگوترێت کە دەبێت بیروباوەڕ سلێمانی چۆڵ بکات، پرسیارێک لە جەنابتان دەکەم، گەل لە سلێمانی کێیە؟ ناو سلێمانی زیاتر لە ٨٠٠ هەزار کەسی تێدایە، ئاخۆ تەنیا یەک دوو هەزار کەسێکی ئۆپۆزسیۆنی بەردەرکی سەرای سلێمانی نوێنەرایەتیی گەل دەکەن؟ بێگومان نەخێر، چونکە گەر وا بێت ئێمەش دەتوانین دەیان هەزار کەس بێنینە سەر جادە لە سلێمانی و ئەو کات بڵێین ئەوە گەلە و داوا دەکات ئۆپۆزسیۆن لە سلێمانی بچێتە دەرەوە. ئەم لۆجیکی شوێن بەیەکتری چۆڵکردنە گەڕانەوەیە بۆ یاسای جەنگەڵ کە هەق نییە ئۆپۆزسیۆنی وڵاتی ئێمە پەنای بۆ ببات. ئێمە دەمانەوێت ئازادیی سیاسی بۆ هەموو لایەک لە چوارچێوەی یاسا فەراهەم بێت، پلورالیزمی سیاسیی هەبێت و ئازادانە ململانێی سیاسیی یەکتر بکەین تا بزانین کاممان خزمەتی زیاتری دۆزی نەتەوەیی کوردستان و پرۆسە دیموکراسییەکەی و سەقامگیری و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و داهاتی تاکەکەس و رەخساندنی دەرفەتی کاری زیاتر دەکەین، ئەو کات خەڵکی کوردستان لە رێگەی سیپەکانی دەنگدانەوە ئەو لایەنەمان هەڵبژێرێت کە پێی وایە زیاتر خزمەتی دەکات. یەک لە کێشەکانی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان بەگشتی و لە سلێمانی بەتایبەتی، بێ ئەزموونییانە لە کاری ئۆپۆزسیۆنبوون، ناهەقیشیان نییە، چونکە هەموومان پێشتر بەشێک بووین لەو دەسەڵاتەی ئێستا دەژین، کێشەی تریان ئەوەیە لە حەجمی خۆیان، خۆیان بەگەورەتر دێتە پێش چاو، کە ئەم تەسەورە هەڵەیە و تووشی غرووری سیاسیی کردوون. هەر ئەمەش بڕیاری هەڵەی پێ داون. پێوەری حەجمی هەر لایەنێک، سیپەی دەنگدان و رای میللەتە. شکستی ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و عێراق و سەندیکاکانی مامۆستایان و کارمەندانی تەندروستی و ئەندازیارانی

کشـتوکـاڵی، پێم وابێت ئۆپـۆزسـیـۆنی تـەواو نائومـێد کردووە کە نـاتوانن بە میـکانـیزمی دیموکراسـی و گـەڕانەوە بۆ خـەڵک هێـزی خـۆیان بسـەپێنن، بۆیە دێن دنەی تـوندوتیـژی و پەلامـاری بارەگـا و گـرتنی شـوێنی گـشـتی دەدەن و بەناوی گەلەوە قسـە دەکەن.

* ڕۆڵی دادگـە چۆن دەبینن لـەدادگـەدانی ئەو کـەسـانەی ئـەمـری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە، بەتایبەت هەندێک بەرپرسی پارتی کە فەرمانی گرتنیان هەیە؟

– پارتی دیموکراتی کوردستـان یەکەم لایەن بووە داوای کردووە، لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی سلێمانی بکرێت تاوەکو بەپێی یاسا ئاشکرا بکرێت کە کێ لە پشت بەلاڕێدابردنی خـۆپێـشـاندانـەکـانی ٢/١٧ بووە، کێ تەحـریزی خـەڵکی کـردووە بۆ پـەلامـاری بارەگـای لقی ٤ و تـەقـەکـردن لێی و فـتـوای کـوشـتنی هەڤـاڵانی ناو لق، لەو دۆخـەی ٢/١٧ هەم ئۆپـۆزسـیـۆن و هەم حکوومـەت و گـــشت پارتەکـــانی تر، هاوڕا بوون لەوەی پەلامـــاردانی لقی ٤ کـــارێکی گـێـرەشـێـوێنانە بووە و ئـیـدانە کـراوە، دەکـرێت ئـەم هەڵوێسـتـانەی هەمـوو لایەنەکان لە ڕووی واقیعی ڕووداو بۆ لێکۆڵینەوە یاساییـیەکان و دەرکەوتنی ڕاسـتـیـیـەکـان سـوودی لێ وەربگیـرێت. دواتریش دروسـتـبـوونی لێـژنەی لێکۆڵینەوە بە سەرپەرشتیی دادوەرێکی بەڕێز، یەک لە خاڵەکانی ئەو ١٧ خاڵە بوو کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستـانەوە دەرچوون و جەنابی سـەرۆک بارزانی پشـتگیریی کـردووە. جگە لەوەش کـۆمـەڵێ بـابەتی گرینگی یاسـایی هـەن کە دەبێت دادوەرە بەڕێزەکـان و لێـژنەی لێکۆڵینەوە یەکـلایی بکەنەوە، چونکە بارەگای لقی ٤ وەکو دامەزراوەی حزبێک پەلامار دراوە و ئەمەش بەرەنجامە، دەبێت لە ڕووی یاسـاییـیەوە لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکان و ئەوانەش بکرێت کە دۆخـەکـەیان بەو بەرەنجـامـە گەیاند، ئێمـە پشـتگیـری لە سـەروەریی یاسـا و ئەنجامی کاری لێژنەکە دەکەین.

* ئێوە بەردەوام دەبن لەو ڕێککەوتنە ستراتیجییەی لەگەڵ یەکێتی هەتانە؟

– با ئێمە وردتر سەیری ئەو ڕێککەوتنە بکەین، بەپێوەری قازانج و زیان سەیری بکەین بۆ دۆزی نەتەوەیی کورد لە عێراق و کێشەکانمان لە بەغدا، بەتایبەتی مەسەلەی یەک هەڵوێستی نەتەوەیی کورد لەسەر کەرکووک و شەراکەت لە حوکم و کێشەی نەوت و گاز و چارەنووسی پێشمەرگە و مەسەلەی سەرژمێری و پێگەی کورد وەک نەتەوەی دووەم لە عێراق و پاراستنی سیستەمی دیموکراسیی فیدراڵی لە عێراق، لە هەموو ئەمانە ڕێککەوتنی ستراتیجیی پارتی و یەکێتی بە قازانجی خەڵک و نەتەوەی کورد شکاوەتەوە. ئێستاش دۆزی کورد پاش پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو گۆڕانکارییانەی لە هاوکێشە سیاسی و جیۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەکە هاتوونەتە ئارا، لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی پاشەکشێی سەربازیی ئەمەریکا لە عێراق و کرانەوەی دەرگەی شیمانەکان و سیناریۆ نادیارەکان، دیسانەوە خەڵکی کوردستان و نەتەوەی کورد پێویستی بە یەکڕیزیی زیاتری هەیە، تا ئەو کاتەی بزانین بەردەوامیی ڕێککەوتنی ستراتیجی ئێمە و یەکێتی لە خزمەتی دۆزی نەتەوەیی کورد دەبێت، ئێمەش بەردەوام دەبین و هەوڵی بەردەوامیش دەدەین ڕێککەوتنی هاوشێوە یان چوارچێوەی هاوخەباتی و ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنەکانی تریش بدەین، چونکە هەموومان ڕۆڵەی ئەم وڵاتەین و خۆ بڕیار نییە یەکتری پاکتاو بکەین، دەبێت یەکتری قبووڵ بکەین و بە جیاوازیی سیاسیمانەوە، سفرەی کوردەواری و کێشە نەتەوەییەکانمان کۆمان بکاتەوە.

* یەکێتی دەڵێت ئێمە ئامادەین تەواوی شوێنە حکوومەتییەکان تەسلیم بەحکوومەتی هەرێم بکەینەوە بەمەکتەبی سیاسیشەوە؟ ئەی ئێوە ئامادەن؟

– ئەم بابەتە بەشێکی گرینگی ئەو پرۆژە چاکسازییەیە کە جەنابی سەرۆک رای گەیاندووە و بڕیاری حکوومەتی هەرێمە و لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران وەرگیراوە. ئێمەش بەشێکی بنەڕەتی حکوومەتین، بۆیە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانیش بە تەواوی پابەندین. لێژنەیەکی فەرمی بۆ گێڕانەوەی موڵکی حکوومەت دروست بووە و ئێمە بەتەواوی پشتگیری لە کاری ئەو لێژنەیە دەکەین و پابەندین بە بڕیارەکانیان.

* زۆرێک لەو تۆمەتبارانەی ناویان لە لیستی تاوانبارانی ئەنفالدایە، پۆستی گەورەیان هەیە لەناو پارتی وەک عەباسی بالواغا و برایم ئاغای پشدەر و چەندان کەسی تر، ئێوە ئامادەن تەسلیم بەدادگەیان بکەن؟

– ئەم بابەتە ناکرێت ئینتیقائییانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و دیسان زانیاریی پرسیارەکەتان بەداخەوە دیقەتی تێدا نییە، چونکە کامانەن پۆستی گەورە؟ دیسان تەئکید دەکەینەوە هەر شتێک لە چوارچێوەی یاسا بێت و بەبڕیاری دادگە بێت، نەک بڕیاری سیاسی، ئێمە پشتیوانیی دەکەین.

## پڕۆژەکانی ئۆپۆزسیۆن لە چوارچێوەی سیاسیدان و نازانن چۆن بۆ خەڵکی بسەلمێنن کە ڕاستگۆن

لە ژمارە (٥٦)ی رۆژی ٢٠١١/٥/١٦ رۆژنامەی (چەتر) بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی هەرێمی کوردستان و دۆخی ئۆپۆزسیۆن، (هێما کۆیی) ئەم دیمانە تایبەتییەی لەگەڵ (هێمن هەورامی) ساز دا:

* بەردەوام قسە لەسەر ئەوە دەکرێت، ئەمڕۆ یان سبەی کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی دەکرێت، ئەو کۆبوونەوەیە بە کوێ گەیشت؟

– قسە لەسەر ئەوەیە ئاخۆ گفتوگۆ هەبێت یان نەبێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین گفتوگۆ هەبێت، بەڵام پێشکەوتنی کوردستان لەسەر کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی نەوەستاوە، بگرە پێویستە چاکسازی بکرێت و ئەو پرۆسەیە درێژەی پێ بدرێت، ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی ئۆپۆزسیۆندایە، چونکە سووربوونی ئۆپۆزسیۆن لەسەر مەرج، ڕاکردنە لە دانیشتن و گفتوگۆ، ئۆپۆزسیۆن دۆڕاوی دۆڕاو نییە و دەسەڵاتیش سەرکەوتووی سەرکەوتوو نییە، بۆیە پارتی مەرج لە کەس قبووڵ ناکات و مەرجیشمان نییە.

* ئێوە بۆچی ئەوەندە سوورن لەسەر (١٧) خاڵەکەی پەرلەمان؟

– چونکە بەیاننامەیەکی کۆدەنگی نیشتمانییە و هەموو لایەنەکان تێیدا بەشدار بوون.

* ئەگەر دەسەڵات نیەتی چارەسەری هەیە، بۆچی لە چوارچێوەی

(٢٢) خاڵەکەی ئۆپۆزسیۆن گفتوگۆ ناکەن؟

– ئێمـە لە بەرچاوی ئۆپۆزسـیۆن نیـیە کە بەرنامـەی چاکسـازیمان هەیە، چونکە بەر لە رووداوەکانیش ئێمە ئەو بەرنامەیەمان هەبووە، سـەرۆکی هەرێم داوای لە هەمـوو لایەنـەکـان کـردبوو، پرۆژەیەکی چاکسـازی ئامـادە بکەن بۆ ئەوەی سیسـتـەمی حوکمڕانی لە هەرێم پێش بکەوێت. ئێسـتا ئۆپۆزسیۆن لە واقـیع ڕادەکـات و ئەمـەش لـە دەرەوەی دیموکراسـی و ئیرادەیانە، ئەوان داوا دەکەن حکوومەتی ئینتیقالی پێک بهێنرێت، لە کاتێکدا ئەمە پاشـەکشـەکردنە لە پرۆسـەی دیموکراسـی و بازدانە بەسـەر شـەرعیـەتدا، ئێمـە لەگەڵ ئەوە نین، حکوومـەتی ئینتـیـقـالی کـاتێک دروست دەکـرێت سـیسـتـەمی حـوکـمـڕانی هەڵوەشابێتەوە یان کارەساتێکی سروشتیی زۆر گەورە لە وڵات رووی دابێت.

* پێکهێنانی حکوومەتێکی ئینتیقالی بەکودەتا دەزانی؟

– ئەگـەر لە دەرەوەی ئـیـرادەی هەڵبـژاردن و خـەڵک بێت، بـەڵێ پێکهـێـنانی حکوومەتی ئینتیقالی کودەتایە، ئەگەر یەکێتی و پارتیش داوای بکەن.

* سـەرۆکی حکوومـەت دەڵێت کێشـەی ئێستا کێشـەی کابینەی پێنجەمە؟

– پێـشـتـر باس لەوە کـرابوو، بەڵام ئێـسـتـا بەپێی بڕیارێکی ئەنجـوومـەنی وەزیران، بەراوردکـاری لە نێـوان کـابینەکـان قـەدەغـە کـراوە، سـیـسـتـەمی حـوکـمـڕانی لە هـەرێم لە تەنگژەدا نیـیـە، بگرە کـەمـوکـورتیـیـەک هەیە لە سیـستـەمـەکە، سـاڵانە (١٧) هەزار دەرچووی زانکۆ و پەیمانگە هەیە، ئاخۆ حکوومـەتی هـەرێم دەتوانێت چەندی دابمەزرێنێ، ئـەمـە کـێـشـەیەکـە دەبێت حکوومەت بەرنامـەی بۆ هـەبێت، کۆمەڵێک کێشە هەیە پێویستی بە چاکسازی هەیە، خـەڵکی هـەرێم مـافی خۆیـەتی بەردەوام داواکاریی هەبێت و حکوومـەت جێبەجێی بکات، بۆیە ئەمە تەنگژە نییە و کەموکورتییە.

* بەڵام نەوشیروان مستەفا دەڵێت ئەمە تەنگژەیەکی گەورەی سیاسییە؟

– ئەمە بۆچوونی خۆیەتی و پێناسەی تەنگژە لای ئێمە و لەلای ئەو جیاوازە، رەنگە تەنگژەی هەرێم لەوەدا بدۆزێتەوە، ئەو نەیتوانیوە بەڵێنەکانی هەڵبژاردن بهێنێتە دی یان هۆکارەکانی جیابوونەوەی لە یەکێتی بە تەنگژە بزانێت، رەنگە ئەو برادەرە پرۆژە حەوت خاڵییەکەی کە ئامانجەکانی نەهاتنە دی بە تەنگژە بزانێت، ئەگینا ئێمە لە تەنگژەدا نین.

* بۆچی ئەوەندە دەڵێن حکوومەت دەبێت بەرنامەی هەبێت، لە کاتێکدا پارتی لە کابینەی پێنجەم بەم شێوەیە نەبوو؟

– کابینەی شەشەم ئێمە بەشێکی سەرەکین تێیدا، چونکە پارتی (٣٠) کورسیی هەیە و یەکێتی (٢٩) کورسی، ئێمە دەڵێین پرۆژەی چاکسازی و سیستەمی حوکمڕانی تەنیا پێوەندیی بە یەکێتی و پارتییەوە نییە و دەبێت هەموو لایەک تێیدا بەشدار بن.

* بۆچوونت لەسەر ئەدای کاری پەرلەمان چییە و ئۆپۆزسیۆن رۆڵی خۆی گێڕاوە؟

– دیموکراسییەت بەبێ ئۆپۆزسیۆن جۆرێکە لە دیکتاتۆرییەت، بەڵام ئۆپۆزسیۆنی بەبێ دیموکراسی جۆرێکە لە ئەنارشیزم، ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا کاتێک دەتوانێت رۆڵێکی باش و تەندروست ببینێت، کە پرۆژەی هەبێت، نەک دژی دەسەڵات بوەستێتەوە، پرۆژەکانی ئۆپۆزسیۆن لە چوارچێوەی سیاسییان و نازانن چۆن بۆ خەڵکی بسەلمێنن ئۆپۆزسیۆن راستگۆن و یەکێتی و پارتیش خراپن. لەگەڵ ئەوەی ئەوانەی لە ئۆپۆزسیۆنن پشووی دیموکراسییان کورتە.

* له هەرێم توانراوە هەمووتان بە جیاوازییەکانەوە لەژێر یەک چەتردا کۆ ببنەوە؟

– دەبێت هەموومان بە جیاوازییەکانەوە لەژێر یەک چەتردا کۆ ببینەوە، بەرنامەشمان هەیە بەو شێوەیە کار بکەین، چونکە تا ئێستا هەرێمی کوردستان چەندان کێشەی نەتەوەیی هەیە، بۆیە گرینگە هەموومان لەژێر یەک چەتر و یەکڕیز بین و ئەو یەکڕیزییەی هەیە لێمان تێک نەدرێت.

* کێن ئەوانەی یەکڕیزی تێک دەدەن؟

– هەر هێزێک بیەوێ بەرژەوەندیی حزبی لەسەر بەرژەوەندیی گشتی دابنێت و لە ڕێگەی میکانیزمی نادیموکراسی تانە بدرێ، ئەوانە دەیانەوێ یەکڕیزی تێک بدەن.

* پارتی بڕیاری درێژکردنەوەی حوکمڕانی بەرهەم ساڵح-ی دا وەک سەرۆکی حکوومەت؟

– بە فەرمی قسە لەسەر ئەوە نەکراوە، بەڵام یەکێتی و پارتی ڕێککەوتنی ستراتیجییان هەیە و تا ئێستا ئەو دوو حزبە بەو ڕێککەوتنەوە پابەندن، بەڵام تا ئێستا پارتی هیچ کاندیدێکی دیاری نەکردووە بۆ ئەم پۆستە.

* باسی ڕێککەوتننامەی ستراتیجیت کرد، ئەم ڕێککەوتنە ماوەی بەسەر نەچووە؟

– ئەگەر بەپێی پێوەری قازانجی گشتی لێکی بدەینەوە، کە پارتی و یەکێتی دوو هێزی گەورەی کوردستانن، بۆیە هەر کێشەیەک لە نێوان یەکێتی و پارتی ڕووی دابێت بەزیانی گشتی بووە، لەسەر کێشەی کەرکووک و بەغدا و بابەتی ئاشتەوایی دەورێکی گرینگی بینیوە، بەڵام ئەگەر لایەنێک لە ئۆپۆزسیۆندا

بیــەوێت ســەرکــەوێت، بەڵام بەهـۆی ئەو ڕێککەوتنەوە نـەبێت، ئـەمـە نـاکـرێت پێناسی هـەڵەی بـۆ بکـەن، پـارتی لای گـــرینگە بـەرژەوەندییـــەکـــانی گـــەل بپارێزرێت، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکانی عێراق پارتی دەیتوانی بەلیستی جیا دابەزێت و دەنگی زۆریشی دەهـێنا، بەڵام نەمـانویستووە ڕیزەکانی کورد تێک بدەین، مەرج نییە هەر شتێک بۆ پارتی باش بێت، بۆ کوردیش باش دەبێت.

* لە بەغدا گلەییی ئەوەتان لێ دەکـرێ کە پۆستـەکـان بۆ خـۆتان دەبەن و لە مـاوەی دوو خولی پەرلـەمـانیش یەکـێتی و پـارتی هیچ کارێکیان بۆ کورد نەکردووە؟

– بەدەسـتـهێنانی پۆست لە بەغـدا لەسـەر بـنەمـای هەڵبـژاردنە، ئێـمـە زۆر پێداگیریمان کردووە کە کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوو پـۆستیـان پـێ بدرێت و پارتـی بەشی خـۆی پێ داون، بزووتنـەوەی گـۆڕان لە بیـانوو بـوو لە بەغـدا لە فراکسیـۆنە کوردستـانییـەکان، بەڵام هیـچیـان پـێ نەکرا و شکستیـان هێنا لە دانوستاندنەکاندا، کورد بەکۆمەڵێک کێشەوە دەناڵێنێت، بەڵام نەمانهێشتووە لە بـەغـدا هیچ لە دەست کـورد بـچـێت، بەرنـامــەی ئۆپۆزسـیــۆن چیــیــە بۆ گەڕاندنەوەی کەرکـووک پێمـان بڵێن، ئێمـە وەک یەکێـتی و پارتی لە بـەغدا ئەوەندەمان پێ کراوە.

* ئێوە بەخۆپیشاندەرانی سلێمانی دەڵێن چی، پێشتر پێیان وترا چەقۆکێش؟

– خـۆپێـشـاندەران دوو ئەجـێندان، ئەجـێندای ئـۆپۆزسـیـۆن و ئەجـێندای جـەماوەر، کـاتێک جـەمـاوەر داوای چاکسـازی دەکات، ئێمـەش ئامـادەین بچین پێشـەوایەتییـان بکەین، بەڵام ئـۆپۆزسیـۆن داوای هەڵوەشـاندنەوەی حکوومـەت دەکات، ئێمە دژایەتیی ئەوە دەکەین.

* دەوترێت پۆستی بەرپرسی لقی چواری پێشووی سلێمانی بەرز کراوەتەوە؟

– پێناسەی ئێوە بۆ بەرزکردنەوەی پۆست چییە، ئەو ئەندامی سەرکردایەتیی پارتییە، حزب لە هەر شوێنێک کاری پێمان بێت لەوێ دەبین، ئەم بەرزکردنەوەی پۆستەش لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە زەق کراوەتەوە.

* لە هەرێم کۆبوونەوەی ژێر بەژێر هەیە، راستە وەک ئەوەی نێوان گۆڕان و نێچیرڤان بارزانی؟

– هیچ وەختێک ئێمە لە گفتوگۆ رامان نەکردووە، ئاگام لەو کۆبوونەوە نهێنییانە نییە.

* لە پارتی کوتلەگەری سەری هەڵداوە و کوتلەی نێچیرڤان بارزانی و مەسعوود بارزانی هەیە، راستە؟

– لە پارتی تەنیا کوتلەی مەلا مستەفای بارزانی هەیە، بەڵام هەموومان لەنێو پارتی وەک یەک بیر ناکەینەوە وەک دەوترێت ئەگەر هەموومان وەک یەک بیر بکەینەوە، کەواتە بیر ناکەینەوە، بەڵام هەموومان لەسەر رێبازی بارزانی و پارتین.

* بارودۆخی هەرێم دەبێتە کەرەستەی شەڕی ڕاگەیاندن، بۆ ئەم شەڕە ڕاناگیرێت؟

– ئەوەی من هەستی پێ دەکەم لە ڕاگەیاندنەکانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە ئەمە سەری هەڵداوە و بەردەوامە، دواجار لە نێوان یەکێتی و گۆڕانە، بەڵام هەر چۆنێک بێت گۆڕان بەشێکی دابڕاوە لە یەکێتی و بۆ سەلماندنی خۆی، ئەم کارانە دەکات و دواتر لەسەر مێزی گفتوگۆ ئەمەش چارەسەر دەکرێت.

## بەرپرسیارێتیی نیشتمانی
## تەنیا لە ئەستۆی پارتی و یەکێتیدا نییە...
## ئۆپۆزسیۆنیش رۆڵەی ئەم وڵاتەن

شەوی ٢٠١١/٥/١٠ بەرنامەی (زایەڵە)ی کەناڵی (سەحەر)ی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ تاوتوێکردنی رەوشی هەرێمی کوردستان لەژێر رۆشنایی ئەو رووداوانەی لە مانگی شوبات شاری سلێمانی و دەوروبەری گرتەوە، هەروەها جووڵەی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمەکەدا، هەستا بەمیوانداریکردنی (هێمن هەورامی) لە شاری هەولێرەوە و ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز دا:

* وەک ئاگەدارن بەڕێز مەسعوود بارزانی لە کۆنگرەی شەشەمی حزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان، رای گەیاند کەوا داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی حکوومەت کودەتا و ئینقیلابە، بەبۆچوونی بەڕێزت بۆچی بەڕێز مەسعوود بارزانی وەها هەڵویستێک دەنوێنێ؟

– زۆر سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە، بەر لە هەموو شتێک دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ئەو بەرنامە چاکسازییەی کە جەنابی سەرۆک بارزانی هەیە، ئەو بەر لە هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، بەر لە رووداوەکانی تونس و میسر، پێش رووداوەکانی هەرێمی کوردستان، بە تەواوی لە ٢٠١١/١/١٠ لە کۆبوونەوەیەک لە بارەگای سەرۆکایەتیی هەرێم، داوای لە سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کرد، هەموویان پێکەوە بەرنامەیەکی چاکسازی

دارێژن، کە ببێتە پڕۆژەیەکی نیشتمانی، مەبەستەکەش ئەوە بوو هەموومان پێکەوە بارودۆخی ئێستای کوردستان بەرەو پێشەوە بەرین و بتوانین چاکسازی بکەین لە تەواوی لایەنەکاندا، بەڵام بەداخەوە بینیمان لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، لە بریی ئەوەی بێن پڕۆژەی چاکسازیی خۆیان، لە چوارچێوەی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، بەنووسین بدەنە جەنابی سەرۆک بارزانی، هاتن ویستیان کۆپیی ئەو بارودۆخانە بکەن، کە لە تونس و میسر روویان داوە، سواری شەپۆلی بەشێ لە نارەزاییی خەڵک بوون. بەهەرحاڵ ئەوەی تا ئێستا ئۆپۆزسیۆن داوای کردووە، بەوەی پەرلەمان هەڵوەشێتەوە، هەروەک لە بەیاننامە حەوت خاڵییەکەی برادەرانی گۆڕاندا هەبوو، دواتر لە بەیاننامە بیست و دوو خاڵییەکەی ئۆپۆزسیۆندا، داواکردنی لێکهەڵوەشانەوەی حکوومەتی بەدوادا هات. ئەمانە لە کاتێکدان دامەزراوەی دەستووری هەرێمی کوردستان هەن، پرۆسەی دیموکراسی لەم هەرێمەدا چەسپاوە، هەڵبژاردن بۆ هەموو داوودەزگەکانی کوردستان کراوە، ئەو دەسەڵاتەی ئێستا لە هەرێمدا هەیە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتیی هەرێم، پەرلەمان، ئەمانە نە بەکودەتا هاتوون، نە لایەنێکی دەرەکی سەپاندوونی، ئەمانە بە ڕا و شەرعیەتی خەڵکی هەرێمی کوردستان هاتوون، بۆیە تەنیا خەڵکی هەرێمی کوردستانیش دەتوانێ داوای ئەوە بکات، ئەم لایەنانە لە دەسەڵات بمێننەوە یان نا. جەنابی سەرۆک بارزانی لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەی کە هەیەتی، باسی لەوە کردووە، ئەگەر لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن خوازیاری ئەوەن، چاکسازیی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەشێوازێکی پراکتیکی بکرێ و چاکسازی ببێتە پڕۆژەیەکی نیشتمانی، ئەوا سێ بژاردە لە بەردەمیاندایە: بێن بەدەم بانگەوازی دایەلۆگەوە، لەژێر چەتری پەرلەمان و لە چوارچێوەی بەرنامە ١٧ خاڵییەکەیدا پێکەوە کار بکەن، پڕۆژە چاکسازییەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی-ش هەیە، لەگەڵ هەر خستنەسەرێکی ئەرێنی نەک هەر لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە، بگرە ئێمە دەمانەوێ ئەم پڕۆژەیە ببێتە پڕۆژەیەکی نیشتمانیی سەرجەم هێز و

لایەنە سیاسییەکانی تری هەرێمی کوردستان و تێیدا بەشدار بن، بێین هەموومان پێکەوە پڕۆژەیەکی نیشتمانی رابگەیەنین لە چوارچێوەی دامەزراوەی دەستووریی ئێستای هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەش جەنابی سەرۆک بارزانی داوای لێ کردوون. چونکە سەرۆک بارزانی بەتەنیا جێی ئومێدی هەرێمی کوردستان نییە، بگرە جێی ئومێدی پارچەکانی تری کوردستانیشە. بۆیە داوای ئەوەمان هەیە برادەرانی ئۆپۆزسیۆن بێن بەدەم ئەم داخوازییەوە و ببنە بەشێ لە جێبەجێکاری پڕۆژە چاکسازییەکەی سەرۆک بارزانی، ئەگەرنا بێن لە چوارچێوەی فراوانکردنی بنکەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، تەبەننای ئەجێندایەکی چاکسازی و پڕۆژەی نیشتمانیی گەورە بکەن، بۆ ئەوەی ئەمانیش ببنە بەشێ لەو حکوومەتە بنکە فراوانە، ئەگەر بەمەش رازی نین و دەیانەوێ بەگوتەی خۆیان حکوومەتێکی راگوزەر (ئینتیقالی) دروست بکرێ، ئەوا دەبێت ئەو کات بگەڕێینەوە بۆ ڕای میللەت، بۆ سیپەکانی دەنگدان، چونکە خەڵک لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراسیدا سەرچاوەی بەخشینی شەرعیەتە و تەنیا خەڵکی هەرێمی کوردستانیش بڕیار لەوە دەدات، ئەم دەسەڵاتەی ئێستا بەردەوام بێ یان نا.

* ئەگەر زۆر بەکورتی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەیتەوە، چونکە نەختێ لە باسەکە دوور کەوتینەوە، چ هەلومەرجێ بووە هۆی ئەوەی بەڕێز مەسعوود بارزانی داواکردن بۆ هەڵوەشانەوەی حکوومەت بەکودەتا ناوزەد بکا؟

– ئەو لایەنانەی کە داوای هەڵوەشانەوەی حکوومەت دەکەن، کەمینەن و تەنیا گوزارشت لە ٣٥ کورسی لە پەرلەماندا دەکەن، بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، کە خۆشیان پشتیوانییان لێ کردووە، بۆیە تەنیا لایەنێکی کەمینە لە هەرێمی کوردستان، ناتوانێ بێت ویستی خۆی بەسەر ویستی خەڵکی کوردستاندا بسەپێنێ، لەبەر ئەوە هەر جۆرە بازدانێ بەسەر شەرعیەتی

خەڵکی ئەم هەرێمەدا، بەداواکارییەک دێتە هەژماردن بۆ سەپاندنی ویستێکی سیاسی لە دەرەوەی ڕێسا و یاساکانی دیموکراسییەت و دەستووری لە هەرێمی کوردستان، هەر جۆرە ئیرادەیەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە دەستوورییەکانی ئێستا و سەپاندنی جۆرێ لە حوکمی ڕاگوزەر وەک ئەوەی ئۆپۆزسیۆن داوای دەکا، بۆ خۆی جۆرێکە لە کودەتا بەسەر ئەو شەرعیەتەی لە ڕێی دیموکراسییەوە، خەڵکی کوردستان بەخشیویەتی بەلایەنەکان.

* ئەو لایەن و حزبانەی جەنابت ئاماژەت پێ کرد، کەی و لە کوێ و چۆن داوای هەڵوەشانەوەی حکوومەتیان کردووە و بە چ شێوەیەک بووە؟

– بەیاننامە حەوت خاڵییەکەی بزووتنەوەی گۆڕان لە ٢٠١١/١/٢٩ خاڵی شەشەم و حەوتەم بە ڕوونی داوای هەڵوەشانەوەی پەرلەمانی ئێستا و حکوومەتی ئێستایان کردووە، دواتر لە نێوان هەسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن بەیاننامەیەکی تر دەرچوو، هەرچەندە برادەرانی گۆڕان بەزوویی نکوولّییان لە دۆخی یەکەم کرد، بەوەی داوای هەڵوەشانەوەی حکوومەتیان نەکردووە، بەلام دواتر لە پرۆژە ٢٢ خاڵییەکەی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن، یەکەم خاڵیان هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی هەرێم بوو. بێگومان هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن وەک لایەنی ئۆپۆزسیۆن مافی خۆیانە لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراسی و پەرلەمانی کوردستاندا، داوا بکەن ئەم حکوومەتەی ئێستا یان کابینەکەی ئێستا دەست لە کار بکێشێتەوە، بەلام ئەمانە دەبێ لە چوارچێوەی دیالۆگدا بێت، یاخۆ بەگەڕانەوە بێت بۆ سەر مێزی گفتوگۆ بەبێ مەرج، بەلام سەپاندنی مەرجی ئەوەی کە هەر دەبێ ٢٢ خاڵەکەی ئۆپۆزسیۆن ببێتە بنەمای گفتوگۆکردن و مەرج دابنێن، ئەوجا بێن بگەڕێنەوە بۆ گفتوگۆ، ئەمە دەرخەری ناپەرۆشی برادەرانی ئۆپۆزسیۆنە لە گەڕانەوە بۆ زمانی دیالۆگ.

* لە کۆمەڵگە دیموکراتیکەکانی دنیا، ئۆپۆزسیۆن ڕێپێوان دەکا،

داوای هەڵوەشانەوەی حکوومەت دەکەن، ئاخۆ ئەو داواکارییانە لە کۆمەڵگە دیموکراتیکەکانیشدا دەکرێ ناوی کودەتای لەسەر دابنێین یان نا؟

– لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا لە چوارچێوەی سیستەمێکی رێکخراو و گەمە دیموکراسییەکاندا، داوای هەڵوەشانەوە دەکرێ، جارێ ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان، هەر لە سەرەتاوە دەنگیان بەم کابینەیەی ئێستای حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەداوە، دواتر هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن لەبەر کەمینەییی خۆیان و بەهۆی ئەوەی متمانەی زۆرینەی خەڵکی کوردستانیان بەدەست نەهێناوە، لە چوارچێوەی پەرلەماندا شکستیان هێنا، لەوەی متمانە لە کابینەی شەشەم وەربگرنەوە، یاخۆ لە وەزیرەکانی پێشمەرگە و ناوەخۆ، تەنانەت لە سەرۆکی حکوومەتیش، بۆیە ئێمە پێمان وایە مەسەلەکە هەڵوەشانەوە و هەڵنەوەشانەوە نییە، بگرە مەسەلەکە ئەوەیە کام ئیرادە لە هەرێمی کوردستاندا دەیەوێ شەرعیەت بدات و وەرگرێ، بۆیە مەبەستی جەنابی سەرۆک ئەوە بوو، هەر ئیرادەیەک لە دەرەوەی ئیرادەی خەڵکی هەرێمی کوردستان و لە دەرەوەی سیپەکانی دەنگدان، بیەوێ خۆی بسەپێنێ، واتای کودەتاکردنە، چونکە کودەتا تەنیا ئەوە نییە کودەتای سەربازی بێت، یان کودەتای حاڵەتێکی تر بێت. ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە: گەل، خەڵک، جەماوەر، لە کوردستاندا سەرچاوەی بەخشینی شەرعیەتە بەدامەزراوە دەستووری و یاساییەکانی ئێمە، ئەم دەسەڵاتەی ئێستای هەرێمی کوردستان بەرەنجامی هەڵبژاردنێکە لە هەرێمی کوردستاندا ساز دراوە، بەو هەڵبژاردنە ئۆپۆزسیۆن بووەتە خاوەنی ٣٥ کورسی، بۆیە هەر داواکاری و داخوازییەکیان دەبێ لە چوارچێوەی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستاندا بێ، لە چوارچێوەی گفتوگۆکردندا بێت، بەگەڕانەوە بێ بۆ خەڵک، گەر وابکەن شتێکی سروشتییە، بەڵام ئەوان بێن لە دەرەوەی شەرعیەت و خواستەکانی خەڵک، بیانەوێ رایەکی سیاسی بسەپێنن، ئەمە بۆ خۆی جۆرێکە لە جۆرەکانی کودەتا، ئەگینا کێ گوتوویەتی

ئێمە لەگەڵ ئەوە نین، کە خەڵکی کوردستان گوزارشت لە بیر و بۆچوونەکانی بکات. لێدوانی گوتەبێژی ئەو لایەنانەی ئۆپۆزسیۆن، جەختکردنەوەیە لەسەر گفتوگۆکردنێ لە چوارچێوەی ئەو ٢٢ خاڵەی رایان گەیاندووە، بێگومان ئەمەش جۆرێکە لە سەپاندنی مەرج، چونکە گفتوگۆکردن دەبێ گەڕانەوە بێ بۆ بەیاننامە ١٧ خاڵییەکەی پەرلەمانی کوردستان، نەک تەنیا بۆ شەکلیات، بەبێ باسکردنی هیچ یەکێ لە خاڵەکان بێین پرۆژەی گفتوگۆیەکی نیشتمانی دەست پێ بکەین، چونکە ئەم مەسەلەیە تایبەتە بە خۆمان و هەرێمی کوردستان، چ بەو لایەنانەی لە ئۆپۆزسیۆنن، چ ئەوانەشی لە دەسەڵاتدان، هەموومان رۆڵەی ئەم وڵاتەین، بەرپرسین لە ئێستای هەرێمی کوردستان، لە داهاتووشی، هێشتا زۆر ئەرکی گەورەی نەتەوەیی و دیموکراسی لە پێشمانن، کە دەبێ هەموومان پێکەوە شان بەشانی یەکتری، بە نەسڕینەوە و زمانی دایەلۆگ و یەکتری قبووڵکردن، چارەسەرێکی وەها بۆ کێشە ناوەخۆییەکانمان بدۆزینەوە، کە جێی رەزامەندیی هەموو لایەکمان بێ، دواتریش دەبێ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، ئەو راستییە بزانن کە لەم گەمەیەی لە دوو مانگی رابردوودا لە هەرێمی کوردستان کراوە، براوە و دۆڕاوی تێدا نییە، ئێمە دەمانەوێ خەڵکی هەرێمی کوردستان براوە بێت، سەقامگیریی هەرێمەکەمان پارێزراو بێ، پرۆسەی دیموکراسی و دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان چەسپێنراوتر بن. هەر چۆنێ بێ پرۆسەی چاکسازی لەبەر خاتری ئۆپۆزسیۆن نییە، ئەوە پرۆسەیەکە جەنابی سەرۆک ئاڵاهەڵگریەتی، چونکە ئەمە لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینەی کە جەنابیان لە رۆژی ١٩٩١/٣/٢١ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا و هەڵبژاردن و دیموکراسییەت، دووپاتی کردووەتەوە.

* لە رۆژی ١٩ی شوبات بەڕێز مەسعوود بارزانی، لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ١٩ حزبی کوردستانی رای گەیاند، ئاساییە لایەنێ یان چەند حزبێ داوای هەڵوەشانەوەی

حکوومــەت بکەن، بـەڵام هـەڵوەشـاندنەوەی پەرلەمــان نابێ بـەهیچ شـێـوەیەک داوا بکرێ و بەچەشنـێ رای گـەیاند کـە ئەمـە هـێـڵی سووره، لە کۆنگرەی شەشـەمی حزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستـانیش داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی بە کودەتا زانی، ئێمـە دەبیـنین لێرەدا بادانەوەیەک هەیە لە هـەڵوێستـەکانی بەڕێز مەسعوود بارزانی؟

– بەداخـەوە ئێوە کارتەکان تێکەڵ دەکەن، مەسـەلەکە بادانەوە نییـە، بگرە ئێـمـە لە کـوردسـتـان پرۆسـەیەکـمـان دەست پـێ کردووە، لە سـاڵی ١٩٩١ەوە پرۆسەیـەکی دیموکراسی، یاسـایی، دەستووری لە هـەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت، چەندان هەڵبژاردنمان هەبووە، خەڵکی کوردسـتان دەنگی بەلایەنێکی دیاریکراو داوە، ئەو لایـەنانەی بـراوەی هەڵبـژاردنەکـان بوون، دەسـەڵاتیـان وەرگرتووە چونکە شـەرعیەتەکەیان لە خـەڵکەوە وەرگرتووە. با ئێمە واقیعبین بین، لە هـەرێمی کـوردسـتـاندا باڵانسی هێـز ئاشکرا دیارە بەلای کـێـدا دەشکێتـەوە، دیارە کە زۆرینەی خـەڵکی کوردسـتان، لەگەڵ ئەو لایەنانەدایە کە ئێـسـتـا لە حکوومەتـی هەرێمی کـوردسـتـاندا بەشـدارن، لایەنێک یان دووان نەیانتوانیوە لە رێگەی پاڵەپەستۆی جادەوە، بە مەرامە سیاسییەکانیان بگەن، یان لە رێگەی سیپەکانی دەنگدانەوە پێی بگەن، بۆیە دەیانەوێ دۆخـەکە بەرەو ئاڵۆزی و هـەڵوەشـانەوە بەرن. ئـەوەی جـەنابی سـەرۆک بارزانی باسی دەکـا، سـەندنەوەی متـمـانە لە حکوومـەتی هەرێمی کوردستـان، دەبێ لە چوارچێوەی پرۆسـە دەسـتـووری و یاسـاییـیـەکانی هەرێمی کـوردسـتـاندا بێ، بەمـەش پەرلەمـانتـارانی ئۆپۆزسـیۆن درێغـیـان نەکرد، لە پەرلەمـانی کوردسـتـان ویستـیان متـمانە لە حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان وەربگرنەوە، لە بنەچەدا ئەمـان دەنگیان بەم کابینەیە نەدا، دواتر ئەمـان لە پەرلەمـان شکسـتیان هێنا، هەمـوومـان لە بەرچاومـانە و لە بیرمانە کە بە زۆرینەی ٦٧ دەنگ مـتمـانە بەو کــابینـەیە درایـەوە. مــەبەســتـی جــەنابی ســـەرۆک بارزانی ئەوە بـوو، هـەر ئیـرادەیەک لە دەرەوەی ئیرادەی پـەرلەمـانی کـوردسـتـان، هـەر ئیـرادەیەک لە

دەرەوەی ئیـرادەی ئەو شــەرعیــەتەی کــە خــەڵکی کـوردســتــان داویەتـی بەو دەســەڵاتە، کە ئێستا لە هەرێمـی کوردسـتـان هەیە، ئەمـە بۆ خـۆی جـۆرێکە لە کـودەتا، مــەســەلـەکە ئەوە نـیـیـە، ئەگــەر ئۆپۆزسـیـۆن راست دەکـەن و توانای ئەوەیان هەیە، متمـانەیان بەخـۆیانە با بێن بگـەڕێینەوە بۆ هەڵبـژاردن، ئەگـینا ئەوەی باس دەکرێ بیـانووگرتنە بەوەی کە هـەڵبژاردن لە هەرێمی کوردسـتـاندا ئاوها ناکرێ، گەر پاساو مەسەلە یاسـاییـیەکانە یاخـۆ کۆمـسیۆنـە، کەس رێی لە پـەرلەمــانتــارانی ئۆپۆزسـیـۆن نەگـرتووە قـسـەی تێـدا نەکـەن، چونکە پەرلەمــانتـارانـی ئۆپۆزسـیـۆن لە زۆربەی لێـژنەکــاندا ئامــادەییــان هـەیە و گـفـتـوگـۆیان کـردووە لەســەر ئەو یاسـایانـەی کـە هـەن، سـەربـاری ئەوانەش لایەنەکانی ئۆپۆزسیـۆن شکسـتیـان هێنا لەوەی نەیانتـوانی بەڵێنەکانی پێش هەڵبـژاردنیـان بێننە دی، هەروەها شـکسـتیـان هێنا لەوەی نەشـیـانتـوانی لە رێگەی پاڵەپەستۆی جادەوە، داخوازییە سیـاسییەکانیان بسـەپێنن بەسەر ئەو لایەنانەی کــە شــەرعــیــەتیــان لە خــەڵکەوە وەرگــرتووە. لە ئەنجـامـی ئەو شکسـتانەوەیە کە ئێستا پێیـان وایە ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ مێزی گفتوگۆ، ئەوا دەبێــتــە شـکســتــێکی تر. من لێــرەوە ئەم پەیامــەیان پێ ڕادەگــەیەنم، کــە لە پرۆســەی دیموکـراسیی کـوردسـتـاندا، براوە و دۆڕاوێکی رەها بوونـی نییـە، گەڕانەوە بۆ دیالۆگ و بۆ یەکتر قبووڵکردن و سەر مێزی گفتوگۆ و باسکردنی دۆخی ئێـسـتـای هـەرێمی کوردسـتـان و شـان بەشـانی یەکتـر و دەست لەناو دەسـتـخـسـتنی یەکـتری، دەبێـتـە هـۆی باشـتـر بـەرێوەچوونی باری خـەڵک و خـەڵکی کوردسـتانیش بەبراوەیی دەمێننەوە. ئێستا ئێمـە جەخت لەسـەر ئەوە دەکەینەوە، کە مـەسـەلەکە جیدیبوونە لە چاکسـازی لەم هەرێمـەدا، دواتریش ئیـرادە هەیە بـۆ چاکسـازی لـەسـەر ئـاسـتێکی باڵا، کـە لە جـەنابی سـەرۆک بارزانیـدا رەنگی داوەتەوە، مـەسـەلەکـەش وەک پێـشـتـر گـوتم لەبەر خـاتری ئۆپۆزسیۆن نییـە، بگرە ئێمە خۆمان بڕوامان پێیەتی و بڕوامان بەوە هەیە زۆر شت بۆ هـەرێمی کـوردسـتـان کـراوە، بـەڵام دەبێ شـتی زیاتریشی بـۆ بکرێ، دیسانەوە دەیڵێمەوە ئەمە بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانییە.

* بەبۆچوونی بەڕێزت ئاخۆ کێشەکە لەسەر شەخسی د. بەرهەم سالّحە یان نا، یاخۆ مەسەلەکە پێوەندیی بە بابەت و ڕەهەندی ترەوە هەیە؟

– لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە جوولاندنی جادە شکستیان هێنا، لەوەش دلّنیان لە ڕێگەی سیپەکانی دەنگدانەوە، ناتوانن دەسەلاّت وەربگرن، بۆیە دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ تەوافوقی حزبی، باز بدەن بەسەر ئەو شەرعیەتەی کە لە خەلّکی هەرێمی کوردستانەوە بە دەسەلاّتی ئێستای هەرێم دراوە. بەلاّم لەگەلّ ئەوانەشدا ئێمە ڕۆلّەی ئەم ولاّتەین، بەشدارین لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، هەموومان بەرپرسین لە ئێستا و داهاتووی ئەم هەرێمە، هاوکات ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییمان لەسەر شانە، چونکە لە بەرامبەر کۆمەلّێ شیمانەی گەورەداین لە داهاتوو لەسەر مەسەلەی ناوچە دابڕێنراوەکان و داهاتووی عێراق و کۆمەلّێ بابەتی هەستیار، ئەوە دەخوازێ کە هەرێم سەقامگیر بێت، یەکەتیی نەتەوەیی لەنێوماندا بالاّدەستتر بێ. دیسان بەبێ مەرج و تەنیا باسکردنی ٢٢ خالّەکە نەکەنە دەسپێک بۆ دانیشتن و گفتوگۆ، بەدەم بانگەوازەکەی سەرۆک بارزانی–یەوە بێن بۆ چاکسازی، ئەوانیش لە حکوومەتێکی بنکە فراواندا بەشدار بن. جەخت لەوەش دەکەینەوە وەک جەنابی سەرۆک بارزانی گوتوویەتی هەر شتێ ئەوان بیانەوێ لە دەرەوەی ئیرادەی خەلّکی هەرێمی کوردستان، هەر شتێ ئەوان بیانەوێ لە دەرەوەی ئەو ئیرادەیەوە بیسەپێننە سەر ئیرادەی شەرعی، ئەوە کودەتایە و خەلّکی کوردستانیش ئەمە قبوولّ ناکا.

* جەنابت ئاماژەت پێ کرد کە ئۆپۆزسیۆن لە هەموو ڕەهەند و بوارەکاندا، شکستی هێناوە، کەواتە لایەنێ وا شکست بێنێ، بۆچی حکوومەت و دەسەلاّت بەردەوام داوای وتووێژ و دانوستاندن و سازان دەکا؟

– ئۆپۆزسیۆن رۆڵەی ئەم ولاتەن، بەشێکن لەم هەرێمە، نە لە ئاسمان داباریون، نە لە زەوی هەڵتۆقیون، ئێمە دەڵێین بەرپرسیارێتیی ئەم قۆناغە و قۆناغەکانی داهاتووش بەرپرسیارێتیی نیشتمانین، راستە ئۆپۆزسیۆن شکستی هێنا، راستە لە جووڵاندنی جادە و گەڕانەوە بۆ تەوافوقی حزبی و بازدان بەسەر شەرعیەتی خەڵکدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا بەرپرسیارێتیی نیشتمانی تەنیا بە پارتی و یەکێتی ناگیرێتە سەر شان، پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، بەتەنیا بە پارتی و یەکێتی ناکرێ، ئەمە پرۆسەیەکە پێوەندیی بە تاک بەتاکی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، ئەرکە نەتەوەییە بەدی نەهاتووەکانی خەڵکی کوردستان، مەسەلەی ناوچە دابڕێنراوەکان، مەسەلەی داهاتووی کوردستان، بەتەنیا پێوەندیی بە پارتی و یەکێتییەوە نییە، ئێمە هەموومان دەمانەوێ پێکەوە لەژێر یەک چەتردا بین، کە ئەویش چەتری پەرلەمان و شەرعیەتی خەڵکی کوردستانە، لە چوارچێوەی ئەو پرۆژانەی جەنابی سەرۆک بارزانی پێشکێشی کردوون، با هەموومان پێکەوە قسەی لەسەر بکەین بۆ ئەوەی بتوانین تەکانێکی زیاتر بەهەرێمی کوردستان بدەین.

# وتارەکان

# جیاوازی و بەراوردکردن و یەکخستنەوە

## دەبێ بگەڕێین بەشوێن خاڵە هاوبەشەکانی نێوانمان،
## زمانی یەکترسڕینەوە لە گوتاری سیاسیمان نەهێڵین

شەوی ٢٠١١/٣/٨ کەناڵی ئاسمانیی کوردستان، بەرنامەی (ئەمڕۆ) سەبارەت بەهێورکردنەوەی بارودۆخی کوردستان و ئەرکی هەمووان بەبێ جیاوازی، (عەبدولوەهاب عەلی) ئەم دیمانەیەی لەگەڵ (هێمن هەورامی) ساز دا:

* ئێمە دەبینین بەدوو زمان یان بەدوو گوتار قسە لەگەڵ گەنجی ئەم وڵاتە دەکرێ، وتارێک وتاری بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانییە، کە لە دوای گەڕانەوەی لە ڕۆما ئەو پەیامە گرینگەی بەخەڵکی کوردستان دا و لەژێر ڕۆشنایی پرۆژە ١٧ خاڵییەکەی پەرلەمان، زۆر شت بە گەنجان دەڵێت، من حەز دەکەم دواتر جەنابت باسی بکەیت، وتارێکی تریش هاندان و وروژاندنە، کە چۆن بارەگاکان بسووتێنرێن، چۆن هیچ شتێ لەم وڵاتەدا پیرۆز نییە، واتە ئەم دوو گوتارە دواتر دەبنە وێنە و دێنە سەر شاشەکان، گوتاری بەڕێز کاک نەوشیروان مستەفا لەگەڵ گوتاری جەنابی بەڕێز سەرۆک بارزانی، ئێوە ئەم دوو جۆرە گوتارە بە چی تێ دەگەن و چۆنی دەخوێننەوە؟

– زۆر سوپاس بۆ ئەو میواندارییە، جیاوازییەکە ئاسمان و ڕێسمانە، جەنابی سەرۆک بارزانی بە پشتبەستن بەو شەرعیەتەی لە پرۆسەیەکی دیموکراسیی خەڵکی کوردستاندا بەدەستی هێناوە یاخۆ بەو دەنگانەی پێی

دراوە، باس لە بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکا، لە پەیامەکەی چەند رۆژی پێشووتری زۆر بە روونی پەرۆشی بۆ پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەربڕیوە، لە پەرۆشییەوە بۆ لە بەرچاوگرتنی خواستە رەواکانی ئەو خۆپێشاندەرانەی، کە دوور لە توندوتیژی و بەشێوازێکی ئاشتییانە رووبەرووی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانی دەکەنەوە، پەیامی سەرۆک بارزانی، خۆشەویستی و رێزی بۆ گەنجانی وڵات پێشان دا، بەکورتی لەوەدا دەری خست کە چۆن بە پەرۆشەوە باس لە پێگەیشتنی گەنجانی هەرێمی کوردستان دەکات، بەتایبەتی لە شاری سلێمانی و دەوروبەری، بەوە توانیویانە لە رێی خۆپێشاندانێکی هێمنانەوە ئامانجە رەواکانی خۆیان بخەنە بەردەم دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان، بۆیە من لێرەوە حەز دەکەم لەو دەروازەوە بچمە نێو بابەتەکە، کە ئێمە داخوازییە رەواکانی ئەو گەنجە خۆپێشاندەرانەی بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی، لە ئەجێندای سیاسیی هەندێ لایەنی سیاسی جودا بکەینەوە. لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراسیدا، خۆپێشاندان مافێکی چەسپێنراوە و بۆ هەموو هاووڵاتییەکە لە هەرێمی کوردستاندا ئەو مافە پیادە بکات، هاوکات بەشێکیشە لەو میکانیزمانەی کە پرۆسەیەکی دیموکراسیی پێ دەناسرێتەوە. بەڵام گوناهەکە لێرەدا ئەوەیە کە دێن ئەم رەواییانەی خەڵکی سلێمانی و خۆپێشاندەرانی بەردەرکی سەرا، تێکەڵ بە ئەجێندای سیاسیی لایەنێک یان چەند لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو بکرێ، ئەوان بازرگانیی سیاسی بەداخوازییە رەواکانی گەنج و خۆپێشاندەرانی بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی بکەن. ئەمە گوتاری جەنابی سەرۆک بارزانی، پەرۆشییەکە بۆ سەقامگیریی هەرێمی کوردستان و بۆ بەهێزترکردنی بارودۆخی ئێستای هەرێم، بۆیە گوتاری سەرۆک بارزانی زادەی واقیعیەتی هەرێمی کوردستانە، هەڵقووڵاوی ئەوەیە کە نابێ کوردستان بگەرێتەوە دواوە، بگرە دەبێ بۆ پێشەوە بچێ، چونکە ئەمە ئەرکی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستانە، کە کۆمەڵگەی کوردی بەرەو پێشەوە بەرێت نەک پاشەکشێی پێ بکات. بەداخەوە لە بەرامبەر ئەم

گـوتـارەدا، گـوتارێکی سـیـاسـیی تر دەبینین کـە وروژێنەر و هـاندەرە، لە چوارچێوەی پرۆسـەیەکی ئاشـتـیـیانەی دیموکراسـیـیانەدا ناتوانێ ئـامـانجـە تەسکەکـەی خۆی بێنێتـە دی، بۆیـە هـەڵگرانی ئەو گوتارە دەیانەوێ لە ڕێگەی توندوتیژی و ئاژاوەنانەوە و ناسەقامگیرییەوە، دەستکەوتی سیاسی بۆ خۆیان مـسـۆگـەر بـکەن، چونکە ئەو لایەنانـەی هـاندەری توندوتـیـژین، بەتـایـبـەت ئەوەی کە جـەنابت ئـامـاژەت پێ دا، لە گوتاری سیـاسـیی ئەو بـەڕێزەدا کـە سـەرۆکی بزووتنـەوەی گـۆڕانە، گـوتارێکی هـاندەر دەبینرێ بەئامـانجی دروسـتـبـوونی ناسـەقـامگیری، لەبەرئەوەی ئەوان دەتوانن تەنیا لە ناسـەقـامگیری و نەبوونی ئاشـتـیـی کـۆمـەڵایەتی، خـواسـتـە بەرتەسکەکـانی خـۆیان بـهـێننە دی. بەپێچەوانەوە گوتاری سەرۆک بارزانی، کە سەرکردایەتیی شەرعیی بزووتنەوە ڕزگاریخـوازەکەی کوردسـتـانە، لە چوارچێوەی پرۆسـەیەکی دیموکراسیشـدا خەڵک دەنگی پێ داوە، لەگەڵ سـەقامگیری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و دیالۆگ و لە بەرچاوگرتنی خواستە ڕەواکانی گەنجانی ئەم وڵاتەدایە.

* دەتوانم بڵـێم نزیکەی سـاڵ و نیـوێکە، گـۆڕان لـە تەنگژەیەکی سـیـاسـی و کـۆمـەڵایەتی و ڕێکخـسـتـنیـشـدایە، لـەو مـاوەیەی لە پەرلەمـانی کـوردسـتـاندان، تا ئێـسـتـا سێ تا چوار سـەرۆکی فراکسیۆنیان گۆڕیوە، ئەمە هەموو کات وا دەکا لەناو پەرلەمان، لە کۆبوونەوەکان تەنگژەیێ دروست ببێ، هەردەم دەبێ کۆمـەڵگە بەرەو ئـەوە بەرن کـە لـە تەنگژەدا بژی، هۆکـاری ئـەمـە تەنگژەی ناوەخـۆی خـۆیانـە، کە دەیگوازنەوە بۆ ناو خـەڵک یاخۆ بەڕاستی تەنگژەیەک هـەیە، داخـوازییـان هـەیە و دەیانەوێ لـە ئەجـێندای خۆیانەوە قسەی لەسەر بکەن، ئەمە کامیانە؟

– بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا، دەبێتە تەواوکاری سیستەمی سیاسی و دیموکراسیی ئەو هەرێمە یان ئەو وڵاتە، لەو گۆشـەنیگایەوە ئێمـە چاوەڕێمـان دەکرد و پێشـمـان خۆش بوو هەڤاڵانمان لە

بزووتنەوەی گۆڕان، بێن لە چوارچێوەی گەمە سیاسییەکە و لە چوارچێوەی ئەو ڕێسا دیموکراسییانەی لە هەرێمی کوردستاندان، لە ڕێی دامەزراوە دەستووری و یاسا و ڕێساکانی دیموکراسییەتدا، ململانێی سیاسیی خۆیان بکەن، بەڵام دەبینین ئەم هێزە ئەگەر پاشخانەکەی بدەینە بەر توێکاری، هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی سروشتی نەبوون، بگرە کۆمەڵە خەڵکێک بوون لەناو لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو، زنجیرەیەک ناکۆکییان لەسەر دەسەڵات و پلە و پایە و سەرچاوەی داهات بەرپا کرد، لەسەر ئەوەی کامیان لە مەرکەزیەتێکی زیاتردا بێ. بەوجۆرە لە هێزێکی سیاسیی گەورەی ئەم وڵاتە جیا بوونەوە، بەئامانجی ئەوەی بتوانن لە ڕێگەی جیابوونەوەکەیان، بەشێ لەو خواستانەی خۆیان بێننە دی، کە پێشتر لەنێو لایەنەکەی خۆیاندا دەستیان پێ ڕانەدەگەیشت، بۆیە هاتن تا لە دەرەوەی ئەوانەوە پێی بگەن، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ ئەوەشمان لە بەرچاو بێ، کە ڕاستە نارەزایی هەیە، خەڵکێکی تر ئومێدی چاکسازیکردنی هەبووە، بەڵام ئەوەی کە جەنابت ئاماژەت پێ کرد، بۆچی بەشێ لە سەرکردایەتی و سەرانی گۆڕان لە پشتەوەی دروستکردنی تەنگژەدان لە هەرێمی کوردستان، پێم وایە ئەمانە جۆرێکە لە گەمەی سیاسی، کە بەشێ لە سەرانی ئەم بزووتنەوەیە پەنای بۆ دەبەن، گەمە سیاسییەکە بەشێوەیەک ئاراستە دەکەن، کە تەنگژە بخاتەوە، مەبەستەکەش شاردنەوەی تەنگژە ناوەخۆییەکانیانە، ئێمە لەم گەمەیە باش تێ دەگەین، دەبێ خەڵکی کوردستانیش لەم ڕاستییانە باشتر تێ بگەن: بزووتنەوەی گۆڕان لەو ساتەوەختەی کە دروست بووە تا بە ئێستا دەگات، بەکۆمەڵێ تەنگژەی گەورەی ناوەخۆییدا تێ پەڕیوە، با من هەندێ نموونەت بۆ باس بکەم:

تا ئێستا ئەم بزووتنەوەیە نەیتوانیوە کۆنگرەیەک بۆ خۆی ببەستێ، ئیتر من نازانم ئەو بەڕێزە بە چ شەرعیەتێک خۆی کردووەتە سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان، ئاخۆ ئەمە بەدەنگی ئەندامانی بزووتنەوەکە بووە؟ گەر وابووە لە چ کۆنگرە و کۆبوونەوەیەکدا بووە؟ ئەم کەسە کە لە یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستان جیا بووەتەوە، ئێستا خۆی کردووەتە سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان، بەکام شەرعیەتی حزبی و بەکام کۆنگرە و کۆبوونەوە و کۆنفرانسێ؟ لە ڕێی چ پرۆسەیەکی دیموکراسیی ناوەخۆیی ئەم هێزەوە، توانیویەتی دەسەلات لەنێو بزووتنەوەی گۆڕان وەربگرێ؟ خۆ ئەگەر هێزێ نەتوانێ پرۆسەی دیموکراسی لەنێو خۆیدا جێبەجێ بکات، ئەدی چۆن دەتوانێ پرۆسێسی دیموکراسی لە دەرەوە لە ڕێی هەڵبژاردن و وەرگرتنی شەرعیەتەوە لەسەر ئاستی جەماوەری، کار بۆ دەسەلاتی سیاسی مسۆگەر بکات؟ ئەمە یەکێ لە ڕووەکان...

* باشە ئەوان وەکو کۆمپانیا نەهاتنە پێشەوە؟

– ئەوەش جۆرێکە لە تێکەڵییەک کە پێی هەستان، بەلام ئەو ڕێگەپێدراوی سەرۆکی کۆمپانیایەکە نەک سەرۆکی بزووتنەوەیەکی سیاسی، بەهەرحاڵ ئەوە مەسەلەیەکە بۆ دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانی جێ دێڵین. وەک گوتم لەسەر ئاستی تەنگژە ناوەخۆییەکانیان بەپلەی یەکەم نەبوونی کۆنگرەیەکە تا ئێستا، دووەم پاشەکشێکردنی ئەوانە لە سێ هەڵبژاردنی سەندیکایی، ئەمە ئاماژەیەکی زۆر گەورەی هەیە، بینیمان لە هەڵبژاردنی سەندیکاکانی پیشەکارانی تەندروستی و ئەندازیارانی کشتوکاڵ و مامۆستایان، ئەمانە نوێنەری چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگەی کوردین، ئەم چینە گەلێ دینامیکین، تێگەیشتنیان باشترە بۆ پرۆسەی سیاسی. لە چەند مانگی رابردوودا، لەنێو ئەم چینەدا بزووتنەوەی گۆڕان پاشەکشەیەکی گەورەی کردووە، ئەوان پێش ئەوەی بێنە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەڵێنێکی زۆریان بەخەڵکی دا، پروپاگەندەیەکی فرەیان بلاو کردەوە، کە ئەوان دەتوانن زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنن، بانگەشەی ئەوەیان کرد، بەشێکی زۆری بنکەی جەماوەری و ڕێکخستنی یەکێتی، دەنگ بەوان دەدەن، پارتی بەتەنیا دەمێنێتەوە، ئیدی بەوجۆرە دەتوانن هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنی تر ببەستن، تەنانەت کار گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی باسیان لەوە دەکرد، کێ بکرێتە سەرۆک وەزیران، بەو شێوازە مامەڵەیان لەگەڵ دۆخەکەدا دەکرد، دواجار

نەیانتوانی ئەو بەڵێنە گەورانە بەجێ بگەیەنن، ئەم بەردە گەورەیەی کە هەڵیان گرت، نەیانتوانی بیهاوێژن، دوای ئەوەش گەمەی دیموکراسی و پرۆسەی کۆمەڵایەتی و ئاشتی و سەقامگیریی سیاسی، ئەوانە پرۆسەگەلێ بوون کە ئەم هێزە تێ گەیشت لە سایەیاندا، ناتوانێ هیچ دەستکەوتێکی سیاسی مسۆگەر بکا، بۆیە دەستی کرد بە سازدانی تەنگژە، ئەگینا گەر قسەیان لەسەر چاکسازییە، ئەوە جەنابی سەرۆک بارزانی پێش سەفەرەکەی بۆ رۆمای پایەتەختی ئیتاڵیا، لەگەڵ هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان کۆبووەوە و داوای پرۆژەی چاکسازیی لێ کردن، تا ببێتە هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ چاکسازی لە سیستەمی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان، ئەم داواکارییە پێش خۆپێشاندانەکان بوو، کە بینییان جەنابی سەرۆک بارزانی لێبڕاوانە ڕابەرایەتیی پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستاندا دەکا، دەسەڵاتی ئەویشە کە بتوانێ پڕاوپڕی مانای وشەی-چاکسازی- لەم هەرێمەدا بێنێتە دی، بەپاڵپشتی لەگەڵ هەموو بەشدارییەکی پەرلەمان و حکومەت و سەرجەم هێز و لایەنەکانی تر، کاتێ زانییان پرۆسەکە جیدییە و ئەوانیش دەگرێتەوە، ئامادە نەبوون ببنە بەشێ لە پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان. بەشێکی تری ئەو تەنگژە سیاسییەی کە بزووتنەوەی گۆڕان تێی کەوتوون، بوونی جیاوازییەکی زۆرە لە نێوان کادیری ناوەند و سەرکردایەتییان، هەتا ئێستا دەنگێکی وای باش لەنێو کادیری ناوەندیاندا نەبیستراوە کە کاریگەری لەسەر بڕیاری سیاسیی بزووتنەوەکە هەبێت، پاشان وەک جەنابت ئاماژەت پێ کرد، لە ماوەی تەنیا ساڵ و نیوێکدا، چوار سەرۆک فراکسیۆنیان گۆڕی، ئەگەر ئەمە بەڵگە نەبێ لەسەر تەنگژە لەنێو ئەو هێزەدا، ئەدی ئەمە چی ناو بنرێ؟ من حەز ناکەم ناوی کەس بێنم، بەڵام زۆرێ لە ئەندام پەرلەمانەکانی خۆیان، لە میدیاکان و ئەملا و ئەولادا باسی دەکەن، کە ئەوان لە کێشە و تەنگژەیەکی گەورەدان لەگەڵ سەرانی بزووتنەوەکە، بەو پێیەی زۆرێ لە بڕیاری سیاسی دەردەچێ، بێ ئەوەی پرس و ڕاوێژێ بە فراکسیۆنی گۆڕان بکرێ، بەرێزێکی وەک (عەدنان عوسمان) لە لێدوانێکیدا باسی لەوە کرد و

دەڵێ " ئێمە وەک فراکسیۆنی گۆڕان کێشەمان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان هەیە، چونکە هەندێ جار بەشێ لە ڕایەکانی ئێمە بە نەزەری ئیعتیبار وەرناگیرێ".

* دەمەوێ ئەوە بپرسم لەبارەی ئەو قسەیەی کە سەرانی گۆڕان و بنکەی گۆڕان، هەروەها فراکسیۆنی گۆڕانیش، دوو سێ شتی جیاوازن، ئەمە تا چەند وایە؟

– تا رادەیەک وایە، ئەوەندەی بەدواداچوون بۆ بەیاننامە و بڵاوکراوەکانیان کرابێ، جیاوازییەکی زۆر هەیە و تەنگژەیەکی گەورەش لەنێو ئەم بزووتنەوەیەدا بوونی هەیە. ئێمە لێرەوە رێز و خۆشەویستیمان بۆ جەماوەری گۆڕان هەیە، کە لە پێناوی چاکسازی و بەهێزترکردن و بەرەوپێشبردنی زیاتری هەرێمی کوردستان، لە ٧/٢٥ دەنگیان بە ئەجێندا و پەرلەمانتارەکانی بزووتنەوەی گۆڕان داوە، بەڵام ئێمە ئەوانە لە سەرکردەکانیان جودا دەکەینەوە.

* خستنەسەرێک بۆ قسەکەی جەنابت، ئەم بێ ئاگاییە لە یەکتر لە شتێکدا دەیخوێنمەوە: ئەو دۆخەی لە بەردەم لقی چوار رووی دا، بەوەی خۆپیشاندانەکە لە رەوتی هێمنی و ئارامی و ئاشتی خۆی دەرچوو، لە مۆڵەتی خۆشی چووە دەرەوە، لە بەردەرکی سەراوە بەرەو لقی چوار، ئیتر بەردباران و تەقە و خوێنرشتنی لێ کەوتەوە، بارگرژییەک سلێمانیی تەنییەوە، سەرانی گۆڕان بەیاننامەیەکیان دەرکرد و گوتیان (ئێمە ئەوانە بەگێرەشێوێن دەزانین)، بۆ رۆژی دواتر (عەدنان عوسمان) بەوتارێک وەڵامی سەرانی گۆڕانی دایەوە، کە سەر بە فراکسیۆنی گۆڕانە لە پەرلەمانی کوردستان، بەوەی کە ئەوانە گەنجن و داخوازییان هەیە و نابێ بەئاژاوەگێڕ ناوزەد بکرێن.. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ لەم بزووتنەوەیەدا، کەس ئاگای لە کەس نییە؟

– جـەنابت ئامـاژەت پێ دا، ئەمـە بەشـێکە لەو تەنگژە ناوەخـۆییـیـەیان کـە بزووتنەوەکەی تێ کەوتووە، بەداخـەوە لە کاتی خوێندنەوەیاندا هەست بەبوونی سیـاسـەت و هـەڵوێسـتـێکی یەکگرتوو بەرامـبـەر بە رووداوە سـیـاسـییـەکانی هـەرێمی کوردستان ناکرێ، ئەم جیـاوازی و ناکۆکییە، رەنگە بەڕادەیەک گەورە بن، لێکدەرەوەی ئەو شپرزەییە بێت کە لە هـەڵوێستە سیاسییەکانیاندا رەنگی داوەتەوە، بەیاننامـەکانیان بەشـێکە لە بوونی جیاوازی و ناکـۆکییـە گەورەکـە، چونکە بەتەنیا مـەسـەلەی ناوانی خـۆپێشـاندەر بەگێرەشـێوێن، نموونەیەکی تاقـانە نیـیـە، بگرە یەکـێکە لەو نموونانـەی کـە هـەواڵ لـە ئاسـتـی شـپـرزەیی و ئاسـتـی سـیـاسـیـی ئەم بزووتنەوەیـە دەدا. من هـەندێ نموونەی ترم لایە: کـاتێ فراکسیـۆنەکانی پەرلەمـان بۆ بەدواداچوونی ئەو دۆخەی لە بـەردەرکی سـەرای سلێـمـانـی و لقی چوار هاتـنە ئاراوە، دانیـشـتـنیـان کـرد بۆ باسکردنی ئەو خاڵانەی کە پێویستە پەرلەمانی کوردستـان بڕیاری لەسـەر وەربگرێ، ئەوە بوو ١٧ خـاڵیـان دەرکرد، بەشێ لە ئەندامـانی فـراکسـیـۆنی گـۆڕان دەنگیـان بەو پرۆژە ١٧ خـاڵییـە دا، بەڵام بۆ رۆژی دواتـر لە دەرەوەی ئیرادەی فراکسـیـۆنی گۆڕان، پاشـەکشە لەم ١٧ خـاڵە کرا، برایانی کـۆمەڵی ئیسـلامی و یەکگرتووی ئیسلامی بەنیـازی چاکسـازییانەی باش و خزمەتکردنی هـەرێمی کوردسـتـان، لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان دانیـشـتنێکیـان ساز دا لەسـەر ئاسـتی مـەکـتـەبی سیـاسـی لە بارەگـای بزووتنەوەی گـۆڕان، پاشـان کـۆنگرەیەکی رۆژنامـەوانی بەسـترا و پرۆژەیەکی ٢٢ خـاڵی راگەیەنرا، هـەر پاش یەک سـەعات گوتەبێژی فەرمیی بزووتنەوەی گۆڕان گوتی" ئێمە بەهەڵە ئامادەییمان لەوێ هەبووە، ئەو خاڵانـەشی راگەیەنراون بەباشی دیراسـەمان نەکردوون" ئەمە ئەگـەر بەشێ لە بێ ئاگاییی ئـەوان نەبێت، چی ترە؟! سـەمـەرە لەوەدایە هـەڵسـووڕاوێکی تریان لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکە بووە، سەیرە گوتەبێژی فەرمیی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت ئێمە ئاگامان لێی نییە، دواتر لە ئێوارەکەیدا دێنەوە و پاشـەکشە دەکەن و دەڵێن بەڵێ ئێـمـە لەگەڵ ٢٢ خـاڵەکەداین، بەڵام هـەر دەبێ مەرجـەکانی ئێمـە بسەپێنرێ، کە هـەڵوەشانەوەی حکوومەتی هـەرێمی کوردستانە. ئەمـە جۆرێکە

لەو تەنگژەیەی باسمان کرد، بۆیە دەیانەوێ لە ڕێگەی دروستکردنی تەنگژەی دەرەکییەوە، تەنگژە ناوەخۆییەکانیان پەردەپۆش بکەن.

* بۆچی گۆڕان داوای ئەوە دەکات حکومەت هەڵوەشێتەوە و حکومەتێکی ئینتیقالی دروست ببێ، کۆمەڵێ وەزیری بێلایەنی تێدا بێ، وەزارەتە سیادییەکانی وەک پێشمەرگە و ناوەخۆ و سامانە سروشتییەکان و پەروەردە بەدەست کەسی بێلایەنەوە بن، حەز دەکەم بزانم ئەم داوایە بە چ شەرعیەتێ دەکرێ؟

– بزووتنەوەی گۆڕان دەزانن چییان ناوێ، بەڵام نازانن چییان دەوێ، کە دەڵێم چییان ناوێ لە هەرێمی کوردستان، نایانەوێ ئەو دەسەڵاتەی ئێستا، کە لە ڕێی سیپەی دەنگدانەوە هاتووەتە دەسەڵات، بمێنێ، ئەوان دەزانن چییان ناوێ، بۆ نموونە نایانەوێ لە هەرێمی کوردستان، پرۆسەی دیموکراسییەت بەردەوام بێ، چونکە دەزانن بەو پرۆسەیە و بەو تێگەیشتنەی ئەوان بۆ پرۆسەی دیموکراسی، هیچ دەستکەوتێک مسۆگەر ناکەن، بۆیە دێن هەموو کات لەگەڵ گوتاری سیاسیی خۆیاندا وشەکانی" هەڵوەشاندنەوە– هەڵتەکاندن– هاندان و وروژاندن– پەلاماردان" هەڵدەبژێرن وەک لە قسەکانی سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان هاتوون، کە سێ ڕۆژ پێش پەلاماردانی لقی چوار لە کەناڵی (کەی ئێن ئێن)ـەوە باسی کردبوو، ئەو قسانە لە ٢٠١١/٢/١٤ بوو.

* لە قسەکردنی لەسەر ئەو دۆخەی لە تونس و میسر ڕوو دەدات، دەڵێت بارەگای حزبەکان بسووتێنن.

– بەڵێ تەنانەت دەڵێ بارەگای لقەکان، کە ئەمە بۆ خۆی جۆرێکە لە ئاماژەدان، چونکە وشەی (لق)ی بەکار هێناوە، بەهەرحاڵ با ئەمە بۆ لێژنەی لێکۆڵینەوە بەجێ بێڵین، کە بەبڕیاری پەرلەمان دروست بووە، با بۆ خۆیان لێی بکۆڵنەوە کێ خەڵکی هان داوە ئەم جۆرە کارانە بکات. گۆڕان کێشەی لەگەڵ

دیموکراسی هەیە، ئەوان پێیان وایە کە نەیانتوانیوە دەنگی زۆرینە بەدەست بێنن، دەکرێ ڕای کەمینە بەشێوازێکی دیکتاتۆرییانە و دوور لە میکانیزمەکانی دیموکراسی، بەسەر زۆرینەدا بسەپێنرێ، بەڕاستی ئەمە کێشەی تێگەیشتنی هەردوولامانە لە دیموکراسییەت، چونکە دیموکراسییەت گەڕانەوەیە بۆ خەڵک، ئەوەی کە جەنابی سەرۆک بارزانی لە گوتارەکەیدا باسی دەکا بەوە دەبێ میللەت مەرجەع بێت، دەبێ خەڵک مەرجەع بێت. بزووتنەوەی گۆڕان تا ئێستاش نایەوێ بڕوا بەوە بێنێ کە میللەت مەرجەعە، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئێستا لەگەڵ هەڵوەشانەوەی حکوومەتدایە و لە بریی ئەوە حکوومەتێکی ئینتیقالی بێتە کایەوە، بەڵام با بێین و پرسیاری گەورە لێرەدا بکەین: حکوومەتی ئینتیقالی کێ دروستی دەکا؟ کام شەرعیەت دایدەمەزرێنێ؟ ئێستا ئێمە حکوومەتێکمان هەیە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستانە و پەرلەمانی کوردستان شەرعیەتی پێ داوە، واتە ئەم حکوومەتەی ئێستا شەرعیەتی لە خەڵکەوە وەرگرتووە، ئەوانیش دێن داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم حکوومەت و پەرلەمانە دەکەن لەگەڵ دروستکردنی حکوومەتێکی ئینتیقالی، واتە ببێتە حکوومەتی حزبەکان نەک حکوومەتی میللەت، چونکە لە نەریتی سیاسیدا حکوومەتی ئینتیقالی لە دوو دۆخدا دروست دەبێ: یان ئەوەیە سیستەمەکە بەتەواوەتی دەڕووخێ، ئیتر حکوومەتی ئینتیقالی دروست دەبێ.

* یان لە ڕێگەی شۆڕشەوە یان لە ڕێگەی کودەتاوە..

– یان ئەوەیە وڵات ڕووبەڕووی کارەساتێ گەورە بێتەوە، ئەو کات حکوومەتێکی ئینتیقالیی سیاسی پێک دێ، بۆ ئەوەی بناغەیەکی دەستووری بۆ قۆناغی داهاتوو یان پاش ئەو حکوومەتە ئینتیقالییە داڕێژێ. هەرێمی کوردستان ئەم قۆناغانەی لە ڕێی متمانەی خەڵکەوە تێ پەڕاندووە، وەکو جەنابی سەرۆک بارزانی ئاماژەی پێ دا" ئێمە بەرەو پێشەوە دەچین، بەرەو پاشەوە ناگەڕێینەوە" لە کوێی دنیا هەیە دیموکراسییەت ڕای کەمینە بەسەر

زۆرینەدا بچەسپێنێ؟ لە کوێی دنیا شتی وا هەیە، دەبا یەک ئەزموونی دیموکراسیمان لە دنیادا پێ بڵێن کە فلانە وڵات بەو شێوەیە رای کەمینەی سەپاندبێ بەسەر زۆرینەدا، بۆیە گەر باوەڕیان بەپرۆسەی دیموکراسی هەیە، گەر هاتوون و بەرێساکانی گەمەکە ڕازین، کەواتە دەبێ ڕازیش بن لە رێی سیپەکانی دەنگدانەوە، لە رێی گەڕانەوە بۆ شەرعیەتی جەماوەری و دەنگی تاک بەتاکی هەرێمی کوردستان، بگەنە دەسەڵات یان بەئۆپۆزسیۆنی بمێننەوە، دواتر با ئەوان لەمە نەتۆقن، کە ئێستا بەگوتاری سیاسییانەوە دیارە، بەوەی زۆر لە هەڵبژاردنی پێشوەختە دەترسن، ترسانی ئەوان لەوە دڵنیابوونیانە لە دۆڕانیان.

* بەڕێز نەوشیروان مستەفا دەڵێ ئەگەر ئێمە هەڵبژاردنی پێشوەخت بکەین، بەم سیستەمەی ئێستا نایکەین، چونکە بەم شێوەیە دوو هەزار کەسی ترمان نانبڕاو دەبن، کەواتە گەر تۆ بیبەیتەوە دوو هەزار کەسی ترت نانبڕاو نابن.

– دەبێ ئەمانە تێگەیشتنی خۆیان بۆ دیموکراسییەت ڕاست بکەنەوە، چونکە لە دیموکراسییەتدا دۆڕاو و براوە شتێکی رەها نین، بگرە رێژەیین، چوار ساڵ ئەگەر تۆ بردتەوە ئەوا براوەیت، گەر دۆڕایت ئەوا چوار ساڵت لە بەردەستدایە بۆ گۆڕینی خۆت، لەبەر ئەوە لە پرۆسەی دیموکراسیدا، دۆڕاوی رەها نییە، هەروەک براوەی رەهاش نییە، لێرەوە دەردەکەوێ ئەوان بەهزری چاکسازییەوە تەماشای دیموکراسییەت ناکەن، بەو هزرەوە سەیری دەستاودەستکردنی دەسەڵات ناکەن، بەداخەوە ئەوەی لای ئەم بەڕێزە هەیە و ڕەنگدانەوەشی بەسەر جووڵەی بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەبینرێ، برێتییە لە ڕق و کینە و شەڕی کۆنەقین لەگەڵ مەشروعییەتی دەسەڵاتی سیاسی و لەگەڵ ئێمەدا دەیکا بەئامانجی ئەوەی کە بتوانێ لە گۆڕەپانی سیاسیدا نەمێنین.

* مەبەستت چییە لە شەڕی کۆنەقین؟

– لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و شەرعیەتی سیاسییە لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەو شەرعیەتەدایە کە جەماوەری کوردستان بناغەکەی بووە، ئێمە لەگەڵ زمانی دیالۆگداین، هێڵی سوورمان بۆ دیالۆگ دانەناوە. ئێمە لەگەڵ گفتوگۆداین، بەلام زمانی دیالۆگیش لەژێر سایەی پرۆسەیەکی سیاسی و دەستووریی هەرێمی کوردستاندا و لەژێر چەتری پەرلەماندا بێ.

* ئێوە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان، چۆن سەیری ئەم دووفاقییە دەکەن، نەوشیروان مستەفا دەڵێ ئێمە لەگەڵ کاتی خۆپێشاندانەکاندا نەبووین، لەگەڵ شێوە و پێکهاتەکەشیدا نەبووین، بەلام لە پەرلەمان هەموو داواکانی ئەوان دەقۆزنەوە و داخوازییەکانی خۆیان دەهاونە سەر داواکارییەکانی ئەوان، وەک هەڵوەشاندنەوەی حکوومەت و گەڕانەوە بۆ ڕەشنووسی دەستوور، ئەم دووفاقییە لە قسەکردندا بۆچی؟ دەبێ خەڵکی کوردستان چۆن لێی تێ بگا و هەڵی سەنگێنێ؟

– ئەمەش بۆ خۆی بەشێکی ترە لەو شڵەژاوییە کە لە جووڵەی سیاسیی ئەم بزووتنەوەیەدا دەبینرێ و لە سەرانیشیدا چەسپیوە، با ئێمە بێین هەندێ وردەکاریی مەسەلەی دووفاقییەت لە سیاسەتی سەرانی بزووتنەوەی گۆڕاندا باس کەین:

نموونەی زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی سلێمانی، ئەوان لە زانکۆی سەلاحەدین کردیانە هەلایەکی گەورە، گوایە حزب ڕێ لە دەوامی زانکۆ دەگرێ، لە هەمان کاتدا دوو سێ پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان چوونە حەرەمی زانکۆی سلێمانی و داوایان کردووە قوتابیانی زانکۆی سلێمانی دەوام نەکەن، ئەمە بەشێکە لە دووفاقییەت لە سیاسەت و ئیدارەکردنی سیاسەتدا. مەسەلەیەکی تر بلاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست لە ڕێی میدیاکانەوە، بەداخەوە دەبووا میدیا زۆر بەرپرسیارانە رووماڵی ڕووداوەکانی

بكردایە و واقـیــعـی وەک خــۆی بگەیەندایە، نەک وەک ئەوەی کــە ئەوان دەیخوازن، ئەوان مایکێکیان هەیە کە ناویان ناوە "مایکی ئازادی" دەستیان بەسەردا گرتووە لە بەردەرکی سەرا و ناهێڵن کەسی غەیری خۆیان قسەی تێدا بکات، ئەمە لە بازنەیەکی بەردەرکی سەرا وا دەکەن، خۆ ئەگەر دەسەڵاتیان بووایە، دەبوو بەو مایکە چییان بەو خەڵکە بکردبا، کەسێکی وەک (د. فەرهاد پیربال) پێیان رەوا نەبینی پشتگیری لە خۆپێشاندانەکانی سلێمانی بکا. ئەمانە جۆرێکن لە دووفاقییەت لە سیاسەتدا، حاڵەتێکی تریش بەداخەوە لە جووڵەی ئەوان هەستی پێ دەکرێ، ئەویش قسەکردنە بەناوی تێکڕای خەڵکی کوردستانەوە، سیاسەتی رەشبینکردنی خەڵک بەرامبەر بەدەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان، سیاسەتی بڵاوکردنەوەی نیگەرانی لای خەڵک، سیاسەتی نەهێشتنی متمانە لای خەڵک بەدامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، سیاسەتی ئەوەی کە هیچ شتێ لە کوردستان نەکراوە، ئەمانە بۆ خۆیان جۆرێکن لەو موتڵەقگەرایی، کە بەداخەوە دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو هەڵانەیە کە رەنگە بەجۆرێ لە میدیاکانی تریشدا ڕووی دابێ. من بەقسەی خۆم وەڵامیان نادەمەوە، ئەمەی لە بەردەستمدایە ڕاپۆرتێکی (RTI) پەیمانگەی کۆمارییەکانی ئەمەریکایە، لە هەرسێ پارێزگەی هەرێمی کوردستان ڕاپرسییەکیان ئەنجام داوە، ئەوان لەوێدا باس لەوە دەکەن ٦٤٪ی خەڵک پێیان وایە پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا بە ئاراستەیەکی باش دەچێتە پێشەوە. لە ڕاپرسییەکی پەیمانگەی دیموکراتەکانی ئەمەریکا (NDI) پێیان وایە ٧٠٪ی خەڵک بۆچوونیان ئەوەیە کە ئاستی بژێوییان بەرەو پێشتر چووە، ئەم دوو رێکخراوە بێلایەنن، خۆ ئەمانیش سەر بەحزبی دەسەڵات نین، تا بگوترێ داتاکانیان شێواندووە. جگە لەوانەش ڕاپرسییەکەی پەیمانگەی دیموکراتی ئەمەریکایی گەیشتووەتە ئەنجامێ کە ٨٩٪ی خەڵکی کوردستان هەست بەئارامی و سەقامگیری دەکەن، لە سایەی شەونخوونی و ماندووبوونی کارمەند و ئەفسەرەکانی ئاژانسی پاراستن و هێزەکانی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش

و هەموو ئەو دامەزراوە ئەمنییانەی کە بەشدارن لە پرۆسەی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، کەواتە ئەمە گرینگە ٨٩٪ی خەڵکی کوردستان هەست بە ئارامی بکا و ٧٠٪یشی هەست بکات بژێویی ژیانی بەرەو باشتر هەنگاو دەنێ لە چاو دوازدە مانگی ڕابردوودا. ٦٤٪ی خەڵکی کوردستان بەپێی هەردوو ڕاپرسییەکە، هەست بەوە دەکەن کە ئاراستەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا بەرەو پێشەوە دەچێ، ئەمە بۆ خۆی دەرخەری واقیعی کوردستانە، دواتر ئەوان کە باس لە چاکسازی دەکەن و خۆیان دەکەنە دەمڕاستی چاکسازی، ئێمە یەک داوایان لێ دەکەین، واز لە خەڵکی کاسبکاری شاری سلێمانی بێنن، با ئەوە یەکەم هەنگاوی چاکسازیی ئەوان بێت، دواتر دەنگی خۆپێشاندەرەکان بیسترا، خوشکە (ناسک قادر) گوتەبێژی ئەنجوومەنی کاتیی سەرای ئازادی لە سلێمانی رای گەیاند کەوا (نابێت خواستی سیاسی تێکەڵ بەخواستی ئێمە بکرێت، ئێمە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و حکوومەتدا نەبووین، خواستەکانی ئێمە ئەمانەن...) ماوەیەکی زەمەنییان دانا، لێژنەیەک لە پەرلەمانەوە پێک هات و گوێیان لێ گیرا، کەواتە بەردەوامی دان بەم ئامادەبوونە و دابەزاندنی ئاستی بژێویی خەڵک و دوکان و بازاڕ پێداخستنی زۆرەملێ و نەهێشتنی پارووی خەڵک، ئەمە بۆ خۆی جۆرێکە لە سووکایەتیپێکردن بەخەڵکی خۆشەویستی شاری سلێمانی. ئەگەر ڕاست دەکەن با یەکەم هەنگاوی چاکسازییان هێورکردنەوەی بارودۆخی بەردەرکی سەرا و ئارامکردنەوەی ناوشاری سلێمانی بێت، با کاسبکاران بتوانن لەو شارەدا ئاستی ژیانیان بەرز بکەنەوە.

* تەنانەت بانگەوازی مانگرتنە گشتییەکەشیان رەت کردەوە، خەڵکی سلێمانی بەدەمیانەوە نەچوون، لە کاتێکدا تایتڵی سەرەکی لە کەناڵی (کەی ئێن ئێن) ئەوە بوو کە ئەمڕۆ مانگرتنی گشتی لە سەرانسەری کوردستان بەڕێوە چوو. کەچی

مانگرتنەکە بازنەی بەردەرکی سەراشی تێ نەپەڕاند، لە کاتێکدا هەموو خەڵکی کوردستان لە ئارامیدا دەژین، وەک جەنابت گوتت میدیا دەبێ بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکاندا بکات و ڕاستییەکان بۆ خەڵک بگوازێتەوە، تۆ ئەمە چۆن دەخوێنیتەوە کە دەزگایەک هێندە نابەرپرسانە راستی نەگەیەنێتە خەڵک؟

– سەرکەوتووترین و پرۆفیشناڵترین سیاسەتی میدیایی، گەیاندنی واقیعە وەک خۆی نەک وەک ئەوەی من چۆنم دەوێ، بۆ زانیاریی جەنابتان ئەو وێنانەی کە ئەوان پێشکێشی دەکەن، لە سەعات شەش و نیو بۆ حەوت و نیوی بەرەبەیان گیراوە، کە وێنەی داخراوی دوکان و شوێنەکانە، گوایە داخراون لەبەرئەوەی مانیان گرتووە. ئەمە بۆ خۆی جۆرێکە لە دیماگۆجیەت کە لە سیاسەتی میدیاییدا بەکاری دێنن، بەتەنیا ئەمەش نییە، ئەوان زۆرجار دێن هەواڵی ناڕاست بەزمانی خەڵکی ترەوە بڵاو دەکەنەوە، نموونەیەکت بدەمێ، لە چەند رۆژی رابردوودا نووسەرێکی ئەمەریکایی راپۆرتێکی لە کۆواری سیاسەتی نێودەوڵەتی (فۆرین پۆلیسی) بڵاو کردبووەوە، ئەم کۆوارە دیار و ناسراوە لە ئەمەریکا دەردەچێ، بابەتەکە باس لە رەوشی سیاسیی ئێستای هەرێمی کوردستان دەکا، ئەوان هاتوون لە کەناڵە میدیاییەکانی خۆیانەوە وایان بڵاو کردبووەوە کە (بەپێی راپۆرتێکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا) واتە بەلارێدابردنی خوێنەر. ئەم جۆرە زانیارییانە متمانەی سیاسی و جۆرێ لە ئەتیکێتی رۆژنامەوانی لای ئەوان خاڵی دەکاتەوە. دۆخێکی تر ئەوەی ٢٠١١/٢/٢٥ کە گوایە باڵەخانەی پارێزگەی هەولێر سووتێنراوە.

* هەر دوێنێ ئەندام پەرلەمانێکیان لەنێو پەرلەماندا گوتی لە هەولێردا قەتڵ و عام دەکەن، واتە جینۆساید، ئەمەی لە بەردەم شاشەکانی کامێرادا گوت، ئەمە بێجگە لەوەش لایەنێک هەتا ئێستاش هەر دەڵێ پێشمەرگە میلیشیایە، ئیتر چەندان قسە و لێدوانی سەیروسەمەرە دەدەن.

– وەک گوتم دیسان ئەمە جۆرێکە لە هەڵە تێگەیشتن لە دیموکراسییەت، کە بەداخەوە لە ئاراستەی سیاسیی ئەم بزووتنەوەیەدا هەیە، چونکە هەتا ئێستا بۆیان یەکلایی نەبووەتەوە ئاخۆ ئەوان لەگەڵ چاکسازییدان یان لەگەڵ رووخاندان، ئەمە بۆ خۆی دوو مەسەلەی زۆر گرینگە. لە دۆخێکی تریشدا ئاخۆ ئەمانە ئۆپۆزسیۆنی سیستەمن یان ئۆپۆزسیۆنێکی پەرلەمانین؟ ئەگەر ئۆپۆزسیۆنی سیستەمن و نایانەوێ سیستەم لە کوردستاندا بمێنێ، ئەوە تەنیا خەڵکی کوردستانە دەتوانێ بڕیار لەوە بدات کێ سیستەم دەگۆڕێ.

* ببوورە ئەو چاکسازی و ڕووخاندنە گوتەیەکی نەوشیروان مستەفا هەیە دەڵێ لە نێوان بەرد و گوللەدا، ئێمە بەردمان هەڵبژارد.

– ئەوان بەردیان هەڵگرتبوو، بەڵام ئەو یەکەمین کەس بوو، پێی گوتن گێرەشێوێن...

* منیش ویستم ئەوە بڵێم، بەڵام بەڕێز نەوشیروان مستەفا ئاماژەیەکیش بۆ ئەوە دەدات، کە گوللەشمان هەیە بەڵام بەردمان هەڵبژارد، مرۆڤ تا سەدەکانی ناوەڕاستیش کاریگەرترین چەک بەدەستییەوە بووبێ بۆ لەناوبردنی نەیارەکانی بەرد بووە، ئاخۆ ئەم بەڕێزە نازانێ بەرد چەکێکە بۆ کوشتن، نازانێ کە بەرد خەڵک دەکوژێ و چەکێکی لەناوبەرە، رەوایە نەیبیستبێ زیاد لە ١٠٠ کەس لەنێو بزاڤی کوردیدا بە بەرد کوژراون و زیندەبەچاڵ کراون، سەریان پان کراوەتەوە، واتە لە نێوانی بەرد و گوللەدا ئەمە چ هەڵبژاردنێکە، ئەمە چۆن ئاراستەکردنێکی خەڵک و گەنجەکانە، کەواتە هەموو ئەو بەردانەی کە خەڵکی پێ دەکوژرێ، لە کوردستاندا حەڵاڵە و باشە و ڕێپێدراوە، ئێوە چۆن تەفسیری ئەمە دەکەن؟

– بۆ تێگەیشتن لە گوتاری سیاسیی هەر کەسێ یان لایەنێکی سیاسی، مرۆڤ دەتوانێ بچێتە نێو کۆدەکانی زمانی یان ئەو دەستەواژانە بکاتەوە کە لە زمانی کەسی بەرامبەردایە، بۆ ئەوەی لە پاشخانی فیکری ئەو کەسە یان ئەو لایەنە تێ بگات، کە چۆن ئەم گوتارە سیاسییەی پێ داڕشتووە. ئەوەی کە ئەم برادەرە باسی دەکا (لە نێوان بەرد و گوللەدا بەردمان هەڵبژارد) واتە ئەوان گوللە و بەردیان هەیە، بەڵام ئەمە بۆ خۆی دەرخەری بەشێکە لەو ئاراستە توندوتیژییەی کە دەیانەوێ لە ململانێی سیاسیدا بەکاری بێنن، هاوکات روونکەرەوەی ئاستی نزمی چۆنێتیی ململانێکردن و کێبەرکێکردنە لە پرۆسەیەکی دیموکراسی، ئێمە نامانەوێ نە بە بەرد و نە بە گوللە ململانێی سیاسیی خۆمان لەگەڵ هیچ لایەنێ یەکلایی بکەینەوە، ئێمە دەمانەوێ بەزمانی گوڵ ململانێ سیاسییەکانی خۆمان لەسەر مێزی گفتوگۆ یەکلا بکەینەوە، بۆیە دەرگەی دایەلۆگی ئێمە لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا ئاوەڵایە، لە پێناو بەرژەوەندیی باڵای خەڵکی کوردستان و سەقامگیریی سیاسیی هەرێمی کوردستان، هێڵی سوورمان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ هیچ لایەکدا دانەناوە، بەڵام بەداخەوە ئەو برادەرە کە باس دەکا لە نێوانی بەرد و گوللەدا بەرد هەڵدەبژێرن.

* ئاخۆ نەدەکرا بیگوتبا دایەلۆگ هەڵدەبژێرین، ئاشتی، دانوستاندن، ئیتر بۆچی بەراوردکارییەکە تەنیا لە نێوان بەرد و گوللەدا بێت؟

– ئەمە بۆچوونی تایبەتی خۆمە و گوزارشت لە رای خۆم دەکا نەک حزبەکەم، ئەوانە نە بە دایەلۆگ و نە بە پرۆسەی سیاسی، ناتوانن ئەو داخوازی و بەرژەوەندی و تێڕوانینانەی بەهۆیانەوە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیا بوونەوە، بیهێننە دی، ئەوانە لە کەشوهەوایەکی سەقامگیر و ژینگەیەکی پڕ لە خۆشەویستی و ئارامی و دیالۆگ، لەژێر چەتری پەرلەمان و لە چوارچێوەی سیپەی دەنگداندا، دڵنیان کە ناتوانن ئامانجە تەسکەکانی

خۆیان بێننە دی، بۆیە دەیانەوێ لە کاتێکی پشێویدا، ئامانجە سیاسییە حزبییەکانی خۆیان تێکەڵ بەخواستە رەواکانی جادە و گەنجان بکەن.

* جارێ تر دەگەڕێمەوە سەر بەرد، ئەو هێرشەی کرایە سەر لقی چوار، ئەوی سەر لقی ١٩ و لقی ٢٢ و ناوچەی سەید سادق و هەڵەبجە و تەنانەت شوێنە حکوومەتییەکانیش وەک قایمقامیەت هەمووی بەردی تێدا بەکار هێنرا، ئاخۆ هەڵبژاردنی بەرد چ حیکمەتێکی تێدایە؟

– پێش هەموو شتێ ئەو پەلامارانەی کرانە سەر بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، جارێ ئەنجامەکەی بۆ لێژنەی لێکۆڵینەوە بەجێ دێڵین، چونکە هەموو دیکۆمێنتەکان لای ئەوانە، کێ هانی داون، چۆن بەکار هێنراون، کام بەرپرسی ڕێکخستنی لایەنە سیاسییەکان ورووژاندوونی، ئەو هاندانە میدیاییییەی کە پێش ئەو رۆژانە کراون، تەواوی ئەوانە بۆ لێژنەی لێکۆڵینەوە جێ دێڵین، بەڵام با پرسیارەکە بەشێوازێ تر دارێژینەوە: بۆچی پەلاماری پارتی و بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دران؟ بێ پێچوپەنا هەندێ هەن لە ململانێی سیاسیدا، بەرگەی قەوارەی پارتی دیموکراتی کوردستان ناگرن، ناتوانن ئەو دروشمە سیاسییانە هەرس بکەن، کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵی گرتوون، ناتوانن سنگفراوان بن لە ئاست ئەوەی کە بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، پارتی دیموکراتی کوردستان، رۆڵێکی کاریگەری تێدا دەبینێ، بۆیە پەلاماری بارەگاکانی دەدرێ. ئێمە خەڵکی خۆپێشاندەری ئاشتیخواز بە بەرپرس لە پەلاماردانی بارەگاکانی پارتی نازانین، پەنجەی تۆمەتباریش بۆ چ گەنجێکی خۆپێشاندەر درێژ ناکەین.

* بەڵام بەڕێز نەوشیروان مستەفا دەڵێ، لە نێوان بەرد و گوللە ئێمە بەردمان هەڵبژارد، بە بەرد چوونەتە سەر بارەگاکانی لقی ٤

و ١٩ و شوێنەکانی تریش، ئەمە نابێتە بەڵگەیەکی یاسایی لەسەر ئەم کابرایە، کە هانی خەڵکی داوە بۆ بەردهاوێشتن، دواتریش بەراستی گوللەشیان لەگەڵدا تێکەڵ کرد، وێنە و گرتە ڤیدیۆییەکان هەن و بەڵگەن.

– گوتمان ئەوە بۆ لێژنەی لێکۆڵینەوە بەجێ دێڵین، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەداین یاسا سەروەر بێ، ئێمە نامانەوێ لێرەوە حوکمی پێشوەختە دەربکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مۆتیڤەکانی ئەم بەردبارانکردنە دیاربوون و ئامانجەکەش ئەوەبوو، پەیامێ بدەنە پارتی دیموکراتی کوردستان کە دروشمەکانی ئێوە پەسند نییە، قەوارەی ئێوە نەخوازراوە، باڵادەستی ئێوە لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا نەویستراوە، بەڵام ئێمە تا ئەو کاتەی لە چوارچێوەی ململانێیەکی ئاشتیخوازانەی سیاسییانەدا بێ، ئەم کێبەرکێ سیاسییە لەگەڵ ئەوانەی خۆیان بە رکابەری ئێمە دەزانن، لە هەموو حاڵەتێکدا بۆ میللەتی خۆمان دەگەڕێینەوە، ئەگەر ئەوان بێن هانی ٢٠٠ تا ٥٠٠ و تا هەزار کەسیش بکەن، بیانەوێ ئەوە دەرخەن کە مەشروعیەتی سیاسی لە ڕێی خۆپێشاندانێکی ڕێکخراوی هەزار کەسییەوە بێ، ئەوا پارتی دیموکراتی کوردستان دەتوانێ لە ڕۆژێکدا نیو ملیۆن کەس بێنێتە سەر شەقام نەک تەنیا هەزار کەس، بەڵام ئێمە ئەو نیو ملیۆن کەسەمان بەو دەنگانە هێناوەتە سەر جادە، کە لە سیپەکانی دەنگداندا متمانەی خۆیان بە ئێمە داوە، ئیدی مەشروعیەتی دەسەڵاتی سیاسیی ئێمە لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان لە ڕێی هەڵبژاردنەوە بووە، بەڵام وەک گوتم پەلاماردانی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ماسجێکی سیاسی بوو، هەندێ لەو ڕکابەرە سیاسییانە بەداخەوە کە ناتوانن لە ململانێیەکی دیموکراسییانەدا بەئێمەی بگەیەنن، دەیانەوێ لە ڕێگەی توندوتیژی و پەلاماردان و بەکارهێنانی زمانی هەڕەشە و ناسەقامگیرییەوە بەئێمەی بگەیەنن.

* بەڕێز نەوشیروان مستەفا دەڵێ زۆر بە تەنگ یەکڕیزیی میللەتی

کوردەوەین، زۆر پێویستمان پێیەتی لە بەغدا و کەرکووک، چۆن ئەمە لەگەڵ هەڵوێستی رۆژانەی و پراکتیدا وێک دێتەوە؟

– ئەگەر یەکڕیزیی کوردی لا مەبەست بووایە، بە لیستی جیاواز لە کەرکووک دانەدەبەزی، تا زیانی دوو کورسی لە نەتەوەی کورد بدات، ئەگەر یەکڕیزیی کوردی لا مەبەست بووایە، هاوبەندی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی لە هەرێمی کوردستان، بەجێ نەدەهێشت، ئەگەر یەکڕیزیی کوردی لە بەغدا لا مەبەست بووایە، نەدەچوون بە تەنیا و دوور لە ئیرادەی یەکگرتووی هاوبەندی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەر وەزارەتێک و دووان دانوستاندن بکەن، ئەگەر یەکڕیزیی هەرێمی کوردستانیان لا ڕاست و دروست بووایە، تووشی ئەو لەخۆباییبوونە سیاسییە نەدەبوون، بۆ وەرگرتنی وەزارەتێ لەو وەزارەتانە کە بە فراکسیۆنە کوردستانییەکان درابوو. بە لایەنی دانوستکارێکی عێراقییان گوتبوو، حەز ناکەم ناوەکەی بڵێم (بڵێن بەوان کە وەزارەتێ لە هاوپەیمانی کوردستان وەربگرن، ئەوجا ئێمە دێین لە تۆی وەردەگرینەوە) یەکڕیزیی بەقسە ناکرێت، بگرە بەکردەوەیە، بەوە دەکرێ کە لە کۆبوونەوەکانی ئەملا و ئەولا یان لە دانیشتنە تایبەتییەکانیان لەگەڵ ئەملا و ئەولا، لەوێ یەکڕیزیی هەرێمی کوردستان بپارێزن، نەک لەسەر مەسەلەی کەرکووک هەندێ خەڵکیان لێرە و لەوێ باس لەوە بکات، کەرکووک دەبێ ببێتە هەرێمی سەربەخۆ، نەک بەشێ بێ لە هەرێمی کوردستان.

* پێت وانییە ئەوەی لە کەرکووک رووی دا، گەورەترین گورز بوو لە کوردیان وەشاند، چونکە کوردیان بەرامبەر عەرەب کردە شەش بەشەوە، گەر ئەو یەکڕیزییەی باسی دەکەن پێی هەستانایە، پێت وایە کورد بە شەش بەش دەردەچوو بەرامبەر ئەوانی تر؟

– دیسانەوە من دەڵێم ئەمەش یەکێکە لەو ئاماژانەی کە بەداخەوە دەری

دەخەن، بنەمای بیرکردنەوەی ئەم برادەرە و بزووتنەوەکەی، لە بەرژەوەندیی باڵای خەڵکی کوردستاندا نییە، چونکە گەر ئەو بەرژەوەندییە باڵایە و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییی هەرێمی کوردستان، بەشێ بووایە لە هزری ستراتیجیی ئەم کەسە بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەت لە چوارچێوەی بزووتنەوەکەی خۆیدا، ئەو نایەکڕیزییەی لەناو ماڵی کورددا لە کەرکووک دروست نەدەکرد، نەشدەبووە هۆی ئەوەی کورد کورسییەک یان دووان لە دەست بدات.

* کاک نەوشیروان داوا دەکات، شەش وەزیر لە حکوومەتە ڕاگوزەرەکە دەبێ بێلایەن بن، ئاخۆ بێلایەن لەم وڵاتەدا دەبێ کێ بێت؟

– پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، دەمەوێ بپرسم کێ ئەو شەرعیەتەی بەو کابرایە داوە، داوای ئەوە بکات وەزیری بێلایەن دابمەزرێ، ئەم شەرعیەتە لە کوێوە هاتووە، لە کام پرۆسەی دیموکراسییەوە هەڵتۆقیوە، چ دەسەڵاتێ پێی داوە؟ جا لەبەر ئەوە بۆ خۆی دیارە (كلمة الحق يراد بها الباطل) چونکە کەسێک بەخۆی خاوەنی مەشروعیەت نەبێ، ناتوانێ قسە لەسەر پرۆسەیەکی شەرعی لە هەرێمی کوردستاندا بکات، ئەو مەسەلەیە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا، نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستان بڕیاری لەسەر دەدەن، کێ لە حکوومەتدا بمێنێتەوە یان نەمێنێتەوە. حاڵەتەکەی تر کە ئەم برادەرە باسی دەکات، بێلایەن بەڕاستی منیش حەز دەکەم ئەو برادەرە پێناسەیەکی بێلایەنمان بۆ بکات، خۆی لە بنەچەدا بێلایەنی سیاسی، لایەنگیری نەبوون بۆ حزبێ، جۆرێکە لە لایەنداری سیاسی، لە کوردستاندا کەسێ نییە بتوانێ بڵێیت خاوەنی بیروڕایەکی سیاسی نییە، ڕاستە ڕەنگە کەسانێ هەبن لایەنگیرییان بۆ حزبێکی سیاسیی دیاریکراو نەبێ، یان لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی حزبیدا ڕێک نەخرابن، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کەسەکە هەڵگری هزرێکی سیاسی نییە یان لەگەڵ

ئایدیۆلۆجیایەکی پێوەنداردا نییە، بۆیە ئەمەش جۆرێکی ترە لە خۆڵکردنە چاوی خەڵک و بەلارێدابردنی ڕای گشتی، کە من پێم وایە کورتی هێناوە، چونکە مەسەلەی فراوانکردنی بنکەی حکوومەت دەکرێ قسەی لەسەر بکرێ، بەڵام دامەزراندنی خەڵکێ بە وەزیر لە دەرەوەی پرۆسەی دیموکراسی، ئەمە بۆ خۆی داوایەکی پووچەڵە.

* زۆرجار سەبارەت بە خۆپێشاندانەکان دەڵێن دەسەڵات پاساوی ئەوە دێنێتەوە، دەستی دەرەکیی لە پشتە یان ئەمانە دوژمنی خەیاڵی دروست دەکەن، لە کاتێکدا ئێمە دوژمنمان نییە و دنیا شامی شەریفە، جەنابتان لەو بارەوە چی دەڵێن؟

– بۆ شرۆڤەکردنی هەر جۆرە خۆپێشاندانێ، دەبێ دوو واقیع لە یەکتری جیا بکەینەوە، واقیعێکی کۆمەڵایەتی و واقیعێکی سیاسی. ئەوەی لە بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی روو دەدا، خواستێکی ئاشتییانە دەخاتە روو، داوای چاکسازیی زیاتر و خزمەتگوزاریی زیاتر دەکا، هەلی کار و باشبژێتی و شەفافیەتی دەوێ، لێرەدا بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمانە کۆمەڵە داخوازییەکی رەوان، دەبێ لە بەرچاو بگیرێن و لە ئێستاشەوە ئێمە پشتیوانییان لێ دەکەین، جەنابی سەرۆک بارزانی لە پەیامەکەیدا زۆر بە روونی باسی کردووە کە (دەنگی من لەگەڵ دەنگی چاکسازی و ئەو دەنگەدایە کە داوای عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکات). واقیعی کۆمەڵایەتی پێویستی بەچاککردن هەیە، بەڵام واقیعی سیاسیی هەرێمی کوردستان، واقیعێکی یەکانگیرە، کەس ناتوانێ نکوولیی لێ بکات، پێنج تا شەش مانگ لەمەوپێش، یەکێ لەو رۆشنبیرانەی کە ئێستا لەبەردەرکی سەرایە و دەورێکی چالاک دەگێرێ لە بەرێوەبردنی ئەنجوومەنی کاتیی بەردەرکی سەرادا، لە دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنیدا گوتی (هەر کەسێ پێی وابێ هەڕەشە لەسەر ئەم هەرێمە نییە، گومانم لە ئەقڵی هەیە) بۆیە هەڕەشەی جیدی لەسەر واقیعی سیاسیی هەرێمی کوردستان هەیە. هەر پێش چەند ڕۆژێ هەڕەشەکان لە حەویجە و

ریازەوە هاتن، تا ئێستاش ئێمە ئەو مافە دەستوورییانەی خۆمان لە دەستووری عێراقدا بەدەستمان هێناوە، گرەنتیی جێبەجێکردنیان بەتەواوی لە بەردەستدا نییە، کەواتە با پرسیار لەسەر ئەوە بێ، سەیری داهاتوو بکەین، پێشهاتەکانی داهاتوو بخوێنینەوە، پاش پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، دۆخی ئاسایشی ئەم وڵاتە بەرەو کوێ دەچێ؟ ئاخۆ عێراق دەتوانێ ئەو مافە دەستوورییانەی ئێمە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەدەستمان هێناوە، بیپارێزێ؟ ئاخۆ دۆخی ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ دەچێ؟ ئاستی تیرۆریزم لە عێراق بەرەو کوێ دەچێ؟ پەلاماردانی تیرۆریزم بۆ هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ؟ ئەمانە ئەو هەڕەشە جیدییانەن کە لەسەر واقیعی هەرێمی کوردستانە، بەڵام دیسان وەک گوتم، دەبێ واقیعی سیاسی لە واقیعی کۆمەڵایەتی جیا بکەینەوە، لە بەردەرکی سەرای سلێمانی گەر ناعەدالەتییەکی کۆمەڵایەتی هەبووبێ، گەر گەندەڵییەک بەڕادەیەک هەبێ، دەبێ ئەمانە چارەسەر بکرێن.

* ئێوە وەک دەسەڵات، چەند بڕواتان بەدیالۆگی نیشتمانی و چارەسەری ئاشتییانە و دانوستاندن هەیە بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، وەک دەڵێن زەمەنی یەکترسڕینەوە و یەکتری ڕەتکردنەوە بەسەرچوو، چ میکانیزمێکتان هەیە کە ئاشتی باڵ بکێشێتەوە بەسەر بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخەدا دەکەن؟

– ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، بە کودەتای سەربازی دەسەڵاتمان وەدەستەوە نەگرتووە، کەسیش خێری پێ نەکردووین، خەڵکی کوردستان متمانەی بە ڕێبازێک داوە کە ڕێبازی بارزانییە و کورتترین ماناش بۆ ئەم ڕێبازە برێتییە لە دادوەری کۆمەڵایەتی. هەر خەڵکی کوردستانیش دەتوانێ لە ڕێگەی میکانیزمەکانی دیموکراسییەتەوە، ئەگەر پێیان وابێ دەتوانین درێژە بەدادوەری کۆمەڵایەتی دەدەین، ئەو کات دەتوانن متمانەمان پێ بدەنەوە یان

بە پێچەوانەوە. ئێمە بەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە، بەو باڵانەشەوە کە لە دەرەوەی هەردوولامانن، هەموو رۆڵەی ئەم وڵاتەین، هاووڵاتیی ئەم هەرێمەین، چەندان ساڵیشە ململانێی تەنانەت توندوتیژیش لە نێوانماندا هەبووبێ یان نا، بەڵام گەڕانەوە بۆ مێزی گفتوگۆ و زمانی ئاشتی و دایەلۆگ و سەقامگیرکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی هەر بەتاکە چارەسەر دەزانین. ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، بەوە دەکرێ گیانی لێبووردەیی لەنێو لایەنەکاندا بڵاو بووبێتەوە، زمانی یەکترسڕینەوە لە گوتاری سیاسیماندا نەهێڵین، یەکسانییەک لە دەرفەت و لە بەردەم یاسا بۆ هەموو هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان، فەراهەم بکرێ. بێین لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراسیدا، لەژێر رەشماڵی پەرلەماندا، لەسەر مێزی گفتوگۆ، ناکۆکییە سیاسییەکانی خۆمان، جیاوازییە سیاسی و فیکرییەکانی خۆمان بخەینە روو، بگەڕێین بەشوێن تۆخکردنەوەی ئەو خاڵە هاوبەشانەی کە لە نێوانماندا هەن، پێم وانییە کەسانێک بەجیدی هەوڵی ئەوە بدەن هەرێمی کوردستان بەرەو ئاڵۆزی و تێکدان بەرن، کە ئێمە خاڵی هاوبەشمان زۆر بێ، دەتوانین لەسەر خاڵە ناکۆکەکان دیالۆگ و ڕاگۆڕینەوە ئەنجام بدەین، بەگیانی لێبووردەییەوە، بۆیە ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان هێڵی سوورمان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ هیچ لایەنێکی سیاسی و هیچ کەسێ لە کوردستان نییە.

* چ مەرجێکی پێشینەشتان نییە؟

– ئێمە مەرجی پێشینەمان تەنیا پابەندبوونە بە پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان و ڕێزگرتنی سەروەریی یاسا و باوەڕبوون بەو میکانیزمە دەستوورییانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەن، ئێمە ناگەڕێینەوە بۆ پاشەوە، بەردەوام هەنگاو بۆ پێشەوە دەهاوین، هەموو هێز و بیرێکیشمان لەسەر ئەوەیە چۆن بەباشترین شێوە بەرەو داهاتوویەکی گەشتر بۆ خەڵکی کوردستان هەنگاو بنێین.

* جەنابی سەرۆک بارزانی دەڵێ " نامەوێ لە وڵاتێکدا بژیم، کە میللەتەکەی تێدا ئازاد نەبێ" ئەم دەستەواژانە چۆن لێک دەدەیتەوە؟

– ئازادی و دادوەری دوو کۆڵەکەی سەرەکیی ڕێبازی بارزانین، جەنابی سەرۆک ئێستە نوێنەرایەتیی دادوەریی بارزانی دەکا، ئەمەش لە کەسایەتی و مامەڵەی سیاسی و گوتارەکەشیدا رەنگی داوەتەوە، دەرخەری ئەو راستییەیە پارتی دیموکراتی کوردستان و هەم ڕێبوارانی ڕێبازی بارزانی، هیچ وەختێ لە پێناوی دەسەڵاتدا، سیاسەت و خەبات و تێکۆشانیان نەکردووە، پارتی دیموکراتی کوردستان لە سایەی ڕێبازی بارزانیی نەمردا، لە پێناوی ئازادیی خەڵکی کوردستاندا تێکۆشانیان کردووە، بۆیە لای ئێمە ئامانج ئازادیی خەڵکی کوردستانە، خۆشگوزەرانییانە، سەربەرزی و سەروەریی نەتەوەییانە، نەک ئەوەی ئێمە لە دەسەڵات بین یان کەسانێکی تر لە دەسەڵاتدا بن، ئێمە هیچ وەختێ لە پێناوی دەسەڵاتدا سیاسەتمان نەکردووە، بەناوی دەسەڵاتیشەوە سیاسەت ناکەین، ئامانج و ستراتیجیی ئێمە لە سایەی جەنابی سەرۆک بارزانی و ڕابەرایەتیی بەڕێزیاندا، بریتییە لە خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی کوردستان، بۆ پاراستنی ئەو دەرفەتەیە کە جەنابی سەرۆک لە پەیامەکەیدا باسی کردووە، بەوەی گەنجان و هاووڵاتییانی ئێمە ئازادانە گوزارشت لە بوونی خۆیان و بیر و بۆچوون و تێڕوانینی خۆیان بۆ ئێستا و داهاتوو بکەن، رەخنەش لە هەر دەسەڵاتێک بگرن کە زیانی بە ئازادیی ئەوان و پێشخستنی ژیانیان گەیاندووە.

* جەنابی سەرۆک لە بەشێکی تری پەیامەکەیدا دەڵێ " تەنیا یەک تکام لێتان هەیە، وا نەبێ کە توندوتیژیی لێ بکەوێتەوە و زیان بە سومعەی خۆتان و وڵاتەکەتان بگەیەنێ" لە کاتێکدا خەڵکێکی تر دەڵێ لە بەینی بەرد و گوللەدا، بەرد هەڵبژێرن، ئەو دوو دۆخە چۆن دەبینی؟

– ئاخر ئەوانەی داوای چاکسازی دەکەن لە هەرێمی کوردستاندا، لەگەڵ گوتاری سەرۆک بارزانیدان، ئەوان لەگەڵ پێشخستنی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستاندان، لەگەڵ سەرۆک بارزانیدان، دەریشکەوت لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا، ئەوانەی لەگەڵ گوتاری لێبووردەیی و ڕێزگرتنی ئازادییەکانی هەرێمی کوردستانن، ئەو لە سەدا حەفتایەی خەڵکی کوردستان بوو کە دەنگیان بەجەنابی سەرۆک بارزانی دا، متمانەیان بەو گوتارە سیاسییەی سەرۆک بارزانی کرد، ئەو برادەرەش کە داوا دەکا بەرد هەڵبژێرن، تەنانەت ڕێزی لەو ڕایانەش نەگرت کە پێی درابوو ببێتە پەرلەمانتار، ئەو هاتنە نێو هۆڵی پەرلەمانی کوردستانی ڕەت کردەوە، تەنیا بۆ ڕێزگرتن لەو خەڵکانەی دەنگیان پێ داوە، دەبوو بهاتایە، بۆیە جیاوازییەکان ئاسمان و ڕێسمانە.

* لایەنە ئیسلامییەکان لەم دۆخەدا ڕۆڵێکی نێگەتیڤ دەگێڕن، ڕای ئێوە چییە؟

– ئێمە هەڵوێستی فەرمی دەخوێنینەوە، نەک لەسەر هەڵوێستێکی زەق و دیاری ئەملا و ئەولای کەسێکیان یان چەند کەسێکیان، رای فەرمیی خۆمان بەرامبەریان بنیات بنێین، لە ئاستی فەرمیدا قسەیان لەگەڵدا کراوە و گوێمان لە بەیاننامەکانیان بووە، لە کۆبوونەوەکاندا هەڵوێستی فەرمیی خۆیان دەربڕیوە، ئەوانیش دژی پەلاماردانی بارەگاکانی پارتی بوون، لەسەر ئاستی رەسمیش سەرکۆنەیان کرد، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو بۆچوونە فەرمییانە دەخوێنینەوە، ئەگینا لەسەر گۆڕەپانی واقیع، راستە ناو هەیە، کادیری دیاریان هەیە بەشدار بوون لە پەلاماردانی بەشێ لە بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام وەک گوتن ئێمە زیاتر هەڵوێستە فەرمییەکانیان بەهەند وەردەگرین، دواتر گفتوگۆ لەگەڵیاندا کراوەیە.

* ئەی ئەمە دووفاقی نییە؟

– ئێمە ئەو هەڵسەنگاندنە بۆ خەڵکی کوردستان بەجێ دێڵین، خەڵکی

کوردستـان لەوە هۆشیـارترە کـە هـەندێ کـۆدی پـێ نەخـوێنرێتـەوە، لەوەش هۆشیارترە کە هەندێ لایەنی سیاسی بیانەوێ بەگەمەی سیاسی خۆڵ بکەنە چاویانەوە، بەڵام هەر چۆنێ بێ ئێمـە لە پێوەندیی سیـاسیی خـۆمـاندا، خوازیاری پێوەندییەکی ئەرێنین لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا، پێوەندیی نەرێنی نەخوازراوە، هەڵوێستی فـەرمیـشیـان سـەرکۆنەکردنی گێرەشـێوێنی و پەلاماردانی بارەگاکانی ئێمە بووە، بۆیە بەشێ لەو خەڵکە بۆ حزبەکەیان جێ دێڵێم کە خۆیان بەدواداچوون بۆ رەفتاری هەندێ لە کادیرانی خۆیان بکەن. مەسـەلەی سانسـۆری میدیایی، رای فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستـان ئەوەیە، لەژێر پاڵەپەستۆی هیچ پشێوییەکدا پاشەکشە بە ئازادییەکان ناکەین، ئێمـە لەگـەڵ ئەوەداین ئازادی بەشێکە لە هەژمـوونی خـەڵکی کـوردستـان، هاوکات بەشـێکیشـە لە ژیانێکی مۆدێرنانە، نابێ پاشـەکشـە لەو ئازادییانە بکەین، بەهۆی ئاژاوەگێڕیی لایەنێک یان خراپ بەکارهێنانی ئازادی لەلایەن تەرەفـێکەوە، چونکە یاسـا هەیە، دەبێ یاسـا سـەروەر بێت. سـەبارەت بەو برادەرەی لە کەناڵی (کەی ئێن ئێن)دا گوتوویەتی خۆ لقی چوار کەعبە نییە، رێزمان هەیە بۆ ڕا و بۆچوونی جیاواز، بەڵام با پارتییەکان باش لەوە ئاگەدار بن و دڵنیاش بن، پەلاماردانی بارەگاکانی پارتی لە بەهێزیدا بووە، باجی ئەو هەڵوێستە نەتەوەییانەیە کە پارتییەکان لە سایەی خەباتی جەنابی سەرۆک بارزانییـەوە دەیدەن، لەسـەر هەڵوێسـتی نەتەوەیی، ئێمـە بەسـەربەرزییـەوە ئامادەین بۆ هەر باجدانێک، چونکە پارتییەکان لە پێناو ئازادی و سەروەریی خـەڵکی کوردستـاندا، خـەباتیان کـردووە و گیانبـەختکردوو بـوون، ئامادەی گیانفیدایشن. خاڵێکی تر کە باس دەکرێ، ئەوانەی پەلاماری بارەگاکانی پارتی دەدەن، تێ ناگـەن ئەمـە بریندارکـردنی هەسـتی ٧٠٠ بۆ ٨٠٠ هەزار کـەسی خـەڵکی ئەم هەرێمـەیە، چونکە دەنگیـان بەم حزبە داوە، هەست بەوە ناکـەن کـە باس لـە گـەندەڵیی هـەندێ لایەن دەکـەن، لە بریی ٥٠ تا ٦٠ هەزار خانەوادەی خاوەن شـەهیدی ئەم حزبە بریندار دەکەن، با هێندە بوێر بن، کێ لە ئێمـە گـەندەڵە ناوی بـهێـنن، نەک هەمـوو حزبـەکە و خـەڵکێ یان جـەنابی

سەرۆک یا کەسانێ بێن باجی هەڵەی کەسێکی بۆ نموونە وەک من بدەنەوە، بۆیە خەڵکی پارتی خۆمان دڵنیا دەکەمەوە، پارتی زۆر لەوە بەهێزترە بکەوێتە چوارچێوەیەک تووشی کاردانەوەیەک بکرێ، کە خەڵکێکی نەیاری ئێمە بیەوێ بەرەو قۆناغێکی نەخوازراومان بەرێ، پارتی لە هەنگاوە جیدییەکانی خۆی بەردەوام دەبێ، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێ لە پەرەدان بە دیموکراسییەت، پارتی لە رێی فراکسیۆنی خۆیەوە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەردەوام دەبێ لە خستنە رووی پرۆژە و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکوومەت و پیادەکردنی بەرنامەی سیاسیی جەنابی سەرۆک، کەوا لە خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان درێغی نەکەن، هەروەها هەموو کات ئامادەیە بۆ دیالۆگ و ئاڵوگۆڕکردنی بیرورا لە چوارچێوەی ئاشتی و پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتیی کوردستان.

* دۆخی پارتی پاش کۆنگرە بەرەو کوێ دەچێ؟

– سەرکردایەتیی ئێمە لە قۆناغی دیراسەکردنی ئەو هەنگاوە جیدییانەیە کە پێویستە بگیردرێنە بەر، بەڵام وەک گوتمان پارتی دیموکراتی کوردستان، بەسەربەرزییەوە قۆناغی پاش کۆنگرەی دەست پێ کرد، بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی لە سایەی خەباتی سەرۆک بارزانی بۆ بەدیهێنانی هەرسێ دروشمەکە و پراکتیکردنیان، ئێمە ئامادەین لەسەر ئەم دروشمانە بەخەباتێکی سیاسییانەی زیاتر، وەریان گێڕین بۆ سەر گۆڕەپانی واقیع و لەسەری بەردەوام دەبین.

* پەیامت لە دێڕێکدا چییە؟

– هەموومان رۆڵەی ئەم وڵاتەین، با لە پێناوی برەودان بەم هەرێمەی خۆمان، پاراستنی لە ناسەقامگیری، دەست بخەینە دەستی یەکترییەوە و یەکتری قبووڵ بکەین و یەکتریمان خۆش بوێ، دوور بکەوینەوە لە توندوتیژی، هەموومان بەرژەوەندیی باڵای خەڵکی کوردستان دوا ئامانجمان بێت.

## بالادەستیی گوتاری هێزە دیموکراسیخوازەکانە
## وڵاتە گەورەکان ساز دەدا بۆ پێوەندی بەستن لەگەڵ هەرێم

بەرنامەی (تەوەر) لە کەناڵی ئاسمانیی کوردستان، لە مێژووی ٢٠١١/٤/٩ دیمانەیەکی لەگەڵ (هێمن هەورامی)دا ئەنجام دا بۆ تاوتوێکردنی پێگەی هەرێم و بایەخی نێودەوڵەتی، کە لەم دواییانە کۆمەڵێ کەسایەتیی گرینگی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد:

* سەبارەت بەو پێوەندییە دیپلۆماسییانەی کە ئێستا هەرێمی کوردستان بەخۆیەوە دەبینێ، سەردانی ئەم دواییەی رەجەب تەیب ئەردۆگان و سەردانی رۆبەرت گەیتس وەزیری بەرگریی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان، بەڕێزتان ئەم سەردانانە چۆن دەخوێننەوە؟

– ئەم سەردانانە کۆمەڵێ ئاماژەی سیاسیی زۆر گەورەن، چونکە تورکیا و ئەمەریکا دوو وڵاتی زۆر گرینگن، کە نەخشی کاریگەریان لەسەر هاوکێشەکانی ناوچەکە هەیە، پاشان هاتنی رۆبەرت گێتس وەزیری بەرگریی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، دەرخەرێ گرینگن کە هەرێمی کوردستان، چیی تر هەرێمێ نییە بەتەنیا کارتێکراو بووبێ بەبارودۆخە سیاسییە ناوچەیییەکان، بگرە ئێرەش ژمارەیەکی قورسە لە هاوکێشەی هەرێمایەتی و بەهەند وەردەگیرێ، هەرێمێکە دەتوانێ کار لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە بکا، هەموو ئەمانەش بۆ ئەو رۆڵە دەگەڕێتەوە، کە خودی جەنابی سەرۆک بارزانی لە بەڕێوەبردنی دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا دەیگێڕێ، کە توانیویەتی ڕابەرایەتییەکی سەرکەوتووانەی

هاوکێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بکا، هەروەها سەرپەرشتیاریێ باشتری رێکخستنی نێومالّی هەرێم بووە، کە توانیویەتی دۆخی سیاسیی هەرێم بەرەو پێشەوە بەرێ، بار و ئاستی ئابووریی هەرێمی کوردستان ببووژێنێتەوە، ناومالّی کورد بەشێوەیەک رێک بخات، کە سەنگێکی سیاسیی پێ بدا و بتوانێ کاریگەری لەسەر رەوشی ناوەخۆی عێراقیش دابنێ و باز بدات بۆ کۆی هاوکێشەکانی ناوچەکە. بۆیە هاتنی چ ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا و چ رۆبەرت گێتس، بۆ خۆیان نەک هەر بەڵگەیە بۆ پێوەندییەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی گەورەی ناوچەکە، بگرە کارکردنیشە لەسەر ئاسۆکانی داهاتووی ئەم پێوەندییانە، چونکە ئاشکرایە چ ئەمەریکا و چ تورکیاش و وڵاتانی تریش، کە بایەخێکی تایبەت بە پەرەپێدانی پێوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەدەن، لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی سیاسی و نیشتمانی و پێوەندییەکانی خۆیانەوە لەگەڵ هەرێم و هەر وڵاتێکی تردا دەکەن، ئەمەش مافێکی سروشتیی خۆیانە، هەر وڵاتە و دەیەوێ بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ شوێنەکانی تردا بەرێتە پێشەوە. ئەوان ئەگەر پێیان وانەبێ هەرێمی کوردستان لە رووی دیموکراسییەوە بەرەو پێشەوە نەچووبێ و دامەزراوەی شەرعی و دەستووری پێگەی خۆی قایم نەکردبێ، هاوکات دەرفەتی زێرین لەم هەرێمەدا نەبیننەوە بۆ برەودان بە پێوەندییە ئابوورییەکانیان، ئەگەریش پێیان وانەبێ هەرێمی کوردستان هێزە دیموکراسیخوازەکان تێیدا بالادەست نەبن، بۆ راگرتنی سەقامگیریی سیاسی لە ناوچەکە، کە رێگرن لە بەردەم ئەوەی فۆکەسی ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا دروست ببێ، گەر ئەم هەموو شتەیان لە بەرچاو نەگرتبێ، ئەوان ئامادە نین بێن پێوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ببەستن و لەسەر ئاستی گەورە ئەم پێوەندییانە پەرە پێ بدەن. ئەوەشمان لە بیر نەچێ لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوودا، جەنابی سەرۆک بارزانی پێنج جار لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکاوە کۆبوونەوەی لەگەڵدا کراوە، ئەمە بۆ خۆی گەر بەراورد بکرێت بەکۆمەڵێ لە وڵاتانی تری دنیا، یان بەهەرێمەکانی تری دنیا، لە

زانستی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بابەتێکی تایبەت هەیە لەسەر پێوەندیی نێودەوڵەتی، ئەو هەرێمانەی بێ دەوڵەتن، ئەمەی لە هەرێمی کوردستاندا دەبینرێ، دەکرێ نموونەیەکی سەرکەوتوو بێ لە هەرێمە بێ دەوڵەتەکان، هاوکات نموونەیەکە هاوشێوەی لە هیچ هەرێمێکی جیهاندا نییە، ئیدی ئەوە بەڵگەیە کە هەرێمی کوردستان راستە هەرێمێکی بێ دەوڵەتە، بەڵام لە رووی ئاستی کارایی و چالاکیی سیاسی و کاریگەریی دانان لەسەر هاوکێشەکان و بەهەندوەرگرتنی لەلایەن وڵاتە گەورەکانەوە، مانای سەنگ و قورسایی خۆی دەگەیەنێ، بێگومان تەواوی ئەمانەش بە شانازییەوە دەیڵێم دەگەڕێتەوە بۆ رابەرایەتیکردنی خودی جەنابی سەرۆک بارزانی.

* وەک بەڕێزت ئاماژەت پێ دا، هەرێمی کوردستان لە سایەی ئەو سەقامگیرییە ئەمنی و سیاسی و ئابوورییە بووەتە جێیەک کە پێگەیەکی بەهێزی لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا هەبێت و جێی سەرسوورمانی هەموو لایەک بێت، پێتان وایە چی بکرێ بۆ ئەوەی پاشەکشە بەو دۆخە نەکرێ؟

ئەو هێزانەی نایانەوێ هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە بچێ یاخۆ نایانەوێ سەرکەوتنەکانی ئەم هەرێمە لەسەر دەستی کەسێکی وەک جەنابی سەرۆک بارزانی یان دەسەڵاتی هەڵبژێردراوی ئێستای هەرێمی کوردستان بێت، دەبێ بەهاوکێشەکانی خۆیاندا بچنەوە، چونکە لای ئێمە خەڵک تەوەری سەرەکییە، کێ هەرێمی کوردستان پێش دەخا و کێش دەیگێڕێتەوە دواوە، ئێمە هەموومان لە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانی و نەتەوەییی زۆر گەورەداین، بۆیە بەهەموو هێزە سیاسییەکانەوە چ ئەوانەی لە دەسەڵاتن و چ ئەوانەش ئێستا خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن، یاخۆ ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتن، ئۆپۆزسیۆنیش بۆ خۆی رایەکی سیاسیی جیاوازیان هەیە، بەڵام هەموومان وەک گوتم لە بەردەم بەرپرسیارێتییەکداین، بەوەی ئاخۆ جووڵەی سیاسیی هەر لایەکمان، بەرژەوەندیی تایبەتی هەر لایەنێک، خواست و ویستە

سیاسییەکانی هەر گرووپ و کۆمەڵەیەک، بەو ئاقارەدا دەچێ، کە هەرێمی کوردستان هەنگاوێ لەوە ئێستا زیاتر دەیەوێ، بچێتە پێشەوە یاخۆ دەبێتە هۆی وەستاندنی ئێستای هەرێمی کوردستان و پاشەکشەپێکردنی بۆ دواوە؟

لە هاوکێشەکانی ئێستای عێراق و ناوچەکە، هەرێمی کوردستان پێویستی بەوەیە فۆکەسێکی زیاتر لەسەر پرۆژەکانی داهاتووی خۆی بکات، چونکە تا ئێستا کۆمەڵێ بابەتی گرینگی ئێمە یەکلایی نەبوونەتەوە، لەوانە مەسەلەی کەرکووک، یاسای نەوت و غاز، مەسەلەی پێشمەرگە، مەسەلەی بودجە، مەسەلەی ئاماری گشتی، مەسەلەی شەراکەتی راستەقینەی کورد لەسەر ئاستی هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقیش مەسەلەی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، بارودۆخی ئاسایشی ئەم وڵاتە بەرەو کوێ دەچێ؟ بارودۆخی سیاسی چی بەسەر دێت؟ چونکە بوونی کورد وەک نەتەوەیەک لە عێراقدا، وەکو شەریکێکی رەسەن لە پێکهێنانی حکوومەتی عێراق و دەوڵەتی نوێی عێراق، لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵ و دیموکراتدا، چ سەنگێکی سیاسیی دەبێ؟ بۆیە پاراستنی ئەم سەنگە سیاسییەی کورد کە ئێستا هەیەتی، پێویست بەوە دەکات، بەرپرسیارێتییە نیشتمانییەکە، هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان بەبێ جیاوازی، لە بەرچاوی بگرن، ئەگەر ناکۆکییەکی سیاسیش هەبێ، ئەگەر ململانێیەکی سیاسیش هەبێ، لە چوارچێوەی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراوە دەستوورییەکاندا لەسەر مێزی گفتوگۆ بەزمانی دیالۆگ هەوڵ بدەین ناکۆکییە سیاسییەکانی نێومالّی خۆمان بەچارەسەر بگەیەنین، بگەڕێینەوە بۆ ڕای میللەت، دوایەمین بڕیاریش میللەت بیدات نەک شوێن تەوافوقی حزبەکان بکەوین.

* لە کاتێکدا ئەم پێشکەوتنانەی هەرێمی کوردستان و ئەو سەقامگیرییە سیاسی و ئابووری و ئەمنیەتەی لە هەرێمدا هەیە، کونسوڵگەرییەکی زۆری وڵاتانی دەرەوە لە هەرێمی کوردستاندا کراوەتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کوردستان سەقامگیرە، بەڵام

ئەو هەمـــوو دەســـتکەوتانەی چەند ســـاڵی رابردوو، لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە خراونەتە ژێر پرسیارەوە؟

– ئەمـە دەگـەڕێتـەوە بۆ ئەوەی کـە هەرێمی کـوردســتـان لە قـۆناغی گواسـتنەوەدایە بەرەو دیموکراسـیـیـەت، نەنگی نییە ئەم قۆناغە هەموو کـۆمـەڵگەیەک پێـیـدا گـوزەر دەکـا، لە قـۆناغی دەسـەڵاتێکی ناوەندیی ئۆتۆکـراتیـیـەوە بەرەو دیموکـراسی، بەڵام ئەوە لە بێ ئەزمـوونیی برادەرانی ئۆپـۆزسـیـۆنە، بەوەی نازانن پێناسـەی پێگەی ئۆپۆزسـیـۆنبـوون لەناو سیسـتەمێکی دیموکراسیدا کامەیە، چونکە ئەمە یەک لە خاڵەکانە، خاڵی دووەم مـەسـەلەی پەلەپەلکردنی ئەم برادەرانەیە و تینوێتـیـیـانە بۆ گـەیشتن بەدەسـەڵات، بەڵام دڵنیا نین لەوەی بتوانن لە سیپـەکانی دەنگدانەوە، لە رێی یەکـلاکردنەوەی ئەوەی کـە لە رێگەی خـەڵکەوە، کێ دەسـەڵات بێ، بتـوانن بەو پەلەپەلیـەی ئەوان، بێنە دەسـەڵات و ئەجێندا سیاسییـەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، بۆیە دێن لە رێی ناشـیـرینکردنی تەواوی دەسـتکەوتەکـانی هەرێمی کـوردسـتـان و کـاڵکردنەوەی رەنگی دەسـتکەوتەکـانی هـەرێم، لە رێـی بێ ئومێدکـردنی کۆمـەڵگەی کوردی بەرامـبـەر بەو دەستکەوتانەی ئێستا هەن، دەیانـەوێ بڕوایەک لای خـەڵک گـەڵاڵە بکەن، کـە هەرچییـەک بەدی هـاتووە، بەهای سیاسـی نییە، بگرە لەسـەر دەستی ئێمە شتی زیاتر بەدەست دێ، لە کاتێکدا ئەمان دەیانتوانی چاوەڕێ بکەن.

دەیانتـوانی پشـووی دیموکراسیی خۆیان درێژتر بکەن، دەیانتـوانی خـەڵکی کوردستانەکەمان بێ ئومێد نەکەن، چونکە ئەوان کۆمەڵێ بەڵێن و پەیمانیان لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و ململانێ سیاسییەکان، بە خەڵک و دەنگدەری کوردستان دا، بەڵام دەزانن ئەو بەڵێنانە لە میکانیزمی دیموکراسییەتدا بۆیان جێبـەجێ نابێت، ئێسـتا دەیانەوێ بێن شکسـتی خۆیان لە رێی تەوافـوقـەوە بەئامـانج بگەیەنن، هەندێ شـتی کـەمـینەی خـۆیان لـەسـەر زۆرینـەی خـەڵکی کوردستان بسـەپێنن، ئەمـەش لە دەرەوەی میکانیزمـە دەسـتوورییـەکانە، بۆیە

ئۆپۆزسیۆن هەوڵی ئەوە دەدەن دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان، نادیدە بگرن، یەکەم بەهۆی بێ ئەزموونیی خۆیان و دووەمیش شەڕی کۆنەقینی خۆیانە، سێیەمیش پێم وایە لە بێ ئومێدبوونیانە لەوەی کە بتوانن دەنگی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بەدەست بێنن.

* بەڕێزتان وەک ئەندامی سەرکردایەتیی حزبێکی دەسەڵاتدار پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو چاکسازییەی خەڵک داوای دەکات، تۆ پێت وایە بکرێت؟ یاخۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆن داوای دەکات چاکسازییە؟

– ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، جێبەجێکاری ستراتیجییەتێکین، کە جەنابی سەرۆک بارزانی ئاڵاهەڵگریەتی، ئەو روئیایەکی بۆ سیاسەتکردن و حوکمڕانیکردن لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوویەکی نزیک لە رۆژی ٢٠ یان ٢١ی ئاداری ١٩٩١ کاتێ هێشتا ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە رۆژە سەرەتاییەکانیدا بوو، جەنابی سەرۆک بارزانی روئیای سیاسیی خۆی بۆ حوکمڕانی هەرێمی کوردستان راگەیاند، ئەویش بەوە لە هەرێم دەبێ دەوڵەتی یاسا دروست بکرێ، پرۆسەی دیموکراسی هەبێ، هەڵبژاردنێکی ئازاد هەبێ، خەڵکی کوردستان بڕیار بدات، کە چ شێوازێکی دیاریکراو حوکمڕانی ئەم وڵاتە بکات، نەک ئێمە یان بەرەی کوردستانی لەسەر بنەمای شەرعیەتی شۆڕشگێڕی، شێوازێکی دیاریکراو بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنرێ.

پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، پرۆسەیەکە بەدەر لە بازنەکانی ئۆپۆزسیۆن، بەدەر لە هاتوهاواری ئۆپۆزسیۆن، پرۆسەیەکە سەرۆک بارزانی ئاڵاهەڵگرەکەی بووە، ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ چەند مانگی رابردوو، رۆژی ٢٠١١/١/١٠ جەنابی سەرۆک بارزانی بەر لە سەفەرەکەی بۆ (رۆما) لەگەڵ سەرجەم حزبە سیاسییەکاندا کۆبووەوە، داوای لێ کردبوون بە نووسین پرۆسەی چاکسازیی خۆیان بۆ دیاریکردنی سەرچاوەکانی گەندەڵی و

چۆنێتیی چارەسەرکردنی، چونکە مەسەلەی چاکسازی مەسەلەیەک نییە تەنیا بەحزبێک بکرێ یان بە کەسێ، مەسەلەی چاکسازی بۆ هەموو کۆمەڵگەی کوردستانە و دەبێ پرۆسەیەک بێ، وەک بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانی هەمووان تێیدا بەشدار بین، بەڵام کە دەبینین لە جووڵەی برادەرانی ئۆپۆزسیۆندا، کەمتر دەیانەوێ گەندەڵی لە کوردستاندا نەمێنێ، ئەوان پێیان وایە بەردەوامی دان بەجۆرێ لە کەموکووڕی لە حوکمڕانی، دەبێتە هۆی خێراگەیشتنیان بەئاواتە تەسکەکانی خۆیان و تینوێتیی خۆیان بۆ دەسەڵات دەشکێنن، بۆیە مەسەلەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان ئیرادەیەکی سیاسیی پۆڵاینی لە پشتە، کە خۆی لە ڕابەرایەتیکردنی جەنابی سەرۆک بارزانیدا دەبینێتەوە، خەڵکی کوردستانیش بە جیاوازیی بیر و بۆچوونی سیاسییانەوە لە پشت جەنابی سەرۆک بارزانی دەبن بۆ سەرخستنی پرۆژە چاکسازییەکەی.

* ئاخۆ داواکاری سیاسی ئەگەر لە چوارچێوەیەکدا مایەوە و بواری هیچ جۆرە جموجۆڵ و دەستکارییەکی پێ نەدرا، ئەو داواکارییە سیاسییە وەک ئەوەی ئێستا ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان دەیکات، پێتان وانییە ئەمە شێوەیەکە لە سەپاندن؟

– دیسانەوە دەگەڕێمەوە بۆ ئەو بێ ئەزموونییەی کە ئۆپۆزسیۆن لە تێگەیشتنیدا بۆ چەمکی ئۆپۆزسیۆنبوون هەیەتی، چونکە ئەمەش بەنادیدەگرتنی بڕیاری خەڵکە، ئێمە گەر بڕیارە لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا بژین، نەک وەک ئەوەی حزبێکی سیاسی بیەوێ لە ڕێی ململانێی سیاسیی تایبەتەوە، لە ڕێی تەوافوقی حزبییەوە بەبێ لە بەرچاوگرتنی رای خەڵک، بەرنامە سیاسییەکانی خۆی بسەپێنێ، بۆیە باشترین چارەسەر وەک جەنابی سەرۆک رای گەیاندووە، ئەوەیە کە ئێمە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانمان هەیە، هەرچی زووتر تاوتوێی ئەوە بکەن، کە هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەنجام بدرێ، پێشمان وایە نابێ ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردن

بترسێ، دەبێ قۆڵی لێ هەڵماڵین و هەموومان پێکەوە بگەڕێینەوە بۆ بەردەم خەڵکی خۆمان، تا ئەوان بڕیار بدەن، کێ لە دەسەڵات بمێنێ و کێش نەمێنێ، نەک کۆمەڵێ لەملا و لەولا لە ڕێی هێنانە دی هەندێ بەرژەوەندیی سیاسیی تەسکەوە، بەناوی خەڵکەوە قسە بکەن.

# گفتوگۆ

## تاکە بژاردە لە ئامادەییی ئەقڵدا

## هەموومان پێویستمان بەزمانی دیالۆگ هەیە ئەقڵانیتر لە مەسەلەی براوە و دۆڕاوی نێو پرۆسەی دیموکراسی بڕوانین

کەناڵی (نالیا) لە پرۆگرامی (گفتوگۆی پایتەخت) لە مێژووی ٢٠١١/٥/٢٣ بانگهێشتنی (هێمن هەورامی) کرد بۆ قسەکردن لەسەر کۆبوونەوەی هەر پێنج لایەنەکەی کوردستان، کە ئەوانیش پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی-ن:

* تا چەند پارتی و یەکێتی جیدین لەسەر گفتوگۆکردن بەرامبەر بەچارەسەرکردنی کێشەکە؟

- ئێمە هەر لە سەرەتاوە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و پێکەوەش لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵوێستێکی دیار و ڕوونمان هەبووە، لەسەر ئەوەی، ئێمە هەردەم زمانی گفتوگۆ لە سەروو زمانەکانەوە دەبینین، تەنیا لەسەر مێزی دیالۆگ دەتوانین کێشەکانمان بەچارەسەر بگەیەنین، ئەم کێشەیەش تەنیا کێشەی ئەو پێنج لایەنە نییە، چونکە ئەوەی لە چەند مانگی ڕابردوودا لە کوردستان رووی دا، پێوەستە بەهەموو خەڵکی کوردستانەوە، بەوانەشەوە کە لە دەرەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدان. ئەم مەسەلەیە کە لە هەرێمی کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە، پێوەندیی بە ئێستا و داهاتووی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بۆیە پێویستە سەرجەم هێزەکان لە ناوەوە و دەرەوەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، هاوشانی یەکتری، بەزمانی

دیالۆگ هەست بەقۆناغەکە بکەن، کە چ هەستیارە، هێشتا زۆر دەستکەوتی گەورە ماوە بۆ هەرێمی کوردستان بهێنرێنە دی، هێشتا ئەرکەکانی قۆناغی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان بەتەواوەتی نەچووەتە پێشەوە و جگە لەوانەش ئەرکەکانی سەرخستنی قۆناغی گواستنەوەی دیموکراسی لەم هەرێمە بەتەواوی نەهێنراونەتە دی، بۆیە ئێمە هەر لە سەرەتاوە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوەمان قەدەغە کردووە کە لە رێگەی توندوتیژییەوە، هەر لایەنێکی سیاسی بیەوێ ئەجێندای خۆی بێنێتە دی، گوتووشمانە ئێمە بەبێ مەرج ئامادەین بۆ گفتوگۆکردن، بەڵام ئامادەش بووین کە مەرج لە هیچ لایەنێکی تر وەرنەگرین، ئێستا ئێمە شان بەشانی هەموو لایەنەکانی تر، پێشوازییەکی جیدیمان لەو بانگەوازەی جەنابی سەرۆک بارزانی کردووە، کە بەرێزیان ئەمە چەندان جارە بانگەواز دەکا، هەر بۆ زانیاریی ئێوە، لە رۆژی ٢/١٧، ٣/٢، ٣/١١، ٣/٢٠، ٤/١٠، ٤/١٧ لەگەڵ رۆژەکانی تریش کۆمەڵێ پەیامی گرینگی ئاراستەی خەڵکی کوردستان و هێزەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن کردووە، بەوەی هێمنانە مامەڵە بکەن، پاراستنی ئارامیی هەرێمی کوردستان بخەنە سەروو خاڵەکانی ترەوە، مەسەلەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، تەنیا پێوەست نییە بە دوو لایەنی نێو دەسەڵات یان بە چەند لایەنێکی ئۆپۆزسیۆنەوە، هەوڵەکانی چاکسازی پێوەستە بەهەموو خەڵکی کوردستانەوە، بۆیە جارێکی تر جەخت لەوە دەکەینەوە، کە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، سوورین لە هەڵوێستی فەرمیی خۆمان، بەوەی کە ئامادەین بۆ گفتوگۆ لەسەر مێزی دیالۆگ پرۆژەکان و سەرجەم ئەو خاڵانەی کە هەن، قسەیان لەسەر بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بە ئەنجامێکی بگەینین، لە قازانجی خەڵکی کوردستاندا بێت. چونکە پەیرەوێکی یاسایی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە گرینگ نییە مرۆڤ چۆن یاساکە دادەرێژێ، بگرە گرینگ ئەوەیە خەڵک هەست بکات، ئەو یاسایە بۆ ئەو دەردەچێ، بۆیە ئێمە چەندێ قسە لەسەر چاکسازی و گفتوگۆ بکەین، لەوە گرینگتر ئەوەیە خەڵکی کوردستان بەراستی هەست بکات ئەم گفتوگۆیانە بە قازانجی ئەوانە.

* پەرلەمـــانتـــارێکی گـــۆڕان دەڵـێ لـەژێر لـوولـەی تفــەنگدا، دانوستاندن ناکرێ؟

– بەڕاستی من ناچمە نێو وردەکارییەوە، تا بگەڕێمەوە بۆ هەندێ قۆناغی پێشووتر کە تێمان پەڕاندووە، بۆیە حەز دەکەم ئاراستەی گفتوگۆکان، ئاراستەیەکی نەتەوەییانە و چارەسەرکردن بێت نەک بگەڕێینەوە بۆ پەنجەڕاکێشان و یەکتری تۆمەتبارکردن، چونکە ئەگەر بێتە سەر ئەوە، پێم وایە ئۆپۆزسیۆن براوەی ئەم گەمەیە نابێت، چونکە بەشبەحاڵی خۆمان، پێمان وایە ئۆپۆزسیۆنی هەرێمی کوردستان، شکستیان هێنا لەوەی بتوانن لە ڕێی پاڵەپەستۆی جادەوە بیانەوێ دەسەڵات لە یەکێتی و پارتی وەربگرن، پرۆژەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، پێویست ناکات بۆ سازشی سیاسی بەکار بهێنرێ، یان بۆ منەتکردنی سیاسی بەسەر یەکتریدا باسی بکەین، جەنابی سەرۆک بارزانی زۆر پێش لە ئۆپۆزسیۆنیش باسی لەوە کردووە، کە هەرێمی کوردستان پێویستی بە چاکسازی هەیە لە ڕووی سیاسی و ئیدارییەوە، تەنانەت بەر لەو ڕووداوە جەنابی سەرۆک لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان دانیشتووە و بەنووسین داوای لێ کردوون، هەرچییەکیان هەیە بۆ چاکسازی بیهێنن، ئیدی پێویست ناکات دووبارە بگەڕێینەوە بۆ ئەو قۆناغە ناخۆشانەی لە چەند مانگی ڕابردوودا ڕوویان داوە و دەسەڵات چی کردووە و ئۆپۆزسیۆن چی کردووە، گەر بێینە سەر ئەوە ئۆپۆزسیۆنیش پەرێزی ئەوەندە پاک نییە، لەم مەسەلەیەدا لە تۆمەتبارکردن دەربچێ، هەرچۆنێ بێ ئێمە دەڵێین ئێستا زەوینەیەک هاتووەتە ئارا، کە هەموومان پێویستمان بەزمانی دیالۆگ هەیە، پێویستمان بەوەیە ئەقڵانیتر نەک بە میزاج و بەمەسەلەی ئەوەی کێ لایەنی براوەیە و کێ دۆڕاو مامەڵە بکەین. لێرەدا خەڵکی کوردستان براوەیە، ئۆپۆزسیۆن شکستخواردووی تەواو نین. لایەنی دەسەڵاتیش براوەی تەواو نین، ئێمە پێویستمان بەو زمانە نەرمەیە تا لەگەڵ یەکتری بدوێین بۆ ئەوەی بتوانین قۆناغەکە ئامادە بکەین بۆ ئەرکی گەورەتری نەتەوەیی، کە لە

داهاتوودا دێتە ئاراوە، ئەگینا بێینە سەر ئەوەی قسە لەسەر ئەوە بکەین، وابزانم وەزیری ناوەخۆ لە ئامادەبوونی لە پەرلەمان، لەسەر ئەو مەسەلانەی کە دەگوترێ، وەڵامی هەموو بارەکانی دایەوە، بۆیە ئەرکی ئێستای هەرێمی کوردستان، ئەرکێکی سەختە و پێویستە هەموومان شان بەشانی یەکتری، بەهەستکردن بە بەرپرسیارێتییەکی گەورەوە ڕووبەڕوویان ببینەوە.

* ئێوە بۆچی وا سوورن لەسەر ئەوەی ئەو حکوومەتە هەڵنەوەشێتەوە، بەشار ئەسەد دوای خۆپێشاندانەکان حکوومەتەکەی هەڵوەشاندەوە؟

– پێش هەموو شتێ ئەوە ناهەقییەکی گەورەیە بەپرۆسەی دیموکراسی و دەستکەوتە نەتەوەییەکان لە هەرێمی کوردستان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەحکوومەتی سووریا و بەشار ئەسەد بەراورد بکرێ، هەمووان دەزانن حکوومەتی سووریا و بەشار ئەسەد وەک پاشماوەی کودەتای باوکی هاتوون. (ئەبراهام ماستۆر) قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێ " گەر تاکە شتێ بەدەستەوە هەر چەکوش بێت، هەموو شتێ وەک بزمار سەیر دەکەیت" بەداخەوە لێرەش ئۆپۆزسیۆن یەک لە کێشەکانیان ئەوەیە تەنیا چەکوشیان بەدەستەوەیە، بۆیە هەموو شتێ لە کوردستاندا وەک بزمار سەیر دەکەن، تۆ کە چاکسازی دەکەیت، دەبێ کۆمەڵێ پرسیاری لۆجیکی هەیە بیانوروژێنین، یان ئەم چاکسازییە دەبێتە هۆی باشترکردنی بارودۆخ لەوەی کە پێشتر هەبووە یان نا؟ یان بۆ دواوەمان دەگێڕێتەوە؟ بەداخەوە ئەو پرۆژانەی ئۆپۆزسیۆن گرتیە بەر، ئەو میکانیزمە پراکتیکانەی گرتیانە بەر، پرۆژەی چاکسازییان بە جۆرێ خستە روو، کە دۆخی هەرێمی کوردستان پاشەکشە پێ بکا، نەک لەو دۆخەی ئێستا هەیە بەرەو پێشەوەی بەرن. بێ پێچوپەنا دەڵێم پرۆژەی چاکسازی بەتایبەت لەلایەن پارتی و جەنابی سەرۆک، نە لەبەر خاتری چاوی ئۆپۆزسیۆن بووە، نە لەبەر مەسەلەیەکی تایبەتی، بگرە ئەوە شتێکە خۆمان بڕوامان پێیەتی، لە پرۆسەی دیموکراسیدا هەموو کات خەڵک

خـواسـتـەكـانی دەچێـتـە سـەر، بۆیە حكوومـەت دەبێ هـەردەم لـەسـەر بنەمـای داخوازییەكانی خەڵك، تواناكانی پەرە پێ بدات.

* ئێوە چ چاكسازییەكتان كردووە؟

– چاكـسـازی چۆن نەكـراوە، ئەمـە پرۆسـەیەكی بەردەوامـە، ئەوە نیـیـە بەبڕیارێك لە پەرلەمـان دەربچێ و بێـتـە دی، من نموونـەیەكت بۆ دێنمـەوە، برادەرانی ئۆپۆزسیۆن ئەجێندایەكی سیاسیی دژە پارتی و یەكێتییان هەیە، خوازیاری گەیشتن بەدەسەڵات بەرێگەیەكی كورت، چونكە ئەوان دڵنیان لە رێگەی سـیـپـەكـانی دەنگدانەوە و بەهۆی پرۆسـەیەكی دیموكراسـیـیـەوە، رەنگە نەتوانن بەمـە بگەن، ئـەمـەش مـافـێكی سـروشـتـیی تـەواوی خـۆیانـە، بەڵام هەڵوەشـاندنەوەی حكوومـەت بەبێ قسـەكردن لەسـەر بنكە فراوانكردنی وەك جەنابی سـەرۆك بارزانـی لە هـەمـوو پەیامـەكانیدا گوتوویەتـی دەبێ لە رێگەی پرۆسـەی دەسـتـووری و شـەرعـیـیـەوە بێت. برادەرانی ئۆپۆزسـیـۆن ئەوەی لە تواناياندا هەبوو، درێغییان نەكرد، چی كارتیان هەبوو خستیانە ڕوو: یەكەم دەنگیان بەحكوومەتی هەرێمی كوردستان نەدا، دووەم ئەوان داواكاریی پارتی و یەكێتییان رەت كردەوە، لە كاتی دروستكردنی حكوومەت بۆ بەشداربوون، سێیەم دەنگیان بەكابینەی شەشەم نەدا، دیسانەوە لە پەرلەمانیش سـەرۆكی حكوومـەت و هـەردوو وەزیری ناوەخۆ و پێشـمـەرگەیان بۆ لێپرسینەوە هێنا تا مـتـمـانـەی لێ وەربگرنەوە، كـە نەتوانرا بەمـتـمـانـە وەرگـرتنـەوە بڕووخـێنرێ، بەهەڵبژاردنیش نەتوانن، دەبێ ئەوان پشووی دیموكراسییان درێژ بێ.

* ئاخر ئەوان زۆرینە نین؟

– ئینجـا كـە زۆرینە نـین ئەو پرسـیـارە لەوان بكرێ بۆچی زۆرینـە نین، مـتـمـانـەی زیاتر بەچەند لایەنێكی تر دراوە، ئێـمـە دەڵێین دەبێ رێز لە ڕای خـەڵكی كـوردسـتـان بگرین، پشـووی دیموكراسـیـمـان درێژ بێ، هـەمـووی دوو

ساڵمان لە بەردەستدا ماوە، ئازا و زیرەک بن، رەخنەکانیان قووڵ بکەنەوە، ئەو کەموکوورِییانەی ئێمە هەمانە، زەقیان بکەنەوە، بڕوا بەخەڵکی کوردستان بێنن و هەڵبژاردنی داهاتوو ببەنەوە، پیرۆزیان بێ، ئەو کات ئێمەش دەبینە ئۆپۆزسیۆنێکی ئەرێنی، خۆمان ئامادە دەکەین، بەڵام بەدەر لەم رێسا و یاسا دیموکراسییانە، داواکردنی هەڵتەکاندن و هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و حکوومەت وەک ئەوەی ئەوان داوایان کردووە، بۆ خۆی جۆرێکە لە کودەتایەکی سیاسی.

* باست لە چۆنێتیی چاکسازی دەکرد..

– بەڵێ کاتێ دەڵێین پرۆژەی چاکسازی، تەنیا بە پارتی و یەکێتی ناکرێ، هاوکات هەر بەتەنیا بە ئۆپۆزسیۆنیش ناکرێ، بگرە دەبێ هەموو خەڵکی کوردستان تێیدا بەشدار بن، چونکە ئەمە یەکێ لە بنەماکانی بەشداریی سیاسییە لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا، رامان وایە بۆ سەرخستنی پرۆژەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، پێویستمان بەچەند دۆخێ هەیە:

١– ئاخۆ ئیرادەی سیاسی بۆ چاکسازی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە یان نا؟ من پێم وایە ئەو ئیرادەیە لە هەرێمی کوردستان و لە خودی مەسعوود بارزانیدا وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەیە، ئیرادەیەکی زۆر بەهێزە کە لە بەرنامەی خۆهەڵبژاردنی بۆ سەرۆکی هەرێم رەنگی داوەتەوە و ئێستاش ئەو پرۆژە وردەکارییەی کە لە رۆژی نەورۆزدا رای گەیاند بۆ چاکسازی، پرۆژەیەکی زۆر تەواو و سەراپاگیرە، گەر لایەنەکان بەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە، هاوکاری بن، دەکرێ دۆخێکی ئەرێنیتر لە هەرێمی کوردستان بێنێتە کایەوە.

٢– لە هەرێمی کوردستان ئێمە پێویستمان بەچاکسازییە لە پەیکەری ئیداری و گەیاندنی خزمەتگوزاری.

٣– رەنگە برایانی پەرلەمان باشتر بزانن، پرۆژەی چاکسازی پێویستی

بەهەمواركردن و دەرچوواندنی كۆمەڵێ یاسا هەیە، با چەند نموونەیەكت بۆ بێنمەوە، یاسای خزمەت و دەستەی دەستپاكی و چاودێریی دارایی تا ئێستاش لە كێشەكانی چاودێریی دارایی ئەوەیە، ناتوانن رۆڵی خۆیان ببینن، ئەو یاسایەی كە بۆ چاودێریكردنی فەرمانبەر پێویستە بەكاری بێنن لە هەرێمی كوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤١، كە پێویستی بەدەستكاریكردن هەیە، مەسەلەی داواكاریی گشتی و كاراكردنی، پێویستی بەدەرچوواندنی یاسا هەیە، مەسەلەی یاسای كۆمپانیاكان لە هەرێمی كوردستان، پێویستی بە یاسایەک هەیە بۆ دەوڵەمەندبوون بەڕێگەی ناڕەوا و نایاسایی، كە بریا پەرلەمانی ئێمە بیتوانیبا بەشێوەیەكی باش قسەی لەسەر كردبا، یاسای حزبەكان لە هەرێمی كوردستان، تا ئەو لایەنانە واز بێنن پێوەندی لەگەڵ دەوروبەردا دروست بكەن، بەتایبەتی لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆن و تەنانەت ئەوانەشی لەدەسەڵاتدان. مەسەلەی مۆنۆپۆلكردنی بازاڕ، لە یاسای دادگەیی سزاكاندا ماددەی ١٣٦ هەیە، گەر فەرمانبەرێ لە وەزارەتێک تۆمەتێكی گەندەڵیی درایە پاڵ، بێ وەرگرتنی رەزامەندیی وەزیرەكەی خۆی، دیوانی چاودێریی دارایی ناتوانێ لێی بپێچێتەوە، ئێمە ئەم هەموو یاسایانەمان هەیە كە پێویستە هەموار بكرێن، وەک گوتیشم ئەمانە بەتەنیا بە پارتی و یەكێتی ناكرێ هەروەک بەتەنیا بەلایەنەكانی ئۆپۆزسیۆنیش ناكرێن، بگرە دەبێ خەڵكی تریش بێتە ناوەوە، بێجگە لەوانەش ئێمە پێویستمان بە چاودێری و بەدواداچوونێكی بەردەوامە بۆ پرۆسەی چاكسازی. ئەم پرۆسەیە دۆخێ نییە بەبڕیارێ جێبەجێی بكەین، هەروەها بڕیارێكیش نییە كە تەنیا دەربكرێ و تەواو، بگرە پرۆسەكە دۆخی دینامیكییەت وەردەگرێ و بەردەوام دەبێ كاری تێدا بكرێ، بۆیە بە ڕای ئێمە پرۆژەی چاكسازی و ئەم ململانێ دیموكراسییەی كە لە هەرێمی كوردستاندا هاتوونەتە ئاراوە، دەبێ بەئاقارێكدا بڕوات، ئاشتیی كۆمەڵایەتی لە هەرێمی كوردستان بپارێزێ، ئەمەش لێتان ناشارینەوە و بێ پێچوپەنا

دەیڵێین، یەکێکە لە ئەرکەکانی ئۆپۆزسیۆن، کە یارمەتیی دەسەڵات بدات، لەوەی دۆخی سیاسی نەشڵەژێ، بەڵام بەداخەوە ئەوەی لە چەند مانگی ڕابردوودا بینیمان، برایانی ئۆپۆزسیۆن کەم ئەزموون دەرچوون لە چۆنێتیی ئۆپۆزسیۆنبوون لە سیستەمێکی دیموکراسیدا، ڕەنگە ناهەقیشیان نەبێ، ئاخر لە ١٨ ساڵی ڕابردوودا زۆرێ لە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەت برادەرانی بزووتنەوەی گۆڕان، بەشێکی سەرەکی بوون لەو حوکمڕانییەی لە هەرێمی کوردستاندا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا دیسانەوە دەڵێم، ئێمە خۆمان هەڵناکێشین و بڵێین زێڕی عەیارە بیست و چوارین و بانگەشەی ئەوەش ناکەین، کە ئۆپۆزسیۆن هەموویان خەڵکی خراپن، یاخۆ پڕۆژەکانیان باش نین، بەپێچەوانەوە پڕۆژەکانیان جیدین. ئێمە دەڵێین پڕۆژە چاکسازییەکانی ئەوان و ئەوەشی کە جەنابی سەرۆک بارزانی ڕای گەیاندووە، لایەنەکانی تریش گەر پڕۆژەیان هەیە، بێین لەسەر مێزی گفتوگۆ، بەبێ مەرج قسەیان لەسەر بکەین، بەمەبەستی گەیشتن بە پڕۆژەیەکی چاکسازیی هەمەلایەنە، چونکە جەنابی سەرۆک بارزانی سێ بژاردەی خستووەتە بەردەم ئۆپۆزسیۆنەوە:

١- بەشدار بن لە پڕۆژەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، بەپڕۆژەکەی خۆیان و پڕۆژەی تریشەوە.

٢- گەر دەیانەوێ بنکەی ئێستای حکوومەتی هەرێمی کوردستان فراوان بکرێ، تەبەنای ئەو پڕۆژە چاکسازییە نیشتمانییە بکرێ، کە هەیە.

٣- گەر بەو دوو بژاردەیە ڕازی نەبوون، ئامادەسازی بکرێ بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت.

* چۆن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، دەست لە هێزی چەکداری بەردەدەن، وەک پەرلەمانتارێکی گۆڕان دەڵێ؟

– دیسانەوە من حەز ناکەم دابەزمە نێو وردەکارییەکانەوە، بگرە دەمەوێ ئاراستەی گفتوگۆکان بەرەو چارەسەربوون برۆن، نەک کولاندنەوەی برینەکان، چونکە وەک پێشتر گوتم، گەر بچینەوە سەر ئەو بابەتانە، ئۆپۆزسیۆنیش هێندە پەرێزی پاک نییە تا هەروا لێی دەربچێ. با بگەڕێینەوە بۆ شتێ کە هیوادارم هەموومان لەسەری کۆک بین، ئێمە جارێ قۆناغی رزگاریی نیشتمانیمان تێ نەپەڕاندووە، لە رووی دیموکراسیشەوە هێشتا لە قۆناغی گواستنەوەداین بەرەو دیموکراسییەت. یەکێ لە سەرەکیترین کۆڵەگەکانی قۆناغی گواستنەوە بەرەو دیموکراسییەت، دامەزراندنی دامەزراوە دەستوورییەکانە لە هەرێمی کوردستاندا، بوونی دەستوورێکە لە هەرێمی کوردستان، کەواتە با من ئەو پرسیارە لە ئێوە بکەم: ئاخۆ ئێمە خاوەنی دەستوورێکین یان نا؟ ئەمانە بە یاسا و دەستوور رێک دەخرێن، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، دوو هێزی زۆر گەورەی کوردستانن، رابەرایەتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی و ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستانیان کردووە، دوو هێزی چەکداری دیموکراسیی رزگاری بوون، لە دوای ١٩٩١ هاتووینەتەوە کوردستان، واقیعێکی نەخوازراو هەبووە کە شەڕی ناوەخۆ بووە، ئێستا ئێمە لە دۆخی ئەوەداین، بەپێی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە، لیواکان رێک بخرێنەوە، بەڵام رەنگە پێویستییان بەکەرەستەیەکی زۆر هەبێت، لەوانە مەشقی هاوبەش، بڕوایەکی یەکگرتووانەی پێشمەرگانە، بۆ ئەوەی واز لەوە بێنن کە ئەمانە پێشمەرگەی پارتی بن یان یەکێتی، وەک گوتم لیوا هاوبەشەکان دروست دەکرێن، کە بێجگە لە پارتی و یەکێتی، لایەنی تریش لەخۆ دەگرێ، لەوانە زەحمەتکێشان و شیوعی و سۆشیالیست، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین هەنگاو بەهەنگاو ئەمانە بکرێ، بەڵام بەبازدانی گەورە، چونکە ئەوەی لە چەند مانگی ڕابردوودا رووی دا، ئۆپۆزسیۆن هەر خەریکی بەرزکردنەوەی کۆمەڵێ دروشم و وێناکردن و خەیاڵ بوو، سیاسەت بەرزکردنەوەی دروشمی بریقەدار نییە، سیاسەت گەمەی شیمانەکانە، یاریی ئەوانەیە کە دەتوانرێ بەدی بهێنرێن، بەڵام لەگەڵ

ئەمانەشدا دەڵێم، چ هێزەکانی نێو دەسەڵات و چ ئۆپۆزسیۆنیش، هەمووان رۆڵەی ئەم وڵاتەن، نە لە دەرەوە هێنراوین و نە لە ئاسمان داباریوین، نە لە زەوی هەڵتۆقیوین، هەموومان بەرپرسین لە ئێستا و داهاتووی هەرێمی کوردستان، ئەمانە بەزمانی یەکتری سڕینەوە و کودەتاکردن و هەڵتەکاندن و هەڵوەشاندنەوە و رەتکردنەوەی یەکتری و سەپاندنی مەرج ناکرێ، بگرە بە گەڕانەوە بۆ بەیاننامە ١٧ خاڵییەکەی پەرلەمان. ئەوان باس لە دابڕاندنی هێزی چەکدار و کاری حزبی لەناو هێزی پێشمەرگە دەکەن، ئەمە پێویستە بەیاسا جێبەجێ بکرێ، دەکرێ لەناو پەرلەمان پاڵپەستۆ دروست بکەن، یاخۆ لە رێگەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، ئەگەر ئەو دێت باس لەوە بکات پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەست لە هێزی چەکدار وەردەدەن، خۆ بزووتنەوەی گۆڕان-یش دەستی لەناو هێزی چەکدار وەرداوە، ئەی ئەوان ١١ هەزار دەنگیان لەنێو هێزەکانی ناوەخۆ و ئاسایش و پێشمەرگەی سلێمانیدا نەهێنا؟ لەناو ئەوانیش حزبایەتی کراوە و ئابوونە کۆ کراوەتەوە، ئاخۆ ئەوان رێکخستنیان لەنێو هێزە چەکدارەکاندا نییە؟ بازنە و ڕایەڵیان دروست نەکردووە؟ وەکو گوتم ئەمە بە پەنجەڕاکێشان بۆ یەکتری نابێ، چونکە هەموومان رۆڵەی ئەم وڵاتەین، هێشتا پرۆسەی دیموکراسییەت پێویستی بە پتەوکردن هەیە، لەو قۆناغەداین کە جێ پێی دیموکراسییەت قایم بکەین، ئەرکی گەورەتر لەسەر شانی هەموومانە، خەڵکی کوردستان لەوە بێزار بوون جارێ تر بەرەو توندوتیژی بڕواتەوە و ببێتە قوربانیی بارگرژییەک لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە، بۆیە با لە پێناو خەڵکدا لە خۆمان ببوورین، بگەینە چارەسەرێکی ناوەندرێیانە (وەسەت)، چ نەنگیی تێدا نییە، گەر بۆ یەکتری لە خۆمان ببوورین، چونکە کوردستان لەم قۆناغە و قۆناغی دواتریش پێویستی بەهەموو لایەکمانە، هیواداریشم رەوتی گفتوگۆکان بەم ئاراستەیە بڕوات.

* سەرکردەکانی گۆڕان دەڵێن خۆ ٢٢ خاڵەکە دەقی قورئان نییە

تا گۆڕانکاریی بەسەردا نەیەت، وەک ئەوان دەڵێن با ئێوەش ٤٢ خاڵتان هەبێ؟

– هەر چۆنێ بێ هەموومان بەرپرسیارێتیی نیشتمانیمان لە ئەستۆیە، با شت بە گشتی باس نەکەین، کەسێک لە جێیەک گەندەڵی دەکات، ناکرێ حزبێکی گەورەی لەسەر تۆمەتبار بکرێ، چونکە ئەم حزبە خاوەنی دنیایەک سەروەرییە، لەناو پارتیدا ئێمە پەروەردەی قوتابخانەیەکین، پێی دەڵێن قوتابخانەی بارزانی، یەکەمین بناغەی فەلسەفەی بارزانی–ش، مەسەلەی دادوەریی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگە، کەسێ لەناو ئێمەدا یان بەبۆنەی ئێمەوە لە پۆستێک وەرگیرابێ، ئەم پۆستەی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی بەکار هێنابێ، ئەوە بەدڵنیاییی لە فەلسەفەی بارزانی لای داوە. لە بنەچەوە ئێمە باوەڕمان بەوەیە کە ئۆپۆزسیۆن، بڕوای بەدەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات نییە، ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردن دەترسێ، چونکە ئۆپۆزسیۆن شکستخواردووی دەستی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانە. ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان بینیمان، پێشتر بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە رەنگە بتوانن زۆرینە بەدەست بێنن، بە رێککەوتن لەگەڵ لایەنەکانی تردا دەکرێ حکوومەت پێک بێنن، تەنانەت برادەرانی گۆڕان باسی کاندیدیشیان بۆ سەرۆکایەتیی حکوومەت دەکرد. خاڵێکی تر ئێمە دەڵێین پێش ٢٢ خاڵەکەی ئۆپۆزسیۆن، بەیاننامە ٧ خاڵییەکەی برایانی گۆڕان لە ٢٠١١/١/٢٩ دەرچوو، رۆژی ٢٠١١/١/٣٠ هەموو حزبە کوردستانییەکان بێجگە لە گۆڕان، لە بەردەم جەنابی سەرۆکی هەرێمدا، لە کاتی کۆبوونەوەیەکدا، بەیاننامە حەوت خاڵییەکەی بزووتنەوەی گۆڕان–یان رەت کردەوە، گوتیان هەر گۆڕانکاری و چاکسازییەک لە هەرێمی کوردستاندا، دەبێ لە چوارچێوەی پرۆسەی یاسایی و دەستووری و شەرعییەکانی هەرێمی کوردستاندا بکرێ، دوای ئەوەش سەرۆک بارزانی پێی گوتن، شتەکانتانمان بە نووسین بدەنێ، ئەمانە پێش رووداوەکانی ١٧ی شوبات بوون. واتە ئەگەر سەرۆک بارزانی یان ئێمە لە دەسەڵات، پرۆژەمان بۆ چاکسازی نەبووایە،



هێمن هەورامی (١٢)

بۆچی داوامـان لە ئۆپۆزسـیـۆن و لایەنەکـانی تر دەکـرد، کـە بـە نووسـراو پێشنیـازی خـۆتانمان بدەنـێ. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئێـمـە گـوتوومـانە بەیاننامـە ٢٢ خاڵییەکەی ئۆپۆزسیۆن، خاڵی ئەرێنیی تێدایە، بەڵام مەسەلەی هەڵوەشاندنەوە و بازدان بەسـەر کـۆمـەڵێ دامـەزراوەی شـەرعیدا، لای خـەڵکی کـوردسـتـان جێی پەسندکردن نییە، نەک لای پارتی و یەکێتی. کاتێک دەڵێن دەسەڵاتی هـەرێمی کـوردسـتـان پرۆژەی نییـە، ئەوە دەقی پرۆژەی چاکـسـازیی جـەنابی سـەرۆک بارزانی، کە لە ڕۆژی نەورۆز رای گەیاندووە، وەرن پێم بڵێن ئەگەر بەیاننامـە ٢٢ خـاڵییـەکەی ئۆپۆزسـیۆن لـەمە گشتگیـرتر بوو، با ئەوە پیـادە بکەین، لەبەر ئەوە برادەرانـی ئۆپۆزسـیـۆن نابێ پاسـاوی شکسـتـی خـۆیـان لە تێکەڵکردنی ئەجێندای سـیـاسـیـان لەگـەڵ شـەقامـدا، بێن بەسـەر یەکـێتی و پارتیـدا بشکێننەوە، دەبێ ئەوانیش بەخـۆیاندا بچنەوە، بێگومـان ئێـمـەش بەخـۆمـاندا دەچینەوە، چونکە ئێمەش لە دەسەڵات پێویستمـان بەوە هەیە، ئەو متمانەیەی خـەڵک پێی داوین، لە ئاستیدا بین، هـاوکات ڕۆژانەش ئەو متمانەیە پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە.

## ۲۰ ساڵ ئەزموونی دیموکراسی
## ناکاتە یەک ساڵ کاری دیموکراسی

سەنتەری (ئاسوودە) ئێوارەکۆڕێکی هاوبەشی لە ۲۰۱۱/٥/۱۷ ساز دا، بۆ هەریەکە لە (هێمن هەورامی) ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و (زانا ڕۆستایی) ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵی ئیسلامی، بۆ قسەکردن لەسەر تەنگژە سیاسییەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان. دەسپێکی کۆڕەکە لەلایەن (هێمن هەورامی)یەوە کرایەوە:

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، بەوانەی لە دەسەڵاتدان و بەوانەش کە لە ئۆپۆزسیۆنن، هەروا ئەوانەشی لە دەرەوەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنن، تێفکرینێکی قووڵتر بۆ هۆکارەکان و ڕەوتی ڕووداوەکان و بەرەنجامەکانی بکەین، هەموومان پێکەوە بەئەقڵێکی هێمنانەتر دوور لە میزاج و بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی و بە لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان، پێداچوونەوەیەک بە هەڵوێستەکان و خوێندنەوەکانمان و شرۆڤەکانی خۆماندا بکەین، دووبارە چاو بخشێنینەوە بە کاراکتەری ڕووداوەکان و پەیوەندیی نێوان ئەم کاراکتەرانە. بۆیە لێرەدا من بۆ ئەوە نەهاتووم تا بڵێم ئێمە وەک دەسەڵات سەرکەوتوو بووین یان ئۆپۆزسیۆن دۆڕاو بوو، کەسمان سەرکەوتوو و براوە نین، بگرە دەبێ هەرێمی کوردستان و گەلەکەی سەربکەوێت. دوژمنانی کورد هەردەم دۆڕاو بن، کە دەیانەوێ کوردستان بۆ دواوە بگێڕنەوە، ئەوانە دۆڕاون کە دەیانویست هەرێمی کوردستان پارچە پارچە بکەن و هەریەکەی بکەنە کانتۆنێکی ئیداری و

حکوومـــەتی و ئیـــرادەی نەتەوەی کـــورد دابەش بکەن، ئەمـــانە دۆڕاوی ئەو رووداوانەی چەند مـانگی پێشـووی هـەرێمـی کوردسـتـان بوون. بۆ قسـەکردن لەسەر رێگەچارەی کێشـەکانی ئێستای هـەرێمی کوردسـتـان، من ناچارم پەنا بەرمـە بەر میتـۆدێکی زانسـتی کە ناسراوە بەمـیتـۆدی (-LOGICAL FRAME WORK APPROACH) کورتکراوەکەی (LFA)یە، ئەم میتـۆدە بەکار دەهێنرێ بۆ زانینی هـۆکاری دروسـتبوونی کێشـەکە و چۆنێتیی چارەسـەرکـردنی و ئەو ئەنجامـانەی پێی دەگەین، لە بەرامبـەریشـدا ئەو ئامـانجانەی، کە دەمـانەوێ چۆنێتیی وێناکردنی بخەینە ڕوو، ئەوانەی لە کۆتاییدا هـەوڵ دەدەین جێبەجێی بکەین. گەر بەمـیتـۆدەکە دەست پێ بکـەین، بۆ دەسـتنیشـانکردنی کێشـەکە، گرفـتی ژمـارە یـەکی ئێمـە، نەبوونی کـۆدەنگییـەکە لە هـەرێمـی کوردسـتـاندا، لەســەر ئەوەی کـۆمــەڵگەی کـوردی بەکـام قـۆنـاغی سـیـاسـی و نەتەوەییـدا تێ دەپەڕێ، پێم وایـە تاکـو ئێسـتـا هیچ کـۆدەنگییـەک نییـە لەلایەن هێـز و لایەنە سیـاسییـەکانی کوردسـتـانەوە لەبارەی ئەو قـۆناغـەی کە هـەرێمی کوردسـتـان پێی گەیشـتـووە، ئاخـۆ گەیشـتـووینـەتە کۆمەڵگەیەکی تەواو دیموکراتی یان لە قـۆناغی گـواسـتـنەوەداین و ئاخـۆ لە خـەباتی بزووتنـەوەی رزگـاریخـوازانەی خـۆمــان توانیـومـانە هـەمـوو ویست و ئامـانجـەکانی ئەم بزووتنـەوەیە بەدەست بهێنین؟ بۆیە یەکێ لە کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێمە، ئەوەیە کە بـەڕاستی لە کام قــۆناغــداین، دەشـێ یەکێ لە هـۆکــارەکــانی کــێــشـــەی نێــوان دەســەڵات و ئۆپـۆزسـیــۆنیش لە هـەرێمی کــوردســتــاندا، هـەر بگـەڕێتــەوە بۆ نەبوونی ئەو کۆدەنگییـە لەسـەر دەسـتنیشـانکردنی قـۆناغەکە. ئەگەر ئێمـە نەگـەیشـتینە قــەنـاعــەتێ و خــۆمــان یەک نەخــەینەوە لەبارەی دانانی پێناســەیەک بـۆ ئەو قۆناغەی پێیدا تێ دەپەڕین، ئەوا بێگومـان هـەر یەکێک لە ئێمە لەلای خـۆیەوە پێناسـەیەکی دەبێت، کـە رەنگە تووشی گـرفـتـمـان بکات، ئێـمـە لە هـەرێمی کوردسـتـان هێشـتـا لە قـۆناغی گواسـتنەوەداین و هێشـتـا ئەرکی زۆر لەسـەر ئەسـتـۆی بزووتنەوەی رزگـاریخـوازی کـوردسـتـان مـاوە، ئەوەش پێـویسـتـی بەکۆدەنگیی خەڵکی کوردستان و لایەنە سیـاسییـەکان هەیە بۆ هاتنە دییان.

هۆکـاری ئەم کـێـشـانە نەنگیی تێـدا نیـیـە برێتـییـە لە کـەم ئەزمـوونی لە حوکمڕانیدا وەک لایەنەکانی نێو دەسەڵات و کەم ئەزموونیی ئۆپۆزسیۆنیش لە کاری خۆیدا، بۆیە سیستەمی ئیداریی ئێمە کەموکووڕیی زۆرە و چارەسەر نەکراوە، ئەمەش یەکێکە لە سیفەتەکانی ئەم قۆناغەی ئێستای کوردستان کە قۆناغی گواستنەوەیە، ئێمە تاوەکو ئێستا داوودەزگەی دەستووریمان تەواو نەچەسپاوە و دەستوورمان نییە و تاوەکو ئێستاش گیانی دیموکراتی و یەکترقبوولکردن و لێبووردەیی هاوشان لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراتی و دەستاودەستیی دەسەڵاتمان نییە بە بەڵگەی رووداوەکانی چەند مانگی رابردوو. هۆکارێکی تر بە شەخسیکردنی ململانێ سیاسییەکانە، کە کار گەیشتووەتە ئەوەی ململانێکان چوونەتە نێو ئاستێکی هێندە نزمەوە، بنکەی لایەنەکانی تەنیوەتەوە و بازی داوە بۆ ڕقەبەرایەتی تەنانەت بەرامبەر بەمەسەلە نەتەوەییەکانیش، ئەمەش لە مانگەکانی ڕابردوودا بەتایبەتی لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕان لە کاتی ململانێیان لەگەڵ پارتی و یەکێتی هەر لە رەتکردنەوەی سەرۆکایەتیی کۆمار بۆ بەڕێز تاڵەبانی و وەستان لە دژی رێککەوتنی ستراتیجیی نێوان مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و پارتی و یەکێتی، ئێستاش هەموو کێشەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە (د. بەرهەم ساڵح) ببێتە سەرۆکی حکوومەت یان نا. ئێمە ئەگەر دەستوورمان هەبووایە، نەدەگەیشتینە ئەو تەنگژانە، ئەمە واقیعێکە و دەبێ دانی پێدا بنێین. یەکێ لە کێشەکانی تر بچووککردنەوەی شوناسەکان بوو، بە بەڵگەی زاڵبوونی شوناسێکی لۆکاڵی تەسکی بچووک بەسەر بارودۆخەکە لە جیاتیی شوناسی نەتەوەیی و هاووڵاتیبوون، کە وای کرد خەڵکی کوردستان پەرت بن. ئەم بەرپرسیارێتییە دەکەوێتە ئەستۆی هەموومانەوە بەوەی کە شوناسێکی یەکگرتووی نەتەوەیی هەبێت لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا، بالادەست بێ، ئەمە جگە لە تێکچوونی هاوسەنگیی نێوان چەمکی ئازادی و ئاسایشی نەتەوەیی، کە لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا بەهاوسەنگی دەمێنێتەوە.

زۆرجار پێمان دەڵێن ٢٠ ساڵە ئێوە نەتانتوانیوە هیچ شتێک بکەن، بۆیە من

لە وەڵامـدا دەڵێم ٢٠ سـاڵی ئەزمـوونی دیموکـراسی ناکـاتە یەک سـاڵی کاری دیموکـراسی، چونکە دیموکـراسـییـەت لە خـۆیدا پرۆسـەیەکی بەردەوامـە، قسـەیەکی جوانی (ونسـتۆن چەرچڵ) هەیە دەڵێ "دیموکراسییەت خراپترین جـۆری سـیـسـتـەمـە، تەنیـا لەو کـاتانەدا نەبێت کـە بەراوردی دەکـەیت بە سیستەمەکانی تر" بۆیە بنیـاتنانی دیموکراسییـەت کات و شـارەزاییی دەوێ، هۆکاری دووەم ئێـمـە میکانیزمی دیمـوکراسیـمـان هەن بە فـرە حزبی و فـرە لایەنی و ژیانی پەرلەمـانی، بەڵام ئەوەی نیمانە وەک لە چـەند مانگی ڕابردوودا بینیمـان، کولتووری دیموکراسییـە. جگە لە هەبوونی دەستـوەردانی دەرەکی، چونکە هێزگەلێک هەن لەگەڵ ئەوەدان نین ئیرادەی هەرێمی کوردسـتـان یەک بگرێت، هـەروەها هۆکاری تریش هەن کە بەناجـێگیـریی بارودۆخی عـێراق و هێنانەوەی شـەڕی ئیـقلیمـی بۆ عێراق پەیوەستن. پاش ئەوەی هۆکارەکانمان خستنەڕوو، ئەوجا بەپێی میـتۆدەکە دێینە سەر بەرەنجامـەکان، کە بریتین لە دابەشـبوونێکی لۆکاڵی تەسک و دوورکەوتنەوەی لایـەنەکان لە یەکتر و دانانی مەرجی پێشوەختە بۆ دانوستاندن و شـۆڕبوونەوەی ململانێی سیاسی بۆ ناو کـۆمــەڵگەی کـوردی. زاڵبـوونی زمـانی توندوتیـژی و یەکـتـر سـڕینـەوە، کـە بەداخــەوە دەبووایە ئێـمـە وەکـو کـورد بـۆ قـۆناغی داهـاتوو خـۆمـان ئـامـادە بکردایە، بۆ قۆناغی کشانەوەی ئەمەریکا و لێکەوتەکانی دوای ئەم کشانەوەیە لە عێراق، چارەنووسی دۆسیـەی ئەمنی و سیـاسی و ئابوورییـەکانی عێراق، خـۆزگە ئێمـە وەک فـەتح و حـەمـاسـمـان بکردایە و خـۆمـان بۆ چاودێریکردنی دۆخی کـورد لە سـووریا و بابەتی ئیـقلیـمی ئامـادە کـردبایە، بەڵام بەداخــەوە ئێسـتـا ئێمـە خـەریکی مـەرج و قبـووڵکردنی و داوا و خـواست و ویسـتـەکانی حکوومــەت و دەســەڵاتین، ئەم شـتــانـەش بـایەخی بـە بەراورد لەگــەڵ پـرســە نەتەوەییـیــەکـاندا، زۆر کـەمـتـرە. بۆیە هەر بـەپێی مـیـتـۆدەکـە دێینـە سـەر ڕێگەچارەکان، کە لێرەدا پەنا دەبەمە بەر تیـۆری (SMART) کە کورتکراوەی چەند پیتێکە، بەپێی ئەو میتۆدە:

– لە رووی کات و واقـیـعی و هەمـوو گرووپەکانـەوە، تێپـەڕاندنی ئەم دۆخـە و

ئاڵۆزییەکانی هەرێمی کوردستان، مەسەلەیەکە هەمووان لەسەری کۆکن، کە پێویستە تێی پەڕێنین.

– پاراستنی دامەزراوە دەستووری و شەرعییەکان، کە هەموو خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەوەدایە دەستکەوتە دیموکراسییەکانی لە دەست نەچێت.

– گرتنەبەری میتۆدی ناوەندڕێ، واتە بەو شێوازە کار نەکرێت یان هیچ یان هەمووی.

کەواتە ئێمە دەبێ لە رووی واقیعبوونەوە هەرچی زووە سەقامگیری بگەڕێنینەوە هەرێمی کوردستان، بەهەموو لایەکمانەوە پێویستە پرۆژەی چاکسازیی سەرۆک بارزانی بە ئەولەوییەت وەربگیرێت، ئەمە جگە لە تەبەنناکردنی بەیاننامە ١٧ خاڵییەکەی پەرلەمان و هەر خاڵێکی ئیجابی کە لە بەیاننامەی هەر لایەنێکی تردا هەبێت و پرۆژەیەکی چاکسازیی نیشتمانی ئامادە بکرێ و سیستەمی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە یاسایی و شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان بپارێزرێت، هیچ کەسێک باز بەسەریاندا نەدات، بێگومان بەشی زۆری کۆمەڵگەی کوردستانیش ئەمەی دەوێت، لە هەمووشی گرینگتر ئەوەیە پێویستە هەموو کات میتۆدێکی ناوەڕاست بگرینە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. لەمانەوە هەر بەپێی میتۆدەکە چیمان دەست دەکەوێ:

– دوورکەوتنەوە لە زمانی توندوتیژی و یەکتر سڕینەوە.

– دەستێوەردان کورت دەکرێتەوە.

– سەقامگیری باڵ دەکێشێ بەسەر وڵاتدا.

– ململانێی ئاشتییانە و دیموکراسییانە باڵادەست دەبێ.

بەوانەش دەستکەوتەکان برێتی دەبن لە بەدیهێنانی کوردستانێکی پێشکەوتووتر. مەبەست لەوەش چۆن بتوانین بۆ نموونە داهاتی تاکەکەس بگەیەنینە ئاستێکی باڵاتر، بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە عێراقدا کردوویانە دەرکەوتووە، ڕێژەی هەژاری لە عێراقدا بێجگە لە هەرێمی

کوردستان بریتییە لە ٢٤٪ و داهاتی ڕۆژانەی تاکەکەس گەر گەیشتە ٢٦٥٠ دینار مانای وایە لە هێڵی هەژاریدا دەژی. لە کوردستانی خۆماندا ڕێژەی هەژاری بریتییە لە ٤٪ کە بەتێڕوانینی ئێمە زۆرە، چونکە ئەم وڵاتە خاوەن سامانێکی سروشتی و مرۆییی زۆرە.

خواستی دووەممان ئەوەیە کە وڵاتەکەمان بە جیاوازییەکانیەوە بتوانێ ئامانجە بەدینەهاتووەکانی بێنێتە دی، هاوکات کار بۆ ئەوە بکرێت، کورد ببێتە فاکتەری کارتێکەر نەک کارتێکراو.

## گفتوگۆ بناغەی ستراتیجیی کاری ئێمەیە بۆ تاوتوێکردنی دۆزە هەستیارەکان و پێکهێنانی کۆدەنگی

هێمن هەورامی ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕێگەی ئەم دیمانە تایبەتەوە، لە کۆواری (نێوەند) ژمارە (٨٦)ی حوزەیرانی ٢٠١١ بڵاو کراوەتەوە، تیشک دەخاتە سەر بارودۆخی ئێستای کوردستان و کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکەی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات.

* کاک هێمن کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی دەستی پێ کردووە، ئێوە چۆن دەڕواننە بەرەنجامەکانی ئەم کۆبوونەوانە، ئاخۆ گەشبینن بەوەی ئەم کۆبوونەوانە دەبێتە سەرەتایەک بۆ دەرچوونی هەرێمی کوردستان لەم تەنگژەیەی کە دەمێکە یەخەی کوردستانی گرتووە؟

– ئێمە بەهەموو گفتوگۆیەک گەشبینین و ستراتیجیی ئێمەش هەر لە سەرەتاوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی هەرێمی کوردستان، دوورکەوتنەوەی هەموو لایەنەکان بووە لە پەنابردن بۆ زمانی توندوتیژی و گەڕانەوە بووە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ، بۆیە بەهەموو جۆرە کۆبوونەوەیەک گەشبینین و پێمان وایە هەزار ڕۆژی گفتوگۆکردن لە یەک سەعاتی توندوتیژی باشترە.

* بەشێک لە چاودێرانی سیاسی پێیان وایە ئەم کۆبوونەوانە، زۆر درێژە دەکێشێ، بەتایبەت لایەنی دەسەڵات زیاتر یاری بە

کات دەکەن و باس لەوە دەکەن کۆبوونەوەکانی پارتی و یەکێتی سەد و ئەوەندەی تێ پەڕاند، دەمەوێ پرسیارەکە بەدیاریکراوی بکەم، کۆبوونەوەکان درێژە دەکێشن بەبڕوای ئێوە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان؟

– وەکو باسم کرد، ئێمە کۆبوونەوەکان ناوەستێنین تاوەکو دەگەینە ڕێککەوتنێک، ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان ئومێد دەکەین، کە ئەو کۆبوونەوانە بە بەرەنجامێ بگات و ئێمە لەلایەن خۆمانەوە ئامادەین، بۆ ئەوەی گفتوگۆکان بە ئاراستەیەک بکرێ کە بەرەو بەئەنجام گەیشتن کۆتایی بێ، نەک بە ئەنجام نەگەیشتن کۆتایی پێ بێت، بۆیە ئەو ستراتیجە لای ئێمە روونە، کە ئێمە دەمانەوێت کۆبوونەوەکان بەئەنجام بگەن، نەک بە ئەنجام نەگەن و ناشمانەوێ یاری بە کات بکرێ، چونکە مەسەلەی گفتوگۆکردن و پێکەوە هەڵکردن و پێکەوە کارکردن، ستراتیجیی بنەڕەتی کاری ئێمە و برادەرانی یەکێتیشە بۆ مامەڵەکردنمان لەگەڵ برادەرانی ئۆپۆزسیۆن، جگە لەوەش گفتوگۆکان لەسەر مەسەلەیەکی هەستیارن، کە ئەویش کۆدەنگی دروستکردنە لەسەر پرۆسەکانی چاکسازیی لە هەرێمی کوردستان، هەروەها هێنانی برادەرانی ئۆپۆزسیۆنیشە بۆ ناو کرداری پراکتیزەیی جێبەجێکردنی ئەو پرۆسە چاکسازییانەی کە بەشێکی بنەڕەتین لە بەرنامەکانی لیستی کوردستانی و بەشێکی سەرەکیشن لەو پلانەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە رۆژی نەورۆز رای گەیاند. بۆیە ئێمە پێمان وایە بەهاتنی برادەرانی ئۆپۆزسیۆن بۆ سەر مێزی گفتوگۆکردن بەبێ مەرج، ئەمە بۆ خۆی بەرەنجامێکی پۆزەتیڤانەی لێک گەیشتنە لە نێوان هەردوولا، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە من هەمە، رەوتی گفتوگۆکان بە رەوتێکی پۆزەتیڤانە بەڕێوە دەچن و هەردوولاش بە رۆحیەتێکی بەرپرسیارانەتر مامەڵە لەگەڵ گفتوگۆکاندا دەکەن، بۆ ئەوەی بگەنە پاکیجێک کە بتوانین بە نزیکی هەردوو لایەنی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتیش پێکەوە لە چوارچێوەی حکوومەتێکی بنکە فراواندا، ئەو پاکیجە چاکسازییەی کە هەردوولامان بە پشتبەستن لەسەر

گوتاری جەنابی سەرۆک لە رۆژی نەورۆز، هەروەها لەسەر ئەو پڕۆژانەی کە هەندێ خاڵی پۆزەتیڤیش لە بەرنامەکانی برادەرانی ئۆپۆزسیۆندا هەیە، گەڕانەوەش بۆ ئەو خاڵانەی کە ئێمە خۆمان لە لیستی کوردستانیدا هەمانبووە تا بگەینە ئەنجامێکی پۆزەتیڤ.

* ئۆپۆزسیۆن دەڵێ ئەگەر کۆبوونەوەکان نەگەنە بەرەنجامێک، ئەوا پەنا دەبرێتەوە بەر شەقام، ئاخۆ پێتان وایە ئۆپۆزسیۆن بتوانێ جارێ تر خەڵک بێننەوە سەر شەقام؟

– بەر لە هەموو شتێک، پەنابردنە بەر شەقام، ئێمە بەمافێکی دیموکراسییانەی هەر لایەنێکی سیاسی دەزانین، تا ئەو کاتەی لە چوارچێوەی یاسا و رێسا موتەبەعەکانی هەرێمی کوردستاندا بێت، پەنابردنە بەر شەقام چ لایەنی ئۆپۆزسیۆن بێت، چ لایەنی دەسەڵات، مافێکی سروشتییە، بەڵام گرینگ ئەوەیە بزانین ئامانجی ئەو پەنابردنە بەر شەقامە کامەیە، ئەگەر ئامانج بۆ ئەوەیە ببێتە پشتیوانی بۆ پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر ئامانج لەوە بێت بۆ هێنانە ئارای چەند پاکیجێکی زیاتر بێت لە حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر پەنابردنە بەر شەقام بۆ پشتیوانیکردن بێ لە جێبەجێکردنی ئەو خاڵە پۆزەتیڤانەی کە لە پڕۆژە چاکسازییەکانی هەموو لایەنەکاندایە، خاڵێکی سروشتییە ئەگەر لە چوارچێوەی یاسادا بێت. بەڵام پێمان وانییە ئەگەر برادەرانی ئۆپۆزسیۆن بیانەوێ بۆ جێبەجێکردنی هەندێک ئەجێندای تایبەتی سیاسیی خۆیان، بۆ بازدان بەسەر رێوشوێنە یاساییەکانی هەرێمی کوردستان، پەنا بەرنەوە بەر شەقام، ئاکامێکی پۆزەتیڤی پێش هەموو کەسێک بۆ خۆیان لێ بکەوێتەوە، چونکە ئێمە پێمان وایە خەڵکی کوردستان لەوە ماندوو بووە کە لە رێی توندوتیژی و پەنابردنێکی نایاسایی بۆ شەقام، بتوانن بەئامانجی سیاسی بگەن.

* زۆرجار ئۆپۆزسیۆن رەخنەی توند ئاراستەی رێککەوتننامەی ستراتیجی دەکەن، پێیان وایە بەشێک لە کێشەکان و تەنگژەکانی ئەمڕۆ لە کوردستان، پێوەندی بەو رێککەوتننامە ستراتیجییەوە هەیە، بۆچی رێککەوتننامەی ستراتیجی ئەوەندە رەخنەی لەسەرە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە؟

– بەر لەوەی وەڵامی ئەوە بدەمەوە، ئەی ئێمەش هەقە ئەو پرسیارە بکەین: ئێ باشە ئەم کۆبوونەوەیەی سێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن بۆ خۆی جۆرێک نییە لە رێککەوتنی ستراتیجیی لە نێوان هەرسێ لایەنەکەدا، بەجۆرێ کە پێکەوە پاکیجی سیاسی رادەگرن و پێکەوە دێن گفتوگۆ دەکەن!. ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە نەبووە، ئێمە پێمان وایە کە بەر لە هەموو شتێک رێککەوتنی ستراتیجیی نێوان پارتی و یەکێتی نابێ بە پێوەری قازانجی حزبییانەی پارتی و یەکێتی لێک بدرێتەوە، پارتی و یەکێتی دوو هێزی هەرە گەورەی کوردستانن، بەرەنجامی هەڵبژاردن سەلماندوویەتی و شەرعیەتی شۆڕشگێڕیی ئەو دوو لایەنەش سەلماندوویەتی، بۆیە لەگەڵ هەموو رێز و حورمەتم بۆ لایەنەکانی تری سەر گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستان، ئەگەر ناکۆکییەک لە نێوان لایەنەکانی تردا هەبێت، رەنگە زۆر بە زیانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانی خەڵکی کوردستان و کۆی گشتیی گوتاری سیاسیی خەڵکی کوردستان نەکەوێتەوە، بەڵام دەرکەوتووە ئەگەر جۆرێ لە ناکۆکی و جۆرێک لە تێنەگەیشتن لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەبێت، بە قازانجی جموجۆڵی بزووتنەوەی کوردی ناگەڕێتەوە و زیانی پێ دەگەیەنێ، بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەگەر پێوەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان بێت، ئەگەر پێوەر یەکگرتوویی گوتاری سیاسیی هێزەکانی کوردستان بێت بەرامبەر بە مەسەلە چارەنووسسازەکانی خەڵکی کوردستان، رێککەوتنی ستراتیجیی لە قازانجی پێکەوە هەڵکردن و پێکەوە کارکردن بووە. لە قازانجی مامەڵەکردنی کۆی گشتیی کۆمەڵگەی کوردی بووە لەگەڵ ئەو تەوەرە هەستیارانەی کە کورد

لەگەڵ بەغدا هەیەتی، بۆیە برادەرانی ئۆپۆزسیۆن مافی خۆیانە رەخنەیان هەبێت، بەڵام ئێمەش مافی خۆمانە بەرگری لە رێککەوتنێک بکەین، کە بە قازانجی کۆی گشتیی خەڵکی کوردستان شکاوەتەوە، پێمان وانییە ئەم رێککەوتنە بووبێتە هۆی دواکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان، پێمان وایە رێککەوتنەکە بووەتە هۆی بەردەوامییەکی باشتری پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان، ئەم مەسەلەیەش باوە و لە زۆر لە وڵاتانی تریش دەیان نموونە هەن، کە دوو هێزی سیاسی، رێککەوتنی ستراتیجی یان سیاسی لەگەڵ یەک مۆر دەکەن، پێکەوە حکوومەت پێک دێنن و پێکەوە بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکەن.

* بەشێک لە داوای ئۆپۆزسیۆن یان لە سەرەتای خۆپێشاندانەکانەوە گێڕانەوەی ڕەشنووسی دەستووری هەرێم و چەندان پرۆژە یاسای ترە، نموونەی یاسای خۆپێشاندان، زۆرجار باسیش لەوە دەکرێ، کە پارتی زۆر بەتوندی پشتیوانی لە تێپەڕاندنی ئەم پرۆژە یاسایانە کردووە، رێگریشە لەوەی کە دەستکارییەکی جەوهەری لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمدا بکرێت، ئەمە تا چەند راستە، ئاخۆ پارتی لەگەڵ ئەوەیە ئەمانە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ گفتوگۆ؟

– مەسەلەکە پارتی نییە بەتەنیا، چونکە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٩ لە پەرلەمانی کوردستان بەکۆی دەنگی ٩٧ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، هەر نەوەد و حەوت ئەندام پەرلەمانەکەی کوردستان پارتی نەبوون، واتە کە ڕەشنووسێک پێشتر دە هەزار تیراژی لێ بڵاو کرابێتەوە و لەسەر سایتی پەرلەمانی کوردستان دانرابێت، لە رۆژنامە و کۆوارەکان قسەی لەسەر کرابێ، ئەم ڕەشنووسەش دواتر بەکۆی دەنگ و بەدەنگی هەرە زۆرینەی ٩٧ ئەندامی پەرلەمان لە کۆی نزیکەی ١٠٥ ئەندامی پەرلەمان دەرچووبێت و تەنیا ٧ پەرلەمانتار دەنگی پێ

نەدابێ، من پێم وانییە مەسەلەکە پێوەست بێ بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بەڵام لێرەدا پرسیارێکی تر هەیە، مادام تۆ دیموکراسییەتت قبووڵە، دەبێ دیموکراسییەتی زۆرینە و کەمینەشت قبووڵ بێت، برادەرانی ئۆپۆزسیۆن ئەگەر رەخنەیەکیان لە بەندێک لە بەندەکانی ڕەشنووسی دەستوور هەیە، دەتوانن باس لەو رەخنانە بکەن، بەڵام بۆ زانیاریی بەڕێزیشتان ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، برادەرانی یەکگرتوو و برادەرانی کۆمەڵی ئیسلامیش دەنگیان لەسەری داوە، ئەمە یەکێک لە هەڵەکان، دووەم ئێمە پێمان وایە مادام پەرلەمانی کوردستان بەزۆرینەی هەرە زۆری دەنگ، دەنگی بەو ڕەشنووسی دەستوورە داوە، بۆ ئەوەی ئەم دەستوورە بخرێتە ریفراندۆمی بەردەم خەڵکی کوردستان، دەبێ ڕێز لە پەرلەمانی کوردستان بگیرێت، ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ بێت بە تەوافوقی نیشتمانی لەگەڵ ئێمە قسە لەسەر ئەوە بکەین، دوای چەسپاندنی دەستوور، داوای هەموارکردنی هەندێک لەو مادانە بکات، کە ئۆپۆزسیۆن پێی وایە بە قازانجی سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکەوێتەوە، دەکرێ داوای هەموارکردن بکەن، بەڵام ناکرێ داوای گەڕانەوە و هەڵوەشاندنەوەی بکەن.

* دەمەوێت ئەو پرسیارە بکەم، بەڕێز نەوشیروان مستەفا، تەنانەت مامۆستا عەلی باپیر و مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدینیش لە هەموو دیمانەکاندا جەخت لەوە دەکەنەوە، ئەو پرۆژە یاسایانەی کە رەهەندێکی نیشتمانیی هەیە، پێویستە کۆدەنگییەکی سیاسیی لەسەر بێت، ئاخۆ پارتی ئامادەیە ئەو کۆدەنگییە قبووڵ بکات؟

– ئێمە هەموو کات لەگەڵ کۆدەنگی بووین و ستراتیجیەتی ئێمە هەردەم لەگەڵ تەوافوقی سیاسی بووە لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ مەسەلە نیشتمانییەکانیش ئێمە دەستپێشخەر بووین، جەنابی سەرۆکی هەرێم دەستپێشخەر بووە لە دروستکردنی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا،

دەستپێشخەرییەکە دەستپێشخەری جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووە، لە پێکەوە دابەزین بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، بەڵام ئەوە لایەنەکانی تر بوون ئەم کۆدەنگییەیان بەجێ هێشتووە، هیوادارم ئەم پرسیارە لە خۆیان بکەن.. بەڵام لەسەر مەسەلەی یاسای خۆپێشاندان و لایەنەکانی تریش، من نموونەیەکت بۆ باس بکەم، مادام ئێمە دیموکراسییەتمان قبووڵە، کەواتە دەبێت یاساکانی پرۆسەی دیموکراسیشمان قبووڵ بێ، نموونەی حزبی موحافزینی بەریتانیایی و پارتی لیبراڵ دیموکراسییەکانی بەریتانیات بۆ دەهێنمەوە، هەردووکیان رێک کەوتن لەسەر ئەوەی پێکەوە حکوومەت پێک بێنن، بەمەرجێک یاسای هەڵبژاردنی بەریتانیا دوای پێکهێنانی حکوومەت بگەڕێتەوە بۆ ریفراندۆم، ئەمە خاڵی بنەڕەتی بووە بۆیان، حکوومەتیان پێک هێنا و یاساکەیان گەڕاندەوە بۆ ریفراندۆم، لە ریفراندۆم پارتی لیبراڵ دیموکراتەکان دۆڕاندیان، بەڵام مانەوە لە حکوومەتدا، چونکە پێیان وابوو ئەمە پرۆسەیەکی دیموکراسییە بۆ خەڵکی بەریتانیا و ئەوە شەرعیەت بەوە دەدات، ئەم یاسایە بمێنێ یان نا، ئێمەش دیسان دەڵێین لە هەرێمی کوردستاندا راستە دەبێت تەوافوقی نیشتمانی هەبێت، بەڵام تەوافوقی نیشتمانی ناکرێت بەپێوەری ئۆپۆزسیۆن بێت، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن خاڵێکی لە یاساکان بەدڵ نەبوو، بڵێت ئەمە لە دەرەوەی تەوافوقی نیشتمانییە، ئەگەر خاڵێکیشی بەدڵ بوو، بڵێ ئەمە تەوافوقی نیشتمانییە.

* سەرۆکی هەرێم لە ئێستادا، دەستی داوەتە پرۆژەیەکی چاکسازی و زۆر مکووڕە لەسەر ئەوەی دەبێت چاکسازی لە هەرێمی کوردستاندا بکرێت، من دەمەوێ بپرسم ئاخۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش ئامادەیە پشتیوانیی ئەو پرۆژەیەی سەرۆکی هەرێم بکات؟ ئەگەر دەرکەوت سەرکردەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرپرس بوو لە گەندەڵی یان تێوە گلابوو لە گەندەڵی، ئاخۆ سەرۆکایەتیی هەرێم دەتوانێ ئەوانەش بداتە

دادگــه؟ یان ئەوە دیســانەوە پێــوەندیی بە ڕێککەوتننامــەی ستراتیجییەوە دەبێت؟

– ســەرۆکی هەرێم تەنیا ســەرۆکی هەولێر و دهۆک نییە، بگرە ســەرۆکی هەموو هەرێمی کوردستانە و لە هەموو کوردستان ٧٠٪ی دەنگەکانی بەدەست هێناوە، بۆیە شەرعیەتی یاسایی دەبێت، ئەو پرۆسە چاکسازییەی کە جەنابی سەرۆک بارزانی باسی کردووە، مەسەلەیەکی تازە نییە، ئەمە بۆ تێڕوانینی خۆی دەگەڕێتەوە، کە بە دیاریکراوی لە ١٩٩١/٣/٢١ لە کۆیە لە گوتارێکدا باسی دەکا، کە ئەو خوازیاری ئەوەیە لە کوردستان، دیموکراسییەت هەبێ، دەوڵەتی یاسا هەبێت، لە ڕێی هەڵبژاردنەوە شەرعیەت بەدەسەڵاتێک بدرێت نەک شــێــوازێکی دیاریکراو بسەپێنرێت بەســەر خــەڵکدا، ئێــســتــاش بۆ مــامــەڵەکــردن لەگەڵ ئەو دۆخــەی کــە هــەیە، تەنانەت ئەگەر بگەڕێیتــەوە بۆ بەرنامەی سەرۆک بارزانی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکاندا لیستی (٥٤) زۆرێ لەو خاڵانەی تێدایە، کە ئێستا لە بەرنامە چاکسازییەکەدا بانگەشەی بۆ کردووە، بەڵام ئەوەی کە بەدیاریکراوی لە ڕۆژی نەورۆزی ئەمساڵ رای گەیاند، کـۆمــەڵێک بەرنامــەی گــشــتگیـرن، کـۆمــەڵێک بەرنامــەی گـرینگن کــە دوێنێ بەراپۆرتێک ئەنجامی قۆناغی یەکەمی بڵاو کراوەتەوە، ئەم پرۆسەیە بۆ هەموو هەرێمی کوردستانە و تەنیا بۆ هەولێر و دهۆک نییە، لە ڕاپۆرتەکەی دوێنێش بەناوی ســەرۆکی هەرێم بڵاو کـرایەوە، ئامـاژە بەوە دەدات، کـە لێکۆڵینەوە لە کـۆمـەڵێک لەو فـایلانە لە سنووری سلێمـانی و نـاوچەکـانی تریش دەکـرێت. ســەرۆک بارزانی کــە ســەرۆکی هەرێمی کــوردســتــانە بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیجیی پارتی و یەکێتی، پێکەوە کاریان بۆ دەرچوونی جەنابی سەرۆک بارزانی کردووە، لە کاتێکیشدا کە جەنابی سەرۆک بارزانی نزیکەی ١٢٪ی لە دەنگەکانی لە لیستی کوردستانی پارتی و یەکێتی زۆرتر بووە، بۆیە پێمان وانییە برادەرانی یەکێتی پابەند نەبن بەجێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی، هیوادارین هەم بەرپرسانی یەکێتی و هەم بەرپرسانی پارتیش زیاتر لە هەموو لایەنەکانی تر پابەند بن بەجێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازییەوە.

* کاک ئازاد جوندیانی گوتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەڵێت باشـــــترین ڕێگەچارە بۆ دەرچوون لەم تەنگژەیە، بەشـــداریکردنی ئۆپۆزسیـــۆنە لە حکوومـــەتی بنکە فـــراواندا، بەبڕوای شەخسی خۆت، ئۆپۆزسیۆن بەشداری لە حکوومەتێکی بنکە فراواندا دەکات؟

– هیوادارین بیکات.

* ئەگەر ئەم حکوومەتە پێکهات و حکوومەتێکی بنکە فراوان بوو، ئێوە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەن سەرۆکایەتیی حکوومەت جارێکی تر بدەنەوە بە یەکێتی، ئاخۆ قسەیەک لەم بارەوە کراوە؟

– من بۆ ئەوەی بێ پێچوپەنا قسە بکەم و حەز ناکەم شتێکت پێ بڵێم کە پێچوپەنای دیپلۆماسیی تێدا بێت لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا، زۆر بەسەراحەت تاوەکو ئێستا مەسەلەی وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکی حکوومەت، لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە بەجیدی قسەی لەسەر نەکراوە و خاڵێک نەبووە لە خاڵەکانی کۆبوونەوە گرێدراوەکانی ئەم دواییانەی ئێمە، چونکە هێشتا زووە قسە لەو بابەتە بکرێت، بەڵام دیسان دەڵێین بەبرادەرانی ئۆپۆزسیۆن ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو سێ پێشنیازەی کە جەنابی سەرۆک بارزانی هەموو کات خستوویەتە بەردەمیان، یەکەم یا بەشدار بن لە پرۆسەی چاکسازی و بەرنامەیان هەبێ بیدەنە حکوومەتی ئێستای کوردستان، بۆ ئەوەی پرۆسەکان پێکەوە تەوافوقی سیاسییان لەسەر بکرێ و بخرێتە بەرنامەی جێبەجێکردنەوە، دووەم یان بەشێک بن لە حکوومەتی بنکە فراوان بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەی کە هەیە، بەڵام ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بیەوێ لە ڕێی گفتوگۆوە یان لە ڕێی سەپاندنی هەندێک مەرجەوە یان لە ڕێی بەناوی هێنانی پرۆژەی چاکسازییەوە واقیعێکی سیاسی بهێنێتە ئاراوە، کە ئەنجامی

هەڵبـژاردنی مـانگی ۲۰۰۹/۷ نەهێـڵـێـتـەوە و خـۆیان یـەكسـان بكـەنەوە بەو زۆرینەیەی كە پارتی و یەكێتی وەكو لیستی كوردستانی بردوویانەتەوە، ئەوا ئەو واقیعە سیاسییەی ئەوان دەیانەوێ بیهێننە دی، دەبێ لە ڕێی سیپەكانی هەڵبژاردنەوە بێت.

* ئەگەر كۆبوونەوەكان شكستیان هێنا، پارتی و یەكێتی دەڵێن ڕێگەیەک بـۆ چارەسـەركـردنی تەنگژەكـان، گەڕانەوەیە بـۆ خـەڵک، لەو بڕوایەدان ئۆپۆزسیۆن بەشداریی هەڵبژاردن بكاتەوە؟

– ئێمە ئومێد ناكەین كۆبوونەوەكان شكست بهێنێ.

* لە شیمانەی ئەمەدا..

– ئەگەر قسە لەسەر شیمانەكان بێت، كۆمەڵێک سیناریۆی تر هەیە، ئێمە هەردەم ئومێدی ئەوە دەكەین، كە باشترین سیناریۆ بێتە دی، بۆ ئەوەی كە كۆبوونەوەكان بە ئەنجامیان بگەن، بەڵام دیسان دەڵێین ئەگەر كۆبوونەوەكان بەو ئەنجامانە نەگەیشتن كە هەموومان خوازیارین، گەڕانەوە بۆ سیپەی دەنگدانە، ئەو كاتەش گەر ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردن نەترسێت، بێگومان بەشداری دەكات.

* هەڵبـژاردنـی ئەنجـوومـەنی پارێزگـاكـان زۆر لە وادەی خـۆی دواكەوتووە، ئەم بابەتە لەسەر سومعەی هەرێمی كوردستانیش دەكـەوێ و ئۆپۆزسـیـۆنیش زۆر ڕەخنەی جـیـدیی لێ گـرتووە، بەبڕوای تۆ بۆچی هەڵبـژاردنی ئەنجـوومـەنی پارێزگـاكان هێندە دواكەوت؟

– خۆی باشترە ئەو پرسیارە ئاراستەی پەرلەمان و حكوومەتی هەرێمی كوردستان بكرێت، بەڵام ئێمە لە پارتی دیموكراتی كوردستان، هەردەم لەگەڵ

ئەوە بووین، کە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دوانەکەوێت، ئێستاش بڕیارە لە ٢٠١١/٩/١٠ هەڵبژاردنەکان بکرێت، بەڵام بەبڕوای شەخسیی خۆم، رەنگە لەو وادەیە کەمێک دوابکەوێت، چونکە یەکەم هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەکەونە مانگی رەمەزانەوە، دووەم تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگەکان و ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنیش، رەنگە نەتوانن لەو رۆژەدا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەنجام بدەن.

* پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا، زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا لەسەر ئاستی کوردستانی عێراق، لەو بڕوایەدایت لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگەکاندا هەمان دەنگ دووبارە ببێتەوە، لە کاتێکدا لەم ماوەیەدا رەخنەی زۆر لە پارتی گیراوە بەتایبەتی لەسەر کەیسی سەردەشت عوسمان، لەسەر گەندەڵییەکانی کوردستان، لەسەر داوا یاساییەکان لەسەر رۆژنامەنووسان پارتی رەنگە..

– کێ ئەو رەخنەیە دەگرێت؟

* ئۆپۆزسیۆن و میدیا... من دەمەوێت پرسیارەکە بەم شێوەیە بکەم، ئاخۆ پارتی پشت ئەستوورە بەوەی کە دەنگەکان دەهێنێتەوە؟

– ئێمە رێککەوتنێکمان هەیە پێی دەڵێن رێککەوتنی ستراتیجی لەگەڵ برادەرانی یەکێتی، ئێمە تا ئەم ساتەش پابەندین بەو رێککەوتنە ستراتیجییە، بەڵام بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن و دابەزین لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگەکان ئاخۆ بەلیستێکی جیاواز بین یان بەلیستێکی کراوە بێت وەکو ئەوەی پەرلەمانی عێراق، کە دەنگ بە پاڵێوراوانی لایەنەکانی تر درا، بەڵام لەناو لیستەکەشدا دەنگ بە پاڵێوراوەکان بدرێت، ئەمە تا ئێستا قسەی لەسەر

نەکـراوە، بـەڵام ئێـمـە پێـمـان وایە بەپێـچـەوانـەوە پارتی دەرکـەوت کـە جـەمـاوەرەکـەی بەهێـزترە و دەریشکەوت لە بەردەم پەلامـارێکی ناشـیـرین و نەشـیـاوین، کـە لە هـەندێک لایەنـی ئۆپۆزسـیـۆنەوە بووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا جـەمـاوەری پارتی، وەک خـۆیەتی و هـەمـان ئەو جـەمـاوەرەیە و رەنگە زیاتریش بێت، چونکە ئێـمـە هەندێک داتامـان لە بـەردەسـتـدایە کـە هەندێک ڕاپرسین، کۆمـەڵێک ڕێکخـراوی گـەورەی ناوداری نێودەوڵەتی ئەنجامـیـان داوە لەسـەر ئاستی جەماوەرێتیی لایەنەکان تا ئەم چرکەیەش کە قسەتان بۆ دەکەم، پارتی دیموکراتی کوردستان، گەورەترین هێزی سیاسیی کوردستانە.

* سـەرکـەوتنی پارتی لە هەڵبـژاردنەکـانی پەرلەمـانی عـێـراقـدا هۆکار بووە بۆ ئەوەی پارتی لە سلێمانی هێرشی بکرێتە سەر؟ ئاخۆ ئێوە دەیبەستنەوە بەوەوە؟

– هـیـوادارین وا نـەبووبێت، بەڵام من بـە ڕای شـەخـسـیـی خـۆم لـە هەڵسـەنگاندنی هـۆکـارەکـانی پەلامـاردانی پارتیـدا، یەکـەم پارتی باجی گەورەیی قەوارەی خۆی دەدات، پارتی باجی ئەوە دەدات لە کۆنگرەی سێزدە بە گوڕ و تینێکی تازەوە هاتووەتەوە مەیدان، پارتی باجی ئەوە دەدات، کە لە کۆنگرەی سێزدەدا مافی چارەی خۆنووسینی بۆ خەڵکی کوردستان کردووەتە دروشم و کار، پارتی باجی ئەوە دەدات، کە لە پەرلەمـانی عێراقـدا ئێـستـا گەورەترین هێزی سیاسیی عێراقە، بۆ زانیاریی بەڕێزتان پارتی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا خاوەنی ٣١ کـورسـیـیـە، لە کـاتێکدا حـزبی دەعـوەی مـالیکی لەناو دەوڵەتی یاسـادا خـاوەنی ٢٩ کـورسـیـیـە، بزووتنەوەی ویفـاقی عـێراقی لەناو ئیـئـتـیـلافی ئەلعێراقیەدا خاوەنی ٢٧ کورسییە، پارتی ئێستا وەک حزب گەورەترین حزبی سیاسییە لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا، بەڵام ئەم گەورەییە بەو مانایە نییە کە ئێمە واز لە کاری گەشەسەندنی زیاتر بە پارتی بهێنین.

* تۆ دەتەوێ بڵێیت ئەو هێرشانە بۆ ڕێگرتنە لە گەشەی پارتی؟

– ئێمە وای دەبینین کە پەلاماردانی پارتی بۆ وەستاندنی گەشەی پارتی بووە، بۆ وەستاندنی گەورەبوونی پارتی بووە، بەڵام پارتی قۆناغی زۆر لەوە خراپتریشی تێ پەڕاندووە، کە هێزێک بیەوێت لە ڕێی توندوتیژییەوە ڕێگری لە گەشەسەندنی پارتی بکات. پێم وایە بچێت لاپەڕەکانی مێژووی بەعس و مێژووی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بخوێنێتەوە، مێژووی ململانێکانی پارتی بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بەو هەڵەیەدا نەچێت کە لە ڕێی توندوتیژییەوە پارتی لەناو ناچێت، لە گەشەش ناوەستێت.

* دوای ئەو پەلامارانەی کرایە سەر لقی چوار، پێوەندییەکانتان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن وەک پارتی وەک پێشووتر ئاسایی دەبێتەوە؟

– ئێمە هەردەم خوازیاری ئەوە بووین پێوەندییەکانمان ئیجابی بێت و هیچ وەختێکیش دەستپێشخەر نەبووین لەوەی پێوەندییەکانمان ئیجابی نەبێت، ئێستاش دەرگەکانی ئێمە کراوەن بۆ ئەوەی پێوەندیی ئیجابیمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان هەبێت.

* هێزەکانی ئەمەریکا بڕیارە پاشەکشە لە عێراق بکەن، چاودێرانی سیاسی چ لە ناوەخۆ و چ لە ئاستی نێودەوڵەتی و چ لە ئاستی هەرێمایەتیش باس لەوە دەکەن، کەرکووک یەکێکە لە تەوەری کێشەکانی عێراق لە داهاتوودا، ئاخۆ کورد چ پلانێکی هەیە بۆ کەرکووک دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا؟

– جارێ پرسیار لەسەر ئەوەیە، ئاخۆ هێزەکانی ئەمەریکا دەکشێنەوە یان نا، ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان پێمان وایە، وەکو سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانیش، هێشتا عێراق لە رووی هێزی سەربازییەوە خاوەنی ئەو هێزە

نییە، بتوانێ سەروەریی ئاسمانیی عێراق بپارێزێ، هێزی دەریاییی عێراق لەو ئاستەدا نییە بتوانێ سنووورە ئاوییەکانی عێراق بپارێزێ، هێزی زەوینیی عێراقیش لەو ئاستەدا نییە بتوانێت سنوورەکانی عێراق لە بەردەم هەڕەشەی وڵاتانی دراوسێ بپارێزێ، هێشتا هێزی سەربازیی عێراقیش لە رووی چەک، لە رووی مەشق، لە رووی بیروباوەڕ و لە رووی لایەنگیری بۆ ئەو عێراقە فیدراڵییە دیموکراسییە دەستوورییەی کە ئێمە خوازیارین، پێمان وانییە ئەم هێزانەی ئێستای عێراق لەو ئاستانەدا بن، بۆیە پێمان وایە مانەوەی بەشێکی دیاریکراو لە هێزەکانی ئەمەریکا بەقازانجی ئەمنیەتی ئێراق دەبێت، بەقازانجی پاراستنی سیستەمی سیاسیی ئێستای عێراق دەبێت، بەقازانجی ئەوە دەبێت کە عێراق نەگەڕێتەوە بۆ دۆخی شەڕی ناوەخۆ، یان نەگەڕێتەوە بۆ دۆخی پەلاماردانی وڵاتانی هەرێمی، بۆیە ئێستا ئێمە ئیشی گەورە لەسەر ئەوە دەکەین، پێکەوە لەگەڵ لایەنەکانی تری هاوڕاشمان لە عێراق، کە هێزەکانی ئەمەریکا وەک بەشێکی پێویست بۆ پڕچەککردنی سوپای عێراقی و بۆ پاراستنی بالانسی سیاسی لە عێراق بمێننەوە. بێگومان ئێمە مەسەلەی کەرکووک، مەسەلەیەکی ستراتیجییە سەبارەت بەخەڵکی کوردستان نەک مەسەلەیەکی تاکتیکی بێت. هەروەها ئێمە هەموو کات خوازیاری ئەوە بووین، ئەوەی کە بە هێز لە ئێمە لە کەرکووک سەندراوەتەوە، لە رێی رێگەچارەی یاسایی و دەستوورییو تەوافوقی سیاسییەوە بەدەستی بهێنینەوە. ئێستاش ئێمە لەسەر ئەم پلانەی خۆمان سوورین و مادەی ١٤٠ ئەو پێوەرەیە کە ئێمە مامەڵەی پێ دەکەین لەگەڵ مەسەلەی کەرکووکدا. هەر هێز و لایەنێکی تریش بیەوێ لە دەرەوەی مادەی ١٤٠ واقیعێک بەسەر کەرکووکدا بسەپێنێت، ئەو کات خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتی ئێمەش دەستەوسان نابێت، پێشم وایە ئەو پلانانەی لە رۆژی ٢/٢٤ لە حەویجەوە ویسترا لەسەر کەرکووک جێبەجێ بکرێت و وەڵامی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و خەڵکی کوردستان بەناردنی پێشمەرگە و بەرگریکردن لە کەرکووک، باشترین ئاماژەیە بەوەی کە ئێمە ئەگەر هێزێک یان لایەنێک یان کەسێک بیەوێت لە

دەرەوەی دەستووری عێراقی، لە دەرەوەی مادەی ١٤٠ واقیعێک بەسەر کەرکووکدا بسەپێنێ، ئێمەش وەڵامی خۆمان پێیە.

* ئۆپۆزسیۆن هەموو کات ئەو رەخنەیە دەگرێ، دەڵێت یەکێتی و پارتی لە ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا، ئامادە نین هێزەکانی تر بەشداری پێ بکەن لە بڕیاری سیاسیدا، لە ئاستی کەرکووکیشدا نەتەوەکانی تریان پەراوێز خستووە، بەردەوام هێرش دەکەنە سەر تورکمان و عەرەبەکان و ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر نێگەتیڤی کردووە لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠، ئەو سیاسەتەش بەقازانجی کورد نەکەوتووەتەوە، من پرسیارەکەم ئەوەیە کورد چ پلانێکی هەیە بۆ نزیککردنەوەی نەتەوەکانی تر بەتایبەتی تورکمانەکان؟

– پێدانی پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک بەلایەنی تورکمانی یەکێکە لەو بەرنامانەی، کە خەڵکی کوردستان هەیبووە بەوەی کە ئێمە نامانەوێت لە کەرکووک بالادەستیی نەتەوەی کورد بکەینە پێوەرێک بۆ ئەوەی کە بمانەوێت دیکتاتۆریەتێکی نەتەوەیی لە کەرکووکدا بێت، ئێمە لەگەڵ پێکەوەژیانین لە کەرکووکدا، من لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ برادەرانی ئۆپۆزسیۆن بەڵام ئەوان دەبێ دوا کەس بن قسە لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان بکەن، چونکە تا ئێستا برادەرانی ئۆپۆزسیۆن نەیانتوانیوە رێگەچارەیەک لە رێگەچارەکانی پارتی و یەکێتی باشتر بۆ مەسەلەی کەرکووک بخەنە روو، دەنگەکانی ئۆپۆزسیۆنیش لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئێراق لە کەرکووک روون و ئاشکران، بەوەی کە زۆرینەی خەڵکی کەرکووک لەگەڵ لیستی هاوپەیمانیی کوردستانن، لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا بووە نەک لەگەڵ لایەنی ئۆپۆزسیۆن، ئەگەر برادەرانی ئۆپۆزسیۆن چارەسەرێکی باشتریان لە مادەی ١٤٠ پێیە، یان چارەسەرێکی باشتریان لەوەی تاوەکو ئێستا پارتی و یەکێتی کردوویانە، مەمنوونیان دەبین بیخەنە روو.

* بەردەوام وڵاتە هەرێمایەتییەکان رۆڵیان هەبووە لە رووداوە سیاسییەکانی کوردستاندا، ئاخۆ لە مەسەلەی خۆپێشاندانەکاندا وڵاتانی هەرێمایەتی هیچ کاریگەرییەکیان هەبووە، کاریگەری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ؟

– بەبێ ناوهێنان رووداوەکانی ئەم دواییەی ناو سلێمانی بەدەر نەبوون لە کاریگەری راستەوخۆی هەندێ وڵاتی هەرێمی.

* ئێوە رۆڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانتان چۆن بینی لە کاتی رووداوەکانی ١٧ی شوبات، ئاخۆ یەکێتی وەکو پێویست توانی باڵانسەکە رابگرێت، ئاخۆ بۆچی یەکە ئیدارییەکانی سلێمانی نەیانتوانی رێگری بکەن لەو هێرشانەی کە کرایە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان؟

– ئێمە ئەم بابەتەمان چەندان جار روون کردووەتەوە، رۆژی ١٧ی شوبات کە پەلاماری بارەگای لقی چوار درا، بەیاننامەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەرچووە و لە بەیاننامەکەدا بە روونی ئێمە گلەییمان لە هەندێ لە دامەزراوە ئەمنییەکانی ناو سلێمانی هەبووە، وەکو دامەزراوەی ئەمنی و حکومەتی نەک لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەکو حزب، بەڵام لە چەند رۆژی دوای ١٧ی شوبات ئێمە هەڵوێستی برادەرانی یەکێتی و دامەزراوە ئەمنییەکانی سلێمانیمان بەرز نرخاند و سوپاسیشمان کردن.

* داواکاریی هەنووکەیی ئۆپۆزسیۆن و تەنانەت ئەوانەی پێیان دەگوترێ شەقام، ئەوەیە کە تەقەکەرەکان دەستگیر بکرێن، ئاخۆ پارتی دیموکراتی کوردستان تا ئێستا لەم بارەیەوە خاوەنی هەمان هەڵوێستی پێشووی خۆیەتی؟

– ئێمە داواکاریی شەقام، داواکاریی ڕای گشتی لە داواکاریی ئۆپۆزسیۆن جیا دەکەینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە مەسەلەی لەدادگەدای و یاسایین، ئۆپۆزسیۆن نابێت خۆی بکات بە وەکیلی دادگە و پارتی و یەکێتیش نابێت خۆیان بکەنە وەکیلی دادگە، لە هەرێمی کوردستاندا دادگە هەن و دەبێت دادگەکان بڕیار بدەن، جگە لەوەش مەسەلەی ئەوانەشی کە هاندانی خۆپێشاندانەکانیان کردووە، ئەوانەشی کە پلانیان بۆ ئەوە داناوە پەلاماری بارەگای لقی چوار بدرێ، دەبێت بدرێنە دادگە و دەبێ ئەوانیش بەرەو دادگە بچن، ئێمە بۆ ئەمە هیچ لێدوانێکمان نییە، جگە لەوەی کە پابەندین بە بڕیارە حەڤدە خاڵییەکەی پەرلەمانی کوردستان، یەکێک لە خاڵەکانی بڕیارە حەڤدە خاڵییەکەی پەرلەمانی کوردستان، دروستکردنی لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بووە، ئەم لێژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونە دروست کراوە و بەسەرپەرشتیی دادوەرێکی بەڕێزی دادگەی تەمیزی هەرێمی کوردستان هاتووەتە سلێمانی و ئیفادەی لە هەموو برادەران وەرگرتووە بەبرادەرانی لقی چواریشەوە، تەنیا ئەو لایەنانەی کە ڕێکخەری خۆپێشاندانەکان بوون، ئامادە نەبوون ئیفادە بدەنە ئەو لێژنەیە، ئێمە دیسان دەڵێین لە هەرێمی کوردستاندا ئێمە یەکەم کەس بووین وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٧ی شوبات داوای لێژنەیەکی یاساییمان کردووە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەوانە بکات کە چۆن هان دراون، چۆن هێنراونەتە سەر لقی چوار، ئێستاش ئێمە پابەندین بەبڕیاری دادگە لە هەرێمی کوردستان.

* کاک هێمن زۆر زۆر سوپاس.

– سەرچاو، زۆر بەخێربێن.

# میدیا
# ڕووی ڕاستەقینەی پەیامەکان

## له رووداوەكانی ئەم دواییەی كوردستان میدیایەك دەرنەكەوت له نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدا، سەنگەری خەڵك بگرێ و واقیع وەك خۆی بگوازێتەوە

بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگەی تەكنیكیی هەولێر، له ڕۆژی ٢٠١١/٥/١٠ هەستا بەسازدانی كۆڕێك بۆ (هێمن هەورامی) لەژێر ناوی (بارودۆخی هەرێمی كوردستان و ڕۆڵی ڕاگەیاندن له هێوركردنەوە)، كه تێیدا ڕۆشناییی خستە سەر كۆمەڵێك بابەتی گرینگی پێوەست بە ڕاگەیاندن و ڕاستكردنەوەی ڕۆڵی میدیاكان له دۆخێكی بارگرژاویدا:

پێش ئەوەی بچمە سەر كاریگەری هۆیەكانی ڕاگەیاندن بۆ هێوركردنەوەی دۆخەكە، پێم باشە ئاماژەیێ بە دۆخی سیاسیی ئێستای هەرێمی كوردستان بدەم، بۆ ئەوەی باشتر لەو بارە سیاسییەی ئێستای هەرێم تێ بگەین، دەبێ پشكنینێ بۆ ئەو واقیعە بكەین، كه ئێستا كۆمەڵگە و نەتەوەی كوردی تێدا دەژی، بەدەر لە تەپوتۆزی ئایدیۆلۆجیی ئەم لایەن و ئەو لایەن، دەبێ وردبوونەوەیەكی واقیعییانەی زانستییانە بۆ قۆناغی سیاسیی ئێستای هەرێمی كوردستان بكەین، چەندێ زانستیانەتر لەو قۆناغە سیاسییە تێ بگەین، دواجار لە كۆی كێشە و بەرەنجامی گرفتەكانی ئەم قۆناغەش باشتر حاڵی دەبین.

قۆناغی سیاسیی ئێستای هەرێمی كوردستان، درێژكراوەی دەورانی پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، واتە قۆناغێكە پێی دەگوترێ " قۆناغی گواستنەوە" یان ڕاگوزەر، قۆناغێكە لە ڕووی دیموكراسییەوە هێشتا بەتەواوەتی

نەگەیشتووینەتە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی، هەرچەندە کۆمەڵگەی تەواو دیموکراسی بەشێوەیەکی رەها لە هیچ شوێنێکی دنیادا بوونی نییە، چونکە دیموکراسییەت بۆ خۆی پرۆسەیە و مەسەلەیەکی رێژەییە. لە ساڵی ١٩٩١ کۆتاییمان بە قۆناغی سیستەمێکی ئۆتۆکراسی و دیکتاتۆرانە هێنا، بۆیە ئێستا لە قۆناغێکداین کە بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی دەچین، واتە ئێمە هێشتا بەو قۆناغە نەگەیشتووین کە کۆمەڵگەی کوردی خۆی لەنێو سیستەمێکی دیموکراسیدا ببینێتەوە، بگرە لە دۆخی گواستنەوەداین لە سیستەمێکی دیکتاتۆری ئۆتۆکراسییەوە بۆ دیموکراسی. لێرەوە دەکرێ سیماکانی قۆناغی گواستنەوە وەڕوو بخەین:

١- دامەزراندنی دامەزراوەی دەستووری لە وڵاتدا:

تا ئێستا لە دامەزراندنی دامەزراوە دەستوورییەکانی خۆمان یەکلایی نەبووینەتەوە.

٢- بوونی دەستوورێک بۆ وڵات:

تا ئێستا هەرێمی کوردستان دەستووری نییە.

٣- ناشەخسیکردنی کایەی سیاسی و ململانێی سیاسی لەنێو ئەو کۆمەڵگە و واقیعەی مرۆڤەکان سیاسەتی تێدا دەکەن:

بەداخەوە تا ئێستاش بەشێ لەو دۆخەی لە چەند مانگی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان بینیمان، بەجۆرێ لە جۆرەکان بەشەخسیکردنی کایەی ململانێی سیاسی بوو.

٤- بەشداریکردنی دیموکراسییانەی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لە پرۆسەی سیاسی و لە گوزارشتی سیاسیی خۆیان و هێنانە ئارای دادوەریی کۆمەڵایەتی.

٥- بڵاوکردنەوەی کولتووری لێبووردەیی و یەکتری قبووڵکردن و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکانی یەکتری:

ئەم سیمایە لە سیستەمێکی دیموکراسیدا بەئاشتییانە ململانێ دەکات، بەداخەوە ئێمە تا ئێستا پێی نەگەیشتووین، بینیمان لە رەوتی ئەو توندوتیژییانەی لە چەند مانگی ڕابردوو، هەرێمی کوردستانی تەنییەوە، لە رێگەی ململانێ بەشەخسیکراوەکانەوە، هەموو ئەوانە بەرهەمی ئەوەیە کە هێشتا کولتووری لێبووردەیی لە کایەی سیاسیی ئێمە لاوازە، یەکتری سڕینەوە هێشتا لەنێو ئێمەدا پێگەی لەق نەبووە.

لەسەر ئاستی نەتەوەیی هێشتا لە قۆناغی رزگاریی نیشتمانیداین، ئەو ئەرکانەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بەهەموو چین و توێژەکانیەوە، بەسەرجەم پێکهاتە و ئایدیۆلۆجییەکانیەوە، لە ئەستۆیانە هێشتا بە تەواوی نەهاتوونەتە دی. نموونەیەک باس دەکەم کە لە زۆر شوێنی تریش باسم کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی بایەخدارە دووبارەی دەکەمەوە: یەکێ لە ئەرکە گرینگەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان، مەسەلەی رزگارکردنی خاکی هەرێمی کوردستانە لە ژێردەستەیی و داگیرکاری. ئاخۆ دەزانن تا ئێستاش ٥١٪ی خاکی کوردستان لەژێر دەستی بەعەرەبکردن و داگیرکاریی خەڵکی غەیرە کوردایە، ئاخۆ دەزانن لەو پەنجاویەک لەسەدە تەنیا ٣ یان ٤٪ێکی توانراوە بگەڕێنرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، وەک مەخموور و شەنگال و هەندێ شوێنی تر. واتە نزیکەی ٤٧٪ی خاکی سنووری هەرێمی کوردستان هێشتا لەژێر دەستی خۆماندا نییە و نەگەڕێنراوەتەوە، کە ئەمە دەکاتە نزیکەی ٤٣ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە، ئەم ڕووبەرە چوار ئەوەندەی ڕووبەری وڵاتێکی وەک لبنانە. جگە لە مەسەلەی خاک، یەکێکە لە ئەرکە گرینگەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان، شوناسی نەتەوەییە. هێشتا شوناسی کوردیبوونی کورد وەک نەتەوەیەک لە عێراقدا، گرەنتیی مانەوە و پاراستنی نییە، راستە هەندێ مافی دەستووریی چەسپێنراومان لەنێو دەستووری عێراق هەیە، بەڵام پێکەوەژیان لە عێراق و قبووڵکردنی شەراکەتی کورد وەک نەتەوەی دووەم لەم وڵاتەدا، هێشتا زامنی جێبەجێکردنیان بەڕادەیەکی ئەوتۆ نییە. لەبەرئەوەی ئێمە هێشتا لە قۆناغی

گواستنەوەداین بەرەو دیموکراسییەت، نەمانتوانیوە پێوەندیی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، بکەینە پێوەندییەکی تەندروست و بەشێوەیەکی دروست بنیاتی بنێین. مەسەلەی ئەوەی کێ خەتابارە و کێ بێ گوناهە، ئەوە ئەرکی من نییە لێرەدا دەستی بخەمە سەر، بەڵام بەگشتی هێشتا ئەو پێوەندییە ڕێچکەی دروستی خۆی نەدۆزیوەتەوە، رەنگە ئەگەر بەشێوەیەکی ئەکادیمییانە قسەی لەسەر بکەین، دەشێ هەندێکی بگەڕێتەوە بۆ پشوودرێژنەبوونی برادەرانی ئۆپۆزسیۆن لە چاوەڕێکردنی گەمە دیموکراسییەکەدا، مخابن لە دوو مانگی ڕابردوودا تێبینیی ئەوەمان لە کاری ئۆپۆزسیۆندا کرد، کە وێناکردنێ لە خەیاڵدانیاندا هەیە، بەوەی گەر لە ڕێی گەڕانەوە بۆ سیپەکانی دەنگدان، نەیانتوانی سەرکەوتن مسۆگەر بکەن، ئەوە ڕووبەڕووی دۆڕانێکی رەها دەبنەوە و هەتاهەتایە ئەم دۆڕانە وەک خۆی دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا ئەم وێناکردنە وا نییە، لە پرۆسەی دیموکراسیدا نە دۆڕاوی رەها هەیە و نە براوەی رەهاش، هاوکات ئەوەش وا نییە کە بڵێیت ئێستا پارتەکانی دەسەڵات براوەی رەهان و ئەوانی ئۆپۆزسیۆنیش دۆڕاوی رەهان، ئیدی پێکەوە ئەم دووانە هەڵناکەن، نەخێر ئەم مەسەلەیە بەوجۆرە نییە، لە هەر پرۆسەیەکی تەندروستیی دیموکراسیدا، تەنیا خەڵک براوەی رەهایە، چونکە هەم دەسەڵات و هەم ئۆپۆزسیۆنیش بردنەوە و دۆڕاندنیان ڕێژەییە.

لەم قۆناغی گواستنەوەیەدا وەک (پاولۆ کۆیللۆ) دەبێژێ " کە ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ دواوە، کەواتە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە چۆن بەباشترین شێوە بەرەو پێشەوە بچین" ئێمەش کۆکین لەسەر ئەوەی نابێ کۆمەڵگەی کوردی، بۆ دواوە بگەڕێتەوە، بگرە دەبێ هەموو کات بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن بەباشترین شێوە بەرەو پێشەوە بچێ. کەواتە چۆن بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێین؟ ئاخۆ ئێستا لە هەرێمی کوردستان توانیومانە ئازادییەک فەراهەم بکەین، بۆ ئەوەی هەموو لایەک ئازادانە گوزارشت لە بیر و بۆچوونی خۆیان و گەیاندنی زانیارییەکان و رەخنەکانیان بکەن یان نا؟

وابزانم هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین، کە لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە

کۆمەڵگەی کوردی چووەتە نێو پرۆسەی گواستنەوە بەرەو دیموکراسییەت، توانیویشیەتی ئازادی وەک یەکێ لە بەها هەرە گرینگەکانی دیموکراسییەت لە کۆمەڵگەکەیدا بچەسپێنێ. کەواتە ئێستا گەر تێبینیی ململانێی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بکەین، گرفت و قسەکان لەسەر "ئازادی" نییە، بگرە قسە لەسەر ئەوەیە، گەر رەخنەیەک هەبێت، ئەم ئازادییە چۆن بەکار دەهێنرێ، یان ئۆپۆزسیۆن چۆن لێکدانەوە بۆ مامەڵەی دەسەڵات لەگەڵ چەمکی ئازادیدا دەکات. ئەلبێرت کامۆ گوتەیەکی جوانی هەیە، رەنگە ئەم قسەیە بۆ برایانی ڕاگەیاندن باشتر بێ کە دەڵێ "ڕاگەیاندنی ئازاد دەشێ یان باش یاخۆ خراپ بێ، بەڵام ڕاگەیاندن بەبێ ئازادی هەردەم خراپە" کەواتە لەم سۆنگەیەوە ئێستا ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە نییە، کوردستان ئازادیی بۆ ڕاگەیاندن فەراهەم نەکردووە، بگرە قسەکە لەسەر ئەوەیە، ئەم ڕاگەیاندنەی کە لە سایەی ئازادیدا هەمانە، باشە یان خراپ؟

بۆ ئەوەی لەم هاوکێشە پرسیارئامێزە تێ بگەین، پێویستم بەهەندێ کەرەستەی تیۆری هەیە تا لەسەر ئەو ڕا و بۆچوونە سیاسییە فۆرمۆڵەی بکەم، کە ئاڕاستەی ڕاگەیاندن دەستنیشان دەکات و پێمان دەڵێ دەبێ ڕاگەیاندن چۆن بێ بۆ ئەوەی دۆخەکە هێور بکاتەوە؟

مەسەلەیەک هەیە پێی دەڵێن فێربوون بەئەنجامدانی ئیشێک (LEARNING BY DOING)، بەڕاستی من لە رووی ئەکادیمییەوە ڕاگەیاندنم نەخوێندووە، بگرە بەپێی ئەو ئەزموونەی پێشتر لە کاری میدیاییدا هەمبووە و ئێستاش لە کاری سیاسی و مامەڵەکردنمان لەگەڵ میدیاکان پێی گەیشتووم قسە دەکەم. بەگشتی ڕاگەیاندن دوو ڕەهەندی هەیە: ڕەهەندێک گەیاندنە، ئەوی تریشیان کاریگەرییە پاش گەیاندنی گەیەنراوەکە، واتە چی کردووە و کاری ئەو شتەی کە گەیەنراوە کامەیە. کاری ڕاگەیاندن بەپێی هەندێ تیۆری مۆدێرن، سێ بابەتە یاخۆ سێ کاریگەرییە:

١- کاریگەریی مەعریفی (COGNITIVE EFFECT)

واتە ئەم هۆی راگەیاندنە لە رووی مەعریفییەوە چ گەیاندن و کاریگەرییەکی لە وەرگردا دروست کردووە.

٢- کاریگەریی کارلێکراو (EFFECTIVE EFFECT):

هۆیەکانی ڕاگەیاندن چ کاریگەرییەک بەسەر وەرگرەوە جێ دەهێڵن لە رووی سۆزداری و دروستکردنی رای گشتی.

٣- کاریگەریی ئاکاری (BEHAVIRIAL EFFECT):

دوای ئەوەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن کاریگەریی مەعریفیی دانا، ئەوجا سۆز و بیرکردنەوەی وەرگر دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە و رایەکی لا دروست دەبێ، لە دواجاردا ئەم بیرکردنەوە بارگاوییانە بەهۆیەکانی ڕاگەیاندن، ئاکار و هەڵسوکەوتێکی تر بە وەرگر دەدەن.

لەم گۆشەنیگایەوە مەسەلەیەک دێتە کایەوە کە پێی دەڵێن (ڕاگەیاندن و پێوەندیی جەماوەری)، گەر ئەمانەی باسمان کرد لەسەر پرۆسەی ڕاگەیاندنی خۆمان لە چەند مانگی ڕابردوودا فۆرمۆڵە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ ڕاگەیاندنەکانمان تا ڕادەیەک کەمتەرخەم بوون لە مەسەلەی گەیاندنی مەعریفە و دروستکردنی ڕا و بۆچوون و گۆڕینی ئاکاری مرۆڤەکان.

مۆدێرینترین تیۆری میدیایی بۆ پێوەندیی جەماوەری، تیۆرەکەی (هارۆڵد لاسویل)ـە، ئەو لەو بارەوە ڕستەیەکی زۆر کورتی هەیە، کە بووەتە کلیلێکی گرینگ لە تێگەیشتن بۆ تیۆری ڕاگەیاندن و پێوەندی بە جەماوەرەوە، کلیلەکەی چوار دەربڕینە:

یەک: کێ دەیڵێ؟

دوو: چی دەڵێ؟

سێ: بۆ کێی دەڵێ؟

چوار: بۆچی دەیڵێ؟

گەر ئەمانە لەسەر بارودۆخی میدیاییی خۆمان فۆرمۆڵە بکەین، دەبێ بپرسین کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئێمە کامانەن و کێن؟ چی دەڵێن؟ واتە ئەو پەیامەی لە کەناڵی ڕاگەیاندنەوە دەگەیەنرێ، ئەو مامەڵەکردنە لەگەڵ هەواڵدا، ئەو پەیامەی کە کەسانی پشت کەناڵەکە دەیانەوێ بیگەیەنن کێن؟ دواتر بۆ کێی دەڵێن؟ خۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی وڵاتی ئێمە، تەنیا قسە لەگەڵ لایەنگری خۆیاندا ناکەن، لەگەڵ ئەو هێزە سیاسییە ناکەونە گۆ، کە لە پشتی کەناڵە ڕاگەیاندنەکەوەیە، بگرە خەڵکێکی زۆرتر هەیە کە قسەکانیان دەبیستن و گوێیان لێ دەگرن، کەواتە بەرپرسیارێتییەکی زیاتر دەکەوێتە ئەستۆیان، گەر بیانەوێ پەیامەکەیان قسە بۆ پانتاییەکی زیاتر بکات. دوا پرسیاریش ئەوەیە کە بۆچی ئەو شتانە دەڵێن؟ واتە ئامانج لە گەیاندنی ئەو پەیامانە چین.

دوای باسکردنی ئەوانە، من ئێستا کارم بەتیۆرێکی تریش هەیە، پێی دەڵێن تیۆری دیاریکردنی بەراییەکان بۆ کەسی وەرگر، کە دۆزەرەوەکەی (ماکسویل ماکۆمس)ـە. لەم تیۆرەدا ڕیزبەندی بۆ وەرگر دروست دەکرێ، چونکە ئەرکی ڕاگەیاندن هۆشیارکردنەوەی جەماوەرە بەرامبەر بەو شتانەی پێوەندیی بەوەوە هەیە، هاوکات یارمەتیی جەماوەریش دەدات بۆ ئاگەدارییەکی زیاتر لەو شتانەی لە دەوروبەریدا هەن. ڕەنگە کەناڵەکانی ئێمە لەوەی کە چ شتێ بۆ خەڵک گرینگە و لە پێشترە بۆ ئەوەی بیزانێ، کورتمان هێنابێ. جگە لەمەش میدیا بۆ خۆی بەرهەمهێنەری گوتارە، گوتاریش دەبێ ئەقڵانی بێ، گەر میدیایەک بەرهەمهێنی گوتارێکی ئەقڵانی نەبێ، ناتوانێ پەیامەکەی خۆی بگەیەنێ. دوو شتیش دەبنە هۆی سەرکەوتنی ئەوەی میدیا گوتارەکەی ئەقڵانی بێت: یەکەم ئیش لەسەر ئەقڵ بکات نەک میزاج، دووەمیش گوتارەکە بۆ ئەقڵی جەماوەر بێ نەک بۆ میزاج و سۆزی خەڵک، بەڵام ئەوەی ئێمە لە چەند مانگی ڕابردوودا بینیمان، میدیاکان زیاتر دواندنیان لەگەڵ میزاجی خەڵکدا بوو نەک ئەقڵی.

میدیا لە کوردستان کێن؟

میدیا لە کوردستان لە دوو حاڵەت بەدەر نییە، ئەمە ڕای تایبەتی خۆمە، یان میدیای لایەنەکانی دەسەڵاتە، یان میدیای ئۆپۆزسیۆنە، میدیای سێیەم لە کوردستان بە تەحەداوە دەڵێم بوونی نییە، ڕەنگە میدیاکاری ئازاد هەبێت سەر بە ئۆپۆزسیۆن بێت یان دەسەڵات، لەناو کەناڵێکیاندا کار بکات، بەڵام من قسەم لەسەر سیاسەتی میدیایی ئەو کەناڵانەیە کە پێیان دەگوترێ "کەناڵی میدیایی" لە کوردستاندا دەرکەوت شتێ نییە پێی بگوترێ میدیای سێیەم، کە میدیایەک بێ لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا، گوزارشت لە فاکتێک بکات، کە خەڵک پێویستی پێیەتی. میدیایەک دەرنەکەوت لە چەند مانگی ڕابردوودا، لە نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدا، سەنگەری هیچ کامێکیان نەگرێ، بگرە سەنگەری خەڵک بگرێ بۆ ئەوەی زانیارییەکانی پێ بگەیەنێ، ڕەنگە هەندێ بڵێت میدیای دەسەڵات هەیە، میدیای سێبەری دەسەڵات، میدیای ئۆپۆزسیۆن، ئەهلی، بەڵام مخابن ئەوەی لە چەند مانگی ڕابردوو بینیمان لەو دووانە بەدەر نەبوون. هەردوو میدیاکەش تا ڕادەیەکی زۆر بە ڕای تایبەتی خۆم، لە دانانی ئەوەی پێی دەڵێن تیۆری ڕێکخستنی بەرایییەکان بۆ وەرگر، ڕەنگە کورتیان هێنابێ، بەڵام ئەگەر شرۆڤەی پیشەی هەر یەکێ لەو میدیایانە بکەین، من لێرەدا بۆ ئەوە نەهاتووم حوکم بەسەر میدیاکاندا بدەم، کە کامیان باشە و کامیان خراپ، بەڵام میدیایەک بە ئاشکرا بڵێ من میدیای حزبێکی دەسەڵاتدارم، میدیای فەرمی و زمانحاڵی ئەو لایەنەم، پیشەی ئەو میدیایە بتەوێ و نەتەوێ، گوزارشتکردنە لە بیر و بۆچوونی ئەو حزبە سیاسییەی کە لە دەسەڵاتدایە، لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی تێڕوانینە سیاسییەکانی لایەنەکەی خۆیەتی، بەهەمان شێوە میدیای ئۆپۆزسیۆنیش هەقی خۆیەتی گوزارشت لە بیر و بۆچوونی لایەنی ئۆپۆزسیۆن بکا، بەڵام ئەو میدیایانەی لە نێوان ئەم دووانەدا، بانگەشەی ئەهلیبوون و سەربەخۆبوون بکەن، بەڕاستی نەیانتوانی بە ئێمە و ئێوە و وەرگرەکانیشی بسەلمێنن، کە لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا سەنگەربەندیی لایەک دژ

بەلایەکی تر نەکەن، بۆیە بەپێی تیۆری بەرایی ریزبەندیی بابەتەکان، تا میدیاکانی ئێمە رۆڵێکی کاریگەرتر ببینن، دەبێ یەکەم هۆشیاریی نەتەوەیی بکاتە بەرایی کاری خۆی، چونکە وەک سەرەتا گوتم، ئێمە هێشتا قۆناغی رزگاریی نیشتمانیمان تێ نەپەڕاندووە، بۆیە بە بەردەوامی پێویستمان بە هۆشیاریی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی هەیە. من نموونەیەکتان بۆ باس دەکەم، لەو رۆژانە ڕاپرسییەکم بینی، ئەگەر هەڵە نەبم زیاد لە ٤٠٪ی قوتابیانی ئێمە لە ئامادەییەکانی کوردستان، نازانن کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە کەی رووی داوە، ئەگەر ئەمە هۆشیاریی نەتەوەییی هەبووایە، بێگومان ئەو رێژەیە بەو بەرزییە نەدەبوو، چونکە ئێمە نەتەوەیەکین هێشتا لە خەباتی رزگاریی نیشتمانیدایین، زانین و مانەوەی ئەم جۆرە مەرگەساتانەی لە بیرەوەریی تاکەکانی وڵاتی ئێمەدا، یەکێکە لە ئەرکەکان. ئەگەر هۆشیاریی نەتەوەییی هەبووایە، میدیای ئۆپۆزسیۆن و سێبەرەکانی بەجۆرێ تر لەگەڵ رووداو و کارەساتە نەتەوەییەکانی ئێمە مامەڵەیان دەکرد، من یەک نموونەتان بۆ دێنمەوە، پێش چەند رۆژێک بەجینۆسایدکردنی ئەنفالی بارزانییان بوو، من تەحەدا دەکەم یەک میدیای ئۆپۆزسیۆنم بۆ بێنن، بە یەک وشەش باسی کردبێ... ئەنفالی بارزانییەکان بەجینۆساید ناسرا، ئەمە مەسەلەیەکی تەواو نەتەوەییی پوختە، مەسەلەیەک نییە پێوەندیی بەلایەنێکی سیاسییەوە هەبێ، تۆ ئەی میدیای ئۆپۆزسیۆن یان سێبەری ئۆپۆزسیۆن، کە ئەم بابەتە فەرامۆش دەکەیت و پەڕاوێزی دەخەیت، باسی ناکەیت، من ئەو پرسیارە لە ئێوە دەکەم، ئەمە نیشانەی چییە؟ دەکرێ بگەیتە ئاستێک مەسەلە نەتەوەییەکان بکەیتە قوربانیی رِق و کینەی سیاسییانەی خۆت، دەشێ ئەم رِق و نەخوێندنەوەیە بەرامبەر بە قوربانییەک بکەیت کە پێوەندیی بەهەموو خەڵکی کوردستانەوە هەیە. مەسەلەی دووەم لە بەراییەکانی میدیای ئێمە کە رۆڵ ببینێ لە هێورکردنەوە، برێتییە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی دیموکراسی و کولتووری لێبووردەیی، مەسەلەی سێیەم برەودانە بە ئاشتیی کۆمەڵایەتی. بەڕاستی ئەم سێ مەسەلەیە دەبێ ڕیزبەندیی سەرەوەی بەراییەکانی میدیای ئێمە داگیر

بکەن، ئەوجا دوای ئەوانە بێن پیشە و کارەکانی تری میدیا دابنرێن.

لە چەند مانگی ڕابردوو بینیمان یەکێ لە گرفتە سەرەکییەکانی هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، خۆبەخاوەن زانینی هەموو ڕاستییەکانە، لە کاتێکدا چ میدیای دەسەڵات و چ میدیای ئۆپۆزسیۆن، تەواوی ڕاستییەکانیان لا نییە. بۆیە ئەم خەیاڵ دروستکردنە کە تۆ خاوەنی هەموو ڕاستییەکانیت، بتەوێ و نەتەوێ، گوتارە میدیاییەکەت ناکاتە گوتارێکی ئەقڵانی. ئەوەی زیاتر لە میدیای ئۆپۆزسیۆنەوە تێبینیمان دەکرد، خراپ تێگەیشتن بوو لە چەمکی ئازادی. هەموو شتێ خستنە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و کۆوارەکان و نیشاندان و گوتنی هەموو شتێ لە تەلەڤزیۆنەکان، بەبێ وردبوونەوە لە مانا و چەمکی ئازادی، بەڕاستی ئەمە جۆرێ لە شڵەژان و ناپرۆفیشناڵی لە کاری ڕاگەیاندن دەردەخا. (ئەدۆرنۆ) گوتەیەکی زۆر زیرەکانە و جوانی هەیە، دەڵێ " لە گەمەی شەڕکردن لەگەڵ دێو، مرۆڤ نابێ خۆی ببێتە دێو" ئەوەی لە میدیای ئۆپۆزسیۆن بینیمان، بەتایبەتی لەم ماوەیەدا، لە شەڕی ئەو دێوەی خۆیان ئیدیعایان دەکرد، خەریک بوو خۆیان لە ئێمە دەکرد بە دێو، لە کاتێکدا کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بەو دێوبوونە نەبوو، چونکە بەراییی ترمان لە پێشە و ئەرکی گەورەترمان لەسەر شانە. ئەوەی لە چەند مانگی ڕابردوودا بینیمان، بەپلەی یەک نائامادەییی پرۆفیشناڵی بوو لە کاری ڕاگەیاندندا، کە هیوادارم ئەم نەوەیە لە کادیرانی پەیمانگەی ڕاگەیاندن، بتوانن لە داهاتوویەکی نزیکدا، کاریگەرییەکی باشیان لەسەر چارەسەرکردنی ئەم دۆخەی میدیا هەبێ، چونکە وەک (ئەنشتاین) دەبێژێ "ئەگەر کێشەیەک بەرهەمی سیستەمێکی بیرکردنەوە بێت، بەهەمان سیستەمی بیرکردنەوە چارەسەر ناکرێ".

لە چەند مانگی ڕابردوودا، گەیاندنی فاکت وەک کاری میدیایی، تێکەڵ بەشێکار و کۆمێنتی سیاسی کرابوو، شیکاری سیاسی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانیی کرایە بنەما بۆ گەیاندنی پەیامێکی سیاسی و بۆ لێدانی لایەنێکی سیاسی. تەنانەت مەسەلەی هێورکردنەوەی سایکۆلۆجیای خەڵک بۆ قبووڵکردنی جیاوازییەکانی یەکتری و پێکەوەهەڵکردن و پێکەوەژیان و زمانی

دیالۆگ، بەهیچ کلۆجێ ئامادەییی نەبوو. ئەوەی لە ئێستادا بتوانین وەک چارەسەرێ لە بواری کاری ڕاگەیاندن، کاری لەسەر بکرێ، دەبێ ڕاگەیاندنی هەموو لایەنەکان واز لە زمانی بەدوژمن سەیرکردنی یەکتری و بەگومان سەیرکردنی یەکتری بێنن، چونکە لە دواجاردا هەموومان نەوەی ئەم وڵاتەین، هەموومان بە ئاراستە و پاشخانە جیاوازەکانمانەوە، ڕۆڵەی ئەم میللەتەین، ئێستا و داهاتووی ئەم وڵاتە لەسەر شانی هەموومانە، هەموو بەرپرس دەبین لە باشترکردنی دۆخی ئێستا و زامنکردنی داهاتوویەکی باشتر بۆ کۆمەڵگەی کوردستانی. ئەگەر لەسەر ئەوە کۆک بووین، دەتوانین بە جیاوازیی سیاسیی خۆشمانەوە، کار لەسەر ئەوە بکەین، بچینە نێو پێشبڕکێیەکەوە بەرامبەر بە یەکتری، تا بزانین کاممان دەتوانین خزمەتی زیاتر بە ئێستا و داهاتوومان بکەین.

بەداخەوە ئەوەی لە چەند مانگی ڕابردوو بینیمان، لە بەرچاونەگرتنی ئەو واقیعە بوو لە سلێمانی لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە، بازدان بوو بەسەر کۆمەڵێ قۆناغ کە نەدەبوو ئەو بازە بەو شێوەیە بدرێ، پشوودرێژی نەبوو، کۆپیکردنی کۆمەڵێ دۆخ و گۆڕانکاری بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتنە دی، لە کاتێکدا کوردستان ئەم دۆخانەی لەسەر کۆپی ناکرێ، لەبەرئەوەی هەر کۆمەڵگەیەک تایبەتمەندی و پێکهاتەی جیاوازی خۆی هەیە، هاوکێشە جیۆپۆلیتیکییەکانی جودان، کێشەی لێکنەچوویان هەیە، بۆیە دووبارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە هەموومان بەرپرسین لە ئێستا و داهاتوو، ئیدی زمانی یەکترسڕینەوە و قبوولنەکردنی جیاوازییەکانی یەکتری و بەچاوی دوژمن سەیرکردنی یەکتری و تەخوینکردن، ناتوانن بمانگەیەننە چ ئەنجامێک، لەبەر ئەوە پێویستمان بەگوتارێ هەیە بەرەو ئەقڵانیترێکی زیاترمان بەرێ، دوورمان خاتەوە لە مەزاج، بچینە نێو چوارچێوەی ئەو سێ بەراییەی لە سەرەتادا باسمان کرد، کە هۆشیاریی نەتەوەیی و هۆشیاریی دیموکراسی و پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتین. ئەگەر ئەمانە بکرێنە بەراییی کاری میدیایی، پێم وایە تووشی ئەو دۆخە میدیاییە نەدەهاتین، کە خەریک بوو کۆمەڵگەی کوردستانی

بخاتە ڕووبەڕووبوونەوەوە لەگەڵ شەڕێکی تری نەگریسی ناوەخۆ. چونکە گەر جاران بگوترایە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەسەڵاتی یەکەمە، دەسەڵاتی یاسادانان دووەمە، سێیەمیش دەسەڵاتی دادوەرییە، ئەوا میدیا بەدەسەڵاتی چوارەم لە ڕیزبەندییەکەدا دادەنرا، بەڵام ئێستا بەهۆی تەکنۆلۆجیای گەیاندن و زانیارییەوە، لە دوای دەسەڵاتی ئابووری، میدیا دەسەڵاتی دووەمە، چونکە میدیا ئەرکەکەی گەلێ گەورەیە و ڕۆڵەکەشی گەورەتر، جگە لەمەش بەپێی ئەزموونە دیموکراسییەکان لە شۆڕشە دیموکراسییەکانی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و ڕۆهەڵاتی ئەوروپا و باشووری ڕۆهەڵاتی ئاسیا و چەند وڵاتێکی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستیش، دەبێ لە قۆناغی گواستنەوەدا، ڕەچاوی هاوکێشەیەکی زۆر گرینگ بکرێ، ئەویش هاوکێشەی ئازادی و ئاسایشی نەتەوەییە. دەکرێ هەردەم ئەم هاوکێشەیە هاوسەنگ بێت، بەڵام ناکرێ لایەکیان لەسەر ئەوی تر خۆی سەنگین بکات و خۆی ڕابگرێ، واتە ناکرێ هەموو شتێ بڵاو بکەیتەوە و هەموو شتێک بڵێیت بەپاساوی ئازادی، هەروەک ناشکرێ بەپاساوی ئاسایشی نەتەوەیی، ئازادیی سنووردار بکرێ و کایەکەی بەرتەسک بکرێتەوە. لەو نێوەندەدا کۆمەڵگەی کوردستانی، کەمکردنەوەی ئازادییەکان لە هیچ کەسێ قبووڵ ناکات، بەڵام دیسان دەڵێین هۆشیاریی نەتەوەیی لە ئاستێکدایە کە خەڵکی کوردستان لە چەند مانگی ڕابردوو، سەلماندیان گەڕانەوە بۆ شەڕی ناوەخۆ و پاشەکشەکردن لەو دۆخەی هاتووەتە ئاراوە، لە هیچ هێزێکی سیاسی قبووڵ ناکات، چونکە گەر پێی ڕازی بوونایە، دۆخەکە بەجۆرێ تر دەهاتەوە، بەڵام دیارە خەڵکی کوردستان، ئاشتیی زیاتری دەوێ، سەقامگیرییەکی زیاتر دەخوازێ، بۆیە با هەموومان لە هێنانە دی ئەم خواستانەی خەڵک بەشدار بین... لە کۆتاییدا ئەو قسانەی کردم، ڕای تایبەتی خۆمن و هیوادارم لە سۆنگەی قبووڵکردنی ڕای جیاوازەوە لێم وەربگرن.

# پاشکۆ

# پەیام و بەیاننامەکان

## بەیاننامەی بزووتنەوەی گۆڕان لە ٢٩ / ١ / ٢٠١١

بەیاننامەی بزووتنەوەی گۆڕان

دەربارەی هەلومەرجی ئێستای کوردستان

هاونیشتمانانی سەربەرزی کوردستان

وەک هەموو بەچاوی خۆتان دەبینن رۆژی کەوتنی رێژیمە دیکتاتۆرەکان لە زۆربەی ولاّتە ستەمکار و داخراوەکانی دنیا و ناوچەکە دەستی پێ کردووە و شەپۆلێکی نارەزایی لە پێناو ئازادی و دادپەروەریدا جەماوەری ولاّتە جیاوازەکانی تەنیوە. هاوار لە پێناو ئازادی و دادپەروەریدا خەڵکی رژاندووەتە سەر شەقام و ترسی خستووەتە دڵی هەموو ستەمکاران، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش پایەتەختە گەورەکانی دنیا پێشوازی لەو گۆڕانە دیموکراتییە دەکەن و پشتیان کردووەتە ستەمکار و دیکتاتۆرەکان.

ئێمە لە کوردستان لە کاتێکدا بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لەو شەپۆلی گۆڕانە دەکەین و سات لە دوای سات چاودێریی پاشهاتەکانی دەکەین، لە هەمان کاتدا بە نیگەرانییەوە دەڕوانینە خەمساردیی دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستان کە هیچ هەنگاوێکی ڕاستەقینەیان بەرەو دیموکراتیزەکردنی سیستمی فەرمانڕەوایی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی خزمەتگوزاری و پێداویستییە ساناکانی رۆژانەی خەڵکی کوردستان نەناوە، لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان چاوەڕێ بوون لە دوای ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ەوە جۆرێک سیستەمی حوکمڕانی و دیموکراسی دابمەزرێنێ، کە هەموو ناوچەکە ناچار بەلاساییکردنەوەی بکات و گەلی کوردستان ببێتە پێشەنگی گۆڕان بەرەو دیموکراسی و دادپەروەری، بەلاّم ڕووداوەکانی دوای ڕاپەڕین هەموو ئەو چاوەڕوانییانەی لەناوبرد. کوردستان نەک هەر نەیتوانی ئەو نموونە

دیموکراسییە بێت کە شوینەکانی تر ناچار بکات لاسایی بکەنەوە. بگرە سیستەمێکی حوکمڕانی حزبی پڕ لە ستەمکاری دروست کرد کە بووەتە نموونەیەکی خراپی لاساییکردنەوە.

هاونیشتمانانی سەربەرزی کوردستان

دوای نزیکەی دوو ساڵ لە دەرکەوتنی ئەزموونی ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانی لە کوردستاندا خەڵکی کوردستان ئومێدیان وا بوو کە دەسەڵاتدارانی هەرێم بەخۆیاندا بچنەوە و دەرکەوتنی ئەو ئەزموونە بکەنە دەرفەتێک بۆ دیموکراتیزەکردنی فەرمانڕەوایی و دامەزراندنی سیستەمێکی پەرلەمانی ڕاستەقینە و باشکردنی گوزەرانیی هاووڵاتییان و دابینکردنی هەلی کار و خۆپێگەیاندن بۆ گەنجان و بەنیشتمانیکردنی مەنزوومەی ئەمنی و بەرگریی هەرێم و جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حزب لە دەسەڵاتی حکوومەت. بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕوانی خەڵکییەوە دەسەڵاتداران بە بەرنامە کار دەکەن بۆ نابووتکردنی دەزگا نیشتمانییەکان لە سەروو هەمووشیانەوە پەرلەمانی کوردستان کە ڕۆڵی رەقابی خۆی بە تەواوی لە دەست داوە و ئەوە ساڵ و نیوێک بەسەر تەمەنی ئەم خولەی پەرلەماندا تێ دەپەڕێ تا ئێستا دەسەڵاتی ئەوەی نەبووە لێپێچینەوە لەگەڵ تاکە بەرپرسێکی ئەم هەرێمەدا بکا، تەنانەت ئەو حکوومەتەی کە شەرعییەتی لە پەرلەرمان وەرگرتووە ئامادە نییە ئیعتیراف بەدەسەڵاتی پەرلەمان بکا و وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە.

ئێمە لە بزووتنەوەی گۆڕان چەندان جار بە گوتاری نووسراو و زارەکی، چەندان جار لە ڕێگەی فراکسیۆنەکانمانەوە لە کوردستان و بەغدا، دەسەڵاتدارانی هەردوو حزبی فەرمانڕەوامان لە مەترسی و پەرەسەندنی ئەم دۆخە ئاگەدار کردووەتەوە، بەڵام جار لە دوای جار ڕووبەڕووی خەمساردیی زیاتر و بێباکیی زیاتر بووینەتەوە. بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بزووتنەوەکەمان بە ڕاشکاوی و بەئاگەدارِیی ئێوە ئەم داواکارییانە_ پێشکێش بەدەسەڵاتداران و هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان بکات وەک

ڕێگەچارەیەکی ڕاستەقینە بۆ کۆتاییهێنان بەم سیستەمە حزبسالارییە و دامەزراندنی سەرەتایەکی تازەی حوکمڕانی کە جێی ڕەزامەندیی ئێوە و شانازیی هەمووان بێت:

١ – مەنعی سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی لە هەموو جۆرە دەستێوەردانێ لە کاروباری: حکوومەت و دائیرەکانی، پەرلەمان، دادگە، ئاسایش، پێشمەرگە.

٢ – مەنعی دامەزراوەکانی ئاسایش، زانیاری و پاراستن و پێشمەرگە لە هەموو جۆرە دەستێوەردانێ لە کاری سیاسیی خەڵک و چالاکییە جەماوەرییەکان و، گۆڕینی بەڕێوەبەرەکانی ئەم دەزگایانە بەکەسانی بێلایەنی پیشەیی.

٣– هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتە حزبییەکەی ئێستای یەکێتی و پارتی و، پێکهێنانی حکوومەتێکی ئینتیقالیی تەکنۆکراتی بێلایەن.

٤– هەڵوەشاندنەوەی ئەم پەرلەمانەی ئێستا.

٥– ئامادەکردنی زەوینەی هەڵبژاردنێکی نەزیهی بێ تەزویر بۆ پەرلەمانی کوردستان کە لە ٣ مانگ تێ نەپەڕێ.

٦– گێڕانەوەی موڵک و ماڵی داگیرکراوی حکوومەت و خەڵک لەلایەن حزبەکان و کاربەدەستەکانیەوە.

٧– کێشانەوەی ڕەشنووسی دەستووری هەرێم و هەموو ئەو یاسایانەی پێوەندیدارن بەسیستەمی حوکمڕانی وڵاتەوە و حەواڵەکردنیان بۆ پەرلەمانی داهاتوو.

ئێمە لە کاتێکدا ئەم خواستە جەماوەرییە ڕادەگەیەنین:

داوا لە هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەکەین پشتگیریی خۆیانی بۆ دەرببڕن. داوا لە دەسەڵاتدارانی کوردستان دەکەین کە لە ئاستی بەرپرسیارێتیی مێژوویی خۆیاندا بن بۆ جێبەجێکردنی.

بزووتنەوەی گۆڕان
٢٠١١/١/٢٩

## ڕاگەیەندراوی کۆتاییی کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکایەتیی پەرلەمان و حکوومەت و هێز و لایەنە سیاسییەکان سەبارەت بە بەیاننامەکەی ئەم دواییەی بزووتنەوەی گۆڕان:

بسم الله الرحمن الرحیم

ڕاگەیەندراوی کۆتاییی کۆبوونەوەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکایەتیی پەرلەمان و حکوومەت و هێز و لایەنە سیاسییەکان سەبارەت بە بەیاننامەکەی ئەم دواییەی بزووتنەوەی گۆڕان.

ئەمڕۆ یەکشەم ٢٠١١/١/٣٠ بە سەرپەرشتیی بەڕێز مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی هەرێم و جێگرانیان و سەرکردە و سکرتێر و نوێنەری هەموو هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، کۆبوونەوەیەک سەبارەت بەو بەیاننامەیەی کە دوێنێ بزووتنەوەی گۆڕان بڵاوی کردەوە ساز درا و لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێک کەوتن:

١- ئێمە وەک حزب و لایەنەکان دووبارەی دەکەینەوە کە هەر هەوڵێک بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری دەبێت لە چوارچێوەی پرۆسە و شەرعیەتی سیاسی و یاسایی بێت و، پارێزگاری لەو داوودەزگایانەش بێت کە بەرەنجامی هەڵبژاردن و ئیرادەی دەنگدەرانی کوردستانە. وە هەموو شێوازێک لە هەر لایەکەوە بێت ڕەتی دەکەینەوە کە ببێتە هۆی تێکدانی باری ئاسایش و هێمنی و بەیەکەوە ژیانی ئاشتیخوازانەی نێوان هێز و لایەن و سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی کوردستان.

٢- جەخت دەکەینەوە لەسەر بایەخی نەتەوەیی و سیاسی و نیشتمانی و کار و تێکۆشانی هاوبەش لە پێناو پاراستنی دەستکەوتە نەتەوەییەکان و مەسەلە چارەنووسسازەکان و بەدیهێنانی ئەرک و ئامانجە نیشتمانییە بەدیهێنراوەکان.

٣- جەخت دەکەینەوە لەسەر بایەخی سیاسی و نەتەوەییبوونی موعارەزەی یاسایی و ئاشتیخواز و پەرلەمانی لە هەرێمدا و دانانی بەیەکێ لە دیاردە پۆزەتیڤەکانی ئەم قۆناغەی هەرێمی کوردستان.

٤- بوونی کەموکورتی و کێشە و گەندەڵی و ناتەواوی لە بارودۆخی هەرێمدا واقیعە و خوازیاری ئەوەین کە حکومەت و معارەزە و کۆمەڵگەی مەدەنی و سەرجەم هێزەکان هەریەکە و لە پێگەی خۆیەوە بەشدار بێت لە بەرەوپێشبردنی رەوتی چاکسازی و کەمکردنەوەی کەموکورتییەکان و باشترکردنی ئاستی ژیانی هاوولاتییانی هەرێم و پەرەپێدان بەئەزموونە حوکمڕانی و دیموکراسییەکەی.

لە کۆتاییدا داوا لە سەرجەم هاوولاتییان و هێز و لایەنەکان و نیشتمانپەروەرانی هەرێمەکەمان دەکەین پارێزگاری لە گیانی برایەتی و پێکەوەژیانی نێوانیان بکەن و هۆشیاریی یاسایی و ئەخلاقیی خۆیان بپارێزن هەروەها هاوولاتییان و چاودێر و لایەنە پێوەندارەکانیش دڵنیا دەکەینەوە لە سەقامگیریی باری سیاسی و ئاسایشی هەرێم.

پارتی دیموکراتی کوردستان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

حزبی شیوعی کوردستان

حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان

بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان

یەکێتیی نەتەوەییی دیموکراتی کوردستان

بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانی

پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

بزووتنەوەی چاکسازیی تورکمان

لیستی هەولێری تورکمانی

ئەنجوومەنی میللیی کلدانی سریانی ئاشووری

پارتی بەیت نەهرێنی دیموکراتی

بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری

پارتی دیموکراتی کلدانی

نوێنەری ئەرمەنەکان لە پەرلەمانی کوردستان

٢٠١١/١/٣٠

## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی
## لە بەرامبەر بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان

سەبارەت بەبارودۆخی ئێستای کوردستان و بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی ئەم ڕوونکردنەوەیەی ڕاگەیاند:

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەو گۆڕانکارییانەی ڕووی لە وڵاتەکانی جیهانی عەرەبی کردووە و جەماوەر بەهەموو چین و توێژەکانیەوە ڕاپەڕیون دژ بەستەم و نادادگەری و گەندەڵیی دەسەڵاتداران بێگومان هەموومانی دڵخۆش کردووە و بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی ڕاماڵینی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرانە دەکەین.

هەرچەندە ڕووداوەکانی جیهان پێکەوە بەستراون و لەسەر یەکتری کاریگەرییان هەیە، بەڵام سەبارەت بەبارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان بێگومان ئێمە چەندان جار و لە بۆنە جیاجیاکاندا ڕەخنەمان لەو ناعەدالەتی و گەندەڵییە گرتووە کە بوونەتە دیاردە و جەماوەری گەلەکەمانی بێزار کردووە.

بۆیە ئەو کاتانە و ئێستاش داوامان لە دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێم کردووە، کە پێویستە بەجیدی چاو بخشێننەوە بەو واقیعە پڕ لە کەموکورتییانەدا و کۆتایی بەگەندەڵی و ناعەدالەتی لە داوودەزگاکاندا بهێنرێت.

بێگومان یەکەم هەنگاویش بەجیاکردنەوەی دەسەڵاتی حزب و دەزگا ئەمنییەکانیان دەبێت لە دەزگاکانی حکوومەت و پەرلەمان و نەهێشتنی دوو ئیدارەیی هەولێر و سلێمانی کە تا ئێستاش پێیانەوە دیارە.



هێمن هەورامی (١٥)

لەو پێناوەشدا هەرگیز سازش ناکەین و ئێستاش بەفرسەتێکی لەباری دەزانین بۆ دووبارەکردنەوەی داواکەمان لە بەخۆداچوونەوەی دەسەڵات و چارەسەرکردنی ئەو کەموکورتییانە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەبێت بزانین کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە چونکە هێشتا لە ئاستی عێراق و ئیقلیمیشدا هەرەشەی لەسەرە و هەرگیز بارودۆخی بەراورد ناکرێت بەو دەوڵەتە عەرەبییانە، بێگومان بەرقەراری ئەمن و ئاسایش لە هەرێمی کوردستاندا گشت لایەکمان لێی بەهرەمەندین و لە بەرژەوەندیی گشتی و هەموو چین و توێژی گەلی کوردستانە.

بۆیە ئێمە پاراستنی ئەمن و ئاسایش و ئەم ئەزموونەی هەرێم بەئەرکی هەموو لایەکمان دەزانین و هیچ هەنگاوێک هەڵناگرین کە ببێتە مایەی تێکدانی باری ئاسایشی هەرێمەکەمان .

سەبارەت بەو داواکارییەی بزووتنەوەی گۆڕان، کە هەڵوێست و پشتیوانیی لایەنە سیاسییەکان داوا دەکات، لەسەر ئەو خاڵانەی کە بڵاویان کردووەتەوە، بێگومان هەڵوێستێکی وەها پێش بڵاوکردنەوەی پێویستی بە ڕاگۆڕینەوە و گفتوگۆ و قسە لەسەر کردنی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن دەکرد.

مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان
٢٠١١/١/٣٠

## بەياننامەی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە بەرامبەر بەياننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

جەماوەری بەشەرەفی کوردستان

ئەندام و لایەنگران، خوشک و برایانی خۆشەویست

سەبارەت بەو بارودۆخەی لە دوای بەياننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەو کاردانەوە و هەڵوێستانەی لە کوردستان لێی کەوتەوە، ئێمە لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە سەرنجتان بۆ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە ڕادەکێشین:

یەکەم: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە قۆناغە جۆرەوجۆرەکانی خەباتی سیاسیی خۆیدا هەوڵی داوە بەرەخنەگرتن لە کەموکورتی و کێشەکانی هەرێم و دواتریش هەڵبژاردنی ڕیزی موعارەزە ڕۆڵی چاکسازی و ڕاستکردنەوەی خۆی بگێڕێت و پەنجە بخاتە سەر ئەو کێشە و کەموکورتییانەی کە ئەگەر بێتو چارەسەر نەکرێت گیروگرفت بۆ کۆی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان دروست دەکەن.

دووەم: وێڕای جەختکردنەوە لەسەر ڕێبازی ڕەخنەگرتن و موعارەزەبوون و بەهێزکردنی ڕەوتی ئیسلاحخوازی و باوەڕبوونمان بەوەی هەرێم پێویستی بەچاکسازییەکی هەمەلایەنە هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا باوەڕی خۆمان بە بەشێ لە نەگۆڕە سیاسی و نەتەوەییەکانی خۆمان دووپات دەکەینەوە، لەوانەش پارێزگاریکردن و گەشەدان بەئەزموونی هەرێمی کوردستان و کارکردن لە چوارچێوەی یاسا و شەرعیەتی سیاسی و یاسایی هەرێم و

بەهێزکردنی پێگەی خەباتی نیشتمانیی گەلی کوردستان.

سـێـیــەم: ئێـمــە لە یەکگرتوودا لە کـاتێکدا داوا دەکـەین هەنگاوەکـانی چاکسـازیی داوودەزگا و دامەزراوەکانی دەسـتەڵات خێراتر بن و دەسـتەڵات لە کوردسـتـاندا زیاتر هۆشـیـار بێت بەئەرکەکـانی خۆی لەوانەش دابینکردن و زیادکـردنی خـزمـەتگوزارییـەکـان و دابەشـکردنەوەیەکی عـادیلانەی داهات و سامـان، لە هەمان کـاتدا داواکارین هەمـوو لایەک بەڕەچاوکردنی هاوسـەنگیی نێوان خـەباتی نەتەوەیی و دیموکراسـی و کۆمـەڵایەتی لە ئەمڕۆی کوردسـتان و پاراسـتنی ئەمن و ئاسـایشی کـوردسـتـان و ڕێزگـرتن و پارێزگـاریکردن لە بەیەکەوەژیانی ئاشـتیـخوازانەی نێوان هێز و لایەن و پێکهاتەکـان لە هەرێمی کوردستـان، پێویسـتـە هەمـوو لایەک درێژە بەخـەبات و شـێوازی کـاری خۆمـان بدەین بەپابەندبوون لە چوارچێوەی یاسـایی و دەسـتوورییەکـان و خۆدوورگرتن لە دروسـتکردنی بارگـرژی و کـەوتـنەوەی توندوتیـژی لە ئاست تـەحـەداکـانی قۆناغەکەدا بین و هەوڵی جیدیی چارەسـەرکردنی کێشـەکان بدەین.

لە کــۆتـاییــدا جــارێکی تر داوا دەکــەین لە هــەمـــوو لایەک بـەگــیـــانی بەرپرسیاریەتی و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی میللەتەکەمـانەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکەن.

مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
٢٠١١/١/٣٠ – هەولێر

## پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعوود بارزانی

مێژووی ٢٠١١/٣/٣

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

گەلی کوردستانی تێکۆشەر

خوشک و برایانی ئازیز، جارێکی تر سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی بنەماڵەی شەهیدان دەکەم و تەمەنای شیفا دەکەم بۆ بریندارەکان، داوا لە دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەتی هەرێم دەکەم کە هەرچی پێویست بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم بریندارانە چارەسەریان بکەن.

من زۆر خۆشحاڵم کە دەبینم گەنجەکانمان گەیشتوونەتە ئاستێک کە بەشێوەیەکی ئاشتییانە و شارستانییانە داواکانیان ئاراستەی پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکی هەرێم و هەموو لایەنەکان دەکەن. هەروەها پێشنیازی زۆر زۆر چاک و زۆر بەنرخ، ئەمەش دەلیلی پێگەیشتنی گەنجەکانمانە کە ئەوپەڕی خۆشی و شادییە بۆ من، دڵنیا بن کەس بەقەد من ئێوەی خۆش ناوێت. ئێوە ڕۆڵەی ئەم گەلەن و ڕۆڵەی ئەم نیشتمانەن و داهاتوو لەسەر شانی ئێوەیە و ئەو ئەمانەتە دەبێت ئێوە بەئەنجامی بگەیەنن ئینشائەڵڵا بەسەرکەوتوویی.

بەڕێزان خۆپێشاندان مافێکی سروشتییە و دەبێت گەلی ئێمە ئازاد بێ لە خۆپێشاندان و لە ڕادەربڕینی ئێش و ئازارەکانی، من نامەوێت لە کوردستانێکدا بژیم ئەگەر میللەتی کورد تێیدا ئازاد و سەرفیراز نەبێت.

تەنیا تکای من ئەوەیە، تکایەکی برایانە، بۆ پاراستنی سومعەی خۆتان و وڵاتەکەتان مەهێڵن ئەو خۆپێشاندانانە هیچ کاتێک توندوتیژیی لێ بکەوێتەوە. مادام دەرفەتی ئەوە هەیە هەرچی دەتانەوێت بیڵێن و هەر بیروڕایەکی هەتانە

دەری ببڕن ئیتر ئومێدەوارم کە دەرفەت نەدرێت هیچ جارێک توندوتیژی روو بدات، بۆ پاراستنی سومعەی خۆتان و وڵاتەکەتان.

دەنگم لەگەڵ ئەو دەنگەدایە کە داوای چاکسازی دەکات، داوای دادپەروەریی کۆمەلآیەتی دەکات.

خوشک و برایانی بەڕێز، دوای گەڕانەوەم دیراسەتێکی تەواوی وەزعەکەمان کردووە و گەیشتمە ئەو قەناعەتە، دەبێت موعالەجەیەکی ئەساسی بکرێت نەک بە موسەکینات.

داواکارم لە پەرلەمان و حکوومەت ئەو ١٧ خاڵەی پەرلەمان جێبەجێ بکەن و هەر خاڵێکی تریش پەسند بکرێت و پێشنیاز بکرێت کە لە خزمەت و بەرژەوەندیی هەرێم و خەڵکی هەرێم دابێت. دەبێت پرۆسەی چاکسازیی حکوومەت بەجیدی لەسەری بەردەوام بێت، داواکارم لە پەرلەمان و حکوومەت هەرچی زووتر هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەنجام بدەن و هەر لە ئێستاوە ئامادەسازیی بۆ بکەن، بەلآم موعالەجەی ئەساسی بەڕەئی من ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ ڕای گەل، چونکە مەرجەعییەتی ئێمە تەنیا خەڵکی کوردستانە.

من داوا لە پەرلەمان دەکەم لەگەڵ لایەنەکان گفتوگۆ بکات بۆ دیراسەکردنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی پێشوەخت، تا میللەت ڕەئی خۆی و حوکمی خۆی بدات.

خوشک و برایان من لە بەهاری ١٩٩١ داوای هەڵبژاردنم کرد، چونکە من ویستوومە ئێوە ئازاد بن و بڕیار لە چارەنووسی خۆتان بدەن، سەربەرزم بەوەی ڕۆڵم هەبووە لە چەسپاندنی دیموکراسی لە کوردستان و سیستەمێکمان داناوە کە نە سەرۆکی تاهەتایی هەیە، نە حزبی حاکم هەیە و نە پەرلەمانی هەمیشەیی هەیە، بەلآم میللەتی بەردەوام هەیە و ئەم میللەتە مەرجەعمانە و بۆیە دەبێت بۆ ئەم مەرجەعیەتە بگەڕێینەوە و خۆی بڕیار و حوکمی خۆی بدات.

سڵاو و ڕێز

## پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

## لە ساڵوەگەڕی ئازادکردنی شاری هەولێر لە مێژووی ١١ / ٣ / ٢٠١١

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

خوشک و برایانی خۆشەویستم

جەماوەری تێکۆشەری کوردستان

خوشک و برایانی ئازیز هەولێریانی خۆشەویست

خۆشحاڵ و سەرفرازم کە ئەمڕۆ لەگەڵتان کۆ دەبمەوە لێرە لەم شوێنە پیرۆزە لەم شوێنە کە دڵی مێژووە لە قەڵاتێک کە تەمەنی ٨ هەزار ساڵە ئەمە دەرسێکی دەوڵەمەندە بۆ ئێمە و بۆ هەموو جیهان قەڵاتێکی وا بچووک ٨ هەزار ساڵ خۆی ڕاگرێت ئەمە مانایەکی زۆر گەورەیە و سەدان هۆلاکۆ بێ و بڕوا ناتوانێ قەڵاتی هەولێر داگیر بکات خۆم بەبەختەوەر دەزانم بەشداریتان بکەم لەو ڕۆژە پیرۆزەدا بۆ ئەوەی پیرۆزباییتان لێ بکەم بۆ دوو ڕووداوی زۆر گرینگ لەم ڕۆژەدا کە هەردووکیان دوو ڕووداوی سەرکەوتن و سەرفرازییە ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ کە ڕژێمی ئەو سەردەمی عێراق ناچار کرا بەخۆڕاگریی گەلەکەمان و بەدەست و بازووی پێشمەرگە قارەمانەکان کە دان بنێ بە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان دووەمیان ئیمڕۆ ڕۆژی رزگارکردنی هەولێری خۆشەویست بوو ساڵی ١٩٩١ لە ڕاپەڕینە مێژووییەکەی گەلەکەماندا پیرۆز بێت لە ئێوە و هەموو گەلی کوردستان.

من زۆر زۆر خۆشحاڵم کە دەبینم هەمووتان ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی یەکێتی و پارتی و حزبەکان بەیەکەوە لێرە کۆ بوونەتەوە بۆ

یادکـــــردنـەوەی ئـەم ڕۆژە پیــــرۆزە ئـینشـــــائـەڵڵا هـەروا پێکـەوە دەبـن تـا بەدەستـهێنانـی هـەموو مافـە ڕەواکانمان. هـەولێر پایەتەختـی کوردستـانە بەڵام هـەولێر هێمای وەفاداری و دڵسۆزیی ڕەوشتی بەرزە.

بەڕێزان مـن دەمـەوێ ئـێمـرۆ زۆر ڕاشکاوانە وتارەکـەم پێـشکێش بکەم بێ پەردەپۆشـی چونکە ئـێسـتـا تەنگژەیەک لە هـەرێمـدا هـەیە یا بـۆمـان دروست کـراوە هـەرچەندە خـۆم بە نـێزیک دەزانم لە هـەمـوو لایەنەکـان چ دەســەڵات چ ئۆپۆزسیۆن بەڵام وەزعەکە وا دەخـوازێ زۆر سـەریح بم ئێمە ئەمڕۆ دوو ئەجندا دەبینـین یەکـێکیـان داخـوازی ڕەوای خـەڵکی کـوردسـتـانە کـە من لەگـەڵ ئەو داواکارییـانەم و لەگەڵ ئەو جەمـاوەرەم و ئەجێندای دووەم ئەجێندای هەندێک لە حزبـەکانە کە سـواری مـەوجـەکە بوون ئـەمـە دوو شـتـی لێک جـیاوازن دوو ئەجـێندای لێک جـیـاوازن، خـۆم لە هـەمـوو کـەسـێک بـە نێـزیکتـر دەزانم بۆ خواسـتی ڕەوای خـەڵکی کوردسـتـان، هـەموو هـەوڵێکیـشـمـان داوە و بەردەوام دەبین لەگەڵ حکوومەتی هـەرێمی کوردسـتـان بۆ ئەوەی چاکسازییەکی بنەڕەتی بکەین لە وەزعەکەدا دەستمان پێ کردووە بەردەوام دەبین تا سێ چوار مانگی تر ئـەنجـامــەکــان بـەچاوی خــۆتـان دەبینن چـەند جـار لـەگــەڵ حکوومــەت دانیشتووین باسی کەموکووڕی و گەندەڵیمـان کردووە ئێمە لە بەرپرسـیارێتی ڕاناکەین لە واقیع ڕاناکەین ئـێمـە تەواوی بەرپرسـیـارێتییـەکە هەڵدەگرین و تەحەموولی دەکەین.

من پێشـی سـەفـەرەکەم لەگەڵ حزبەکان دانیشـتم پێشـتریش چەندان جار لەگەڵیـان دانیشـتووم پێم گـوتن بەگشـتی قسـە مـەکەن هەڤاڵینە.. برادەرینە وەرن پێشنیازی خۆتان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی کە گەڕامـەوە لەگەڵ پەرلەمان و حکوومـەت دانیشـین و پێکەوە هـەوڵ بدەین ئەو چاکسـازییەی پێویسـتـە بیکەین چونکە ئەم وڵاتە وڵاتی هـەمـوومانە پاراسـتنی و پێشخـستنیشی مەسـئولیـەتی هەموومانە بەڵام بەداخـەوە لە جیاتیی ئەوەی بەرنامەیەک بۆ چاکسازی ئامادە بکەن بەرنامـەیـەک ئامادە کرا بۆ توندوتیـژی و تێکدانی بارودۆخەکە و سواری تەوژمەکە بوون، خۆپێشـانـدان مـافێکی یاسـایی و ڕەوای خەڵکە کەس ناتوانێ

ڕێگە لە ئێوە بگرێ خۆپێشاندان بکەن ئێوەی جەماوەری کوردستان ئەم دەسەڵاتەتان هێناوەتە سەر حوکم و تەنیا ئێوەن دەتوانن لەسەر حوکم لایبەن داواکاریم لە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش ئەوەیە هیچ کاتێک ڕووبەڕووی جەماوەر نەبنەوە داواکاریم لە جەماوەری خۆشەویستیش ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەک پەنا نەبەنە بەر توندوتیژی چونکە هەموو شتێک بە خۆشی و لێک تێگەیشتن و یەکتر قبووڵکردن جێبەجێ دەکرێت.

خۆشەویستان برایان تەماشا بکەن ئاو چەند نەرمە بەڵام هیچ هێزێک نییە ڕێگەی لێ بگرێت ئەم دەسەڵاتە بەزۆر نەهاتووەتە سەر حوکم لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ زۆرینەی دەنگی بەدەست هێنا لە هەڵبژاردنی چەند سەندیکایەک پێش چەند هەفتەیەک دیسان حەقیقەتەکە بەدەر کەوت کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ کێدان ئەگەر هەڵبژاردن بەدڵیان نەبێ تانەی لێ دەدەن هەڵبژاردنێک لە بەرچاوی سەدان چاودێری بیانی سەدان ڕێکخراوانی بیانی ئەنجام درا هەمووشیان بەوپەڕی شانازییەوە تەئیدیان کرد بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پیرۆزباییان لە گەلی کوردستان کرد، باشە ئاخۆ ئەم بیانییانە هەموویان ویژدانی خۆیان دەگۆڕن و بەناهەق تەئیدی یەکێتی و پارتی دەکەن.

دوای هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ زۆر هەوڵمان دا داوامان کرد لەو حزبانەی کە کورسییان بەدەست هێناوە بەشداری بکەن لە حکوومەت بەڵام هەندێکیان ئۆپۆزسیۆنیان هەڵبژارد ئێمە ڕێز لە خواستی ئەوان دەگرین پێشم وایە ئۆپۆزسیۆنێکی وامان هەبێت چاودێریی کارەکانی حکوومەت بکات و ڕێگەی یاسایی بگرێتە بەر بۆ گۆڕانکاریی ئێمە زۆرمان پێ خۆشە با کەس موزایەدە لەسەر ئێمە نەکات هەر کەس باسی هەڵبژاردن و دیموکراسی و ڕای گەل بکات تکای لێ دەکەم ئەگەر بەزەحمەتی نابینێ با گوێ لەو وتارەی من بگرێ کە لە ئاداری ساڵی ١٩٩١ لە کۆیە پێشکێشی جەماوەری کوردستانم کرد.

خوشک و برایانی ئازیز ..

ئێستاش ناچارم بەراشکاوی و بەکوردی و بەکورتی هەڵوێستی خۆم

دەرببڕم بۆ ئێوە ئەی جەماوەری کوردستان، من لەگەڵ داخوازییە ڕەواکانی جەماوەرم لەگەڵ حکوومەت بەجیدی خەریک دەبین جێبەجێیان بکەین خۆمان هەڵگری ئاڵای چاکسازین و سوپاسی هەر کەسێک یا هەر لایەنێک دەکەین لەوەدا یارمەتیمان بدات و ڕۆڵی خۆی ببینێت ئامادەم گوێ لە داواکانی هەموو کەسێک بگرم من هەموو تاکێکی ئەو کوردستانە بە برا و خوشکی خۆمی دەزانم و ئەرکی منە خزمەتیان بکەم.

دەربارەی ئەو حزبانەی سواری مەوجەکەش بوون ئەگەر مەبەستیان چاکسازییە با بفەرموون بێن ڕۆڵی خۆیان ببین و ئەو چاکسازییەی بە قسە دەیکەن با بەکردەوە بیکەن ئەگەر دەیانەوێ بەشداری لە حکوومەت بکەن با بفەرموون لەگەڵ پارتی و یەکێتی گفتوگۆ بکەن و من خۆم تەئیدی ئەوە دەکەم حکوومەتێکی بنکە فراوانمان هەبێت باوەڕ بکەن ئەگەر دوای هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ یەکێتی و پارتی دژی ئەوە بووبووانە کە ئەو حزبانە بەشدارییان کردبا لە حکوومەت پشتیوانیم لەو حزبانە دەکرد بەلام خۆم و پارتی و یەکێتی هەرچی لە توانامان دابووە هەوڵمان دا بۆ ئەوەی بێن بەشداری بکەن خۆیان نەیانکرد ئەگەر مەبەستیشیان گۆڕانی دەسەڵاتە ئەم دەسەڵاتە بە ڕای زۆرینەی خەڵکی کوردستان هاتووەتە سەر حوکم دیاریشە ڕێژەکان چەندن من ڕێزم هەیە ئەگەر دوو ڕای جیاوازیش هەبێت بەلام لە چ ولاتێک لە دنیا ئەوانەی دەنگی کەمیان هێناوە داوا لە زۆرینە بکەن لەسەر حوکم لابچێت بەشێوەیەکی نایاسایی ئەگەر مەبەستیان گۆڕانی دەسەلات و سیستەمە فەرموون بەبێ منەتی دەگەڕێینەوە بۆ ڕای جەماوەری کوردستان با خەڵکی کوردستان حوکمی خۆی بدات و بڕیاری خۆی بدات ئەگەر هەوڵی ئەوەش دەدرێ مێژووەکی پڕ لە سەروەری بسڕنەوە و بە زۆر ڕای خۆیان فەرز بکەن من لە ئێوە دەپرسم جەماوەری کوردستان ئەگەر ئێوە ڕازی بن ئێمەش ڕازین، فەرموون با هەموومان ملکەچی یاسا بین بەڕێگای یاسایی داخوازییەکانمان پێشکێش بکەین گفتوگۆ بکەین هەر گۆڕانکارییەکیش بەڕێگەی یاسایی دەبێت گۆڕانکاری بەڕێگەی نایاسایی ئەنجام نادرێت ئەوە پەیامێکی ڕوون و

ئاشکرایە بۆ هەموو لایەک.

ئۆپۆزسیۆن بەناوی گەل قسە دەکەن ئەوەی مەعلوومیشە دەسەڵات ڕای زۆرینەی خەڵکی بەدەست هێناوە، ئۆپۆزسیۆن نوێنەرایەتیی ڕێژەیەک دەکات ڕێزم هەیە بۆ ئەو ڕێژەیە هەرچەندی هەبێت دەسەڵاتیش نوێنەرایەتیی ڕێژەیەک دەکات کە زۆرینەیە بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێن بەڕێگەیەکی ئاشتی و برایەتی فەرموون با بگەڕێینەوە بۆ ڕای میللەت، میللەت چ بڕیارێک بدات هەموومان ملکەچی ئەو بڕیارە بین.

داوا لە هەموو لایەک دەکەم بەرپرسیارانە رەفتار بکەن هێشتا تەحەدیاتێکی یەکجار زۆر لە بەردەممانە ئێمە سەربەرزین بە ئێوە دڵنیاشین کە هەردەم ئەو میللەتەی ٨ هەزار ساڵ ئەو قەلاتەی پاراستووە ئەم کوردستانە دەپارێزێت بەڵام خوا قبوول ناکات لەناو خۆمان هەوڵی ئەوە بدرێت ئەو بارودۆخە ئاڵۆز بکرێت لە رووی ئابوورییەوە دۆخەکە ئاڵۆز بووە خەڵکێکی ناحەز دڵی خۆش بووە پێیان وایە ئەمە سەرەتای تێکچوونی ئەو دۆخەیە من دڵنیاتان دەکەم ئەو ئەزموونە تێک ناچێت کەسیش ناتوانێ تێکی بدات هێشتا برینەکانمان قوولن خوشک و برایان دەبێ سارێژیان بکەین نەوەک هەوڵی ئەوە بدرێت برینەکان ئەوەندەی تر هەڵدەنەوە و قووڵتری بکەن و زیاتر ئازار بەمیللەتەکەمان بگەیەنن، ئێوە رەنگە بینیبێتتان پێشی سێ چوار رۆژ لە نزیک کەرکووک هەمدیسان گۆڕێکی بەکۆمەڵ کە زیاتر لە ٢ هەزار لاشەی ژن و منداڵ و پیاوی کوردی تێدایە کە لە کاتی ئەنفالی ١٩٨٨ لەوێ خراونەتە ناو گۆڕێکی بەکۆمەڵ رۆژ نییە برینێک نەکولێتەوە ئەگەر تا ئێستا ١٨٠ هەزار کەسی ئێمە بێ سەروشوێنە نەمانتوانیوە جەنازەکانیان بدۆزینەوە.

بۆیە من داوا لە هەموو لایەک دەکەم مەسئولانە رەفتار بکەن بیر لە داهاتوو بکەنەوە و داوا لە ئێوەش دەکەم جەماوەری خۆڕاگری کوردستان ڕابردووی خۆتان ئێستای خۆتان داهاتووی خۆتان خۆتان بیپارێزن پێویستیتان بە هیچ کەسێک نییە هەر کاتێک ئێوەی جەماوەری کوردستان ویستتان ئەوەی ئێوە بتانەوێ ئەوە جێبەجێ دەکرێت ئەوەی ئێوە نەتانەوێ جێبەجێ ناکرێت

هێزێکیش نییە بتوانێ خیلافی ئیرادەی ئێوە بڕیارێک بدات یا شتێک فەرز بکات، من لەم دەرفەتە سوود وەردەگرم بۆ ئەوەی پیرۆزبایی لە هەموو جەماوەری کوردستان بکەم لە دەروازەی ڕاپەڕین لە سلێمانی لە دهۆک تا دەگاتە کەرکووک کە لە ڕۆژی نەورۆزدا شەوی نەورۆزدا ڕزگار کرا ساڵی ١٩٩١ ئەو ڕزگارکردنە پیرۆز بێت ئەوسا پیرۆز بیت ئێستاش پیرۆز بیت لە داهاتووشدا پیرۆز بیت.

جارێکی تر سوپاستان دەکەم بۆ ئامادەبوونتان ئێوەن پشت و پەنای ئێمە، ئێمە بە ئێوە سەربەزین بە ئێوەش بێ منەتین و دڵنیاشتان دەکەمەوە جارێکی تر پشتڕاست بن ئەزموونی کوردستان تێک ناچێت بە حەول و قوەتی خوا و بەهیممەتی ئێوە و داوا لە هەموو لایەک دەکەم بگەڕێینەوە بۆ تەبایی بۆ برایەتی بۆ پێکەوەژیان فەرهەنگی ئێمە فەرهەنگێکی دەوڵەمەندە سەربەرزین بە فەرهەنگەکەمان کە بەهەزاران ساڵە پێکەوە ژیاوین نەتەوەی جیاواز ئاینی جیاواز مەزهەبی جیاواز ئێمە ئەو فەرهەنگە تێک نادەین دەبێ ڕۆژ بەڕۆژ قووڵتری بکەین هەر سەرفراز و سەرکەوتوو بن و هەر بژین بۆ کورد و کوردستان.

٢٠١١/٣/١١

## پرۆژەی چاکسازیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

مێژووی ٢٠١١/٣/٢٠

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

جەماوەری تێکۆشەری کوردستان. خوشک و برایانی ئازیز

پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی یەکە یەکەتان دەکەم بەبۆنەی نەورۆزی پیرۆز، ئومێدەوارم ئەم جەژنە ببێتە جەژنی خۆشی و بەختەوەری و برایەتی و تەبایی هەروەها پیرۆزباییەکی گەرم لە جەماوەری تێکۆشەری کەرکووک دەکەم بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٢٠ساڵ بەسەر رزگارکردنی کەرکووک لە کاتی راپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١دا.

ئەم پەیامەی من، پەیامی ئاشتی و برایەتییە. پەیامی یەکڕیزی و یەکتر قبووڵکردنە.

### شکستی ئێمە لەوەدایە کە دژی یەکتر بین

خوشک و برایان..

ئێمەی کورد و کوردستان سەدان ساڵ خەباتمان کرد، شەهیدمان دا، شۆڕش لە دوای شۆڕش سەرکردەی زۆر گەورە هەڵکەوت، بەڵام هیچ یەکێک لەو شۆڕشانەی ئێمە بەئەنجام نەگەیشتن، هۆیەکەش تەنیا و تەنیا، لەبەر ئەوە بوو کە ئێمە یەک نەبووین بەڵام لە بەهاری ساڵی ١٩٩١دا ئێمەی کورد و کوردستانی بووین بەیەک لە ماوەی حەوت رۆژدا هەرچی داوودەزگای رێژیمی بەعسە رایان ماڵین و کوردستان رزگار کرا، ئێستا وا ئێمە سەربەست و ئازادین لە کوردستانی خۆشەویستدا ئەمە دەبێ ببێتە دەرسێکی هەمیشەیی

له یادمان بێت و له بەرچاومان بێت، كه ئێمه تەنیا تەنیا یەكێتی و یەكڕیزی و بەبرایەتی سەردەكەوین، شكستی ئێمه لەوەدایه، كه دژی یەكتری بین.

## بەرنامەی چاكسازی

خوشك و برایانی بەڕێز.

بەدەرفەتی دەزانم كه ئەو بەرنامەیەی لەگەڵ حكوومەتی هەرێمی كوردستان دامان ڕشتووه بۆ چاكسازی و بەردەوامبوون لەسەر چاكسازی پێتان ڕابگەیەنم، هەروەكو ڕۆژی ١١ی ئادار له هەولێر عەرزی ئێوەی بەڕێزم كرد كه پەنا بەخوا له ماوەی ٣-٤ مانگی تر ئێوه ئەنجامەكان دەبینن. ئێستاش دووبارەی دەكەمەوە دەستبەجێ حكوومەتی هەرێم دەست دەكات بەجێبەجێكردنی ئەو بەرنامەیه. خاڵەكان ئەمانەن..

- پێداچوونەوە بەوەزعی حكوومەت و تەعدیل وەزارییەكی بنەڕەتی.
- لادان و خانەنشینكردن و گواستنەوە له هەموو دەزگا و دائیرەكان و پابەندبوون بەتەمەنی خانەنشینی و زنجیرەی وەزیفی.
- ئەنجوومەنی ڕاژه دابمەزرێت و كارا بكرێت و هەرچی دامەزراندن هەیه لەسەر بنەمای توانا و دادپەروەری بێت و بەهیچ شێوەیەك تەزكیەی حزبی نەمێنێت.
- چاودێریی دارایی كارا بكرێت و دەست لەسەر هەموو موخالەفات دابنێت.
- كۆمیسیۆنی نەزاهه بەپەله دابمەزرێت و داواكارم له پەرلەمان بەپەله ئەو پرۆژه یاسایەی كه لایانه ئیقراری بكەن بۆ ئەوەی كۆمیسیۆنی نەزاهەش دەست به كاری خۆی بكات.
- داواكاری گشتی بەتەواوی بكەوێته كار و بێته مەیدان.
- هەرچی تەندەر هەیه به شەفافیەت ڕابگەیەنرێت و بەهیچ شێوەیەك نەدرێ بەهیچ لایەنێك یا هیچ كەسێك لەبەر پێگه و نفوز و خزمایەتی یا لەبەر هیچ

هۆیەک و لیــژنەیەک دادەنرێ بۆ چاودێریکردنی هەمــوو ئەو تەندەرانە و بەهیچ شێوەیەک نابێ تەندەر بفرۆشرێتەوە بودجە هەمیشە بەشەفافیەت ئامادە دەکرێ و دەدرێتە پەرلەمان هەروەها پێویستە هەموو گرێبەستەکانی نەوت و غاز شەفاف بێت.

– تەرخانکردنی زەویی کشتوکاڵی بۆ پرۆژەی نیشتەجێبوونی بۆ بەرژەوەندیی چەند کەسێک دەبێ ڕابگیردرێ و لێکۆڵینەوەش لەو پرۆژانە بکرێ کە پێشتر دراون.

– کۆمپانیا گەورەکان کە قۆرخیان کردووە، دەبێ بەشێک بکەنە پشک و بیدەن بەخەڵکێک.

– کەرتی تایبەت بەشدار بێت لە دامەزراندنی گەنجەکانمان و پەرلەمان یاسایەک دەربکات بۆ ئەوەی کەرتی تایبەتیش پابەند بێت بەدابینکردنی داهاتووی ئەو گەنجانە وەکو مافی خانەنشینی.

– زۆرجار دەبیستم خۆراک و دەرمانی ماوەبەسەرچوو لە فلان خاڵی سنووری هاتووەتە ناو هەرێمی کوردستـــان من داواکارم و داواشم کردووە لە حکوومەتی هەرێم کە لێکۆڵینەوەیەکی جیدی بکرێ، کە کێ موسەبیبە و هەر کەسێ بێت دەبێ بدرێتە دادگە، چونکە ئەمە کارێکی زۆر ناڕەوایە.

– پێداچوونە بەپاسەوانی بەرپرسەکان بکرێت و ڕێکاری بۆ دابندرێت.

– لێکۆڵینەوە لەو پرۆژانە بکرێ کە تەواو نەکراون یا گەمەیان تێدا کراوە.

– هەرچی زەوییە بەموساتەحە دراوە لێکۆڵینەوەی لێ دەکرێ و بەپێی یاسا ڕێوشوێنی لەگەڵدا دەکرێ.

– ڕۆتین لە دائیرەکان نابێ بمێنێ و فەرمانبەرەکان دەبێ لە خزمەتی خەڵکەکە دابن و بەزوویی ئیش و کاری خەڵک ڕاپەڕێنن.

– هەموو حزبەکان دەبێ سەرچاوەی دارایی خۆیان ئاشکرا بکەن. هەروەها ڕۆژنامە و کۆوار و کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن.

- بۆ هیچ حزبێک نییە پێوەندیی راستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەتێک دروست بکات، پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتەکان لە رێگەی حکوومەتی هەرێمەوە دەبێت، حزب دەتوانێ تەنیا پێوەندی لەگەڵ حزب دروست بکات.
- دەکرێ پەرلەمان بەیاساکان دابچێتەوە و هەمواریان بکات و هەرچی لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان دابێت ئەوە بکات.
- پەرلەمان کار بکات بۆ هەمواركردنی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ و حکوومەت بەزووترین کات وادەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ڕادەگەیەنێ.

خوشک و برایانی بەڕێز..

ئەمانە هەندێک لەو خاڵانەن کە دەستبەجێ دەست دەکرێ بەجێبەجێکردنیان و پێشتریش حکوومەتی هەرێم دەستی کردووە بەچاکسازی و زۆر شتیش کراوە ئومێدەوارم ئەمانەش هەروەکو بەڵێنمان داوە لە ماوەی ٤-٣ مانگی تر بەخۆتان ئەنجامەکانی ببینن.

بۆ یەکخستنی لەشکر و ئاسایش و دەزگاکانی تر و نەهێشتنی شوێنەواری دوو ئیدارەیی لەگەڵ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران ئێمە رێک کەوتووین کە بەرنامەیەکی رێکوپێک دابنێین پەنا بەخوا پێش کۆتاییی ئەمساڵ ئەو بەرنامەیەش تەواو بکەین بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی یەک لەشکر و یەک دەزگای ئاسایش و هیچ شوێنەوارێکی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان نەمێنێت.

ئومێدەوارم پەرلەمان هەرچی زووە یاسای ئاسایش کە لە بەردەمیانە پەسندی بکات بۆ ئەوەی ئێمەش دەست بەجێبەجێکردنی بکەین.

لێژنەیەک دروست دەکرێ لە چەند پسپۆڕێک بۆ ئەوەی هەرچی سکاڵا یا پێشنیازێک هەیە لە هاووڵاتییانەوە یا لە هەر کەس و لایەنێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و پێشخستنی پرۆسەی چاکسازی، ئومێدەوارم

هاوکارییەکی تەواو لەگەڵ ئەو لێژنەیە بکرێت و ئەو لێژنەیەش ڕاستەوخۆ سەر بەسەرۆکایەتیی هەرێم دەبێت.

ڕووی شارستانیی خۆتان پێشان بدەن

رووم لە خەڵکی بەشەرەفی شاری سلێمانی دەکەم و پێیان دەڵێم ئێوە خۆشەویستی ئێمەن، خوشک و برای ئێمەن، شانازیتان پێوە دەکەین. خۆپێشاندانی ئێوە کارێکی رەوایە و هەر کەسێک هەر میللەتێک کاتێ کە هەست بکات غەدری لێ کراوە مافی خۆیەتی داوای مافی خۆی بکات، چ لە سلێمانی یا لە هەر شوێنێکی تر لە کوردستان خەڵکی ئێمە دەبێ ئازاد بێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا تکایەکی برایانەم لە هەمووتان هەیە، ڕووی شارستانیی خۆتان پێشان بدەن، مەهێڵن توندوتیژی ڕوو بدات، نە خۆپێشاندەران پەنا بەرنە بەر توندوتیژی نە پۆلیس و ئاسایشیش دەست بە توندوتیژی بکەن یا بە توندوتیژی ڕووبەڕووی خۆپێشاندەران ببنەوە. ئەوەی من بزانم شاری سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی لە سییەکان و چلەکان و لە کاتێ کە ڕژێمی ئەو سەردەمی عێراق بەپێی ئەحکامی عورفی حوکمی ئیعدامی دەرکردبوو بۆ هەر کەسێک جامانەی سووری لەسەر بێت لەو سەردەمانەدا سلێمانی جامانەی سووری پاراست و لە باوەشی گرت.

من قەت ناتوانم قەناعەت بکەم لە ٢٠١١ لە شاری سلێمانی خەڵکی سلێمانی جامانەی سوور بسووتێنن، ئەوەی ئەم کارەی کردووە من دڵنیام بۆ فتنە بووە و کەسێکە دوورە لە سلێمانی و من دڵنیام هەر خودی خەڵکی سلێمانی ڕێگە بەو کەسانە نادەن و جامانەی سوور دەپارێزن و چونکە هیچ نەبێ کفنی هەزاران شەهید بووە.

وەرن با قسە بکەین و لە یەکتر تێ بگەین

خاڵی تر تکای برایانەم لە هەموو لایەک ئەوەیە جارێکی تر دەڵێم توندوتیژی بەکار نەهێنن بەردبارانکردن و سووتاندنی بارەگای حزبەکان و پەلاماردانی

داوودەزگاکانی حکوومەت ئەمە روویەکی ناشارستانی پێشان دەدات، بەڵێ من تێ دەگەم لەوانەیە زۆر کەسی وا هەیە خوێنگەرمە و زۆری لە دڵدایە بەڵام ئەمە رێگەی راست نییە رێگەی راست ئەوەیە تۆ داوای خۆت بکە بەڵام پەنا مەبە بەر توندوتیژی، ئێمە هەموو برای یەکترین و کەسوکاری یەکترین، من خۆم حازرم لەگەڵ هەر کەسێک دانیشم و سەردانی هەر کەسێک بکەم پێشوازی لە هەموو کەسێک بکەم گوێ لە ئێش و ئازار و داواکاریتان بگرم و حازریشم پشتیوانی لە جێبەجێکردنی داواکارییەکانتان بکەم چونکە ئەرکی منە ئەرکی حکوومەتی هەرێمە هیچ منەتێکی تێدا نییە بەڵام وەرن با قسە بکەین لە یەکتر تێ بگەین.

بەم ڕاگەیاندنە کوردستان بەرەو کوێ دەچێ؟

قسەی ترم بۆ حزبەکانە. داوا لە هەمووتان دەکەم ئەو ڕاگەیاندنە کە هەمووی توندوتیژی و هێرشکردنە سەر یەکترییە راگرن لە جیاتیی ئەوە زمانی برایەتی و تەبایی و یەکڕیزی بگرنە بەر، خەڵکەکە وا جۆش دەن بۆ تەبایی و برایەتی نەوەک بۆ دژایەتیی یەکتری. باش بیر بکەنەوە ئاخۆ بەم سیاسەتە بەرەو کوێ دەچین ئێمە، کوردستان بەرەو کوێ دەچێ؟ لەبەر ئەوە تکام وایە بەرپرسیارانە هەست بکەن، هەست بە بەرپرسیارێتیی مێژوویی خۆتان بکەن فەرموو.

حزبەکان پێکەوە دانیشن باسی ئەوە بکەن، چاکسازی فەرموون وەرن ئەوە بەرنامەی حکوومەتی هەرێمە پشتگیریمان بکەن بۆ ئەوەی ئەو چاکسازییە ببەینە سەر.

حکوومەتێکی بنکە فراوان من لەگەڵ ئەوەدام، حکوومەتێکی بنکە فراوان دروست بکرێ. گۆڕانکاری بکرێ لە وەزعەکە دەگەڕێینەوە بۆ سیپەی دەنگدان و ڕای خەڵک. من پێم وایە ئەمەیە رێگەی راست حەزیش ناکەم ئەجێندەی حزبەکان تێکەڵاوی داوای ڕەوای خەڵک بکرێ.

بەنیسبەت ئێوە گەنجانی خۆشەویست خۆم زۆر باش تێ دەگەم، ئەو جەوەی ئێوە تێیدا گەورە بوون زۆر جیاوازە لەگەڵ کەشی پێشتر بەڵام بەنیسبەتی ئێمە وەکو کورد یا هەر میللەتێکی تر ئەگەر ڕابردووی خۆی نەزانێ ناتوانێ داهاتووی خۆشی دروست بکات. ئەم ڕەوشە بەخوێن و فرمێسک هاتووەتە دەست ئێوە ئەمڕۆ گەنجن، بەڵام گەنجی وەکو ئێوە پێش ٣٠ ساڵ و ٤٠ ساڵ لە شاخ بوون لەژێر فڕۆکە و تۆپی دوژمن دابوون، شەهید بوون ئەزیەتێکی زۆر، میللەتەکەتان هەمووی لەژێر شەڕێکی وا دابوو بەرەو قڕکردنی گەلی کوردستان دەچوو، بەڵام بەخۆڕاگری ئەو گەلە و قارەمانیەتیی پێشمەرگە سوپاس بۆ خوا دوژمن شکا من دەزانم ئەوەی ئەمڕۆ ئینتەرنێتی لە دەستە بە فێیس بووک پێوەندی بە هەڤاڵەکانی خۆی لە ناوەوە و دەرەوە دەکات وەکو ئەو پێشمەرگەیە نییە کە تفەنگی بەشانەوە بوو هەموو ساتێک چاوەڕوانی ئەوە بوو کەی شەهید دەبێت.

گەنجانی خۆشەویست

ئێوە خۆشەویستی ئێمەن، ئەو گەنجانەی پێشی ئێوە تا ئەمڕۆ هێناویانە ڕاستە دنیا گۆڕاوە، لەمەودوا ئێوە کاروانەکە تەواو بکەن، بەڵام ڕابردووی خۆتان نەسڕنەوە. ئێوە خۆشەویستی ئێمەن، کوڕی ئێمەن، چاوتان ماچ دەکەم داهاتوو لەسەر شانی ئێوەیە.

لە سەرۆکایەتیی هەرێم مەبەستم بوو ئەو ئامانەتانە بەجێ بگەیەنم.

خوشک و برایانی خۆشەویست جەماوەری تێکۆشەر من کە قبووڵم کرد بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم بۆ ئەوەم نەبوو پێم بڵێن سەرۆکی هەرێم و ببمە حاکمی کوردستان من مەبەستی ترم هەبوو، ئەویش خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە.

١- هەموو هیوا و ئاواتم ئەوە بوو، شەڕی خۆکوژی شەڕی ناوەخۆی کورد نەهێڵم.

٢- ماڵی کورد ڕێک بخەینەوە و شوێنەواری شەڕەکانی خۆکوژی نەهێڵین.

٣- پێوەندییەکی دیپلۆماسی لەسەر بنەمایەکی تۆکمە لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە دروست بکەین.

هەموو مەبەستی من ئەوە بوو ئەو چەند ئەمانەتانە بەجێ بگەیەنم هەڵسەنگاندنەکەش بۆ خەڵکی کوردستان بەجێ دەهێڵم، ئەگینا من ئێستاش پێتان دەڵێم و پێشتریش گوتوومە و لەمەودواش هەر کاتێک ئێوە مەزندە بکەن بوونی من لە سەرۆکایەتیی هەرێم کۆسپە لە ڕێی پێشڤەچوونی ڕەوشی هەرێمی کوردستان کەس لە من ئاسانتر نییە و من خۆم پێتان دەڵێم خواحافیز من ئێستاش دەڵێم من خۆم نە بە سەرۆک دەزانم نە بەحاکمی کوردستان دەزانم من پێشمەرگەی کوردستانم و برای هەمووتانم.

لە کۆتاییدا جارێکی تر جەژنی نەورۆز لە هەمووتان پیرۆز بێت جارێکی تر پەیامی ئاشتی ئاراستەی هەموو لایەک دەکەم هەموو پێکەوە ڕوو بکەنە دیالۆگ و پێکەوە دانیشن، فەرموو وەرن با کوردستانی خۆشەویست ئاوەدانتر بکەین و بەختەوەرتری بکەین و برایەتیمان قووڵتر بکەین.

سڵاوی خواتان لێ بێت

## پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان
## لەمەڕ قۆناغی یەکەمی چاکسازی

بەناوی خوای گەورە و دلۆڤان
خوشک و برایانی بەڕێز،
هاوولاتییانی خۆشەویستی کوردستان،

بەپێویستی دەزانم ئەمڕۆ قۆناغی یەکەمی ئەنجامی پرۆسەی چاکسازیتان بۆ رابگەیەنم، کە لە رۆژی نەورۆزی ئەمساڵدا خستمانە ڕوو، دواتریش لێژنەیەکی بالامان پێک هێنا کە ڕاستەوخۆ سەر بەسەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانە، ئەرکی ئەو لێژنەیە بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پرۆژەی چاکسازییە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندان لێژنەی فەرعییش دامەزران کە لە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و نوێنەرانی سەرۆکایەتیی هەرێم و وەزارەتەکان و دامەزراوە پێوەندیدارەکان پێک هاتووە.

بۆ بەجێگەیاندنی ناوەڕۆکی ئەو پرۆسە چاکسازییەش، بەڵێنمان پێ دابوون کە لە ماوەی ٣ تا ٤ مانگدا بەرەنجامەکانی ببینن.

ئەمڕۆ لێرەدا بەئێوەی ڕادەگەیەنین کە لەم دوو مانگەی ڕابردوودا چیمان کردووە وەک قۆناغی یەکەمی پرۆسەکە.

هەڵبەت بەشێکی زۆری بەرنامەکەمان جێبەجێ کردووە و چەندان بڕیارمان دەرکردووە بۆ چاکسازی و نەهێشتنی ئەو کەموکووڕییانەی کە هەن.

یەکەم: کێشەی زەویوزار و نیشتەجێبوون

له سەرەتا بڕیارێکمان دەرکرد بۆ ڕێکخستنی تەرخانکردنی زەوی و پێدانی مۆڵەت بە پڕۆژەکان کە زۆر باسی لێوە دەکرێ.

* بۆ ماوەی دوو مانگ تەرخانکردنی گشت جۆرە زەوییەکمان ڕاگرت بۆ سەرجەم پڕۆژەکان لە هەموو وەزارەت و دامەزراوەکان، بە پڕۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنانیشەوە، بەدەر لە پڕۆژە کشتوکاڵی و پیشەسازی و ئەو پڕۆژە گەشتیارییانەی کە براندی نێودەوڵەتییان هەیە، ئەوەش بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو پڕۆژانە و دواجار دەستنیشانکردنی کەموکوورییەکان و کارە نایاساییەکانی لەو پڕۆژانەدا هەیە.

هەروەها بۆ ماوەی دوو مانگ پێدانی مۆڵەتی وەبەرهێنانمان ڕاگرت.

* بڕیارێکی ترمان دەرکرد بۆ ڕاگرتنی (اطفاء) کوژانەوەی زەویی کشتوکاڵی بۆ ماوەی (٩٠) ڕۆژ، بەمەبەستی پێداچوونەوە و دەستنیشانکردنی سەرجەم ئەو مامەڵانەی لە چوار ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی نایاسایی ئەنجام دراون و، هەروەها بۆ دانانی میکانیزم و ڕێنوێنیی نوێی گونجاو بۆ کاری داهاتوو، لەسەر بنەمای یاسایی و بەرژەوەندیی گشتی و پێشکەوتنی وڵاتەکەمان.

* بە نسبەت پڕۆژەکانی موساتەحەش، بڕیارێکی ترمان دەرکرد بۆ پووچەڵکردنەوەی هەموو ئەو گرێبەستانەی موساتەحە، کە ماوەی یاساییان بەسەرچووە و دەست پێ نەکراون، لەگەڵ وەرگرتنی ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر بەو گرێبەستانەی لە ماوەی دیاریکراودا تەواو نەکراون.

* سەبارەت بەگرێبەستەکانی موساتەحە، هەتا ئێستا (١١٨) گرێبەستی جۆرەوجۆر هەڵوەشێنراوە، کە ڕووبەرەکەی دەکاتە (١٠٢٥) دۆنم و زەوییەکانیش بۆ حکوومەت گەڕایەوە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لەسەر بنەمای دادپەروەری و هەلی یەکسان بۆ کێبەرکێ بەشێوەیەکی یاسایی و سوودگەیاندن بە بەرژەوەندیی گشتی و ژێرخانی ئابووری سوودیان لێ وەربگیرێت.

* هەر سەبارەت بەموساتەحە، ئێستا (٣٠٠) گرێبەستی تر لەژێر لێكۆڵینەوەدایە و كار لەسەریان بەردەوامە بۆ ئەوەی بەپێی یاسا یەكلایی بكرێنەوە.

* لێژنەیەكی تایبەت (١٩) پرۆژەی نیشتەجێبوونی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك بە سەركردووەتەوە و وردبینیی مەیدانیی كردووە لە رووی پابەندبوونیان بەمەرجەكانی وەبەرهێنان و جێبەجێكردنیانەوە، بەپێی بنەما یاسایی و ئیدارییەكانیش مامەڵە لەگەڵ ئەنجامی لێكۆڵینەوەكان دەكرێ.

* لەسەر ڕاسپاردەی ئێمەش، ژمارەیەك وەزارەت و دامەزراوە ئیدارییەكان، دۆسیەی چەندان سەرپێچی و كرداری نایاسایی جۆرەوجۆریان داوەتە فەرمانگەكانی داواكاریی گشتی و لایەنە پێوەندیدارەكان، بۆ ئەوەی ئیجرائاتی یاسایی پێویست سەبارەت بەو كێشانە وەربگرن.

بە ڕای ئێمە، ئەوەی لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا كراوە سەبارەت بەپرۆژەكانی موساتەحە و زەوی و كاری سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان، كارێكی یەكجار ئاڵۆز و قورس بووە، من دەستخۆشی لەو لێژنانە دەكەم كە بەدڵسۆزی ئەركی خۆیان بەجێ گەیاندووە.

هەڵبەت بەهۆی بوونی ئیرادەیەكی بەهێز بۆ ئەنجامدانی چاكسازی و پاڵپشتیكردنێكی راستەقینەی گەلی كوردستانیش، چاكسازییە، توانیومانە هەتا ئێستا قۆناغێكی باش ببڕین.

دووەم: چەسپاندنی سەروەریی یاسا

هەر لەو ماوەیەدا و بەمەبەستی دابینكردنی دادوەرانی لێهاتوو بۆ بواری قەزائی و زیاتر ئەكتیڤكردنی رۆڵی دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستان، كارمان كرد بۆ بەكارخستنی پەیمانگەی دادوەری (معهد قضائي) و بریار دەركراوە بۆ دامەزراندنی بەرێوەبەری گشتیی پەیمانگەكە.

بۆ یەكەم جار لە هەرێمی كوردستان پەیمانگەیەكی دادوەری دادەمەزرێت و، ئامانج لە دامەزراندنی پەیمانگەكە ئەوەیە لایەنی دادوەری لە كوردستان

بەرەوپێش هەنگاو بنێت و دادوەر بەشێوازێکی ئەکادیمی دەربچێت و لەمەودوا بەپێی سیستەمی کۆن و لەسەر بنەمای خزمەتی فەرمانبەری یان بەبڕیاری سیاسی یان کارگێڕی دادوەر دانەمەزرێت و، هەر یاساناسێک لە دوای ماوەیەک لە کارکردن بۆی هەیە داواکاری پێشکێش بکات بۆ وەرگیران وەکو قوتابی لە پەیمانگەی دادوەری و دوای تەواوکردنی خوێندن بەسەرکەوتوویی وەک دادوەر وەربگیرێ.

چەندان یاساش دەرکراون کە بواری زۆر گرینگ رێک دەخەن وەک:

* یاسای ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١١.

* یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی٢٠١١.

ئەم دوو یاسایە دەبنە بنەمای یەکخستنەوەی یەکجارەکیی دامەزراوەکانی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمایەکی یاسایی و بۆ زیاتر خزمەتکردنی وڵات و دابینکردنی ئاسایش بۆ هاووڵاتییان.

* یاسای رێکخراوە ناحکوومەتییەکان.

یاساکە دەبێتە هۆی کاراکردنی رۆڵی کاروباری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخستنیان لە چوارچێوەی یاسادا.

* یاسای سیپەی پشتیوانیی پرۆژە بچووکەکانی لاوان لە هەرێمی کوردستان.

ئەم یاسایەش بۆ پشتگیری لە لاوان و پێشخستنی باری دارایی و هەبوونی بناغەیەکی ئابووریی سەربەخۆ بۆ لاوان دەرکراوە و، هاندەرێکە بۆ کاراکردنی رۆڵی لاوان و بۆ ئەوەی بتوانن پشت بەتواناکانی خۆیان ببەستن.

* یاسای نەزاهە، کە لە پەرلەمان ئیقرار کراوە و تا ئێستا بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم بەرز نەکراوەتەوە.

مەسەلەی سەروەریی یاسا و چارەسەرکردنی ئەو کێشە بنەڕەتییانەی

بەیاسا چارەسەر دەکرێن، لە سەرووی هەموو دۆسیەکانی ترەوەیە و بایەخی زیاتری پێ دەدەین، بۆیە لێرە ئاماژە بە (داواکاریی گشتی) دەدەین، کە پێویستە رۆڵی ئەم دامەزراوە گرینگە لە رێگەی پەسندکردنی پرۆژە یاساکەیانەوە کارا بکرێ.

سێیەم: بواری ئیداری

لەم رووەوە چەندان دۆسیەی تریش بەدواداچوونیان بۆ کراوە و بڕیاریان لەسەر دراوە، وەک:

* سەرپێچیی ئیداری.

* پرۆژەی کشتوکاڵی.

* گرێبەستی نایاسایی.

* کێشەی تەجاوزات بۆ سەر موڵکی حکوومەت.

* پرۆژەکانی سەرمایەگوزاریی بیناسازی و رێگەوبان.

* چەندان کێشە و بابەتی لابەلای تایبەت بەسەرپێچی و پێشێلکاریی یاسا و بڕیار و رێنوێنییەکان.

ئەم دۆسیانە لە چەندان شوێنی جیاواز، کە ژمارەیەک کێشەی ئاڵۆز لەخۆ دەگرێت، لەلایەن لێژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پرۆژەی چاکسازی لێکۆڵینەوەی جیدیی بۆ کراوە و رێگەچارەی شیاوی بۆ پێشنیاز کراوە، هەموو ئیجرائاتێکی یاسایی پێویست گیراوەتە بەر و لێژنەکەش لەسەر کارەکانی خۆی بەردەوام دەبێت تاوەکو پرۆسەکە دەگاتە قۆناغی کۆتایی.

* لە بوارێکی تریشدا، لەم ماوەیەدا لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لەناو حکوومەتدا، چەند بەرپرسێکی حکوومەتی لە پۆستەکانیان لادراون و لە ماوەی داهاتوودا گۆڕانکاری لە پۆستە باڵاکانی حکوومەت بەردەوام دەبێت و کار دەکرێت بۆ دانانی خەڵکێکی شیاو لە پۆستەکاندا.

هەروەها ئێمە چەندان بڕیاری ترمان دەرکردووە، وەک:

* بڕیاری ڕێکخستنەوەی پرسی پاسەوانەکانی بەرپرسان و کەسایەتییەکان.

وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگەمان ڕاسپاردووە بۆ دانانی ئالیەتێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو بابەتە، کە لەم ڕۆژانەی داهاتوودا کارەکە کۆتایی پێ دێ و ڕاپۆرتێکمان لەو بارەیەوە پێشکێش دەکەن.

* ئەنجوومەنی وەزیرانمان ڕاسپاردووە کار بکات بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی پاراستنی بەکاربەر (مجلس حماية المستهلك)، ئامانجیش لە پێکهێنانی ئەم ئەنجوومەنەیە ڕێکخستنی کاروباری بازاڕە بەشێوەیەک کە لە خزمەتی هاووڵاتییاندا بێ و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێ.

* دیسان بڕیارێکمان دەرکرد بۆ قەدەغەکردنی ئۆتۆمۆبێلی جام ڕەش و بڕیارەکە لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە تەعمیم کراوە.

* بڕیارێکی ترمان دەرکرد بۆ نەهێشتنی ئەو واستە و واستەکارییەی بۆ سەفەری فەریزەی پیرۆزی حەج هەبوو، بەو بڕیارە مەقعەدی تایبەتی چوونە حەجمان نەهێشت و هەمووان بەیەکسانی چاوەڕێی نۆرەی خۆیان دەکەن بۆ سەردانی ماڵی خوا.

ئێستا چەندان تەوەری تری پرۆژەی چاکسازی لە قۆناغی بەدواداچوون و تاوتوێکردنن، کارەکان خشتەی بۆ دانراوە و قۆناغ بە قۆناغ کاریان لەسەر دەکرێ، لەبەرئەوەی هەر کێشە و دۆسیەیەک کە یەکلاییش دەبێتەوە، دواتر پێویستی بە وردەکاریی تر هەیە، بۆ نموونە کە دۆسیەی تەرخانکردنی زەوی و مۆڵەت و موساتەحە و ئیتفاکردنی زەوی کۆتایی پێ دێ، دواتر هەموارکردنی یاساکان و دانانی ئالیەتی نوێ و گونجاوی پێویستە، بۆیە دەمانەوێ کارەکان بەباشی بەڕێوە بچن و ئەنجامی خوازراوی لێ بکەوێتەوە، کە

هەموومان چاوەڕێی بەدیهاتنی دەکەین.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو بڕیارانەی دراون بۆ لێپێچینەوەیە دەرهەق بەهەموو پێشێلکارییەکان، بێگومان بە ڕێگەی یاساییش ئەم کێشە و کەموکوورییانە یەکلایی دەکرێنەوە، پرۆسەی چاکسازییش بۆ بنیاتنانی داهاتووی وڵاتەکەمان و خزمەتکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستانە، ئەوەش بەجێبەجێکردنی سەروەریی یاسا دەستەبەر دەبێ.

خوشکان.. برایان

ئەو ئازادییەی ئەمڕۆ لە کوردستان بەدەست هێنراوە، دوای قوربانیدانێکی یەکجار زۆر هاتووەتە بەرهەم، ئەم دەستکەوتەیەش تەنیا لە ڕێگەی سەروەریی یاساوە دەتوانین بیپارێزین، بەر لە ئێستا ئەوەم ڕاگەیاند و ئێستاش هەمان هەڵوێستی خۆم دووبارە دەکەمەوە: "یاسا دەستنیشانی ئەوە دەکات کێ گەندەڵیی کردووە، منیش بەڵێنی ئەوەتان پێ دەدەم، نە کەس دەپارێزم و نە پشتیوانی لە کەس دەکەم، یاسا چ بڕیارێک بدات و کێ پێویست بێت بچێتە بەردەمی دادگە، دەبێ ئەوە جێبەجێ بکرێت، هیچ کەسیش لە سەرووی یاساوە نابێت".

بەڕێزان.. خۆشەویستان

هەڵبەت بەرنامەی چاکسازی هەمەلایەن و فراوانە، تەوەر و دۆسیەی گرینگ و قورس دەگرێتەوە، بۆیە کار لەسەر ئەو دۆسیانەی پێشوو هەر بەردەوام دەبێ، هێشتا کار دەکرێ بۆ دانانی سیاسەتێکی شەفاف سەبارەت بەگرێبەست و تەندەر، لێکۆڵینەوەی بەردەوام دەکرێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دەرمان لە کوردستان، بەدواداچوون دەکرێ بۆ پەسندکردنی یاسای ئەنجوومەنی ڕاژە و دامەزراندنی ئەنجوومەنەکە بەمەبەستی دابینکردنی هەلی یەکسانی دامەزراندن.

کار بەردەوامە بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی دیاردەی قۆرخکردنی بازاڕ،

لەم بارەیەوەش کار دەکرێت بۆ پەسندکردنی (پرۆژە یاسای کێبرکێ و قەدەغەکردنی دیاردەی قۆرخکاری)، هەروەها خەریکین بەدواداچوون بۆ چەندان بابەت و دۆسیەی تریش بکەین، کێشە و دۆسیەکان هەمووی گرینگن، بەڵام گرینگ و گرینگتر هەیە، چارەسەرکردنی زۆر دۆسیە هەیە ڕێچکەی خۆی وەرگرتووە و بەئاسانی بەڕێوە دەچێ، ئەو ئالیەتەی بۆ بەدواداچوونی دۆسیەکان دانراوە، بەشێوەیەکە، قۆناغی دواتری پرۆسەکەمان بۆ دەستنیشان دەکات، بۆیە دەڵێین، کە ئەنجامی هەرە گرینگ لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا بەدەستمان هێناوە، کردنەوەی ئاسۆیەکی فراوانترە، کە لەو ئامانجە راستەقینەوە نزیکمان دەکاتەوە هەموومان چاوەڕێی بەدیهاتنین.

ستراتیجیەتی چاکسازی

هاووڵاتییانی ئازیزی کوردستان،

خوشکان.. برایان

ئەوەی تا ئێستا لەم ماوە کەمەی ڕابردوودا جێبەجێ کراوە دەچێتە چوارچێوەی قۆناغی سەرەتای بەرنامەی چاکسازییەکان، بەڵام ئێمە بروامان بەبەردەوامیی پرۆسەکە هەیە، بۆیە پێویستمان بە ستراتیجیەتێکی روون هەیە، لەبەر ئەوە لێرەدا بەپێویستی دەزانم بە هەمووان رابگەیەنم، کە سەرەرای بەردەوامبوونمان لەسەر هەموو ئەو دۆسیانەی باسمان کرد، ئێستا ئێمە خۆمان بۆ گەڵاڵەکردنی پلانێکی هەمەلایەن و درێژخایەن دەکەین بەناوی (ستراتیجیەتی چاکسازی) بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ئەنجامدانی گۆڕانکاریی ریشەیی لە گشت بوارەکاندا، ئێمە ئەم پلانە لە ماوەیەکدا بۆ ڕای گشتی رادەگەیەنین کە لە سێ مانگی داهاتوو تێپەڕ نەکات.

بێگومان بۆ دەستپێکردن و سەرخستنی ئەو پلانە ستراتیجییەش، پێویستمان بەهاوکاری و هیممەتی هەموو لایەکە، پێویستمان بە هاوکاریی پارتە سیاسییەکانی حوکمڕان و ئۆپۆزسیۆنە، بۆ ئەوەی هەموو لایەک بەشدار بن لە تاوتوێکردن و دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە، هاووڵاتییان، رێکخراوەکانی

کـۆمــەڵگەی مــەدەنی، شــارەزایـان و پسـپـۆڕان، مــامـۆسـتــایانی زانکۆ، سـەنتەرەکـانی توێژینەوە و مـیدیا و کەناڵـەکانی ڕاگەیاندن، هـەر هـەمـوویان لە ئێستاوە بانگهێشتن کراون بۆ بەشداریکردن لەو پلانە ستراتیجییەدا.

پەنا بەخـوای گەورە و هـەوڵ و هیـممەتی پەرلـەمان و حکوومـەت و هـاوکاریی سـەرجـەم هێـز و لایەنـە سـیـاسـیـیـەکـان و تێـکڕای پێکهـاتە نەتـەوەیی و ئاینییەکانی گەلی کوردستان، هـەمووڵمان شان بەشان لەگەڵ یەکتری ئەوەی لە تواناماندا دەیکەین لە پێناو زیاتر بەرەوپێشبـردنی هـەرێمەکەمان و هێنانە دی داهاتوویەکی ڕۆشن بۆ نەوەکانمـان و چەسپاندنی سیستەمێکی پێشکەوتووی ئەوتۆ کـە ڕێگری لە سـەرهـەڵدانی گـەندەڵی بکات، ئەوەش ئاوات و ئـامـانجی هەموو لایەکمانە کە بۆی تێ دەکۆشین.

ئیتر خوا پشتیوانمان بێ

بۆ سەرکەوتن لەم ئەرکەماندا لە پێناو خزمەتکردنی گەل و نیشتمان

مەسعوود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
سێشەم ٢٠١١/٦/١٤

# پێڕست


**کۆنگرە و زامنکردنی داهاتووی نەتەوەیەک** .......... 5

پارتی هەردەم چاوی لە داهاتووە .......... 7

مەسەلەی باڵ باڵێن لەناو پارتی خەونێکی هەرگیز بەدی نەهاتووی نەیارانی
پارتی و دوژمنانی نەتەوەی کوردە .......... 20

هەندێ بە ئاواتەوەن ئەو کێشانەی لە شوێنانی تر هەن لەناو پارتیدا بیدۆزنەوە ... 27

ئالۆزیێن کوردستانێ بەرنامێ نووبوونێ  د ناڤ پارتیدا گیرووکر .......... 40

ڕێبازی بارزانی تەنیا لە چوارچێوەی کاری حزبییانەی پارتیدا کورت ناکرێتەوە و
لێکیش نادرێتەوە .......... 46

**بەیاننامەیەک کۆپیکردنی ئەزموون.. گەڕانەوە بۆ دواوە** .......... 55

خەڵک بۆ ئەوە دەنگی نەداوەتە بزووتنەوەی گۆڕان بەیاننامەیەک دژ بەهەرێمی
کوردستان دەربکات .......... 57

بەیاننامە حەوت خاڵییەکەی گۆڕان سیاسەتکردن بوو لە ڕێی
دروستکردنی تەنگژەوە .......... 74

هەندێ لایەن پێیان هەرس ناکرێ پارتی ڕۆڵی سەرەکی و یەکلاکارانەی لە بڕیاری
سیاسیی کوردستاندا هەبێ .......... 77

پارتی دەخوازێ سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستان فرەڕەنگی بێ،
بە مەرجێ هەمووان بڕوایان بەگەمە دیموکراسییەکە بێ .......... 85

**ئۆپۆزسیۆنبوون مۆدێلێکی جیاواز لە میللەتانی تر** .......... 95

ئۆپۆزسیۆن بە میکانیزمە دیموکراسییەکان ڕازییە بەڵام لە بەرەنجامی ئەو
میکانیزمانە قەڵسە .......... 97

کێشەی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە خۆیان لە قەوارەی ڕاستەقینەیان بەگەورەتر
دێتە پێش چاو ........ 105
پرۆژەکانی ئۆپۆزسیۆن لە چوارچێوەی سیاسیدان و نازانن چۆن بۆ خەڵکی
بسەلمێنن کە ڕاستگۆن ........ 111
بەرپرسیارێتیی نیشتمانی تەنیا لە ئەستۆی پارتی و یەکێتیدا نییە...
ئۆپۆزسیۆنیش ڕۆڵەی ئەم وڵاتەن ........ 117

**وتارەکان جیاوازی و بەراوردکردن و یەکخستنەوە** ........ 127
دەبێ بگەڕێین بەشوێن خاڵە هاوبەشەکانی نێوانمان، زمانی یەکترسڕینەوە لە
گوتاری سیاسیمان نەهێڵین ........ 129
باڵادەستیی گوتاری هێزە دیموکراسیخوازەکانە وڵاتە گەورەکان ساز دەدا بۆ
پێوەندی بەستن لەگەڵ هەرێم ........ 157

**گفتوگۆ تاکە بژاردە لە ئامادەییی ئەقڵدا** ........ 165
هەموومان پێویستمان بەزمانی دیالۆگ هەیە ئەقڵانیتر لە مەسەلەی براوە و
دۆڕاوی نێو پرۆسەی دیموکراسی بڕوانین ........ 167
٢٠ ساڵ ئەزموونی دیموکراسی ناکاتە یەک ساڵ کاری دیموکراسی ........ 179
گفتوگۆ بناغەی ستراتیجیی کاری ئێمەیە بۆ تاوتوێکردنی دۆزە هەستیارەکان و
پێکهێنانی کۆدەنگی ........ 185

**میدیا ڕووی ڕاستەقینەی پەیامەکان** ........ 203
لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان میدیایەک دەرنەکەوت لە نێوان ئۆپۆزسیۆن
و دەسەڵاتدا، سەنگەری خەڵک بگرێ و واقیع وەک خۆی بگوازێتەوە ........ 205

**پاشکۆ پەیام و بەیاننامەکان** ........ 217
بەیاننامەی بزووتنەوەی گۆڕان لە ٢٠١١/١/٢٩ ........ 219
ڕاگەیەندراوی کۆتاییی کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ
سەرۆکایەتیی پەرلەمان و حکوومەت و هێز و لایەنە سیاسییەکان سەبارەت بە
بەیاننامەکەی ئەم دواییەی بزووتنەوەی گۆڕان ........ 221

بەیاننامەی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی لە بەرامبەر بەیاننامەکەی
بزووتنەوەی گـۆڕان ........................................................................................................ 225
بەیاننامەی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە بەرامبەر
بەیاننامـەکەی بزووتنەوەی گۆڕان ............................................................................. 227
پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعوود بارزانی ................................ 229
پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ساڵوەگەڕی ئازادکردنی شاری هەولێر
لە مێژووی ٢٠١١/٣/١١ ............................................................................................. 232
پرۆژەی چاکسازیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ..................................................... 237
پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەمەڕ قۆناغی یەکەمی چاکسازی ............... 245